
فەلسەفە ◆ ڕۆشنگەری ◆ فێندە مینتالیزم
وتار و لێکۆڵینەوە
هاشم ساڵح
وەرگێڕانی
شوان ئەحمەد

# فەلسەفە
# ڕۆشنگەری
# فێندەمێنتالیزم

زنجيرەی كتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
كتێبی سەردەم ژمارە ( 211 )

سەرپەرشتیاری گشتی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# فەلسەفە. ڕۆشنگەری. فێندەمێنتالیزم

نووسینی: هاشم سالّح
وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد
بابەت: فەلسەفی
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی كۆمپیوتەری: تاڤگە فائق
هەڵەچنی چاپ: خودی وەرگێڕ
تیراژ: 500 دانە
ژمارەی سپاردن: 47ی 2003

www.sardam.net

هاشم ساڵح

# فەلسەفە. ڕۆشنگەری. فێندەمێنتالیزم

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

**شوان ئەحمەد**

سلێمانی 2003

پێشکەشە بە:
ڕێبین هەردی

ئەقەللایەکی بچوک
بۆ ڕۆحێکی مەزن

# ناواخن

## بەشی یەکەم: فەلسەفە و فیکری سیاسی

-فەلسەفەی خۆرئاوا لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا ..............................15
-فەلسەفەی هیو مانیزم،
رەخنەی ((لۆك ڤێری و ئالان رینۆ لەمێشێل فۆکۆ)) ........................40
-فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخ ..................................................51
-فەرەنسا لەسەردەمی (رێنیسانس) دا..........................................66
-یابان و شارستانیەتی خۆرئاوا ................................................74

## بەشی دووەم: مۆدێرنەو ڕۆشنگەری

-چەند سەرنجێك دەربارەی مۆدێرنە............................................85
-ئارکیۆلۆژیای مۆدێرنە ....................................................96
-کاروانی رۆشنگەری فەرەنسی لە ((تۆرگۆ)) وە بۆ ((ڤۆڵتێر)) .............108
-((ڤۆلتێر)) سەرمەشقی ڕۆشنگەری ئەوروپی ...............................117

-فیکری رۆشنگەریو ئەقلانی نوێ
لەنێوان ((دیکارت و باشلار)) دا ..............................................128
-سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەری ئەڵمانی ...................................153
-((هیگڵ)) و ڕۆشنگەری ....................................................161
-ڕەخنە گرتن لەرۆشنگەری ..................................................170

## بەشی سێیەم: دیاردەی فێندەمێنتالیزم

-پەتای فێندەمێنتالێزم........................................................181
-فێندەمێنتالێزم و پێکدانی شارستانیەتەکان.................................. 193
-کۆتایی فێندەمێنتالێزمی ئیسلامی ......................................... 208
-فێندەمێنتالێزمی مەسیحی لەخۆرئاوا.......................................219
-((سپینۆزا)) و فێندەمێنتالیزم .............................................236
-کلێسا و زانست............................................................246

# پێشەکی

لەبیست ساڵی رابردودا یەکێك لەرۆشنبیرە چالاك و پڕ بەرهەمەکانی ناو کایەی رۆشنبیری عەرەبی ((هاشم سالْح))ە. ئەم پیاوە سەرەتا بەوەرگێڕانی بەرهەمە فیکریەکانی ((محەمەد ئەرکۆن)) دەستی پێکردو دوای ئەوەیش دەستی دایە ئەنجامدانی زنجیرەیەك گفتوگۆی فیکریو فەلسەفیو ئەدەبی، لەگەڵ ژمارەیەك بیریاری ناودارو ناسراوی خۆرئاوای وەك: ((پییر بۆردۆیۆ، جاك دێریدا، جاك لاکان، جۆرج بالاندییە، جاك لینهارتو ... هتد)). لەپاڵ ئەم کارانەداو لە نەوەدەکانیش بەدواوە، لەرێیی زۆرێك رۆژنامەو گۆڤاری عەرەبیەوە کەوتە نوسینی چەندین وتارو لێکۆڵینەوە دەربارەی بابەتگەلێکی وەك: (فەلسەفەو فیکری سیاسیو رۆشنگەریو دەیاردەی ئسولیەت و بەجیهانیبون). ئەمە و سەرەڕای ئەو گۆشە بەردەوامەی لە رۆژنامەکانی وەك (الشرق الاوسط) و (الرياض) دا هەیەتی، بۆرانان و خستنەروی ئەو کتێبە تازانەی لە فەرنسا و بەزمانی فەرەنسی بلاْودەکرێنەوە.

لـەپاش کتێبـی (ئارکیۆلۆژیـای زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان)، ئەمـەو دووەمین کتێبی ((هاشم ساڵح))ە کەوەریگێڕمە سـەر زمـانی کـوردی، ئەڵبەتە لێرەدا جێی خۆیەتی باس لەو هۆکارە بکەم کەهاندەرم بووە تا بەشـێکی نوسـینەکانی ئـەم ڕۆشـنبیرە بکەمـە کـوردیو سـەرقاڵی بەرهەمەکانی ئەم بم زیاد لەکەسێکی دی.. ((هاشم ساڵح)) لەنوسینی وتـارو لێکۆڵینـەوەکانیدا زیـاتر خـەریکی گواسـتنەوەو تـاوتوێکردنی فیکری نوێی ئەوروپیـیە، بێگومان ئەمە بۆ ڕۆشنبیری عـەرەبی شتێکی نوێ نیەو بەرلەم زیاد لە ڕۆشنبیرێك خەریکی ئەم مەسەلەیە بوونو لە ئێستاشدا ژمارەیەکی بەرچاوی ڕۆشنبیران پێیەوە سەرقاڵن، هەر لە: ((مطاع صفدي و سالم يفوت و عبد الرزاق الدواي و محمد سبيلا وعبدالسلام بنعبد العالي و ياسر الطائري و محمد الشيخ)) تادەگاتە ((ئیبراهيم محمود و محمد حافظ دياب و ئیبراهيم الحيدری))، بەڵام ئـەوەی نوسـینەکانی ((هاشـم سـاڵح)) لـەکۆی هەوڵـەکانی ئـەو ئەونوسەرانە جیادەکاتەوەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەوەیە کە ئەو بەزمانێکی جیاواز و سادە و شەفاف دەنوسێت و بەدوورە لەو ئالۆزی و قورسی و گرانیەی ئەوانی دی پێی دەنوسن.

رونـتر بڵێـین ئـەو دەیـەوێت فیکـری نوێـی خۆرئـاوا ورد بکاتـەوەو لەبابەتێکـەوە کەلەئاسـت تێگەیشـتنی دەسـتەبژێرێکی دیاریکراودایـە، بگۆڕێتـە سـەر بابەتگـەلێکی وا کەلـە توانـای

کەسانی دیکەشدا هەبێت پەی بە نهێنییەکانی بەرن و لەناوەڕۆکی ئەوباس و خواسانەش بەهەرەمەندبن. واتە ئەرکی ((هاشم ساڵح)) ئەوەیە زمانی فیکر بگۆڕێتە سەر زمانێکی ڕۆژنامەوانی سادە، بەلاّم بەبیّ ئەوەی سەنگ و قورسایی خۆی لەدەست بدات و ماناقوڵەکانی خۆی بدۆڕێنێت. بێگومان لەنێوەندە ڕۆشنبیریەکانی دیکەی جیهانیشدا بەسەر هەوڵی لەمجۆرەدا دەکەوین، هەر لە هەوڵ و تەقەلاکانی ((جۆرج بالاندییە)) وە لەفەرەنسا تا کارو بەرهەمە بەرچاوەکانی ڕۆشنبیری ئێرانی ((ڕامین جەهانبگلو)).

لەم سەرو بەندەشدا وەرگێڕانی نوسینەکانی هەم ((هاشم ساڵح)) وهەم ((جەهانبگلو)) لەزمانی عەرەبی و فارسیەوە بۆسەر زمانی کوردی، بەو مەبەستەیە تاخوێنەرانی ئێمە بەزمانێکی بیّ گریّو گواڵو سادە لەو بابەت و مەسەلانە ئاگاداربن کەتەوەری سەرەکی فیکری نوێی ئەوروپی پێکدێنن.

لەم کتێبەشدا (فەلسەفە، ڕۆشنگەری، فێندەمێنتاڵیزم) کەبریتی یە لە کۆمەڵیّ وتارو لێکۆڵینەوە، نوسەر دەیەوێت بەو زمانە ڕۆژنامەوانییەی خۆلە قەرەی هەندیّ بابەتی گرنگ و هەنوکەیی وەك: (مۆدێرنەو ڕۆشنگەری، دیارەدەی ئسوڵیەت، فەلسەفەو فیکری سیاسی و چەند مەسەلەیەکی تر بدات).

خوێندنـەوەو خسـتنە رووی ئـەو بابەتانـەش تەنـها بەشـێوەیەکی تیـۆری و ئەبسـتراکت نی‌یـە، بـەڵکو لەهـەر نوسـێنێکدا (کەخوێنـەر بەئاسانی پەی پیّ دەبات)، هەوڵێك هەیە بۆبەستنەوەو ئاوێتـەکردنی ئەومەسـەلانە بـەواقعی جیـهانی ئیسـلامی و دنیـای خۆرهـەڵات و خوێندنـەوەی کێشـەو قەیرانـەکانی ئـەو ژینگانـە بـەو چـەمك و تـێزە و تیورانەی کەهـەم بەرهـەمی فیکـری نوێیـی ئـەوروپین و هـەم بەرهـەمی فیکری تەواوی مرۆڤایەتیشن.

بەکوردی کردنـی ئـەم بەرهەمـە تەقەللایـەکی بچوکـە بۆئاشـنابوون بەهـەندیّ مەسـەلەی فیکری گرنك کەجێی بایـەخی هـەموو رۆشـنبیرییە زیندووەکانی دنیان، بەشداری کردنی ئێمەش لەومشتومڕە فەلسـەفی و فیکریانەدا پێداویستیەکی هەنوکەیی ژیاری و کەینونیشە.. بەتایبەتی گـەر دەمانـەوێت بـەزمان و بەکەرەسـتەیەکی نوێـوە داخـڵ بەجیـهانی تازەبین.

وەرگێڕ

2002/12/20

# بەشی یەکەم

## فەلسەفە و فیکری سیاسی

# فەلسەفەی خۆرئاوا لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا
## -کەسایەتی و ڕێبازە فەلسەفیەکان-

پڕکێشی کردنی ئەوەی دەتوانم تەواوی ئاقارە فەلسەفیەکانی خۆرئاوا لە یەك وتاردا بخەمەڕوو، لە خۆبایی بوون و بێچاوڕوییە.. لەبەرئەوەی کارێکی لەوجۆرە پێویستی بە چەندین کتێب و بەشداریکردنی چەندین پسپۆڕو لێکۆڵیار هەیە، بەڵام من لێرەدا تەنها چەند کەسایەتی و ڕێبازێکی فیکری بەرچاو دەخەم کە لە چەند ساڵی ڕابردودا گرنگیان پێدراوەو جێگای باس و خواس بوون.. لە میانەی تەنها کێشەیەکی سەرەکیشەوە بایەخیان پێ دەدەم کە ئەوان پێیەوە سەرقاڵ بوون، ئەویش بریتیە لە کێشەو قەیرانی ئەقڵ لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا.

بێگومان قەیرانی ئەقڵ دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست، نەك تەنها بۆ کۆتاییەکانی ئەو سەدەیە. ئەقڵی خۆرئاوا تا جەنگی یەکەمی جیهانی ئەقڵێکی باڵادەست و لە خۆی دڵنیابوو، بەڵام لەوە بەدواوە گورزێکی کوشندەی بەرکەوت و لە جێی خۆی ترازا، ئەمەش

وایلێکرد خۆیی و دەسکەوتەکانی بخرێنە ژێر پرسیارەوە. تا ئەوکاتەو بە درێژایی سەدەی نۆزدە ئەقڵی خۆرئاوا پێی وابوو بەردەوام بەرەو پێشەوە دەچێت و سەردەمی جەنگ و برسیەتی و بەربەریەت ڕۆیشت و بڕایەوە، بەڵام لە ناکاو ئەو قاسابخانە ترسناکە قەوما کە ملیۆنەها مرۆڤ لە فەرەنساو ئەڵەمانیاو تەواوی ئەوروپادا بوونە قوربانی. هاوکات ئەو جەنگە بوە مایەی شۆکێکی دەرونی قوڵ بۆ هەموو ئەوانەی لە ژیاندا مابوون، ئیتر ئەوانە هیچ متمانەیەکیان بە ژیان و پێشکەوتن و شارستانیەت نەما. وەك دەزانرێت بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا بۆردومانی فڕۆکە لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەکارهێنرا، هەروەها بۆ یەکەمین جار چەکی کیمیایی تاقیکرایەوە وماڵوێرانیەکی گەورەی وای لێکەوتەوە ئەستەمە هەروا زوو لە یادەوەریدا بسڕێتەوە.

ئەم مەرگەساتانە خەڵکیان خستە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی بپرسن و بڵێن: جاران لەوە تێدەگەیشتین بۆچی خەڵکی لەناو خۆیاندا بەشەڕ دەهاتن و یەکتریان دەکوشت، چونکە ئەوکات هێشتا دواکەوتوو بوون و گیرۆدەی دەمارگیری ئاینی بوون و ڕوناکی ئەقڵ بەرچاوی ڕۆشن نەکردبوون، بەڵام ئێستا نازانین بۆچی بە شێوەیەکی دزێوتر ئەو کارە دەکەن؟ بە تایبەت دوای ئەوەی ئەوروپا پێشکەوتوو توانی بە هۆی زانست و تەکنۆلۆژیاوە کۆنترۆڵی سروشت بکات.. لە ڕۆژگار و

سەردەمی دەمارگیری ئاینی و دادگاکانی پشکنین هاتینە دەرێ و پێمان وابوو ئیتر بە یەکجارەکی لە دەست قەتڵ و عام و خۆپەرستی و شەڕوشۆڕ قوتار بووین.. "پۆل ڤالێری" شاعیر دوای تەواوبونی جەنگی جیهانی یەکەم و لە ساڵی 1919 بە تووڕەییەکەوە تەعبیری لەم هەستە کردوە، ئەوەتا لە جێگایەکدا دەنوسێت و دەڵێت: (شتەکان ڕون و ئاشکران، نە بەزەیی تێدایەو نە هاوسۆزی. لەم شەڕەدا هەزارەها گەنجی نوسەر و هونەرمەند تیاچون و وەهمی کلتوری ئەوروپیش نەما. هاوکات بۆشمان دەرکەوت کلتور دەستەوستانە لە ڕزگارکردنی بچوکترین شت. شکۆمەندی زانستیش لەڕوی ئەخلاقیەوە خراپ تێکشکا، لەبەرئەوەی پراکتیزەکردنە تەکنۆلۆژیەکانی زۆر بە ئاسانی بوە مایەی کوژرانی ملیۆنەها کەس. بۆیە ئێستا زانست لەبری ئەوەی وەکی شەرەف و شکۆمەندی شارستانی ئەوروپی سەیری بکرێت، بۆتە پەڵەیەکی شەرمەزاری بە ناوچەوانیەوە[1]).

ئەستەمە ڕۆشنگەرەکانی ئێمە لە هۆکارەکانی ئەم قەیرانە (مەبەستم قەیرانی ئەقڵ و ئەقڵانیەتە) حاڵی بن، چونکە ئێمە لەبەرئەوەی لە وڵاتانی خۆماندا لە پێناو سەرکەوتنی ئەقڵ و دەربازبوون لە کۆت و بەندی ئەقڵی تیۆلۆژی تەقلیدی کاردەکەین، مەزەندەی ئەوە ناکەین دوای سەرکەوتنی زانست و ئەقڵ ڕوبەڕوی قەیرانێکی نوێ ببینەوە!.. بەڵکو پێشبینی دەکەین دوای سەرکەوتنی ڕۆشنگەری تێکڕای

کێشەکانمان بە یەکجار چارەسەر بکرێت، بەڵام بێئاگاین لەوەی کە مێژوو تراژیدیەو ڕەنگە بە یەك جوڵەی سەیرو چاوەڕواننەکراو هەڵگەڕێتەوە و بە ئاڕاستەی پێچەوانە بگەڕێت. هەروەها ئەوەش نازانین کە مرۆڤایەتی لە ناخی خۆیدا ڤایرۆسی خۆکوژی یان وێرانکردنی خۆی هەڵگرتوە.. گەروا نەبێت ئەی چۆن بزانین بۆچی مرۆڤی ئەوروپی لە ترۆپکی شکۆمەندی و شارستانیەتدا، ساڵی 1914 و لە ناکاو دوچاری شەڕێکی بێئامان بوو؟

ئەمانەی لای خوارەوە ئەو پرسیارانەیە کە لەو کاتەدا ڕۆشنبیرانی ئەوروپا لە خۆیانیان کرد.. داخۆ ئەقڵانیەت لە بەرەکانی جەنگدا مرد، چون مردنی ملیۆنەها ئەفسەرو سەربازی ئەوروپی؟ یاخود پرۆژەی ڕۆشنگەری لە جەنگی بەناوبانگی (فردان)دا کە لە نێوان ئەڵمانیاو فەرەنسادا ڕویدا، هەرەسی هێنا؟ یان بۆچی لێرەو لەوێ ئەو نەتەوە خاوەن شارستانیانە لە پێناو پارچە زەویەکدا کەوتنە وێزەی یەکتری؟ ئەی کەواتە سودو قازانجی ئەقڵ و ئەقڵانیەت چیە، گەر ڕێگا لە کاری سەرەڕۆیی و ڕەفتاری بەربەریانە نەگرێت؟ ئایا ئەقڵ دەکەوێتە قەیرانەوە و وەردەگۆڕێت بۆ ڕوە دژەکەی خۆی: واتە بۆ دێوانەیی؟

کاتێك فەیلەسوفەکان ئەم پرسیارانەیان ئاڕاستەی ئەقڵانیەتی خۆرئاوا دەکرد (ئەو ئەقڵانیەتەی بوە مایەی کارەسات و ماڵوێرانی) بە

تەنها نەبوون، بەڵکو هونەرمەندانیش لای خۆیانەوە چونەوە بەگژ ئەقڵ و ئەقڵانیەتدا. لەم سەروبەندەدا ساڵی 1916 و لە شاری (زیورخ)، لەسەر دەستی "ماکس ئارنست" و "تریستان تزارا" و "مارسێل شام" و چەند کەسێکی تر، بزوتنەوەی دادائیزم هاتەئارا. ئەم بزوتنەوەیە هەر تەنها بەگژ کۆتوبەندی هونەری ئەکادیمی و کلاسیکیدا نەچووەوە، بەڵکو هاوکات لە دژی درۆزنە بەهاکانی شارستانیەتی خۆرائاواش ڕاپەڕی.. چونکە ئەم شارستانیەتە سەرەڕای شکۆبەخشینی زۆری بە ڕۆشنگەری، کەچی ڕێگاشی بەوە دا کە جگەرکۆشەکانی خۆی ڕەوانەی شەڕگەو قەسابخانەکان بکات.

ئەم فانتازیا وێرانکەرەی دادائیزم کاریگەری لەسەر ئەدەب و بە شێوەیەکی گشتیش لەسەر هونەر بەجێهێشت و بزوتنەوەیەکی گەورەترو گرنگتری لێکەوتەوە کە ئەویش بزوتنەوەی سوریالیزم بوو. سوریالیزم گرنگی بەو هێزە شاردراوەو شەڕانگێزانە دەدا کە کۆنترۆڵی ناخودئاگایان دەکرد. لەو کاتەداشدا "سیگمۆند فرۆید" دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ڕەشبینەکانی سەبارەت بە ئایندەی شارستانیەتی خۆرئاوا. هەروەها باسیشی لە (تاناتۆس) دەکردو پێی وابوو ئەم غەریزەیە لە ناخی مرۆڤدا هەیە (ئیتر تاکەکەسی بێت یان گروپ) و هانمان دەدات بۆ ئەوەی حەز لە خۆکوشتن و وێرانکردنی خۆمان بکەین. "فرۆید" لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا هەردوو کتێبە

سـەرەکیەکەی خـۆی (ئـایندەی وەهـم- 1927) و (نیگـەرانی ژیـار- 1930)[2]ی بڵاوکردەوە.

بـەڵام سـەرەڕای وەحشـیگەریّتی جـەنگی یەکـەمی جیـهانی و تراژیدیاکـانی، هـەندێك فەیلەسـوف هـەر دەسـتبەرداری پـرۆژەی ڕۆشـنگەری نـەبوون، بـە تایبـەتی (فەلسـەفەی کـانتیزم) کـە ترۆپکـی ڕۆشـنگەری بـوو.. دەتوانـین قوتابخانـەی "مـاربۆرگ" کـە "ئەرنسـت کاسیرەر" ڕێبەرایەتی دەکرد بە نمونەی ئەوە بهێنینەوە. "کاسـیرەر" ناچار بوو لەگەڵ "مارتن هایدگەر"دا کە دژ بە فەلسەفەی ئەقڵانیـەت بـوو ڕوبـەڕوو بێتـەوە، ئـەم ڕوبـەڕو بوونـەوە فەلسەفیەشـیان لـە شـاری دافۆسـی سویسـرا بـەڕێوەچوو، جـەماوەرێکی زۆریـش لـە فەیلەسـوف و ڕۆشـنبیران ئامـادەی بـوون. ئـەم سـیمینارە گەورەیـەی نێـوان "کاسـیرەر" و "هایدگـەر" لـە 17 مارتـەوە بـۆ 6 نیسـانی 1929 بەردەوام بوو[3].

"هایدگەر" لـەوێدا کەوتـە پـەلاماردانی کەلـەپوری ڕۆشـنگەری کـە قوتابخانـەی نیوکـانتیزم و لـە ڕیـزی پێشەوەشـیاندا "کاسـیرەر" نوێنەرایـەتیان دەکردو ڕاسـت و ڕەوان وتـی: پێویسـتە هـەموو ئەوانـە تێکوپێك بدەین کە تا ئـەمڕۆ بنـەماکانی میتافیزیکای خۆرئاوایان پێك هێنـاوە: واتـە (ڕۆح و لۆژیك و ئـەقڵ)!.. لـە بەرامبـەردا "کاسـیرەر" زۆر خاکیانـە کەوتـە قسـەو ئـەوەی بەلاوە پەسـەندتر بوو کە بە شـێوەیەکی

ڕەخنەگرانە چاو به فەلسەفەی (کانتیزم)دا بخشێنرێتەوە، ئەویش بە مەبەستی ڕزگارکردنی ئەقڵ و درێژەدان بە دیالۆگ و گفتوگۆ. بەلام "مارتن هایدگەر" بە ڕق و توندیەکەوە کەوتە وەلامدانەوەو وتی: (تەنها چارەسەر ئەوەیە دەستبەرداری ئەو ترادسیۆنە ئەقلانیە بین کە لە سەدەی هەژدەوە -واتە لە ساتەوەختی کانتەوە- بالادەستە بەسەرمانەوە). ئەوانەی ئامادەی دیدارەکە بوون پێیان وابوو "هایدگەر" براوە بوەو ئیتر لەو کاتەشەوە بوە قارەمانی نوێی فەلسەفەی ئەڵەمانی.

بەمجۆرەو لە کایەی فەلسەفیدا ئاقاری نا -ئەقلانی بەسەر ئاقاری ئەقلانیدا سەرکەوت.. ئەمەش لە واقیعداو بە شێوەیەکی عەمەلی لە ڕێی هاتنە سەر کاری نازیزم و فاشیزم و سەرلەنوێ وێرانبونی ئەوروپا لە ماوەی دوەم جەنگی جیهانیدا بەرجەستە بوو. لەپای ئەمەدا جەنگێکی نوێ لە دژی ئەقلانیەتی خۆرئاوا بەرپا بوو، بەلام ئەمجارەیان بە سەرکردایەتی قوتابخانەی فرانکفۆرت بوو. ئەم قوتابخانەیە دەستی کرد بە گەورەترین دادگایکردنی ئەقڵی خۆرئاواو هەموو ئەو تاوانانەی بۆ دوەم جار لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەنجامدران. سەردەستەی ئەم قوتابخانە فەلسەفیە تازەیەش "هۆرکهایمەر و ئەدۆرنۆ" بوون. ئەم دوو بیریارە لە ماوەی دوەم جەنگی جیهانی و لە ترسی جەورو ستەمی

نازیەکان، ناچار بوون ئەڵەمانیا جێبهێڵن و ڕوبکەنە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

ساڵی 1947 کتێبێکی گرنگیان بە ناوی (دیالەکتیکی ڕۆشنگەری) یان (دیالەکتیکی ئەقڵ)[4] بڵاوکردەوە. ئەوان لەو کتێبەدا مەبەستیان لە ڕۆشنگەری تەنها ئەو بزاوتە نەبوو کە لە سەدەی هەژدەهەمدا سەری هەڵداو بریتی بوو لە هێرشێکی گەورەی ئەقڵ بۆ سەر ترادسیۆنی تەقلیدی مەسیحی، بەڵکو مەبەستیان بە شێوەیەکی گشتی ئەو بزاوتە بوو کە هەر لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە هاتبوە ئاراو بووبوە مایەی ئەوەی ئەقڵ کۆنترۆڵی سەرجەم ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری خۆرئاوا بکات. بەمجۆرە قوتابخانەی فرانکفۆرت دەستی کرد بە تاوتوێکردنی مێژووی ئەقڵ، هەر لە "ئەفلاتون"ەوە تا جەنگی دوەمی جیهانی!

"هۆرکهایمەر" و "ئادۆرنۆ" دەیانپرسی: بۆچی شارستانیەتی ئەوروپی بای دایەوە بەلای بەربەریەتدا، لە کاتێکدا کە بە ئەوجی پێشکەوتنی مادی گەیشتبوو؟ بۆچی لە شەڕێکی وا خوێناوییەوە گلا، لە کاتێکدا هەموو ئەو ئامرازو توانستانەی لەبەردەستدا بوو بۆ بەدیهێنانی کامەرانی و خۆشگوزەرانی؟ چۆن چۆنی پێشکەوتن هەڵگەڕایەوە و بوو بە دواکەوتن و ئەقڵ هەڵگەڕایەوە بۆ پێچەوانەکەی خۆی؟ وەڵامیشیان بۆ ئەم پرسیارە ئەوە بوو کە: ئەقڵ و دژەکەی (واتە ئەفسانە) وەکی ئێمە پێمان وایە بەو ڕادەیە لێك جیا نین، بەڵکو

گرێدراوی یەکن. ئەویش لە میانەی ئەو پەیوەندیە دیالەکتیکیەی نێوانیان کە بە درێژایی مێژوو بەردەوامە. ڕاستە ئەقڵ ئەوکاتە لەدایکبوو کە لە میتۆلۆژیا قوتاری بوو، بەڵام دواتر ناچار بوو وەرگۆڕێ و خۆشی ببێتە ئەفسانەیەك، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باش دژایەتی ئەفسانە بکات. بەڵام چۆن چۆنی ئەقڵ خۆیشی بوو بە ئەفسانە؟

دەرهەق بەم پرسیارە هەریەك لە "هۆرکهایمەر" و "ئادۆرنۆ" بەمجۆرە وەڵامدەدەنەوەو دەڵێن: ئەفسانە ئەقلانیەکان ئالۆزی و نادیاریەکی ترسناك و تۆقێنەریان هەیە، یەکێك لەوانە ئەو باوەڕە تازەیەیە بەهێزو توانای بێسنوری زانست و تەکنۆلۆژیاو هەروەها بڕوابوون بە خەسڵەتی ناکۆتایی و ڕەهای پێشکەوتن کە بەرهەمی دەستی زانست و تەکنۆلۆژیایەیە.. ئەفسانەی مۆدێرنەش کتومت ئا لێرەدایە و وەك بینیشمان ئەفسانەیەکە بە ئەقڵ پەردەپۆش کراوە. ئەم قەناعەتە خۆراواییە هاوشانی ئەو هەوڵ و تەقەللایانەیە کە مرۆڤ لە ڕۆژگاری ڕێنیسانسەوە بە خەرجیان دەدا بۆ ئەوەی دەست بەسەر سروشتدا بگرێت و ببێتە ئاغای سروشت، وەکی ئەوەی "دیکارت"ی ڕابەری ئەقڵانیەتی خۆرئاوا باسی لێدەکرد.

بەڵام ئەم سەرکەوتنەی مۆدێرنەی ئەورووپی بەدەستی هێنا، لە بەرامبەردا باجێکی گەورەو گرانی بە مرۆڤ دا: ئەویش تێئاوەر بوون

بـوو، بـه واتـای تێئـاوارەبوونی مرۆڤـی لـه دنیـای پیشەسـازی و تەکنۆلۆژیادا.. بۆ نمونه زانستی بابەتی ساردوسڕ هەر به تەنها بەسەر ئەو پەیوەندیانەدا پراکتیزه ناکرێت که لـه نێـوان مـرۆڤ و سروشـت یـاخود مـرۆڤ و جیـهاندا هەیـه، بەڵکو هاوکـات ئـەو پەیوەندیانـەش دەگرێتـەوه کـه لـه نێـوان خـودی مرۆڤەکانیشـدا هەیـه. هـەژمونی تـەکنۆلۆژیا لـه دەوڵـەتی مۆدێرنـدا بەرجەسـته دەبێـت و بەشـتبوونی کەینونـەی کۆمەڵایـەتی لێدەکەوێتـەوه. هـەروەها ژیـانی ڕۆژانـەش لـه لایەن ئیدارەیەکی تۆتالیتاریەوه (که نه سیمای دیارەو نه ناوی هەیه) کۆنترۆڵ دەکرێت، واته هەموو شتێك له پشتی پەردەوه یاخود لـه ڕێـی دەستنان به دوگمەیەکدا دەخرێته گەڕ، ئەمه فۆرمی تازەی سسـتمی سەرمایەداری و تەکنۆلۆژی پێشکەوتوه.

"هۆرکهایمەر" و "ئادۆرنۆ" پێیان وایه جیاوازی نێوان دیموکراسی ئـەمریکی و فاشـیزمی "هیتلـەر" لـه ڕووی چەندایەتیەوەیـه نـەك چۆنایەتی، چونکه لـه سسـتمی سـەرمایەداریدا یـەك مەبەسـت و ئامانج هەیه، ئەویش تێکشکاندنی فیکر و کۆنترۆڵکردنی ئینسانه بۆ ئەوەی وەکی مێگەل مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. بۆیه به بڕوای ئەوان ئەوەی بەرپرسیاره لـه بەلاڕێدا بردنـی جیهانی خۆرئاوا لـه سـەدەی بیستەمدا "پۆزەتیڤزم"ه، واته هەژمونی زانستی بابەتی ساردوسڕ بەسەر مرۆڤ و شتەکانەوه لەو لادانه بەرپرسیاره. چونکه زانستی تەکنۆلۆژی بێ دڵ

و بێ گیانەو مەبەستیشی تەنها قازانج و کەڵەکەکردنی سەرمایەیە. ئەم ڕەخنەگرتنە لە ئەقڵانیەتی خۆرئاوا تەواوی مێژووی فەلسەفەی خۆرئاوا دەگرێتەوە هەر لە (دیکارتەوە تا دەگاتە کانت و هیگڵ و برتراند ڕاسل و.. هتد)، بەرپرسیاری یەکەمیش لە فۆرمەلە بوونی ئەم ئەقڵە تەکنۆلۆژی و زانستیە ساردوسڕە "دیکارت"[5]ە.

بەڵام ئایا ئەمە مانای وایە کە دەبێت دەستبەرداری ئەقڵ و ئەقڵانیەت بین؟ ئەڵبەتە بیریارانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە نەخێر وەڵام دەدەنەوە و پێیان وایە سەرەڕای هەموو ئەوانەی ڕویدا پێویستە ئەقڵ لە چنگی پۆزەتڤیزمی سەرمایەداری قوتار بکەین، لەبەرئەوەی ئەمە فۆرمێکی شێواو و گەندەڵی ئەقڵی ئەوروپیە. هەر لەبەر ئەمەشە قوتابخانەی فرانکفۆرت داوای ئەوە دەکات ڕەگەزە مەعریفیە پاك و بێگەردەکانی ئەقڵ لە پاشماوەو ڕەگەزە ئەفسانیەکان جیابکرێتەوە.

بە کورتیەکەی ئەقڵی خۆرئاوا پێویستی بە هەڵسەنگاندن و ڕەخنەلێگرتن هەیە، لە پێناو تازەکردنەوەی یاخود ڕاستکردنەوەی ئەو لادان و بەلارێداچونەی بوە مایەی کارەسات و تراژیدیای هەردوو جەنگی جیهانی لێکەوتەوە.

هەموو ئەوەی باسم لێکردو بەرلەوەی بچمە سەر بەشی سێیەم و کۆتایی ئەم وتارەم، هەوڵدەدەم لێرەدا لە چەند ڕستەیەکدا کورتی بکەمەوە. بەر لە ساڵی 1920 یان بڵێین بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی

کەس بە بیریدا نەدەهات ڕەخنە لە ئەقڵی خۆرئاوا بگیرێت. لەبەرئەوەی ئەم ئەقڵە سیفەتی ئەوەی بەخۆی بەخشی بوو کە هەرگیز هەڵەناکات، بە تایبەت دوای ئەو هەموو سەرکەوتنە زانستی و تەکنۆلۆژیە سەرسوڕهێنەرەی بەدەستی هێنا.

ئەقڵی ڕۆشنگەری لە ڕوی گرنگی و مەشروعیەتەوە جێگای ئاینی مەسیحی گرتەوە، یان با بڵێین ئەقڵی زانستی نوێ شوێنی ئەقڵی تیۆلۆژی کۆنی گرتەوەو بەڵێنی ئەوەی دا بە ئینسانی ئەوروپی کە هیواو ئومێدەکانی لە پێشکەوتن و کامەرانی و خۆشگوزەرانی مادی لەسەر ئەم زەویە بۆ بەدی بهێنێت. بێگومان لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا زۆر لەم شتانەی بۆ فەراهەم کرد، هەر بۆیە مرۆڤی ئەوروپی بڕواو متمانەی پێهێناو لە بەرامبەریشدا دەستبەرداری ئەقڵی ئاینی مەسیحی بوو کە بە درێژایی چەندین سەدە دەسەڵاتی بەسەریدا هەبوو.. کەواتە ڕەخنەگرتن لە ئەقڵ یاخود گومانکردن و پرسیارکردن لە ئەقڵ یەکێکە لەو خەسڵەتانەی تایبەتە بە سەدەی بیستەم.

ئەگەر تراژیدیای هەر دوو جەنگی جیهانی و جەنگە کۆلۆنیالیە قێزەونەکان و هێرۆشیماو .. و.. و نەبوایە، ئەوا کەس نەیدەوێرا ڕەخنە ئاڕاستەی ئەقڵ بکات. هەر کەسێکیش ئەوەی بکردایە بە شێت و سەرگەردانیان دەدایە قەڵەم. بۆیە پێویستە قەیرانی ئەقڵ و ئەقڵانیەتی خۆرئاوا لەم چوارچێوە گشتی و فراوانەدا سەیربکەین.

لێره بەدواوه دێمە سەر سێیەم قۆناغی ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی خۆرئاوا کە بە بڕوای من گرنگترین و ترسناکترین قۆناغە. کەسایەتیە فەلسەفیە دیارو ناسراوەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە "فۆکۆ و دێریدا و دۆلۆز" لە لایەك و "هاپرماس" و گروپەکەی لەلایەکی ترەوه. بێگومان ئەم کێشەی نێوان لایەنگرانی "فۆکۆ" و لایەنگرانی "هاپرماس" تا ئێستاش لە ڕێی فەیلەسوفە گەنجەکانەوه بەردەوامە، بە تایبەتی "لۆك ڤێری" کە تازە لە فەرەنسادا ئەستێرەی بەختی لە درەوشانەوەدایەو خەریکە ناودەردەکات.

"میشیل فۆکۆ" گەورەترین هەوڵی خستەگەڕ بۆ ڕەخنە گرتن لە ئەقڵی خۆرئاواو ئاشکراکردنی پەیوەندیەکانی نێوان مەعریفەو دەسەلات.. "فۆکۆ" سەلماندی ئەم ئەقڵە بەو ئەندازەیە پاك و بێگەرد نیە کە خۆیمان پیێ نیشان دەدات و سەرلەبەریشی مەعریفە نیە وەك باسی دەکات، بەڵکو دەستی لەگەڵ مومارەسەکردنی هێزو هەیمەنەو چەوساندنەوەو خۆسەپاندندا تێکەڵکردوه و شان بە شانی ئەوان دەڕوات. واتە ئەقڵی مۆدێرن لە ساتەوەختێکدا لە ئەقڵێکی ڕۆشنگەرەوه کە سەرقاڵی پەیبردن بە نهێنیەکان بووه، هەڵگەڕاوەتەوەو بۆتە ئەقڵێکی دیسپۆتیزمی و تەماحی ئەوەی هەیە تەواوی ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە قالبدات و کۆنترۆڵیان بکات.

لێرەدا "میشێل فۆکۆ" لەگەڵ قوتابخانەی فرانکفۆرتدا (ئەمان بەر لە فۆکۆ کەوتنە ڕەخنەکردنی لادان و هەلپەرستیەکانی ئەقڵی خۆرئاوا) یەکدەگرێتەوە.. دواتر "فۆکۆ" لە جێگەیەکدا باس لەوە دەکات کە گەر بهاتبایە و پێشتر ئاگاداری تیۆریاکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بوایە، ئەوا پێویستی بەوە نەدەبوو هەموو ئەو شتانە بنوسێت کە نوسیونی. "فۆکۆ" لە یەك کاتدا بەداخەو بەداخیش نیە لەوەی درەنگ وەختێ بە تیۆریاکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت ئاشنابوە، لەبەرئەوەی بێئاگایی لەو تیۆریا ڕەخنەییانەی قوتابخانەی فرانکفۆرت وای لێکردوە بە شێوازی تایبەتی خۆی بگاتە هەمان سەرەنجام، ئەمەش بۆ خۆی شتێکی ئیجابیە و فەرامۆش ناکرێت. بەڵام بابزانین ئەو شتە چیە کە "فۆکۆ" لە تیۆریا ڕەخنەییەکەی قوتابخانەی فرانکفۆرت سودی لێبینیوە؟ ئەوەی "فۆکۆ" سودی لێبینیوە، ئەم بیرۆکە سەرەکیەی لای خوارەوەیە:

ئاشکراکردنی ئەو کاریگەریانەی دەسەڵات کە پەیوەندیدارن بە پراکتیزەکردنی ئەقڵانیەتێك کە لە سەدەی شازدە بەدواوە خەملی. ئێمە پێمان وابوو ئەقڵ تەواو پاك و بێگەردەو پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە نیە، کەچی بۆمان دەرکەوت ئەویش لای خۆیەوە دەسەڵات بەرهەم دێنێت و هەندێ جاریش دەسەڵاتی دیسپۆتیزمی دروست دەکات. فەیلەسوفی گەورەی فەرەنسا پێی وایە چارەنوسی ئابوری و

کۆمەڵایـەتی و مێـژووی و کلتـوری و زانسـتی گـەلانی خۆرئـاوا، بـە شـێوەیەکی توند پەیوەسـت بـوون بـە فۆرمەلـەبوونی ئـەم شـێوەیە لـە شێوەکانی ئەقلانیەت.

"فۆکـۆ" لـەم بارەیـەوە بـە ئاشـکرا دەنوسـێت و دەڵێـت: (چـۆن دەتوانـین ئـــەم ئەقلانیەتـــە لـــە میکـــانیزم و ئاڕاســـتەو تـــەکنیك و کاریگەریـەکانی دەسـەڵات جیابکەینـەوە؟ مەبەسـتم ئـەو دەسـەڵاتەیە کــە هاوشــانی ئــەقڵی خۆرئــاوا بــوەو زۆر بــە زەحمــەت نــەبێت نـاتوانین بچینــە ژێــر باریــەوە، چونکــە پێکهاتەیــەکی ســتەمگەری ئەوتۆ پێکدێنێ کە وابەستەی کۆمەڵگا خۆرئاواییە سەرمایەداریەکان و ڕەنگـە خۆرهەڵاتیـە سۆشیالیســتیەکانیش بێــت. لـێرەوە دەتوانــین بگەینـە ئـەوەی بـەڵێن و پەیمانـەکانی ڕۆشـنگەری بـۆ گەیشـتن بـە ئــازادی لــە ڕێگــای کــارپێکردنی ئەقڵــەوە پێچەوانــە کەوتــەوە، واتــە بــەکاربردنی ئــەقڵ لــە خۆرئــاوادا وەکــی ڕابــردوو مــژدە و بــەڵێنی ئــازادی پــێ نیــە. ئەمــەش ئــەو کێشــە ســەرەکیەیە کــە ئەمڕۆ ڕوبەڕومان دەبێتەوەو هەمووشمان لە ئاستیدا دەستەوستانین. لــەم ڕووەوە دەمــەوێت بڵێــم ئــەو کێشــانەی هەنوکــە ڕوبــەڕویان دەبینـەوە، پێشتر و لەلایـەن قوتابخانـەی فرانکفۆرتـەوە بـە شـێوەیەکی جـوان و سەرسـوڕهێنەر خراوەتـەڕوو)[6]. دواجـار "فۆکـۆ" دەگاتـە ئەوەی بڵێـت ئـەقڵ لەیـەك کـاتدا سـتەمکاری و ڕۆشنگەریشـە، ئـەقڵی

ڕۆشـــنگەری وەك چـــۆن ئازادیـــەکانی خولّقـــاند ئاوەهـــاش کـــۆت و زنجیریشی دروستکرد.

دواتـر دەبینـــین چـــۆن چۆنـــی "یۆرگـن هاپرمـاس" و خوێندکـارە فەرەنسیەکانی وەك "لۆك فێری"، لەسەر ئەم مەسەلەیە هێرش دەکەنە سـەر "فۆکـۆ" و بـە نائـەقلانی و ئاشـوبگەرایی تاوانبـاری دەکـەن و تەنانـەت ئـەم کـارەی بـە هـەولێك بـۆ تێکوپێکدانـی مۆدێرنـەو دەستکەوتەکانی حساب دەکەن. بەلام "فۆکۆ" ڕێ بەم ڕەخنانە دەگرێت و ئامادەباشی تەواو وەردەگرێت، ئـەوەتا دەڵێـت: (ئایـا دەبێـت ئـەقڵ دادگایی بکـەین؟ بـە ڕای مـن ئەمـە شـتێکی کـرچ و بێمانایـە. یەکـەم/ لەبەرئـەوەی مەسـەلەکە تەنـها مەسـەلەی ئیدانـەکردن و بێگونـاهی نیشاندانی ئـەقڵ نیـە، مێـژوو مێـژوەو ئـەوەی ڕویـداوە تیـایدا دەبێـت هەوڵی تێگەیشتنی بدەین نەك بڕیاری بەسەردا بدەین.. دوەم/ شتێکی بێمانایە ئەقڵ وەکی جەمسەرێکی دژ بە نائەقڵ سەیر بکەین. سێیەم/ کـارێکی لـەم جـۆرە ناچارمـان دەکـات بـەوەی ڕۆڵێکـی هەڕەمـەکی و بێتاقەتکەر ببینین کە بریتیە لە جیاکردنەوەی خەڵك بۆ دوو دەستـە، دەستەیەکیان لەگەڵ ئەقلانیەت و دەستەیەکیشیان دژ بـە ئەقلانیـەت. من پێموایە ئـەوەی گرنگـە ئەوەیە دەست بکەین بە شرۆڤەکردنی ئـەم جۆرە لە ئەقلانیەت کە تەنها تایبەتە بە کلتوری تازەی ئێمەو پێشتر لە ئارەدا نەبوە، مەبەستم لەو ئەقلانیەتەیە کە لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا

هاتە ئارا.. ئەمەش ئەو کارەیە هەندێك لە ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت پێی هەستان، بەڵام مەبەستی من تاوتوێکردنی بەرهەمە گرنگ و بەهادارەکانی ئەوان نیە، بەڵکو دەمەوێت جۆرێك لە ڕاڤەکردنی جیاواز پێشکەش بکەم سەبارەت بەو پەیوەندیانەی لە نێوان ئەقڵانیەت و دەسەڵاتدا هەیە)[7].

لە شوێنێکی تردا "فۆکۆ" بەرپەرچی ڕەخنەکانی "هاپرماس" دەداتەوەو دەڵێت: (هاپرماس ئەمەکدار نیە بەرامبەر بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئەگەرچی دوایین نوێنەری ڕەسمی ئەوانیشە. بۆیە دەتوانین بڵێین هاپرماس لە ئاڕاستەی فیکری ئەوان لایداوە و بۆچونەکانی لەگەڵ ئەواندا ناتەبایە. ئەو دەیەوێت ڕوگیرم کات و ناچارم کات بەوەی دەبێت یان ئەقڵانیەت هەڵبژێرم یان ئەوەتا تاوانبارم دەکات بە نائەقڵانیەت! واتە مەبەستی ئەوەیە ڕێگیرم لێبکات کە هیچ ڕەخنەیەك ئاڕاستەی ئەقڵ یان هیچ پرسیارێکی ڕەخنەگرانە لە مێژووی ئەقڵانیەت بکەم، ئەمە وەك ئەوە وایە بڵێین مەحاڵە بتوانین بە شێوەیەکی ئەقڵانی ڕەخنە لە ئەقڵانیەت بگرین!).

با ئێستا بزانین هەڵوێستی "هاپرماس" چیە؟ زۆر بە کورتی دەڵێم ئەو هاوڕایە لەگەڵ ئەو بۆچونەی "فۆکۆ"دا کە باس لە داڕمانی دیدگای کلاسیکی بۆ ئەقڵی خۆرئاوا دەکات، چونکە هیچ کەسێك بڕوای بە بونی ئەقڵێکی مەزن نەماوە کە هەڵە نەکات و لەسەرو هەموو ڕەخنە

گرتنێکەوە بێت، بۆ نمونە وەکی ئەوەی "هیگڵ" یاخود "کانت" پێیان وابوو.. نەخێر دوای هەموو ئەوە ماجەرایەی ڕویدا ئەفسانەی ئەقڵی ڕۆشنگەری تێکشکاو کاڵبوەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش هێشتا "هاپرماس" پێی وایە دەکرێت ئایدیای ئەقڵ و ئەقڵانیەت ڕزگار بکەین.. بەڵام ئەمە چۆن چۆنی دەکرێت؟

ئەو پێی وایە کارێکی وا لە ڕێی خستنەڕووی تێڕوانینێکی خاکیانە بەڵام چالاك و کارا بۆ ئەقڵ دەکرێت، چونکە بە بۆچونی "هاپرماس" ئەقڵ شتێکی جەوهەرگەرا نیە کە لە ناو شتەکان و لەناو جیهاندا ئامادەیی هەبێت، بەڵکو بۆتە سیفەتێك گوزارشتی لە کەسەکان و ئەو وتەزایانە پێ دەکات کە خواستی توانایەکی دیاریکراویان هەیە جا ئیتر ئەو توانایە تایبەت بێت بە حەقیقەت یان ڕێکی و ڕاستی یان ڕاستگۆیی. بۆ نمونە دەڵێین ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەو کەسە ئەقڵانیە یان دەڵێین ناوەڕۆکی ئەم کتێبە ئەقڵانیە یاخود نائەقڵانیە. کەواتە ئەقڵ گۆڕاوە بۆ ئەقڵانیەت، واتە بۆتە سیفەیەك و بەو کەسانەوە دەلکێت کە ئەو خەسڵەتەیان تێدایە.. بەمجۆرە ئەقڵ لە کەشکەلانی فەلەك و میسالیەتە یۆتۆبیەکەی خۆی هێنرایە خوارێ، بۆ ئەوەی تەنها ببێتە پرۆسەیەکی ئیجرائی کە ئامانجی گەیشتن بێت بە مەبەستێکی تایبەت و دیاریکراو لە کایەیەك لە کایەکاندا[8]. واتە "هاپرماس" ئەقڵ دێنێتە ناو کۆمەڵگە یاخود دەیخاتە ناو چوارچێوەی ئەو پرۆسەی

کۆمنیکا شێونخوازیەی لە هەموو کۆمەڵگاکاندا هەیە. هەر لەبەر ئەمەشە باس لە پرۆسەی ئالۆگۆڕکردن یان ئەقڵیەتی کۆمنیکا شێونخوازی دەکات.

لەسەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵ پەیوەندی و دیالۆگ لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا هەیەو لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانن بگەنە ڕێکەوتن و دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش کە پێکەوە کۆیان دەکاتەوە و گیروگرفتەکانیان بۆ چارەسەر دەکات، بۆ نمونە بڕوانە (دانوستاندنی نێوان کرێکارو خاوەن کار لە کۆمەڵگە سەرمایەداریە پێشکەوتوەکاندا، یان دانوستانی نێوان مامۆستا و خوێندکار و تەنانەت لە نێوان باوك و کوڕ یاخود لە نێوان کڕیارو فرۆشیارو.. هتد). "هاپرماس" پێی وایە لە زمانی دیالۆگ و دانوستاندا بڕێك ئەقڵانیەتی شاردراوە هەیە، هەر ئەمەشە دەبێتە مایەی لێك نزیك خستنەوەی هەڵوێستەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ کێشەو ناکۆکیەکان.. بەڵام نەیارەکانی "هاپرماس" وەك "دولۆز و دێریداو جان فرانسوا لیوتار" گومان لەم هیومانیزمە گەشبینە دەکەن کە لە تیۆریا فەلسەفیەکەی ئەودا هەیە. ئەوانە دەپرسن: ئایا بە ڕاست ئینسانەکان دەیانەوێت لەناو خۆیاندا ڕێك بکەون و کۆك و تەبابن؟

"دێریدا" ئەم ئاڕاستە کارکردنەی "هاپرماس" بە جۆرێك لە بەخوداکردنی زانست یاخود گەڕانەوە بۆ میتافیزیکای زانست دەداتە

قەڵەم.. ئەم گەڕانەوەیەش بە ناچاری لەژێر کاریگەری پۆزەتڤیزمدایە، ئەو پۆزەتڤیزمەی پێویستە خۆمانی لێ بەدوور بگرین.

"هاپرماس" لە وەڵامی ئەوانەدا دەڵێت: (من زیاتر گرنگی بە کۆدەنگی دەدەم، نەك بەو جیاوازیەی ئەوان باسی دەکەن). هەروەها ئەو دەیەوێت لەوان زیاتر متمانە بە سروشتی مرۆڤایەتی و ئەقڵی ڕۆشنگەری بکات. تەنانەت "هاپرماس" فەیلەسوفانی فەرەنسایی وەك "میشێل فۆکۆ و جاك دێریداو جان فرانسوا لیوتار و جیلّ دیلۆز" بەوە تاوانبار دەکات کە ئەوانە ئانارشیزمن و دەیانەوێت مۆدێرنە لەناوبەرن و دەستبەجێ داخلّ بە قۆناغی پۆست- مۆدێرنە بىن، بەڵام ئەو بۆ خۆی دەیەوێت داکۆکی لە پرۆژەی مۆدێرنە یاخود پرۆژەی ڕۆشنگەری بکات، پاش دەستپێداهێنانی و چاکردنەوەی کەموکوڕی و لادانەکانی. بە کورتیەکەی "هاپرماس" ئەو فەیلەسوفە فەرەنسایانەی لە سەرەوە ناومان هێنان بەوە تاوانبار دەکات کە لە شوێنکەوتوانی "فردریك نیچە"ن و نائەقڵانین، لە بەرامبەردا خۆی لایەنگری "ئەمانوێل کانت"ە و ئەقڵانیەتە.

"کانت" ئەو فەیلەسوفەیە بۆ یەکەمین جارو لە ڕێی بڵاوکردنەوەی کتێبە سەرەکیەکانیەوە، بنەماکانی پرۆژەی مۆدێرنەی دارشت و لەم ڕووەوە دەکرێت تێکستە بەناوبانگەکەی (ڕۆشنگەری چیە؟) بە یەکەمین گوتاری فەلسەفەی مۆدێرنە بدرێتە قەڵەم بەر لە "هیگڵ"[9]. بەمجۆرە

کێشـــەیەك لـــە نێـــوان فەیلەســـوفە ئەڵەمانیـــەکان و فەیلەســـوفە فەرەنسیەکاندا دروست بوو لەسەر مەسەلەیەکی جەوهەری، ئەویش هەڵســـەنگاندنی ئـــەزمونی مۆدێرنـــەی ئەوروپیـــە لـــە ســـەردەمی ڕۆشنگەریەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، بۆ ئەوەی بزانن سەرەنجامی پرۆژەی مۆدێرنە سلبی بوە یان ئیجابی؟ "هاپرماس" لای خۆیەوە پێی وایە بە گشتی سەرەنجامی پرۆژەی مۆدێرنە (سەرەڕای هەمو ئەو کارەسات و تراژیدیانەشی ڕویاندا) ئیجابی و لەبارە.. بەڵام هەرچی فەیلەسوفە فەرەنسیایەکانە ڕەشبینن و زۆرتر لایەنی سلبی تیا دەبینن وەك لایەنی ئیجابی.. هەرچەندە "فۆکۆ" لە دواڕۆژەکانی ژیانیدا و بە ئیعترافی "هاپرماس" خۆی، دوای هەراو ئاژاوەیەکی زۆر گەڕایەوە لای مۆدێرنەو ڕۆشنگەری[10]، بەڵام دەبێت بزانین کە ئەو لە سەرەتاکانیدا کەسێکی تەواو "نیچەویی" بوو دەیویست هەموو ئەو شتانەی مۆدێرنە بونیادی ناون تێکوپێك بدات. هەرچی "دێریدا"شە ئەوا هەموو تەمەنی لە لێکشیتاڵکردنی میتافیزیکای خۆرئاوا (واتە ئەقڵانیەتی خۆرئاوا)دا بەسەر بردو "جێڵ دولۆز"یش بە هەمان شێوە.

بەمجۆرە دەبینین مەسەلەی ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنەو هەڵسەنگاندنی ئەزمونی مێژوویی مۆدێرنە، گرنگترین کێشەی فەلسەفی خۆرئاوا بوە لە سی ساڵی ڕابردوودا.. هەرچەندە لە ساڵی 1945 تا ساتەوەختی لە دنیا دەرچونی "میشێل فۆکۆ" لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا تێڕوانینی

سلبیانە بۆ مۆدێرنـە باڵادەسـت بـوو، بـەڵام لـەوە بـەدواوە تـێڕوانینی ئیجابی هاتـە ئاراو شوێنی تێڕوانینی پێشوی گرتـەوە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت دواجـار "هاپرمـاس" بەسـەر "فۆکـۆ"دا سـەرکەوت، سەرکەوتنیشـی هاوکـاتی هەرەسـی کۆمۆنـیزم و (1989) سـەرکەوتنی لیبرالیزمی دیموکراسی خۆرئاوا بوو. وەك دەشزانرێت "فۆکۆیاما" زۆر بەم سەرکەوتنە دڵخۆش بوو پێی وابوو ئەمە کۆتایی مێژوە، بەڵام "ژاك دێریدا" لـە کتێبەکـەیدا (تارماییـەکانی مارکس) زۆر بـە تونـدی کەوتـە بەرپەرچدانەوەی تێزەی کۆتایی مێژوو[11].

"دێریدا" پێی وایە (تارمـایی مـارکس) بەسـەر سـەری خۆرئـاوای سەرمایەداریەوەیەو سەرەڕای سەرکەوتنی خۆرئاوا بەسەر کۆمۆنیزمدا هێشتا ئەو تارماییە نەڕەویوەتـەوە، هاوکات پێی وایە دیموکراسیەتی لیبرالی تا ئێستاش وەکـی سسـتمێکی سیاسـی لـە بەشـێکی گـەورەی جیهاندا نەچەسپیوەو کاری پێناکرێت، جگـە لـەوەی ئـەم سیستمە بـە تەنـها نـاتوانێت کێشـەکانی هـەژاری و بێکـاری نـەك هـەر لـە وڵاتـانی جیهانی سێهەمدا بەڵکو لەناو خۆرئاوا خۆشیدا چارەسەر بکات.

مۆدێرنە توێژێکی گەورەو بەرفراوانی لە پەراوێزکەوتوان و بێکاران دروست کرد، بۆیە جێی خۆیەتی گەر بگەڕێینەوە لای "مارکس" و ئـەو ئاسۆیانەی ئەو کردینەوە، پاشان لە ڕێی "مـارکس"یشـەوە بگەڕێینـەوە لای ڕوە ئیجابیەکـەی کەلـەپوری ڕۆشـنگەری. بـەمجۆرە دەبینـین

"دێریدا"ش ناچار بوو بگەڕێتەوە لای ڕۆشنگەری پاش ئەوەی تەمەنی خۆی لە هەڵوەشاندنەوەی ئەقڵی خۆرئاوادا سەرف کرد.. لەم چەند ساڵەی دوایدا هێرشێکی توند کرایە سەر "ژاک دێریدا و میشێل فۆکۆ و جیل دۆلۆز"، ئەم هێرشانەش لەلایەن فەیلەسوفە لاوە تازە پێگەیشتوەکانەوە بوو، بە تایبەتی "لوک ڤێری". "ڤێری" ساڵی 1984 کتێبێکی بڵاوکردەوە و تیایدا بە توندی هێرشی کردبوە سەر فەلسەفەی "فۆکۆ و دێریداو دۆلۆزو بۆردیۆو لاکان"، واتە شاڵاوی کردبوە سەر هەموو ئەوانەی لە ماوەی سەردەمی بونیادگەریدا (1960–1980) گۆڕەپانی ڕۆشنبیری فەرەنسیان کۆنترۆڵ کردبوو. "ڤێری" ئەو فەیلەسوفانەی بەوە تاوانبار کرد کە دژایەتی هەموو بەهاکانی شارستانیەتی نوێی خۆرئاوا دەکەن، وەك: (هیومانیزم و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و ئەقڵانیەت..).. هاوکات بۆ ئەوەی دەستیان توندتر لەسەر دابگرێت پەنا بۆ "هاپرماس" دەبات و ڕەخنەی ئەوەیان لێدەگرێت کە ئەوان ڕقیان لە هەموو مشتومڕێکی ئازاد و دیموکراسیانەیە کە ببێتە مایەی ڕێکەوتن و کۆدەنگی هاوڵاتیان یاخود بیانگەیەنێتە ئەوەی بڕیاری ڕاست و دروست بدەن. لە لایەکی ترەوە "ڤێری" سەرکۆنەی زۆری "فۆکۆ" و هاوڕێکانی دەکات، بەوەی تەئکید لەسەر جیاوازی دەکەنەوە و ئیعترافیش بە هیچ بەهایەکی گەردونی ناکەن کە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی بشێت. لێرەوە نائەقڵانیەتە

نیچەویەکـەیان و ڕقـی زۆریـان لـە بـەها گەردونیـەکانی فەلسـەفەی ڕۆشنگەری دەخاتەڕوو[12].

بەهۆی ئەو ڕەخنە توندانەی ئاڕاستەی "فۆکۆ" و هاوڕێکانی کرا، ئیتر خەڵکی بەرەبەرە لـە فەلسـەفە ڕادیکالیەکـەیان کشـانەوە، چونکـە ڕەخنەکانی ئەوان بـە ڕادەیـەك بـوو هێنـدەی نـەمابوو دەسـکەوتە زۆر ئیجابیەکانی مۆدێرنە و لە ڕێزی پێشەوەشیاندا دەوڵـەتی ماف و یاسا لەناوبەرێت.

بـەمجۆرە لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی بیسـتەمدا جـارێکی تـر "هاپرماس" بەسـەر "فۆکۆ"داو "کانت" بەسـەر "نیچە"دا سـەرکەوت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کـە کێشـەکە یـەکلایی بۆتـەوە.. چونکـە مێژوو لە ناخیدا ئەقڵانیـەت و نائەقڵانیـەتی حەشاردراوەو هـەندێك جار بێدەنگ و خامۆش دەبێت و هەندێ جاریش هـەڵدەچێ و دەتەقێتـەوە.. دواجـار دەبێـت ئـەوەش بڵێـین کـە: ئـەو تاوانانـەی بـەناوی مۆدێرنـەی خۆرئـاواوە لـە قۆنـاغی کۆلۆنیـالیزمدا ئـەنجامدران بۆچونەکانی"فۆکۆ" زیاتر دەسەلمێنن، نەك تێزەکانی "هاپرمـاس" و "لۆك ڤێری" و.. هتد.

## پەراوێزەکان

1-Paul Valery: Variete 1, Paris Gallimard, 1924.

2 –چاپی فەرەنسی ئەم دوو کتێبەی "فرۆید" ئەمانەن:

-Freud: L'Avenir d'ine illusion. P.U.F. 1991.

-Freud: Malaese dans la civilisation, P. U. F. 1992.

3-Ernist Cassirer, Martin Heidgger: D'ebat Sur to Kantisme at la Philo Sphie (Davos, mars, 1929). Paris, 1972.

4–ناونیشانی کتێبەکەی "ئادۆرنۆ" بە فەرەنسی (دیالەکتیکی ئەقڵە)، بەڵام ناونیشانی ئەڵە مانیەکەی (دیالەکتیکی ڕۆشنگەریە).

-Horkheimer ast Adorno: La dialactiq ue de la raison, Paris, Gallimard, 1983.

5 –بۆ زیاتر ئاگاردبون لە تیۆریای قوتابخانەی فرانکفۆرت بڕوانە کتێبەکەی کریستیان دولا کامبانیە: مێژوی فەلسەفە لە سەدەی بیستدا– پاریس، سوی، 1995. ل ل 224– 223.

-Christian Dalcampagne: Histoire de la Philosophie au xxe Siecle. Seuil, Paris, 1995. PP. 224-223.

6-Didier Eribon: Michel Foucault et Ses Coutem Porains. Paris, fayard, 1994. PP. 300-301.

7-Hubert Dreytus et Paul Rabinow: Michel Foucault, un Parcours Philoso Phique, Gallimard, 1984. P. 300.

8-Les E'tudes philosophiques: Octo bre- December 1986 Bernard Walden tels: Division ou dispersion de la raison" Unde: bat enter Habernas et Fouca Ult.

9-Jurgen Haber mas: Le discours Philos ophique dela moder Uite, Galle mard. Paris, 1988.

10-Jurgen Haber mas: Unetleche daus le Colus dutemps Presnt, Critique, agut-September. 1986, PP. 794-799.

11 –بڕوانە کتێبەکەی "ژاک دێریدا" تارماییەکانی مارکس.

-Jacques Derreda: Spectres de Marx. Galilee, 1993.

12-Lue Ferry et Alain Renaut: Lapen See 68. Essai Sur L'anti- humanis ue Cpitem Porain. Gallemard, 1985. PP. 162-164-.

**سەرچاوە**: البحرين الثقافية– العدد 23– يناير 2000.

# فەلسەفەی هیومانیزم،
# رەخنەی "لوّك فیّری و ئالان رینوّ لەمیشیّل فوّكوّ"

دەتوانین بلّێین شەڕە رۆشنبیریەکان وەکی شەڕە سیاسیەکان توندوتیژو بێ ئامانن. راستە هەندی جار نەرمونیانترو ژیرانەتر دێنە بەرچاو، بەلاّم دواجار هەمان مەبەستی شەڕە سیاسیەکانی هەیە کەنابوتکردنی بەرامبەرو خستنەڕووی کەم کوڕییەکانیەتی، بەمەبەستی شکاندن و ناوبانگ زڕاندنی. هەر ئەمەش بوو لەنێوان فەیلەسوفی فەرەنسی ((میشێل فوّکوّ)) و ((یوّرگن هاپرماس)) ی هاوتا ئەلّمانیەکەیدا رویداو ((هاپرماس)) ویستی وەهابوو تیۆریاکانی ((فوّکوّ)) لەبەریەك هەڵوەشێنێ.. وا لێرەدا باس لەم مەسەلەیە دەکەین.

### لەنێوان فەلسەفەی (ئەلّمانی) و فەلسەفەی (فەرەنسیدا):

ئەقلاّنیەتی کۆمنیکاشێونخوازی لەدواجاردا بریتییە لەنویکردنەوەی ئەقلاّنیەتی کانتیزم، بەلاّم بەرەچاوکردنی هەموو ئەو

شتانەی لەماوەی دوو سەد ساڵی رابردودا رویان داوە: واتە لەو کاتەوەی ((کانت)) چەمکی (رەخنەی ئەقڵی پەتی)و (رەخنەی ئەقڵی عەمەلی)هێنایە ئاراوە. ((کانت)) کە گەورە فەیلەسوفی رۆشنگەریە، دامەزرێنەری ئەقڵی نوێی خۆرئاواشە. بەمجۆرە دەبینین فەلسەفەی ئەڵمانی بەدرێژایی سەدەو نیوێکو تا ئەمرۆ بەسەر فەلسەفەی فەرەنسیدا باڵادەستە، ((کانت، هیگڵ، نیچە، مارکس، فرۆید، قوتابخانەی فرانکفۆرتو ئەمڕۆکەش هاپرماس)). وەك ئەوەی لەچارەی فەرەنسیەکان نووسرابێت کەدەبێت تائەبەد لەژێر دەسەڵاتی فەلسەفەی ئەڵمانیدابن، بەڵام بەم دیویشدا دەتوانین بڵێین ((میشێل فۆکۆ)) لەحەفتاکاندا کاریگەری لەسەر ئەڵمانەکان دروستکرد، بەهەمان شێوەی کاریگەری لەسەر ئەمریکایيو ئیتاڵیەکان.

کاردانەوەی توندی ((هاپرماس))یش هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی ئەو کاریگەرێتییەو سنوردانانێکە لەبەردەم ئەو ئاقارە فەلسەفیەی ((میشێل فۆکۆ)) نوێنەرایەتی دەکات. لەوتارێکی سەربەخۆدا بەدوورو درێژی دێینە سەرباسکردنی ئەم مەسەلەیە.

هەر چۆنێك بێت ((لۆك ڤێری)) بەپشت بەستن بە مەرجەعیەتێکی هاپرماسی، هێرشێکی توند دەکاتە سەر ((میشێل فۆکۆ))، وەك ئەوەی بیەوێت رەواجی کەم کاتەوە یاخود وێنەی ئەفسانەیی ئەو لەکایەی فەلسەفەی فەرەنسيو جیهانیدا تێکو پێك بدات. ئەم هەوڵەی ((لۆك

ڤێری)) بەوەدەچێت کوڕ هەوڵی کوشتنی باوکی بدات بۆ ئەوەی بوونی خۆی بسەلمێنێ، بەچەمکە فرۆیدیەکەی..

وەك دەزانرێت ((لۆك ڤێری)) قوتابی ((میشێل فۆکۆ)) و ((لوی ئالتوسێر)) بووەو لەم کتێبە بەناوبانگەیدا تەنها رەخنە ئاراستەی ((فۆکۆ)) ناکات، بەڵکو لەگەڵ ئەویشدا مەبەستی (جێل دیلۆزو جان فرانسوا لیوتاردو جاك دێریداو جاك لاکان)و.. جەخار مەبەستی ((بۆردیۆ))شە. دەرهەق بە ((بۆردیۆ)) بۆیە وادەڵێم، چونکە جیاوازە لەو پێرە فەیلەسوفە، هەر بۆیە ئەو فەسڵەی لەم کتێبەدا تایبەتە بەو، لاوازترین فەسڵێکە لەکتێبەکەیاندا.

بەو پێیەی ((میشێل فۆکۆ)) ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی فەلسەفەی فەرەنسییە، ئەوا ((لۆك ڤێری)) و ((ئالان رینۆ)) هێرشێکی توندیان کردۆتە سەریو بۆ ئەمەش پشتیان بە ((هاپرماس)) بەستووە تابتوانن زەفەری پێبەرن، چونکە پەلاماردانی پیاوێکی بلیمەتی وەك ((فۆکۆ)) هەروا ئاسان نییە.

هەرکەسێك لەنزیکەوە ((فۆکۆ)) بناسێت زیرەکی بێ وێنەیی ئەوی بۆ دەردەکەوێت. بیرمە بەر لەچەندسالْ لەئێستا کاتێك چاوم بە ((پیربۆردیۆ)) کەوت لەنووسینگەکەی خۆی لەناو کۆلیژی فرانسدا، دەربارەی ((فۆکۆ)) پێیوتم: بێ ئەندازە زیرەکە. ئەمە لەکاتێکدا شتێکی وای دەرهەق بە ((دێریدا)) یان ((دیلۆز)) یان کەسێکی تر نەوتووە.

هەرچۆنێك بێت هێرشی ((لۆك ڤێری)) و ((ئالان رینۆ)) بۆ سەر ((فۆكۆ)) و هاوڕێكانی، خەسڵەتی شەڕێكی گەورەو بەرفراوانی وەگرتووە.

ئەو پرسیارەی لەكایەی فەلسەفی فەرەنسیو ئەورووپی ئەمریكیدا لەئارەدایە، ئەوەیە: ئایا دەبێت پارێزگاری لەو بەهایانەبكەین كەلە شارستانیەتی خۆرئاواداو بەر لەدووسەد ساڵ لەئێستا لەسەر بنەماكانی سەردەمی رۆشنگەری دروستبوون، یاخود دەبێت تەواوی ئەو بەهایانە لەناوەوە هەڵبوەشێنینو لەڕێی ئاركیۆلۆژیاوە دایانبماڵین تا ئەو رادەیەی لەناویان بەرینو وێرانیان بكەین؟

شەڕی فیكریی مەزن لەسەرتاسەری خۆرئاوادا، لەسەرئەم مەسەلەیەیەو ((لۆك ڤێری))ش لای خۆیەوە پێیوایە ئەمە گرنگترین مەسەلەیەكە بۆ قسەكردن. ((لۆك ڤێری)) و ((ئالان رینۆ)) دژایەتیكردنی Humanismeلەلایەن فەیلەسوفانی وەك ((فۆكۆ)) و هاوڕێكانیەوە، بەگەورەترین دەستدرێژی بۆسەر شارستانیەتی خۆرئاوا لەقەڵەم دەدەن.

بۆیە دەبێت لەمەسەلەیەدا تەواو جدی بین: یان ئەوەیە لەگەڵ ئەقڵانیەتدا بیت یان لەدژی بیت؟ یاخود دەبێت لەگەڵ Hnmanismeدا بیت یان لەگەڵی نەبیت. هەر كەسەش بۆخۆی سەرپشكە لەهەڵبژاردنی یەكێكیاندا. ئەمە مانای وایە ئەو كێشە فەلسەفیەی هەنووكە

لەئارەدایە، کاریگەری راستەوخۆی سیاسی بەسەرەوەیە. چونکە ئەمە بۆ خۆی درێژکراوەی ئەوە شەڕەیە کە لەنێوان چەپی توندڕۆو ئانارشیستەکان و نیهلیستیەکاندا لەلایەک و لەگەڵ سۆسیال دیموکراتەکان یاخود لیبرالیزمە رۆشنگەرەکاندا لەلایەکی ترەوە بەڕێوە دەچێت.

لەسەروبەندی ئەم شەڕو ململانێیەدا یەکێکدای بەگوێمدا کەگوایە سیاسەتمەدارە لیبرالیەکان لەپشت ((لۆك ڤێری))یەوەن. نازانم ئەم قسەیە وایە یان نا. رەنگە کەسانێکی تریشی لەلیبرالیە راسترەوەکان یان لە سۆسیال دیموکراتەکان لەپشت بێت، چونکە هەروا ئاسان نییە فەیلەسوفێکی لاو بێ ئەوەی کەس بیناسێت (ڤێری تا ئەوکاتە هیچ ناوبانگێکی نەبوو)، بچێتە ناو شەڕێکی گەورەی لەو جۆرە دژ بەبیرمەندە ناودارەکانی فیکری فەرەنسی.. بەڵام نابێت کەس والەم قسانە تێبگات کەفیکر بەشێوەیەکی راستەوخۆ پاشکۆو پاشبەندی سیاسەتە.

## بەسیاسیکردنی فیکری فەلسەفی:

لەئەوروپا فیکر بەشێوەیەکی گشتی و- بەتایبەتیش فیکری فەلسەفی- سەربەخۆیی خۆی هەیە. ئەمەش دوای خەباتێکی مێژوویی

دورخایــەن بەدەســت هــاتووە. بــەلاَم هــەموو فیکرێکــی فەلســەفی کەمانایــەکی هــەبێت، کــەم تــازۆر دەبێــت (ئیــتر بەشــێوەیەکی ئــالَۆزو ناڕاستەوخۆش بێت) گوزارشت لەو شەڕو ململانێ سیاسیەبکات کە لەکۆمــەڵگادا بــەڕێوە دەچێــت. چونکــە فیکــری راســتەقینە پەیوەســتە بەخواستی کۆمەڵگەو ئەو کێشە سەرەکیانەی بەدەستیانەوە گیرۆدەیە، هــەرچۆنێك بێت ((لـۆك ڤێری)) و ((ئـالان رینـۆ)) پێیانوایـە فەلسـەفەی هیومــانیزم ســەرەکیترین مەســەلەی فیکــری هاوچەرخــە و هــەر بیرمەندێك شوێن دەستی دیاربێت، دەبێت هەڵوێستی خۆی لەبەهاکانی فەلسـەفەی هیومــانیزم دیــاری بکــات، ئــەو بەهایانــەی ســەردەمی رۆشنگەری لەگەڵ خۆیدا هێنانیو جێگای فێندەمێنتالیزمی مەسیحیان پێگرتــەوە کــە لەســەرەتاوەو تاســەدەی هــەژدە بەســەرخۆرئاوادا بالاَدەستبوو.

ئەم دوو فەیلەسوفە پێیانوایە کاتی ئەوە هاتووە بـۆ سـەر لـەنوێ دەستنیشانکردنەوەی ئەم فەلسەفەیەو پاکژکردنەوەیو تازەکردنەوەی. گــەر وانەکــەین ئــەوا بێگومــان دوژمنــانی لــەناوی دەبــەن (مەبەســت لەدوژمنانی، ئاقارە نائەقلانیو ئانارشیستو نیهلیستیەکانن).

((لۆك ڤێری)) بەپشت بەستن بەم بۆچونانەی لای خوارەوە، بەرگری لەفەلســەفەی هیومــانیزم دەکــات (واتــە ئــەو فەلســەفەیەی لــەجیاتی تیۆلۆژیا مرۆڤ دەکاتە چەقی گەردون):

1-نابێت فەلسەفەی هیومانیزمو میتافیزیک تێکەڵ بەیەک بکەین، وەک ئەوەی ((هایدگەر)) و ((دێریدا))ی قوتابی کردیان. هەروەها نابێت لەگەڵ ئایدۆلۆژیای وردە بۆرژوازیدا تێکەڵیان بکەین، وەک ئاقاری مارکسیزم کردی لەپێش هەمووشیانەوە ((لوی ئاڵتۆسێر)). راستە ئەو فیکرەی تەئکید لەسەر خودو بەرز راگرتنی ئینسان دەکات، رەنگە هەندی جار ببێتە مایەی لەخۆبایبوونو چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤ خۆیەوە، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی حەتمی نییە، وەک ئەوەی ((فۆکۆ)) و هاورێکانی باسیان دەکرد.

گومانی تێدانییە فەلسەفەی هیومانیزم لەپێناو خزمەتکردن بە بەرژەوەندی توێژو چینێکی دیاریکراودا لەرێی راستی خۆی لایداو بەلارێدابرا، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی دەستبەرداری پرانسیپەکانی ئەم فەلسەفەیە بین. ئەم تێکەڵکردنە لەنێوان فەلسەفەی هیومانیزمو چەوساندنەوەو حەزی خۆسەپاندنو دەسەڵاتخوازیدا، دەرەنجامی زۆر خراپی دەبێتو ئایدیای پێشکەوتنو دیموکراسیەتو مافەکانی مرۆڤ نابوت دەکات.

فەیلەسوفانی شەستەکان هەڵەی زۆر گەورەیانکرد، بۆ نموونە (ئاڵتۆسێر)دێنینەوە، ئەم پیاوە دەیووت: (ئەو ملیۆنەها مرۆڤەی بوونە قوربانی دەستی ستالین، لەپای ئەوەبوو کەهەندێک رەگەزی فەلسەفەی بۆرژوازی هێشتا لەمارکسیزمدا مابووەوە)!!. واتە گەر مارکسیزم

بەتەواوەتی لەفەلسەفەی هیومانیزم پاك بكرێتەوە، ئەوا ئەو تاوانەی ((ستالین)) روی نەدەدا! كەسی ژێر باوەڕ بەقسەی وادەكات؟ ئایا ئەمە پاساو هێنانەوە نییە بۆ تاوانەكانی ((ستالین))؟ یاخود ئەم هێرشكردنە بۆ سەر ئەو سستەمە دیموكراسیانەی باوەڕیان بە فەلسەفەی هیومانیزمی لیبرالی هەیە، لەبەرژەوەندی كێدایە؟ كارێكی وا بە بەرژەوەندی سستمە تۆتالیتاریە ستەمكارەكان ناشكێتەوە؟

پاشان ((لۆك ڤێری)) دەڵێت: (ئەڵبەتە لەسەر ئەم قسانەمان تاوانباردەكرێین بەوەی ئێمە داكۆكی لەسەرمایەداری دڕندە دەكەین!.. وەك ئەوەی خاڵی جیاكەرەوە لەنێوان سەرمایەداری دڕندەو ئەنتی-هیومانیزم لەگەڵ فەلسەفەی هیومانیزمی لیبرالیدا نەبێت!.. پێویستە بڵێین ئەم بەر شەوارەكەوتنە ئایدیۆلۆژیە فەیلەسوفەكانی فەرەنسای وەك: "سارتەر و فۆكۆ و ئاڵتوسێر و.. هتد"، دوچاری بوون.

2-راستە ئێمە ئەمڕۆ ناتوانین هەروا بەئاسانی بگەڕێینەوە بۆ بەهاكانی سەردەمی رۆشنگەری، چونكە دووسەدساڵێك نێوانمانە. دووسەد ساڵی پڕ لەئەزموون و دەسكەوت و قوربانیدان، بەڵام هاوكات پڕ لەماڵوێرانی و تراژیدیاو سەرەڕۆیش. سەرەڕای ئەوەش ناتوانین كەلەپووری سەردەمی رۆشنگەریی سەر لەبەر بسڕینەوە یاخود لەناوی بەرین، وەك ئەوەی ((فۆكۆ)) و هاوڕێكانی كردیان. چونكە كەلەپووری رۆشنگەریی كەلەپووری خۆمانەو جێی شانازیەو سەرچاوەی

نوێبونەوەو پێشکەوتنمانە.. هاوکات لەدواجاردا فەیلوسوفانی تەفکیك بۆخۆیان ناچاربوون دان بەهەڵەکانی خۆیاندا بنێن. ئەوە بوو ((میشیل فۆکۆ)) لەکاتێکدا رەخنەی لەئەزموونی مافەکانی مرۆڤ دەگرت لەخۆرئاوادا، لەپۆڵۆنیا داکۆکی لەسەندیکای هاوکاری دەکرد دژ بەرژێمی کۆمۆنستی.

واتە لەسەر ئاستی تیۆری رەخنەی مافەکانی مرۆڤی دەکردو بەعەمەلیش بەرگری لەمرۆڤی چەوساوەو ماف خوراو دەکرد، ئەمەش بۆ خۆی دوفاقیەتێکی رونو ئاشکرایە. ((ژاك دێریدا))ی فەیلەسوفیش دوای ئەوەی لەسەرەتای هەشتاکاندا (واتە لەسەردەمی دەسەلاتی کۆمۆنیستەکاندا)لەگەڵ پۆلیسی چیکۆسلۆڤاکیدا روداوێکی ناخۆش لێی رویدا بەخۆیدا چووەوە. کاتێك فەیلەسوفانی ئەو ولاتە ((دێریدا)) یان داوەتکرد بۆ ئەوەی لەبراگ لێکچەرێك پێشکەش بکات، لەفرۆکەخانە پۆلیس برێك مادەی بێهۆشکەریان کردە جانتاکەیەوەو تاوانباریان کرد بەوەی ئەو مادەیەیان پێگرتووە.

پۆلیسی چیکۆسلۆفاکی بۆ ماوەی دوو رۆژ دەسگیریان کردو حکومەتی فەرەنسیش لەپێناو ئازادکردنیدا هەوڵی بێ شوماریدا. کە گەڕایەوە پاریس ئەو رووداوەی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا باسکردو وتی: (من هەموو تەمەنی خۆم لەپێناو لەبەریەك هەڵوەشانی میتافیزیکای خۆرئاواو ئیتنۆ- سەنتەریزمی ئەوروپیدا بەخەرجدا،

کەچی وا ئێستا سستەمە سۆسیالسیتیەکان تاوانبارم دەکەم بەوەی بازرگانی بە مادەبێهۆشکەرەکانەوە دەکەم!..).

دوای ئەم رووداوە ((دێریدا)) هەستی بەپەشیمانی کرد لەبەرامبەر ئەو شالاوە توندانەی لەڕابردوودا کردبوویە سەر فەلسەفەی هیومانیزمو، ئیعترافی کرد کەهەر ئەو دەتوانێت ئازادیە فەریەکان بپارێزێت. راستە هیومانیزمی ئەوروپی بێکەمو کوڕی نییە، بەلأم زۆر لەوانی تر چاکترو باشترە. ئەو کات تێگەیشت کەمافەکانی مرۆڤو ئازادیە دیموکراسیەکان پڕوپوچو بێ مانانین، وەکی مارکسیستەکان باسی دەکەن.

3–لەهەلومەرجێکی وەهادا ((لۆك ڤێری)) و ((ئالان رینۆ)) دەیانەوێت فەلسەفەیەکی مرۆگەریی راستەقینە (نەك میتافیزیکی و ئەبستراکت) بهێننە ئاراوە، لەم رووەوە ئەوان باس لە ئیجابیاتێکی گرنگی ((فۆکۆ)) و هاورێکانی دەکەن، ئەویش ئەوەیە هەستاون بەرەخنەکردنێکی توندی فەلسەفەی هیومانیزمی میتافیزیکی. ئەمەش مانای ئەوەیە هەرچیەك ((فۆکۆ)) کردویەتی هەڵەنەبووە، چونکە گەروابوایە ئەوا ئەو هەموو گرنگییەی پێ نەدەدراو ئەو ناوبانگە زۆرەشی پەیدانەدەکرد، بەلأم دەبێت بڵێن زۆر پێی لێی هەڵبڕی و رەخنەکانیشی هەموو سنورێکیان بەزاند. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە شتەکان بخەینەوە جێگای خۆیان،

((لۆك ڤێری و ئالان رینۆ))ش لەئێستادا ئەمەدەکەن. ئەڵبەتە کارێکی باشیش دەکەن.

راستە لێرە بەدواوە ناتوانین بەشێوەیەکی زۆر گەش بین و خۆشباوەڕانەو ئەسبتراکتانە، وەکو فەیلەسوفەکانی رۆشنگەریی سەدەی هەژدەهەم بڕوابە مرۆڤ بهێنین یاخود متمانە بەمرۆڤ و بەهاکانی فەلسەفەی هیومانیزم بکەین، چونکە لەنێوان ئێمەو ئەواندا ئەزموونی فاشیزمو نازیزمو وەحشیگەری ستالینیزم رویانداو، ئێمە ئێستا لەجاران زیاترو واقیعترین و کەمتر گەشبینین.

هەروەها کەمتر خۆشباوەڕین، لەبەرئەوەی باجێکی گەورەماندا، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە دەستبەرداری بڕواکانمان نابین بەفەلسەفەی هیومانیزم: واتە بەهای پێشکەوتن و ئەقڵانیەت و ئازادی بۆتەواوی گەلانی سەرزەوی، نەك تەنها بۆ گەلانی ئەورووپی و خۆرئاوایی.

**سەرچاوە**: الشرق الاوسط – 2001/9/8

# فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخ

فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخ کتێبێکی گرنگ و بێگرێ و گواڵەو بەم دوایانە بیریاری فەرەنسایی ((کرسیتیان دولاکمبانییە)) بە چاپی گەیاندووە، نووسەری ئەم کتێبە مامۆستایە لەیەکێك لەزانکۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو پێشتریش لەبۆستن هەڵسوڕاوی ڕۆشنبیری فەرەنسابووە. بەمجۆرە دەتوانین تایبەتمەندی ئەو لەوەدا ببینین کەوەکویەك ئاگاداری ئەو گفتوگۆو مشتومڕانەی ناو ئەمریکاو ئەوروپایە. ((دولا کمبانییە)) سەرەتای کتێبەکەی بەم پرسیارە دەست پێدەکات: (فەلسەفەی سیاسی چییە؟) لەوەڵامدا دەڵێت: (ئەو فەلسەفەیەیە کە گرنگی بەم مەسەلە سەرەکیانەی لای خوارەوە دەدات.

-مەسەلەی ئازادی.

-مەسەلەی دادپەروەری.

-مەسەلەی دیموکراسی.

-هەروەها مەسەلەی سیستمی نوێی جیهانی.

ئەو پێیوایە بەرواری 9/ نۆڤەمبەری/ 1989 بەدەسپێکی قۆناغێکی نویٚ لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دادەنرێت.

تایبەتمەندی ئەم قۆناغە نوێیەش بریتییە لەسەرکەوتن و بەجیهانیبوونی سیستمێکی ئابووری دیاریکراو ئەویش: سەرمایەدارییە. کە دەڵێن (بەجیهانیبوون) مەبەستمان تەعمیکردنییەتی بەسەر تەواوی جیهاندا. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم قۆناغە بریتییە لەسەرکەوتنی سیستمی دیموکراسی خۆرئاوا، بەو پێیەی چاکترین سیستمێکە کە مومکین بێت یاخود خراپی لەچاو سیستمەکانی تردا کەمترە، وەکو ((چەرچل)) دەڵێت.

پرۆفیسۆر ((کرسیتیان دولا کمبانییە)) پێیوایە مەسەلەی (باشترین سیستمی سیاسی کامەیە)؟ کۆنترین مەسەلەیەکە رووبەرووی فەلسەفەی سیاسی بووبێتەوە. وەك دەزانرێت دامەزرێنەری ئەم فەلسەفەیە، بەر لەدوو هەزارو پێنج سەد ساڵ لەئێستا ((ئەفلاتۆن)) بووە. بۆ ئەم مەبەستەش کتێبێکی گەورەی بەناوی (کۆمار)ەوە تەرخانکرد و تەواوی فەیلەسوفەکانیش کە بەدرێژایی مێژوو لەدوای ((ئەفلاتۆن))ەوە هاتوون، لەهەوڵی ئەوەدابوون دەستنیشانی ماهیەتی چاکترین سیستمی سیاسی بو حوکمکردن بکەن.

بەڵام ئایا دوای بیست و پێنج سەدە گەیشتینە ئەوەی دەستنیشانی ئەدگارو خەسڵەتەکانی ئەم سیستمە بکەین؟

ئایا دوای تێ ئاوارەبوون و سەرگەردانییەکی زۆر، دەستمان بەو سیستمە گەیشت و دۆزیمانەوە؟ ئایا گەیشتینە ئەو یۆتۆپیایەی ((فارابی)) و کەسانی وەك ئەو خەونیان پێوەدەبینی؟! ((فرانسیس فۆکۆیاما)) ئەو پیاوەی دە ساڵ بەر لەئێستا بەبلاوکردنەوەی کتێبە بەناوبانگەکەی (کۆتایی و مێژوو و دواین مرۆڤ) هەڵلایەکی گەورەی نایەوە، پێیوایە ئێمە بەو جێگایە گەیشتووین.

سێ ساڵ دوای روخانی دیواری بەرلین ((فۆکۆیاما)) وتی: (ئەم رووداوە تەنها مانای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد ناگەیەنێت، بەڵکو هاوکات مانای وایە کە مۆدێلی دیموکراسی لیبرالی بەیەکجار بەسەر سیستمی تۆتالتیاری کۆمۆنستیدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا). پاشان پشتی بە فەلسەفەی ((هیگل)) بەست، تاڕاییبگەیەنێت کە مرۆڤایەتی بە ئەوجی پێشکەوتن خۆی گەیشتووە. دوای ئەوەی تەواوی میللەتانی سەرگۆی زەوی (وەکی سیستمی حوکمکردن)، دانیان بەوەدانا کەدیموکراسی لیبرالی بۆری تەواوی سیستمەکانی تری داوەتەوەو لەپێش هەموویانەوەیە، ئەوا دەتوانین قسە لەوە بکەین کەمێژووی مرۆڤایەتی بەئامانج و کۆتایی خۆی گەیشتووە، مێژوو کۆتایی هات و گەیشتە دوا مەنزڵی خۆی. ((فۆکۆیاما)) لەتێزە بەناوبانگەکەیدا باس لەمە دەکات. بەڵام هێندەی نەبرد فەیلەسوف و بیریارانی زانستە سیاسییەکان وەڵامیان دایەوەو کەوتنە رەخنەکردنی تێزەکەی، بۆ

نموونـه ((جـان مـاری بینـوا)) سـاڵی 1993 کتێبێکـی گرنگـی بـەناوی (پایـانی دیموکراسـی)یـەوە بڵاوکـردەوە، لێکۆڵیـاری ئەمـەریکیش ((بنیامین باربێر)) ساڵی 1995 کتێبێکی گرنگی لەژێر سەردێڕی (جیهاد لەبەرامبـەر مەکجیـهان)دا بـەزمانی ئینگلـیزی بڵاوکـردەوەو دەسـت بەجێش وەرگێڕدرایە سەر زمانی فەرەنسی.

((سـامۆئیل هـانتنگتۆن))یـش وەکـی ((فۆکۆیامـا)) هەڵڵایـەکی زۆر زیـاتری نایـەوە، کـاتێك سـاڵی 1996 کتێبـە بەناوبانگەکـەی (پێکدادانـی شارسـتانییەتەکانی بڵاوکـردەوە). هـەرچی ((جـاك دێریـدا))ی فەیلەسوفیشـە، بەرپـەرچی تێزەکـانی ((فۆکۆیاما))ی دایـەوەو نووسـی: (مارکس نەمردووەو هێشتا دوا قسەی خۆی نەکردووە، ئەم سەرکەوتنە بـێ وێنەیـەی سـەرمایەداری بەسـەر کۆمۆنـیزمدا یـەکجاری نییـەو تائێسـتاش سـەرمایەداری بەدەسـت کێشـەگەلێکی بێشـومارەوە دەناڵێنێت، بۆیـە دەبـێ زۆر بـەو سـەرکەوتنەوە خۆمـان بانـەدەین). ((دێریدا)) هەموو ئەمانەی بەدووروردرێژی لەکتێبەکەیدا (تارماییەکانی مارکس) باسکردووە.

لای خۆیـەوە ((جـان مـاری بینـوا)) پێیوایـە کـە ئـەو پەیوەندییـە لەسایەی سیستمە دیموکراسییە کلاسیکییەکاندا هـاووڵاتی بـەگروپ یـاخود بەسیسـتمی حوکمـەوە دەبەسـتەوە، هەنووکـە بـەرەو لەبەریـەك هەڵوەشان و دارمان دەچێت.

ئەوەتا هەنووکە بڕیارە سەرەکییەکانی دەوڵەت لەلایەن گروپەکانی فشارە دەردەچن، ئەو گروپانەی لەپشتی پەردەوە کاردەکەن و کەس نایان بینێت، هەر ئەمەشە دیموکراسی لەهەموو مانایەك بەتاڵدەکاتەوە.

لێکۆڵیارە ئەمریکاییەکانی دیکەی وەك ((برزنسکی و هانتنگتۆن و بابێر و هۆڤمان))، بۆچوونیان بەپێچەوانەی بۆچوونی ((فۆکۆیاما))وەیە و پێیانوایە لەدوای کۆتایی جەنگی ساردەوە ڕووبەڕوی شەڕ لەجیهاندا تادێت فراوانتر دەبێت، ئەوەی لەبەلکان و یوگسلافیای پێشوو ئەفریقیاو چەند ناوچەیەکی تری جیهاندا ڕوویاندا، بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن، سەرەڕای ئەوەش جیهان بۆتە دنیایەکی فرەجەمسەر. ئەگەرچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی وەك تاکەزلهێزی دنیا نیشاندەدات، بەڵام کەس ناتوانێت ڕۆڵی ئەوروپای خۆرئاواو روسیاو چین و یابان و هندستان (کەڕەنگە بەم زووانە بێتەڕیزەوە)، بەهێد وەرنەگرێت و نکوڵییان لێبکات. ئەو لێکۆڵیارانە وای بۆ دەچن تەشەنە سەندنی جەنگ لەناوچە جیاجیاکانی جیهاندا، دەبێە مایەی پشێوی و نائارامی و گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر دیموکراسی. هاوکات ڕووداوەکانی دەساڵی ڕابردووی جیهان، ڕاستی تێزەکانی ((فۆکۆیاما)) بەدرۆدەخەنەوە، چونکە دیموکراسی-وەکی سیتسەمێکی سیاسی- تائێستا لەلایەن زۆر وڵاتانی جیهانەوە کاری پێناکرێت و دژایەتی

دەکرێت، کەواتە سەبارەت بەم مەسەلەیە پێشبینییەکەی ((فۆکۆیاما)) ڕاست دەرنەچوو.

دیموکراسی بەشێوەیەکی فیعلی تەنها لەئەوروپاو وڵاتە یەکگرتووەکان و کەنەداو یایاندا کاری پێدەکرێت، لەم وڵاتانەشدا بێخەوش و بێ کەموکوڕی نییە. هەرچی وڵاتانی دیکە هەیە، دیموکراسی تیایاندا ئەوەندەی روکەشو کارتۆنییە ئەوەندە حەقیقی نییە. ئەگەرچی لەو وڵاتانەدا پەرلەمانیش هەیەو هەڵبژاردن دەکرێت، بەڵام ئەندامەکانی بەشێوەیەکی فیعلی هەڵنابژێردرێن. بۆ نموونە روسیا بە بەردەوامی پەرلەمانی هەبووە، هەر لە ((نیکۆڵای دووەم))ەوە تا ((ستالین)) و ((یەڵتسن))، بەڵام رۆژێك لەڕۆژان دیموکراسی نەبووە. روسیا لەهەوڵی ئەوەدایە ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی، بەڵام تائێستا نەبووە.

بادواجار بپرسین: کامەیە سیستمی دیموکراسی؟ لەوەڵامدا نووسەری ئەم کتێبە دەڵێت: (ئەو سیستمەیە کە بەشێوەیەکی عەمەلی رێز لەسێ پرانسیپی سەرەکی دەگرێت)، ئەو پرانسیپانەش تەنها لەسایەی سیستمێکی پەرلەمانیدا ئەگەری مانەوەیان هەیە. ئەم سێ پرانسیپەش وەکی هەندێك پێیانوایە ناگەڕێتەوە بۆ یۆنان، بەڵکو بەرهەمی دەستی سێ لە فەیلەسوفانی سەردەمی نوێیە:

–پرانسیپی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ((جۆن لوك)).

-دووەم بۆ ((جۆن لوك و مۆنتسكیۆ)).
-سێیەمیش بۆ ((جان جاك رۆسۆ)).

هەر سێ فەیلەسوفیش سەر بەڕۆژگاری فەردانیەتی لیبرالیزمن.

یەکەمین پرانسیپ (لێکبوردن)ە. بۆ ئەمە پێویستە دەوڵەت لەچوارچێوەی سنووری دەسەڵاتی خۆیدا، ئازادی رادەربڕین (سیاسی، ئاینی، فەلسەفی) دەستەبەربکات، بەمەرجێك هیچ یەك لەم بیروڕایانە نەبنە مایەی ئاشوبو نائارامی لەناو کۆمەڵگەدا. پرانسیپی دووەم باس لەپێویستی لێك-جیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵاتەکان دەکات: (یاسا دانان، جێبەجێکردن، دادوەری). دەسەڵاتی یاسادانان کاری دەرکردن و داڕشتنی یاساکانەو دەسەڵاتی جێبەجێکردن جێبەجێیان دەکاتو بە عەمەلی کاریان پێدەکات، دەسەڵاتی یاسا دانانیش سزای ئەو کەسانە دەدات کە سەرپێچی ئەو یاسایانە دەکەن، تەنانەت گەر بێتو خودی دەسەڵاتداران خۆشیان بن! ئەم پرانسیپە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی (مافو یاسا)یەو جیاوازە لەدەوڵەتی بەر لەخۆی کەتەنها لەسەر زەبرو زۆرو ستەمکاری دروست بوو بوو. سێهەمین پرانسیپ کەمەرجی هەموو دیموکراسیەتێکەو بەبێ ئەو دیموکراسی بەر قەرار نابێت، پرانسیپی دادپەروەرییە.

دیموکراسی راستەقینە نابێت روکەش بێت و لەیەکسانیو دادپەروەری خاڵی بێت، مرۆڤ چی لە ئازادی بکات گەرنانی نەبێت

بیخوات؟! کەواتە دیموکراسی هەرە بەتەنها لایەنی یاسایی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی ناگرێتەوە کەناوەڕۆك و جەوهەری سیستمی دیموکراسییە، بەڵکو لایەنی مادی و ئابووریش دەگرێتەوە، بەڵام ئەمە بەومانایە نایەت کە دیموکراسی دەتوانێت جیاوازی چینایەتی بسڕێتەوەو هەمو هاوڵاتیان وەك یەك لێبکات. ئاشکرایە ئەم جیاوازییە هەردەمێنێت، بەڵام نابێت جیاوازییەکی زەق و گەورە بێت. ئێستا پرسیارێکی تر دەکەین: مەبەستمان لەئازادی چییە؟ ئایا دەبێت پرانسیپی (لێکبوردن) دوژمنانی (لێکبوردن)یش بگرێتەوە؟

بەواتایەکی‌تر: ئایا هێزە توندڕەوەکان (لەناسیۆنال و فێندە مێنتالستەکان)، مافی ئەوەیان هەیە کەشوهەواری دیموکراسی بقۆزنەوەو بکەونە پڕوپاگەندەکردن بۆ رقوتەفرەقەو هەندێ جاریش بۆ رەواجدان بەکاری ترۆرستی؟ بێگومان نەخێر، دیموکراسی بۆ دوژمنانی دیموکراسی نییە. بۆ روونکردنەوەی زیاتری ئەم مەسەلەیە ((دولاکمبانییە)) دەنووسێت: (لەکاتێکدا کە بەنووسینی ئەم بابەتەوە خەریکم، لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت زیاد لەچوار سەد ساڵیت پڕوپاگەندە بۆ نازیزمە نوێیەکان دەکەن، کەواتە دەبێت چی لەبەرامبەر ئەو بزاوتە راستە توندڕەوانەدا بکەین کەئێستا لەئەوروپادا برەویانەو داوادەکەن تەنگ بەبیانییەکان هەڵبچنرێت و سوکایەتییان پێبکرێت؟ دەکرێت هەمان شتیش دەربارەی فێندە مێنتالستە توندڕەوەکانیش بڵێین.

ئەوانەی توندوتیژییەکی ڕەمزیو جەستەیی بەرامبەر هەریەکێك کە سەر بە ئایینو ئاینزای خۆیان نەبێت بەگەڕدەخەن).

لەواقیعدا هەردوو ئەم بزاوتە هەڕەشەن بۆ سەر پرۆسەی دیموکراسی و بەرپەرچدانەوەو بەگژا چوونەوەشیان ئەرکی سەرشانی دیموکراسی خوازانە، چونکە ئازادی بۆ دوژمنانی ئازادی نییە. هەروەها مەسەلەیەکی دیکەش هەیە، تایبەتە بە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسادان و جێبەجێکردن و دادوەری هەندێکجار دەسەڵاتی جێبەجێکردن (واتە حکومەت) هەوڵدەدات خۆی لەچاودێری دەسەڵاتی (یاسادانان) (یاخود پەرلەمان) بدزێتەوە، ئەمەش دەبێە مایەی دروستکردنی جۆرە پشێوییەك لەمومارەسە کردنی دیموکراسیدا، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دیموکراسی نوێنەرایەتیکردن هەر لەبنەڕەتەوە بێ کەڵك و خراپە یاخود لەسیستمی دیموکراسی ڕاستەوخۆ کەمتر دیموکراسی ترە وەك هەندێك لە چەپی توندڕۆ پێیان وایە، ئیتر (ئانارشسیتی بن یان ماکسی). بەڵکو بەو مانایەدێت کە مومارەسەکردنی دیموکراسی و پراکتیزەکردنی بەشێوەیەکی فعلی، پرۆسەیەکی قورس و دژوارە، بۆیە پێویستە هەمیشە هاوڵاتیان وریاو چاوکراوەبن.

چونکە ئەوە ئەوانن نوێنەرانی گەل دەستنیشان دەکەنو هەر ئەوانیش دەتوانن (ئەگەر بیانەوێت) دووچاری شکستیان بکەنو

لەوجێگەیەدا نەیانهێڵن، هەروەها لەدەستی ئەواندایە سەرۆك كۆمار هەڵبژێرن و متمانەشی لێبسەننەوەو كۆتایی بەدەسەڵاتی بهێنن.

هاوكات كێشەیەكی دیكەش هەیە، پەیوەندییە بەو ململانێیەوەیە كەڕەنگە لەنێوان دەسەڵاتی جێبەجێكردن و دادوەریدا دروست بێت. بەو پێیەی زۆربەی كات دادوەران لەلایەن حكومەتەوە دەست نیشاندەكرێن، ئەوا كارێكی قورسە بەلایانەوە كەوەزیرو فەرمانڕەوایان قەناعەت پێ بكەن بەوەی هیچ كەس لەسەرو یاساوە نییە.

بەم دواییانە لەچەند وڵاتێكی دیموكراسی وەك فەرنسا و ئەڵمانیا.. هتد، هەڵلایەكی گەورە لەسەر چەند مەسەلەیەكی گوندەڵی دروستبوو، بەڵام كەس نەیتوانی ئەو لێپرسراوانە راكێشێتە بەردەمی دادگا، تەنها ئەوكاتە نەبێت كە لەدەسەڵاتدانەمان!

ئەمەش یەكێكە لەخاڵە لاوازەكانی سیستمی دیموكراسی.. پێویستە بزانین سیستمی دیموكراسی هەندێك كەموكوڕی تێدایە، هەر لەبەر ئەوەش بەچاكترین خراپ ناونووسمانكرد و نەمانوت دیموكراسی باشترین سیستمی سیاسییە، چونكە رەنگە مرۆڤایەتی لەسەدەكانی داهاتوودا دەستی بەسیستمێكی چاكتر لەوبگات یان رەنگە دەسكاری بكات و چاكسازی تێدابكات تا كەموكوڕی كەمتر بێت.

بەم دواییە گەورەترین هێرشێك كرابێتە سەر سیستمی دیموكراسی لەلایەن چەپی رادیكالی توندڕەوەوە بوو، لەپێش هەمووشیانەوە

((میشێل فۆکۆ))ی فەیلەسوف. ((فۆکۆ)) دیموکراسی خۆرئاوای بەوە تاوانبار کرد کەجگە لەگەمەیەکی بێتام هیچی تر نییە، تەنها مەبەستیشی ئەوەیە ئەو جەنگ و ململانێیەمان لەبیربەرێتەوە کە لەنێوان سەردەستەو ژێردەستەکاندا لەئارەدایە، سیاسەتیش درێژەدانە بەم شەڕەکۆمەلآیەتییە، بەلآم بەشێوازێکی جیاوازتر لەکۆشت و بڕین، ئەم حەقیقەتەش ((ماکیاڤیللی)) بەر لە ((مۆنتسکیۆومارکس)) پەی پێبرد.

وەك ئاشکرایە مارکسیزم بەبەردەوامی هێرشی دەکردە سەر دیموکراسی لیبرالی، بەبیانووی ئەوەی دیموکاسیەتێکی روکەش و بەتالە.. کوا مافی کرێکاران و کوا یەکسانی و دادپەروەری؟ گەر بێتوو ملیاردێرێك خۆی بۆ هەلبژاردن کاندید بکات، فەرمانبەرێکی ئاسایی یان کرێکارێك یاخود تەنانەت مامۆستایەکی زانکۆش دەتوانن ببنە کێبەری؟ ئایا پارەو سەرمایە نەبۆتە هەمووشتێك و لەم کۆمەلگە دیموکراسیانەدا جلەوی هەمووشتەکانیان لەدەستدا نییە؟

هەنوکەو دوای هەرەسی کۆمۆنیزم و تیۆریای ((فۆکۆ)) و بەشێوەیەکی گشتیش تیوریای ((مارکسیزم)) پاشە کشەیانکردووەو پەراوێزکەوتوون، هیچ کەسیش وەك یەك تەماشا کردنی کۆمۆنیزم و لیبرالیزمی قبولّ نییە، وەکی ئەوەی ((فۆکۆ)) لەحەفتاکاندا دەیکرد. ئەگەرچی دەشزانین دیموکراسی خۆرئاوا خەوش و کەموکوڕی خۆی

هەیە.. ئازادی یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی سیستمی دیموکراسی و کەم تا زۆریش دەتوانین بە بەهایەکی تازە ناودێری بکەین، لەبەر ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەردەمی ڕێنسیانس و لەهەمان کاتیشدا پەیوەستە بە ڕێبازی فەردانیەتی نوێوە. بەلاّم بۆ ئەوەی سیستمێك بەفیعلی دیموکراسی بێت هەر بەتەنها ئازادی بەس نییە، بەڵکو پێویستە بەهایەکی دیکەی سەرباربخەین کە لەڕووی گرنگییەوە هیچی لەئازادی کەمتر نییە، ئەویش: عەدالەتی کۆمەلاّیەتییە.

کەواتە باپرسین دادەروەری چییە؟ ئەگەر سۆراخکردنی چاکترین سیستمی سیاسی کۆنترین مەسەلەیەك بێت فەلسەفەی سیاسی پێیەوە سەرقاڵ بووبێت، ئەوا تێرمی دادپەروەری کۆنترین تێرمێکە ئەم زانستە بەخۆیەوە بینیبێت، بۆ نموونە ((ئەفلاتۆن)) باسی لەوەدەکرد کەچاکترین سیستمی سیاسی ئەو سیستمەیە دادپەروەری لەکۆمەڵگەدا بەرقەرارکات.

لێرە بەدواوە پێویستە کەم تاکورتێك باس لەسیستمی نوێی جیهانی بکەین. پرۆفیسۆر ((کربیستیان دولاکمبانییە)) پێی وایە بیرۆکەی سیستمی نوێی جیهانی، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خواست ویستی کۆمەڵێك سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیر کەزۆر لەزووەوە بیریان لەم مەسەلەیە کردۆتەوە، ئەویش بەمەبەستی چارەسەکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان بەڕێگا چارەی ئاشتی و یاسایی لەبری

چارەسەری سەربازی. بەواتایەکی دی ئەو فەیلەسوفو سیاسەتمەدارانە مەبەستیان ئەوەبوو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕاست بکەنەوە یاخود زیاتر ئەخلاقیانەتر بێت، بەڵام گەربمانەوێت ئەم خواستە بێنینەدی ئەوا دەبێت ئەو هەلومەرجەی ئێستا لەئارەدایە بگۆڕین.

پێویستە ڕەخنە لەو بۆچوونە باوەبگرین کە لەسەدەی شانزەوە لەئارەدایە و پێی وایە دەسەڵاتێك نییە لەسەر زەوی سەرو دەسەڵات و سەروەری دەوڵەتی نەتەوەیی بکەوێت، دەوڵەتی نەتەوەیی بەدرێژایی چوار سەدەی ڕابروو لەئەوروپادا باڵادەست بووە، لەو ماوەیەشدا پێشکەوتن و دەسکەوتی مەزن بەدی هاتووە، نموونەکانی وەك: (پێشکەوتن لەبواری زانستو تەکنۆلۆیاو بەرهەمی ئابووریدا)، بەڵام ڕەنگە دەوڵەتی نەتەوەیی بگۆڕدرێت بەدەمارگیری نەتەوەیی یاخود ببێت بە خۆپەرستییەکی ئەتنیکی، ئەمەش دەبێتە مایەی هەڵایسانی جەنگ لەنێوان نەتەوەکاندا. لەماوەی دوو جەنگی کاولکاری جیهانیدا ئەمەڕوویدا، لەبەر ئەوە زۆر کەس بەم دواییانە کەوتنە ڕەخنەکردنی دەوڵەتی نەتەوەو داوای ئەوە دەکەن ئەو فۆڕمە جێبهێڵن و قەوارەیەکی بەرفراوانترو گەورەتر دروست بکەن، بۆ نموونە وەکی یەکیەتی ئەوروپا یان تەنانەت بەجیهانیبوونێکی سەرانسەری و دامەزراندنی

سیستمێکی نوێی جیهانی کەسنووری دەوڵەتی نەتەوەیی ببەزێنێت، لێرەوە سەرچاوە دەگرێت.

((ئیما نوێل کانت))ی فەیلەسوف یەکەمین کەسێك بوو کە بەر لەدوو سەد ساڵ لەئێستا بۆچوونێکی لەمجۆرەی پێشنیارکرد، ئەم پێشنیارەشی لەڕێگای دوو کتێبەوەکرد: (عەقیدەی یاسا لەپێناو ئاشتییەکی هەمیشەی لەنێوان نەتەوەکان)دا. بەنووسینی ئەم دوو کتێبە، توانی ماوەیەکی زۆر پێش سەردەم و زەمانی خۆی بکەوێت. ((کانت)) پیاوێك بوو زۆر دوور دەیڕوانی، لەڕۆژگاری ئەودا هەروا ئاسان نەبوو کەسێك بێت و خەون بەهێنانە ئارای یاسایەکی نێودەوڵەتی یان کۆسمۆپۆلێتییەوە ببینێ، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتانەی لەنێوان نەتەوەکاندا دروست دەبێت. ئەوەی ((کانت)) وەك ئەوەوایە ئەو دوو سەد ساڵ بەر لەهاتنە ئارای (بەجیهانیبوون)، خەونی بەو دیاردەیەوە بینی بێت.

گۆی زەوی بۆتە یەك جیهان، ئەمە لەکاتێکدا بەدرێژایی چەندین سەدە هەر ناوچەیەو بەسەر خۆیدا داخراوبوو، بێباك بوو لەوەی لەناوچەکانی تر چی روودەدات، هەنووکە شتی وا ئەستەمەو ناکرێت..

بەڵام تائێستا کۆدەنگییەك لەسەر سیستمی نوێی جیهانی نییە، هەندێك گومانی لەتواناکانی هەیەو هەندێکی کەش تەنانەت گومان لەبنەماکانی و رەوایەتیشی دەکەن. ئەوانە باس لەوەدەکەن کە مافی

دەسوەردانە کاروباری وڵاتان لەلایەن سیستمی نوێی جیهانییەوە، بنەمایەکی یاسایی دیاریکراوی نییە و جیهانیش بەشێوەیەکی یاسایی بەسەر خێرخوازو شەڕخوازدا دابەش ناکرێت و..هتد. هەرچەندە سیستمی نوێی جیهانی تواناو لێهاتووی خۆی لەچارەسەرکردنی کێشەی یوگسلافیاو رزگارکردنی کوەیتدا سەلماند، بەڵام تائێستاش لەچارەسەرکردنی هەندێك کیشەی گەورەتردا دەستەوستانەو سەرکەوتوو نەبووە.

**سەرچاوە**: تۆڕی (منتدى الكتاب).

# فەرەنسا لە سەردەمی (ڕێنیسانس)دا

بریـا ئێمـەیش سـەرچاوەگەلێکی ئـەکادیمیی باوەڕپێکراومـان دەبـوو دەربـارەی سـوریا و عـیراق و میسـر و عەرەبسـتانی سعودیە و یەمەن و.. هتد، بۆ نموونە لـە سـەدەی شـانزەدا یـان هـەر سـەدەیەکی تـردا. بریـا ئێمـەیش فەرهـەنگێکی وەك ئـەم فەرهەنگـە فەرەنسییەمان دەبوو کە باس لە هەموو لایەنەکانی مەعریفە دەکات لە سـاتەوەختێکی دیـاریکراودا. مێژوونوسـان کۆکـن لەسـەر ئـەوەی سـەردەمی ڕێنیسـانس لـە ئیتالیـا دەسـتیپێکرد و پاشـان گەیشـتە فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئینگلستان، تا لە دواجاردا بوو بە دیاردەیەکی گشتی ئەورووپییانە. لەو ساتەوە ئیتر ئەورپا قەڵەمبازێکی شارستانی داو توانیـی بـۆڕی جیـهانی ئیسـلامی بداتـەوە کـە لـە ژێـر سـایەی حوکمڕانیـی ئیمپراتۆرییـەتی عوسمـانیدا بـوو، بـەڵام بـابزانین ڕێنیسانسـی ئـەورووپی چـۆن چۆنـی دەسـتیپێکرد و هۆکارەکـانی چین؟

ئەم کتێبە کە کۆمەڵێك نووسەر نووسیویانە و بریتین لە تیمێکی توێژەرەوانی فەرنسا هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەدەن، دەکرێت لێرەدا ناوی هەندێك لەو توێژەرانە بەرین کە لە نووسینەوەی ئەم فەرهەنگەدا بەشدار بوون، لەوانە: ((ئارلیت جوانا)) مامۆستای زانکۆی ((پۆل ڤالێری)) لە شاری مۆتبلیێ. ئەم خانمە لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژی لە دەستپێکی ئەم فەرهەنگەدا نووسیوە بە ناوونیشانی: (سەردەمی ڕێنیسانس لە فەرەنسا لە نێوان سالآنی 1470–1559)دا، هەروەها هەریەك لە "دۆمینیك بیلۆگی و گی لۆتییك" کە مامۆستای هەمان زانکۆن، بەشداریی پرۆژەکەیان کردووەو لێکۆڵینەوەیەکی گرنگیان دەربارەی دراوسێکانی فەرەنسا و ولآتە رکابەرەکانی فەرنسایان لەو سەردەمە نووسیوە کە بریتی بوون لە: (پورتوگال و ئیسپانیا و ئینگلستان و هۆڵەندا و نەمسا و ئیتالیا و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی).

دوای ئەم دوو لێکۆڵینەوەیە کە ژمارەی لاپەڕەکانیان دەگاتە زیاد لە (500) لاپەڕە، بەفەرهەنگێکی تەواو دەستپێدەکات دەربارەی ئەو بابەت و تێرمە سەرەکییانەی پەیوەندییان بە سەردەمی ڕێنیسانسەوە هەیە. بێگومان ئەمە فەرهەنگێکی زۆر بەسوودە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لە لێکۆڵینەوەی تاوتوێکردنی ئەو ڕۆژگارە مەزنەدا قووڵببنەوە، بۆ نموونە لەو فەرهەنگەدا دەتوانیت باسێکی تەواوت دەربارەی "ئەفلاتون

و ئەرستۆو".. کەسانی وەك ئەوان دەستبکەویت. پرسیارێك لێرەدا خۆی بەیان بکات ئەوەیە: "ئەرستۆ" بەلای ڕۆشنبیرانی فەرەنسای سەردەمی ڕێنیسانسەوە چی دەگەیاند؟ چۆن تێیدەگەیشتن و چۆن چۆنی فیکری ئەویان لە پێناو هەستانەوەدا بەکارهێناوە؟ یاخود چۆن لە "ئەفلاتون" گەیشتوون؟

هەر لەم فەرهەنگەدا لێکۆڵینەوەیەکی تێدایە دەربارەی (ئیراسم) کە بەناوبانگترین بیریاری سەردەمی ڕێنیسانسە، ئەم پیاوە فەرەنسی نەبوو، بەڵکو بەڕەچەڵەك هۆڵەندی بوو، بەلام هەر ڕۆژە و لە ولاتێکی ئەورووپیدا ژیاوە.لەو سەردەمەدا کاریگەرییەکی زۆری هەبووە، هەر لەبەرئەوەش بە (میری رابوونخوازەکان) نێوبانگی دەرکرد و ئەو نازناوەیان دایە. ئەم فەرهەنگە بۆ خوێندکارانی خوێندنی بالا و لێکۆلیاران بەسوودە، لەبەرئەوەی لە ڕووی (کلتووری و هونەری تەلارسازیی و ئابووریی و سیاسی و ژیانی ئایینی و.. هتد)، زانیاریی پێویست بەردەست دەخات. بە کورتییەکەی ئەم فەرهەنگە ڕوپێوکردنێکی هەمەلایەنەی ژیانی گەلانی فەرنسایە لە سەدەی شانزەدا و پڕییەتی لە زانیاریی ورد و پێدراوی باوەڕپێکراو و شیکردنەوەی قووڵ، خۆزگە ئێمەش فەرهەنگێکی لەمجۆرەمان دەبوو. مرۆڤ خەم دایدەگرێت کە ئەو هەموو پێشکەوتنە گەورەیە لە بواری لێکۆلینەوەی ئەورووپیدا دەبینێت و خۆزگە

دەخوازێت ڕۆژێك بێت و لە جیهانی عەرەبییشدا ئەو پێشکەوتنە ڕووبدات.

"ئارلیت جوانا" لە سەرەتاوە دەنووسێت: (لە سەردەمی ڕۆشنگەری کە سەردەمی خەڵکانی سەدەی شانزەهەم بوو، ئەوان پێیان وابوو سەردەمی رابردوو ڕۆژگاری تاریکی و نەزانی بوو، بۆیە هەلومەرجی مێژوویی خۆیان بەسەرکەوتنی رووناکی بەسەر تاریکیدا ناونووس کرد). ساڵی (1532) ((رابیلا)) نامەیەك دەنێرێت بۆ یەکێك لە هاوڕێکانی و تیایدا باسی ئەوە دەکات چەند بەختەوەر و کامەرانە، لەبەرئەوەی لە ڕۆژگارێکدا هاتووەتە دنیاوە پڕییەتی لە نوورو رووناکی. زۆربەی بیریارانی تری سەردەمی ((رابیلا)) پێیان وابوو سەردەمی ژیانەوەو نوێبوونەوەو ڕێنیسانس دەژین.. پێیان وابوو سەرکەوتوون بەسەر بەربەرییەتی سەدەکانی ناوەڕاست و دەمارگیریی تیۆلۆژییان لە گۆڕناوە، بەڵام وەها بڕواو قەناعەتێك تەنها تایبەت بوو بە دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیر یاخود چەند کەسانێکی کەمی خوێندەوار و هەموو خەڵکی نەدەگرتەوە، بەلام ئاخۆ هۆکارەکانی ئەم بووژاندنەوەو نوێبوونەوەیە چی بوون؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا خاتوو "ئارلیت جوانا" دەڵێت: (فەرەنسا لە نیوەی دووەمی سەدەی پانزەهەمدا هەماهەنگیی چەند هۆکارێکی ئیجابیی بەخۆیەوە بینی، یەکەمیان زیادبوونی ڕێژەی دانیشتووان،

پاشان ئەو گەشە ئابوورییەی شارەکان بەخۆیانەوە بینییان و هەروەها دروستبوونی ئاڵوویری بازرگانی و ڕۆشنبیری لەگەڵ ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا، لەوانەش وڵاتانی جیهانی ئیسلامی بەخۆرهەڵات و خۆرئاوایەوە). ئاشکرایە کە گەشەی ئابووری دەبێتە مایەی گەشەی کلتووری و فیکری..

لەو سەردەمەدا ئەوروپا چەندین دۆزینەوەی جوگرافیی کردبوو لە هەریەك لە کیشوەرەکانی ئەمریکا و ئاسیا و ئەفریقیا، هەموو ئەمانەش بوونە مایەی زیادکردنی سەروەت و سامانی و دەوڵەمەندبوونی زیاتری. سەرەڕای ئەمانەش هۆکارێکی دیکە هەیە کە زۆر جار باس ناکرێت و بە هەندوەرناگیرێت، ئەویش ئەوەیە کاتێك لە ساڵی 1453دا قوستەنتینییە کەوتە دەست تورکەکان، ژمارەیەك زانای بیزەنتی کۆچیانکرد بۆ ئەوروپا و لەگەڵ خۆشیاندا دەستنووسی کتێبەکانی فەلسەفەی یۆنانییان برد و توانییان بەشداری بکەن لە بڵاوکردنەوەی فیکری پیاوێکی وەك ((ئەرستۆ))دا، ئەمانە زۆر زیاتر لە زاناکانی ئەوروپا شارەزای ((ئەرستۆ)) بوون و دەیانناسی.

هەروەها دەبێت هۆکارێکی گرنگی دیکەش لەیادنەکەین، ئەویش دۆزینەوەی ئامێری چاپە لە لایەن ((گۆتەنبێرگ))ی ئەڵمانی لە ساڵی (1450). دۆزینەوەی چاپخانە ڕووداوێکی ترسناك بوو کە مرۆڤایەتیی لە سەردەم و ڕۆژگارێکەوە گواستەوە سەردەم و زەمانێکی تر، واتە

مرۆڤی لە ڕۆژگاری بە دەستنووسینەوە گەیاندە سەردەمی چاپکردن بە ئامێر و بڵاوکردنەوەی هەزاران کتێب بە شێوەیەکی بەرفراوان و لە سەرتاسەری ئەوروپادا.. کەواتە ئەگەر چاپخانە نەبووایە ڕێنیسانس نەدەبوو.

لەم سەروبەندەدا چینە کۆمەڵایەتییەکان لەناو شارەکاندا دەستیان بە دروستبوون کرد، ئەمانە چینێکی خوێندەواربوون و سەریان لە نووسین و خوێندنەوەو دەردەکرد، بە هۆی بازرگانیکردن لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا دەوڵەمەندبوون، بەڵام دەیانویست خواستە مەعریفی و ڕۆشنبیرییەکانیان تێربکەن و دەشیان توانی کتێب بکڕن و پەیدایبکەن.

راستە ژمارەی ئەندامانی ئەم چینە لە هەموو ئەوروپادا لە دەهەزار کەسێك زیاتر نەبوو، بەڵام بەسبوو بۆ ئەوەی نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئەوروپا هانبدەن تا بە زمانی لاتینی بنووسن کە لەو سەردەمەدا زمانی زانست و ئایین و فەلسەفە بوو. ئێمە کە باس لەمەش دەکەین دەزانین ئەوە دەستەبژێرە ڕۆشنبیرەکانن ڕێبەرایەتیی گەلان دەکەن، هاوکات ئەم توێژە ڕۆشنبیر و خوێندەوارە چەندێك ئەوروپا گەشەی بکردایەو بەرەو پێش بچووایە، ئەوەندە ئەگەری گەشە و فراوانبوونی لە زیادبووندا بوو.

ئەفسانەیەکی باو دەربارەی سەردەمی ڕێنیسانس هەیە دەڵێت: (ئەو سەردەمە سەردەمێکی بێباوەڕیی بووە). لە راستیدا زۆربەی نووسەرە رابوونخوازەکانی ئەو ڕۆژگارە کەسانی مەسیحیی ئیماندار بوون، ئیمانیشیان هاوشانبوو بە کرانەوە بەسەر شارستانییەتی یۆنانی - ڕۆمانیدا کە شارستانییەتێکی بێبڕوا بوو. نووسەرانی سەردەمی ڕێنیسانس سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی "ئەفلاتوون و ئەرستۆ و هۆمیرۆس و ڤیرجیل و شیشرۆن و.." دەیان بیریاری وەك ئەوان بوون، خوێندنەوەی ئەوان دەرەتانێك بوو بۆ خۆدەربازکردن لەو کەشە خنکێنەرەی کلتووری سەدەکانی ناوەڕاست و تیۆلۆژیای کۆنی کڵێسا.

بیریارانی سەردەمی ڕێنیسانس بازیان بەسەر سەدەکانی ناوەراستدا دا، واتە بازیان بەسەر هەزار ساڵدا دا بۆ ئەوەی ئاوێتەی کلتووری یۆنانی و ڕۆمانی بن کە سەدان ساڵ بەر لە هاتنی ئاییني مەسیحی لە ئارادا بوون. لە پەیوەندیکردنیاندا بەو شارستانییەتەوە کە لە سایەیدا فەلسەفەی عەقڵانی و ئەدەب و هونەر گەشەیان سەند، هەستیان بە ئازادی و ئارامییەکی زۆر دەکرد، بەڵام چۆن دەبێت مەسیحییەت کە بڕوای بە بوونی خواو ئینجیل هەبێت دانایی لە فەیلەسوفانی بێباوەڕی وەك فەیلەسوفە یۆنانی و ڕۆمانییەکانەوە فێربێت؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بیریارانی سەردەمی ڕێنیسانس دەڵێن: (فەیلەسوفانی ئەو سەردەمە وەکی ئەفلاتون و ئەرستۆ بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن لە لایەن یەزدانەوە ڕێنومایی کرابوون! راستە ئەوان بەر لە هاتنی مەسیح ژیاون و لە دنیا دەرچوون، بەڵام قسەکانیان لەگەڵ وەحیی یەزداندا دەگونجێت و ناکۆك نییە پێیان، لەبەرئەوە شت وەرگرتن لێیان حەڵاڵەو ڕەوایە). بەمجۆرە بیریارانی ڕێنیسانس شەرعییەتی ئاینییان کرد بە بەری تێکست گەلێکدا کەلانی کەم پێنج سەدە بەر لە هاتنی مەسیحییەت نووسرابوون، بەڵام سەرباری ئەوەش پیاوانی کڵێسا و جەماوەر بە گشتی گومانیان لێکردن و ئیمانداری ئەوانیان خستە ژێر پرسیارەوە، هەر ئەمەش وایکرد بە کوفر و هەڵگەڕانەوە لە ئایین تاونباریان بکەن.

**سەرچاوە**: الشرق الاوسط – 2002/8/20

# یابان و شارستانێتی خۆرئاوا

ڕۆشنبیرانی یابان کۆکن لەسەر ئەوەی کرانەوەی وڵاتەکەیان بەسەر شارستانیەت و مۆدێرنێتی خۆرئاوادا دەستپێشخەریەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی (میچی)، ئەو بنەماڵەیەی لە سەرەتاکانی ساڵی 1868 حوکمڕانیکردنی یابانیان گرتەدەست. تێرمی (میچی) لە زمانی یابانیدا بە مانای: سیاسەتی ڕۆشنگەرانە دێت. ئیمپراتۆری تازەی یابان تەبەنی ئەم ناوەی کردو بەسەر سەردەمەکەی خۆیدا دایبڕی. بەڵام لە ڕاستیدا کرانەوەی یابان بە ڕووی خۆرئاوادا بەر لەو مێژوەو بە شێوەیەکی توندوتیژانەتر ڕوویداوە، چونکە یابان لەژێر هەڕەشەیەکی سەربازی ڕاستەوخۆدا ناچار کرا هەنگاوێکی لەوجۆرە بنێت. کەواتە با لێرەدا هەوڵبدەین باس لەو مەسەلەیە بکەین.

ساڵی 1853 کەشتیگەلی ئەمریکایی گەیشتە کەنارەکانی یابان و ئەم پەیامەیان ئاڕاستەی ئیمپراتۆر کرد: گەر بێتو یابان بە ڕووی بازرگانی خۆرئاوادا نەکرێتەوە، ئەوا ئێمە لای خۆمانەوە دەکەوینە

بۆمبــارانکردنی و پــەلاماری وڵات دەدەیـــن! بــەڵام دەســـتبەجێ ئـــەم هەڕەشەیە جێبەجێ نەکرا، بەڵکو دەرفەتی ساڵێك درایە یابانیەکان تا بیر لە مەسەلەکە بکەنەوە و خۆیان یەکلایی بکەنەوە. ئەوە بوو ساڵی 1854 جارێکی تر کەشتیی گەلی ئەمریکی گەڕایەوە و بە گەڕانەوەشیان ڕێکەوتنامەیەکی بازرگـانی لـە نێـوان وڵاتـە یـەکگرتوەکانی ئـەمریکاو یابـاندا مۆرکـرا، ئەمـەش سـەرەتای کرانـەوەی یابـان بـوو بەسـەر خۆرئاوادا. بەمجۆرە بیانیەکان مافی ئەوەیان هـەبوو لـە بـەندەرەکانی یاباندا دابەزن و تەنانەت بیشچنە ناو هـەردوو شاری ئۆساکاو تۆکیۆ تیایدا بمێننـەوە، بـەڵام ڕیفۆرمـی ڕاسـتەقینەی کلتـوری و ئـابووری و سیاسی تەنها بە هاتنی بنەماڵەی (میچی) دەستی پێکرد.

سستمی فیودالیزم کە لە ڕێی چینـی خانەدانەکانـەوە ناسـراو بـە (ساموڕای) لە وڵاتدا باڵادەست بوو، بنەبڕ کرا. لێرەوە ئیتر سەرجەمی هاوڵاتیان مافی ئەوەیان هەبوو بگەنە ئەو پلەوپایانەی پێشتر تایبەت بوون بە چینی دەرەبەگەکان. هەروەها بـواری خوێندنـی گشـتیش لـە بەردەم هەمواندا کرایەوە. هـەندێك وای بـۆ دەچـن هـۆی سـەرکەوتنی یابان لە بواری پیشەسازی و پەیڕەوکردنی مۆدێرنەی سەرمایەداری، دەگەڕێتەوە بۆ نەهێشتنی چینی خانەدانەکان. زۆربـەی خانەدانـەکان دوای ئەوەی بایەخ و گرنگی پێشویان لە دەست دا، ناچار بوون لەگەڵ بازرگـانی و پیشەسازی و ڕۆشـنبیری نوێـدا تێکـەڵ بـن.. ئیـتر لـەو

ســاتەوەختەدا توێــژی ئەنتلجنســیای یابــانی بەدەرکــەوت، واتــە لــە ســـاتەوەختی بەریەککـــەوتن لەگـــەڵ خۆرئـــاواو کرانـــەوە بەســـەر شارســتانیەتی خۆرئـاوادا. ســاڵی 1868 زانکــۆی تۆکیــۆ دروســتکرا.. یابانیـەکان تا ئەوکاتـە خۆیـان بـەلاوە وابـوو کە لـە پـەراوێزی جیـهانی مەرکەزیدا بوون و ئەو جیهانە مەرکەزیەش بریتی بووە لە وڵاتی چین. یابانیەکان لەو باوەڕەدا بوون چین سەنتەری جیهانەو گرنگترین شتێکە لە جیهاندا، بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوت کە چین بۆ خۆی و بە بەراورد بـە خۆرئـاوا لـە پەراوێزدایـە. واتـە یابانیـەکان کەوتبوونـە پـەراوێزی پەراوێزەوە، ئەمەش هەلومەرجێك بوو بەلای مرۆڤی یابانیەوە قابیلی قبوڵکــردن نــەبوو. لــەم ســەروبەندەدا یابانیــەکان بڕیاریــاندا بەســـەر جیــهانی خۆرئــاوادا بکرێنــەوە و بەهــەر نرخێــك بــووە بتوانــن لــەو شارستانیەتە بەهرەمەند بن.

بۆ نمونە بەر لە سەردەمی حوکمڕانی بنەماڵەی (میچی) ژمارەی ئەو یابانیانـەی چووبوونـە دەرەوەی وڵات لـە سـێ سـەد کەسـێك تێپـەڕیان نەکردبوو، بەڵام دوای ئەوان ژمارەیان بووە هەزاران کـەس. ساڵی 1890 یەکێك لە ئیمپراتۆرەکانی بنەماڵـەی (میچی) بە خـەڵکی یابان دەڵێت: (دەمـەوێت بچنـە ئنگلستان و فەرەنساو ئەڵـەمانیاو ئـەمریکاو تـەواوی زانسـتی خۆرئـاوام بـۆ بهێننـەوە.. لەمرۆبـەدواوە نامــەوێت یابـان بـە بەراورد بە جیهانی شارستانی دواکەوتوو بێت. بۆیە لـەم ڕووەوە گـەر

بکرێت ئەوا دەرەنجامی خێراو بە پەلـەم دەوێـت). بـەمجۆرە کرانـەوە بەسەر خۆرئاوادا بووە شتێك کە بە خواست و ویست بوو، نەك کارێکی زۆرەملێیانەو بە ناچاری بێت وەکی پێشتر لە ئارەدا بوو.

دەتوانـین بڵێـین ڕۆشـنبیری یابـانی "فۆکـۆزاوا یۆکیشـی" (1835-1901)، یەکـەمین کەسـێك بـووە بانگەشـەی بـە خۆرئـاواییبوونی تـەواوی یابانی کـردوە. ئـەو پێـی وابـوو وڵاتەکـەی پێویسـتی بـە گۆڕانکـاری و چاکسازی ڕیشـەیی هەیـە، گـەرنا ئـەوا هـەموویان تیـادەچن و دەمـرن. "فۆکۆزاوا" دوای ئەوەی ساڵی 1869 لـە ئـەورووپا گەڕایـەوە، کتێبێکـی سـەبارەت بـەوەی لـە ئـەورووپادا بینیبـووی بڵاوکـردەوە. ئـەم کتێبـەش یەکـەمین کتێبێـك بـوو بـە زمـانی یابـانی لەمـەڕ ژیـاری خۆرئـاواوە بڵاوبکرێتـەوە. پـاش ئەمـە پرۆسـەی وەرگـێڕان دەسـتی پێکـرد: وەرگـێڕانی کتێبـەکانی "ڕۆسـۆ" و "مۆنتسـکیۆ" و زۆربـەی زۆری فەیلەسـوفانی ڕۆشـنگەری.. هـەرچی چیرۆکی "ڕۆبنسـۆن کـرۆزۆ"شـە، دووجار بۆ سەر زمانی یابانی وەرگێڕرا! لەبەرئەوەی یابانیەکان خۆیـان لـەو چیرۆکـەدا دەبینیـەوە. چیرۆکەکـەی "ڕۆبنسـن کـرۆزۆ" بـاس لـە سـەربوردەی کەسـێك دەکـات کـە خـۆی بـە گۆشـەگیر و دابـڕاو لەسـەر دوورگەیەك هەست پێدەکات و ناچار دەبێت بەوەی تەکان بداتـە خـۆی و تەنها باڵ دەست بە دروستکردنی شارسـتانیەت بکـات، تـەواو وەك ئەوەی یابانیەکان دەیکەن.. بەڵام وەکی لە وڵاتانی عەرەبی و چین و

هندستاندا ڕویدا، ئاوەهاش لە یاباندا کتێب نەبوە تەنها ئامرازی مۆدێرنە یاخود تاکە دەسویژێك بۆ چوونە ناو جیهانی مۆدێرنەوە، بەڵکو ڕۆژنامەش لەم مەسەلەیەدا ڕۆڵی خۆی هەبوو. ئەوە بوو لە سەرەتای سەردەمی حوکمڕانی بنەماڵەی (میچی)یەوە ڕۆشنبیرانی یابان گرنگیان دا بە ڕۆژنامە. بەمجۆرە گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی زۆر لە پایتەخت و شارە گەورەکانی تر دەستیان بەدەرچوون کرد. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا یابان هەمان ئەو ململانێیەی نێوان خۆرئاواخوازان لە لایەك و شوێنکەوتوانی ترادسیۆن و شوناس و ڕەسەنایەتی لە لایەکی ترەوە بە خۆیەوە بینی کە لە وڵاتانی عەرەبی و چین و هندستانیش ڕوویدابوو.

دوای گەڕانەوەی خوێندکاران لە دەرەوە، ئاستی سەرسام بوون بە خۆرئاواو شارستانیەتەکەی لە یاباندا زۆر زیادی کرد و ئەمەش بە ڕادەیەك بوە مایەی نیگەرانکردنی تەقلیدیەکانی یابان و ترسی خۆیان نەشاردەوە لەوەی کە ئەمە ببێتە مایەی ئەوەی یابان ڕۆح و کارەکتەری خۆی لە دەست بدات و لە کارەکتەری خۆرئاوایدا بتوێتەوە. لەم سەروبەندەدا هاوڵاتیانی یابان بوون بە دوو بەشەوە: بەشێکیان داوای کرانەوەی بێ قەید و مەرجیان دەکرد و بەشێکی دیکەیان داوایان دەکرد بەربەریەکان لە وڵات دەربکرێن! مەبەستیش لە بەربەریەکان بیانی و ئەوروپیەکان بوون، بەڵام لە نێوان ئەم دوو ئاقارەدا لایەنی

سـێهەم هـەبوو کـە داوای نوێکردنەوەیـەکی گونجـاو و میانڕەوانـەیان دەکرد.

بێگومـان ڕێنومایییـەکانی ئیمپراتۆرەکـانی (میچـی) سـەبارەت بـە مۆدێرنەکردنی یابان ڕون و ئاشکرا بوو، ئەوان لەگەڵ گۆڕینی بارودۆخ و نوێکردنـەوەی وڵاتـدا بـوون، بەڵام بە مەرجی پاراسـتنی کەلـەپوور و ترادسـیۆنی یابـانی. چونکـە لای ئـەوان نـاوەڕۆکی نەتـەوەیی یـاخود کلتوری یابانی شتێکی پیرۆز بوو کە قابیلی دەسکاریکردن نەبوو.

لەبەرئەوە هەندێك ڕۆشنبیر لەو سەرسامبوونە زۆرەیان بە خۆرئاوا کشانەوەو بوونە کەسانێکی تـەقلیدی و کەلـەپوورخواز، نمونـەکانیان وەکی "سۆزێکی" کە یەکەمین کەسێك بوو زمانی ئینگلیزی لە یاباندا وتـەوە، بـەڵام لـە بەرامبەریشـدا ڕۆشـنبیرانی دیکـەش هـەبوون هەڵوێستیان پێچەوانە بوو، لەوانە "مۆری ئۆگای" (1862–1922) کە لە ئەڵـەمانیا خوێندبـووی، لەگـەڵ "ناتسـۆم سـوزیکی" (1867–1916) لـە ئنگلسـتان خوێندبـووی، هـەروەها "ناگمـای کـافو" لـە فەرەنسـا خوێندبـووی، لەگـەڵ "ئۆشـیمۆرا کـانزۆ" (1861–1930) کـە لـە وڵاتـە یـەکگرتوەکانی ئـەمریکا خوێندبـووی. هـەموو ئەمانـە پێیـان وابـوو ناکرێت کلتوری خۆرئاوا لە مێژووی خۆرئاوا جیابکرێتـەوەو وەهـایش لـە پرۆسـەی مۆدێرنـە تێگەیشتبوون کە نابێت لـە بـواری تـەکنۆلۆژیادا قەتیس بدرێت، بەڵکو دەبێت تەواوی بوارەکانی ژیان بگرێتەوە.

هەریەك لەم ڕۆشنبیرانەی یابان لە خاڵێكی دیاریكراوەوە سەیری خۆرئاوایان دەكرد، یەكەمیان لە ڕێگای زانست و تەكنۆلۆژیاوە و دوەمیان لە میانەی ئازادی و فەردگەراییەوە، سێهەم لە ڕێگای كلتوری مێژوویی و چوارەمیشیان لە ڕێگای ئاینی مەسیحیەوە.

دەكرێت بڵێین زۆربەی زۆری ڕۆشنبیرانی یابان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بووبوونە كەسانی خۆرئاواخواز، بەڵام پەرچەكردار لە بەرامبەر خۆرئاواخوازیدا دواتر و لەسەر دەستی "تاشیبانا كۆسابۆرۆ" دەستی پێكرد. "كۆسابۆرۆ" ڕایگەیاند كە ئاینە گەورەكان هەر هەموویان لە ئاسیاوە سەریانهەڵداوە نەك لە ئەوروپاو خۆرئاواوە، نمونەشی بە ئیسلام و مەسیحیەت و بودیەت و كۆنفۆشیەت و هندۆسی و.. هتد، هێنایەوە. ئەمەش بۆ خۆی تێپەڕاندنێكی دیالەكتیكی پرۆژەی خۆرئاوایە كە لە سەردەمی یۆنانی كۆنەوە بەردەوامەو تا سەردەمی نوێی ئەوروپا دەخایەنێت. پرۆژەی خۆرئاواش بریتیە لە كۆنترۆڵكردنی سروشت لە ڕێگای زانست و تەكنەلۆژیاوە، ئەمەش پرۆژەیەكە لە ئەوروپای خۆرئاواوە دەستی پێكرد (سەرەتاكەشی لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە بوو)، ئەوروپاش بە هۆیەوە توانی دەست بەسەر تەواوی جیهاندا بگرێت. "ئۆكاوا شۆمی" یەكێك لە پسپۆڕە مەزنەكانی بواری لێكۆڵینەوەی ئیسلامی و خاوەنی پرۆژەی وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز بۆ سەر زمانی یابانی، پێی وایە

ئاسیا سەرچاوەی بەشداریکردنە مەزنەکانە لە شارستانیەتی مرۆڤایەتیداو بەم پێیەش نابێت هەست بە هیچ دۆنیەتێك و گرێیەکی خۆ بە کەم زانین بکەین لە بەردەم خۆرئاوادا.

گەر بێتو خۆرئاوا لە لایەنی زانست و تەکنەلۆژییەوە سەرکەوتوو بێت، ئەوا ئێمە لە ڕووی ئاکارو ڕۆحانیەت و ئاینەوە بالادەست بووین.. هەرچی بیریارێکی وەکو "نیشیدا کتیارۆ"شە (1860–1945)، ئەوا هەندێك بە گرنگترین فەیلەسوفی یابانی دەزانن لە سەدەی بیستەمدا. "کیتارۆ" سەرەتا یەکێك بوو لەوانەی بە گەرمی داکۆکی لە ئاقاری خۆرئاواخوازەکان دەکرد و یەکێك بوو لەوانەی ئاگاییەکی زۆری لە فەلسەفەی خۆرئاواو بە تایبەتیش لە فەلسەفەی ئەڵمانی هەبوو، بەڵام هیچ یەك لەمانە تینوێتی تەواوی ئەویان نەشکاند. لەبەرئەوەی بڕوای وابوو فەلسەفەی خۆرئاوا لە شتێکی کەمە، شتێکی ڕوحانی ترسنسندنتالیە کە لە خۆرهەڵاتدا نەبێت لە جێگەیەکی تردا نیە. لە پای ئەمەدا "کیتارۆ" هەوڵیدا خۆرئاواییەکان بە بیروباوەڕی بودیەت ئاشنا بکات. ئەو پێی وابوو مەسەلەی سەرەکی لەوەدایە هاوسەنگیەك لە نێوان ئاین و زانست و فەلسەفەدا دروست بکرێت. لەبەر ئەم هۆیە "کیتارۆ" دەستی بە خوێندنەوەی "هیگڵ و لایبنتز و هۆسێرل و بیرکسۆن و کارل بارت و هەروەها ئەفلاتۆن و ئەرستۆ" کرد. لەم هەوڵەیدا "کیتارۆ" دەیویست بگاتە ئەوەی فۆرمێکی گونجاوی

وەها بدۆزێتەوە کە هەریەك لە زانست و ئیمان، دنیاو قیامەت، مادیەت و ڕوحانیەت، پێکەوە کۆبکاتەوە. "نیشیدا کیتارۆ" پرسیارگەلێکی لەم جۆرەی دەکرد: بۆچی خۆرهەلات تەنها بە ڕوحانی و خۆرئاواش بە مادی دەمێننەوە؟ دەکرێت بە چ شێوەیەك لەم بارودۆخە ناتەواوە دەرچین؟ بۆچی مرۆڤایەتی ناتوانێت بگاتە شارستانیەتێکی پڕاوپڕو بێ کەموکوڕی کە لە یەك کاتدا هەم مادی و هەم ڕوحانیش بێت؟ ئەو پێی وابوو یابان دەتوانێت ئەرکێکی وا لە ئەستۆ بگرێت و خۆرئاواو خۆرهەلات یەك بخات، ئەویش لە ڕێی ئاوێتەکردنی عەقیدەی ڕوحانی و مەنهەجیەتی زانستی کە لە خۆرئاوادا گەیشتە دوا ترۆپکی خۆی..
من بۆ خۆم لەو باوەڕەدام کە ئەم قسانەی "نیشیدا کیتارۆ" جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ بیروبۆچونی نوسەرە گەورەکانی عەرەبی وەك "تۆفیق حەکیم، عەباس مەحمود عەقاد، میکائیل نەعیمە، تەها حسێن".

**سەرچاوە**: الشرق الاوسط – 2002/5/10

# بەشی دووەم

## مـۆدێـرنــە و ڕۆشــنگـەری

# چەند سەرنجێك دەربارەی (مۆدێرنە)

هیـــچ زاراوەیـــەك لەجیـــهاندا هێنـــدەی (مۆدێرنـــە) نێوبـــانگی پەیدانـــەکردووەو بڵاونەبۆتـــەوە، راســـتە لەئێســـتادا زاراوەی (بەجیهانیبوون) ناوبانگێکی زۆری پەیداکردووە، بەڵام زاراوەیەکی زۆر تازەیـەو تەمـەنی لەچـەند سـاڵێك زیـاتر نییـە. سـەرەڕای ئـەوەی (بەجیهانیبوون) بۆ خۆی هاوواتای (مۆدێرنە)یـە یـان دەکرێـت بڵێـین درێژەپێدەری ئەوە. چەمکی (مۆدێرنە) بەهۆی زۆربەکارهێنانیەوە کۆن بووەو لەهەمانکاتدا چەمکێکی دێرینیشە. دەتوانین بڵێین (Modernite) دەگەڕێتـەوە بـۆ ((بۆدلـێر)) و ناوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدە (1849). رەنگـە ئـەم چەمکـە بـەر لەوکاتـە لـەزمانی ئینگلـیزیدا لـەژێر نـاوی (Modernity)دا هـەبووبێت، بـەڵام بـەفیعلی تەنـها لەسـەر دەسـتی ((بۆدلـێر)) و گروپەکـەی بڵاوبـووەو رەواجـی پـەیداکرد. (مۆدێرنـە) بەرلـەوەی بگاتـە بـواری فەلسـەفەو فیکـر، لەکایـەی شـیعرو هونـەردا بڵاوبووەوە.

هەرچۆنێك بێت لەدواییدا ئەم چەمكە بووە بەناوبانگترین چەمك لەجیهاندا، ئەگەرچی لەسەرەتادا (بۆدلێر) ترسی ئەوەی هەبوو هەستی خەڵك بریندارکات و هێندەشی نەمابوو دەست لەهێنانە ئارای هەڵگرێت. فەیلەسوفەکان (مێژووی فیکر) بەسەر سێ قۆناغی گەورەدا دابەش دەکەن:

-سەردەمی یۆنانی – رۆمانی.

-سەدەکانی ناوەڕاست.

-سەردەمی مۆدێرنە.

بێگومان ئەم دابەشکردنە تەنها فیکری ئەوروپی دەگرێتەوە، هەرچی فیکری عەرەبی- ئیسلامی و فیکری هیندی یاخود چینیو.. هتد، ئەوا دابەشکردنی تایبەتی خۆیانیان هەیە. چەمکی (مۆدێرنە) تەنها ئەو حەوت دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەیە دەگرێتەوە کەحوکمی جیهان دەکەن، ئەوانیش بریتین لە: ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئینگلاند، فەرەنسا، کەنەدا، ئیتاڵیا، ئەڵەمانیا، یابان. هەرچی ولاتانی دیکەی دنیایە هەوڵی زۆردەدەن بەرەو (مۆدێرنە)، واتە بۆ چوونە ناو بەهەشتی (مۆدێرنە). گرنگترین ئەو ولاتانەشی لەئێستادا هەوڵی ئەوە دەدەن بریتین لە: چین و هندستان و روسیا و جیهانی عەرەبی و ئەفریقی و ئەمریکای لاتین و تەواوی ولاتانی سەرگۆی زەوی. هەمووان دەیانەوێت لەبەرهەم و بەروبوومی (مۆدێرنە) بەهرەمەندبن، بەلام

(مۆدێرنە) هەروا بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات.. ڕەنگە وڵاتێك هەموو ئامێرو ئامرازەکانی (مۆدێرنە)ی هەبێت لە ئامێرە تەکنەلۆژییەکان‌و ئەقڵە ئەلکترۆنییەکان‌و ئۆتۆمۆبێل، بەڵام بێ ئەوەی مۆدێرن بێت، چونکە (مۆدێرنە) دەبێت بەدوو بەشەوە:

-مۆدێرنەی ماددی.

-مۆدێرنەی ئەقڵی یان فیکری.

گەر دەوڵەمەند بێت دەتوانێت یەکەمیان وەکی خۆی‌و بەئامادەکراوی وەرگرێت، بەڵام دووەمیان ناکڕدرێت تەنانەت گەر بەزێڕیش بێت. هاوکات (مۆدێرنە)ی فیکری یان هونەری یاخود فەلسەفی لەدەستی هیچ کەس‌و وڵاتێکدا نییەو دروستبوونی ماوەیەکی زۆری دەوێت، وەك چۆن پێویستی بەشەڕێکی ڕاستەقینە هەیە لەگەڵ ترادسیۆندا. ئەڵبەتە هەموو کەسێکیش ئەوەی لەدەست نایەت، بەڵگەش بۆ ئەم قسانەمان ئەوەیە کەئێستا لەجیهانی عەرەبی‌و ئیسلامیدا ڕوودەدات. ((جان بۆدریار))ی فەیلەسوفی فەرەنسی پێی وایە (مۆدێرنە) تەرزێکی شارستانیەو دژ بەو تەرزە تەقلیدییە کەبەدرێژایی چەندین سەدە باربوو بەسەر مرۆڤایەتیەوە و تەنانەت تائێستاش دەسەڵاتی بەسەر زۆر لەوڵاتاندا هەیە.

سەرەتا (مۆدێرنە) لە ئەوروپاوە سەریهەڵداو دوای ئەوە بەجیهان گەیشت. (مۆدێرنە) لەیەك کاتدا ئەفسانەیەو حەقیقەتێکی بەرچاویشە.

ئەم دیاردەیە سیحرێکی گەورەی هەیەو کەم کەس دەتوانێت خۆی لەبەرامبەر ئەفسونەکانیدا رابگرێت. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کەڕەنگە هەموو گەنجانی دنیا رووبکەنە ئەوروپاو خۆرئاوا، گەربتوانن و هەلی ئەوەیان بۆ بڕەخسێ. ئەو گەنجانە لەڕێی شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە شێوە ژیانی بەرخۆی ئەوروپییەکان و فیلمە سینەماییەکان و ئازادی سێکسی و ئازادیەکانی دیکە دەبینن و خەون بەوەوە دەبینن، ئەوانیش رۆژێک بێت وەکی گەنجانی ئەوروپی و ئەمریکی ژیان بگوزەرێنن.

بەمجۆرە (مۆدێرنە) بۆتە ئەفسانەیەك و ملیۆنەها خەڵکی برسی و سەرکوتکراو، لەئاسیاو ئەفریقیاو روسیاو تەواوی جیهاندا خەونی پێوە دەبینن و ئاواتی پێ دەخوازن، بەلأم لەپشت ئەم ئەفسانەیەوە حەقیقەتێکیش هەیە: واتە حەقیقەتی (مۆدێرنە) و واقیعی رۆژانەی. (مۆدێرنە) وەك ئەوەی خەڵکی جیهانی سێیەم پێیان وایەو دووربەدوور لەڕێی شاشەی تەلەفزیۆن و فیلمە سینەماییەکانەوە دەیبینن، هەمووی شیرینی ئاسودەیی نییە، بەڵکو هاوکات کێشەو گرفت و دەرچوون و لەڕێ لادانی خۆی هەیە، بەلأم هەر ئیجابیاتی لەسلبیاتی زیاترە. گەر وانەبوایە جیهانی کۆمۆنستی هەرەسی نەدەهێنا و کارنەدەگەیشتە ئەوەی تەنانەت روسیا یان چین لەهەوڵی ئەوەدابن لاسایی بکەنەوە یاخود پێی رابگەن.

(مۆدێرنە) لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییە قوڵانەدا هاتە ئارا کەبەسەر پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتانی ئەورووپیدا هات. ئەم وڵاتانە وەکی ئێمەو بگرە زیاتریش کشتوکاڵی و هەژارو ئسوڵی و دواکەوتووبوون، بەڵام هەر لەسەدەی شانزەهەمەوە هەندێک گۆڕانکاری مەزنیان بەسەرداهات و ئەم گۆڕانکاریانەش لەسەدەی حەڤدەو هەژدەو نۆزدەو بیستدا بەردەوام بوو، تا ئەورووپا گەیشتە ئەو ئاستی گەشەو پێشکەوتنەی ئەمڕۆ تێیدایە.

پرۆژەی (مۆدێرنە) بەیەک ئاست و لەچەند بوارێکدا بەڕێوەچوو:

-بواری زانستی- تەکنۆلۆژی.

-بواری ئایینی- تیۆلۆژی.

-بواری فەلسەفی.

-بواری پیشەسازی- ئابووری.

-بواری سیاسی- یاسایی و.. هتد.

کەواتە (مۆدێرنە) بریتییە لەحەقیقەتێکی هەمەلایەنەی تەواو: یان ئەوەیە مۆدێرن بیت یان نەبیت. وەکی باسمانکرد ئەوەندە بەس نییە خاوەنی هەندێک دیاردەی (مۆدێرن) بین یاخود چەند ئامرازێکی بگوازینەوە، بۆ ئەوەی ببینە (مۆدێرن). جێی باسە (مۆدێرنە) وەک دیاردەیەکی یۆنیڤێرساڵی تەنها لەسەدەی شانزەدا لەئەورووپا بەدەرکەوت و لەسەدەی نۆزەشدا گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی. چەند

ڕووداوێــــك هـــــەن مێژوونوســــان وەك بەڵگەیـــەك دەیهێننـــــەوە بـــۆ دەستپێكردنی سەردەمی (مۆدێرن)، لەوانە:

-دۆزینەوەی ئەمریكا لەلایەن ((كریستۆف كۆلۆمبۆس)) وەلەساڵی *1492*.

-دۆزینەوەی ئامێری چاپ لەلایەن ((گۆتنبرگ))ەوە *1934*.

-دۆزینەوەكانی ((كۆپەرنیكۆس)) لەبواری گەردوونناسیدا، ساڵی *1543* (سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا، نەك بەپێچەوانەوە).

لەو رووداوە سەرەكیانەی دەكرێتە خاڵی دەستپێكی سەدە نوێكان، سەرهەڵدانی ئەو بزاوتە ریفۆرمە ئایینیە بەناوبانگەیە كەساڵی *1517*لەسەردەستی ((مارتن لۆثەر)) لەئەڵمانیا دەستیپێكرد. ئەم ڕووداوە ئەوروپای هەژاندو دۆگماتیستی تیۆلۆژیو بەستەڵەكی مەسیحیو كڵێسای تێكشكاندو داوای ئەوەی كرد پشت بەئەقڵ ببەسترێتو مەسیحییەكانیش بەوردی بكەونە پشكنینی ئەوشتانەی پەیوەندیان بەمەسەلەی ئایینو كاروباری عەقیدەوە هەیە. دواتر نابێت ئەو ڕووداوە مەزنەشمان لەبیر بچێت كەبریتییە لە سەردەمی ڕێنیسانسو برەوسەندنی هیومانیزم، ئەم بزاوتە سەرەتا لەئیتاڵیا دەستیپێكردو پاشان وڵاتانی دیكەی ئەوروپاشی گرتەوە و لەسەدەكانی دوایدا بزواتی (مۆدێرنە) بەردەوام بوو، دواتر بەدوورو درێژی دێینە سەر باسكردنی ئەم مەسەلەیە. بەڵام بائێستا بزانین

پێناسەی (مۆدێرنە) چییە؟ ئایا زانایان لەسەر پێناسەکردنی هاوڕاو تەبان؟

سۆسیۆلۆژستی فەرەنسی ((ئالان تۆرین)) پێی وایە (مۆدێرنە) تەنها بریتیی نییە لەبەدوایەکداهاتنی چرکەساتەکانی زەمەن یاخود گۆڕانێکی روتی پەتی بێت، بەڵکو لەجەوهەردا بریتییە لەبڵاوکردنەوەی بەرهەمی چالاکی ئەقڵانیەتی مرۆڤ و بەرهەمی چالاکییەکانی دیکەی کایەی زانستیو تەکنۆلۆژی و بەڕێوەبردن. (مۆدێرنە) زانست دەکاتە سەنتەری ژیانی کۆمەڵایەتی، لەجێگەی ئەقڵیەتی غەیبانی یاخود میتافیزیکی. هەرچی عەقیدەی ئاینیشە ئەوا لەچوارچێوەی ژیانی تایبەتی تاکەکەسدا سنورداری دەکات.

ئەوەندە بەس نییە بەرهەمە تەکنۆلۆژیەکانی زانست لەکۆمەڵگەیەك لەکۆمەڵگەکاندا ببینین بۆ ئەوەی بە (مۆدێرنە) لەقەڵەمیان بدەین، بەڵکو دەبێت چالاکی (فیکری ئازادی) تێدا بێت کە بەدووربێت لە پڕوپاگەندەی سیاسیو ئەو ئایدیۆلۆژیا تەقلیدیانەی بێ هیچ پرسو رایەك خۆیان بەسەر خەڵکدا فەرزدەکەن.. هەروەها کۆمەڵگەی (مۆدێرن) خاوەنی یاسا گەلێکی گشتییە کەبەبێ جیاوازی بەسەر تەواوی هاوڵاتیاندا جێبەجێ دەکرێت. لەو کۆمەڵگەیانەدا دامەزراندنی خزم و کەسوکار لەپۆستە ئیدارییەکانو فەزڵدانیان بەسەر خەڵکانی

تردا قەدەغەیە، بەپێچەوانەی ئەوەی لەکۆمەڵگەی بەر لە (مۆدێرنە)کاندا لەئارادایەو خزم خواهی و بەرتیل و گەندەڵی لەو پەڕیدایە.

لەکۆمەڵگــە (مۆدێــرن)ەکــاندا یاســا بەســــەر تـــەواوی خـــەڵکدا دەچەسـپێت، لـەکوڕی سـەرۆك كۆمـارەوە تـا بچوكـترین هـاوڵاتی ئـەو وڵاتەو هیچ کەس لەسەرو یاساوە نییە. هەر بۆیە زۆرجار لەکۆمەڵگە ئەوروپیە پێشکەوتووەکاندا گوێبیستی هەواڵی دادگایکردنی وەزیـرو کــوڕی ســەرۆك و بنەماڵــە گــەورەکان دەبــین و کــارێکی لــەمجۆرەش لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا مەحاڵە.

بێگومــان ئایدیــای (مۆدێرنــە) بــەتوندی پەیوەســتە بــەئایدیای ئەقڵانیەتـەوە، (مۆدێرنـە) بـەبێ دیسـپلینێکی ئەقڵانیانـەی کۆمەڵگـە لەسەر هەموو ئاستەکان بە (مۆدێرنە) حساب ناکرێت. ئەم پرۆسـەیە لەکورترین پێناسـەیدا بریتییە لـەو سـەر کێشـیە قەشـەنگەی ئـەوروپا لەسـەرەتای سـەدەی شـانزەوە دەسـتیپێکرد و بووەمایـەی هاتنـە ئـارای ئەقڵانییـەت و کامـەرانی و ئازادی لەکۆمەڵگـەکانی خۆرئـاوادا، هـەروەها بووە مایــەی تێکوپێکدانــی ئـەو بیروبـاوەڕە تەقلیدیانـەی لـەڕابردوودا باڵادەست بوون.

ئـەقڵ لەکۆمەڵگەی (مۆدێرنــە)کـاندا هــەر بەتەنـها جڵـەوی چالاکیـە زانســـتی و تەکنۆلۆژییـــەکان ناکـــات، بـــەڵکو هاوکـــات ئاراســـتەی چارەنووســـی مـــرۆڤ و چۆنیـــەتی بـــەڕێوەچونی کاروبارەکانیـــان و

بەڕێوەبردنی هەمووشتەکان لەکۆمەڵگەدا دیاری دەکات. ئەمەش مانای وایە (مۆدێرنە) حوکمی ئەقڵە نەوەك گواستنەوەو کۆپیکردن بێت. هەندێکجار (مۆدێرنە) ئەقڵ دەکاتە ئامرازێك لەپێناو خۆشخوانیو خزمەتگەیاندن بەمرۆڤ، هەندێ جاریش ئەقڵ وەك چەکێکی ڕەخنەیی دەخاتە گەڕ دژ بەهەموو دەسەڵاتە ترسندنتالییەکان، ئەویش لەپێناو ئازادکردنی مرۆڤ لەچنگی دەسەڵاتی تیۆلۆژی. بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا ئەقڵانیەت دەکاتە تاکە پرانسیپێك بۆ ڕێکخستنی ژیانی فەردیو کۆمەڵایەتی، ئەویش لەڕێگەی بەستنەوەی بەپرانسیپێکی دییەوە کەپرانسیپی عەلمانییەتە.

(مۆدێرنە) بەبێ عەلمانیەت (مۆدێرنە) نییە، بەڵام بەو مەرجەی وا لەعەلمانییەت تێنەگەین کە کفربێت، وەك زۆر کەس لەجیهانی ئیسلامی یان عەرەبیدا پێیان وایە. عەلمانییەت مانای کفر ناگەیەنێت یاخود سەپاندنی (ئیلحاد) بێت بەزەبری هێز بەسەر خەڵکدا وەکو ئەوەی شیوعیەت کردی، بەڵکو مەبەست لێی ڕێزگرتنی ئازادی ئایینیو پلورالیزمی بیروباوەڕە لەکۆمەڵگەدا، پاشان جیاوازیکردنە لەنێوان هاوڵاتیو ئینتیمای مەزهەبیو تایفیدا، هەروەها مامەڵەکردنە لەگەڵ سەرجەم هاوڵاتیاندا بەبێ جیاوازی لەبەرامبەر دامەزراوەکانی دەوڵەتو یاساو ئیدارەی گشتیو.. هتد. دەوڵەتی عەلمانی ئازادی بۆ تەواوی ئایینەکانو جێبەجێکردنی سروت و ڕێوڕەسمەکانیان

دەستەبەردەکات، بێ ئەوەی جیاوازی لەنێوان هیچ ئایین و مەزهەبێکدا بکات.

لەدەوڵەتی عەلمانیدا هەموو بیرو باوەڕە ئایینیەکان بەڕێزن و دەبێت ڕێزیان لێبگیرێت.

فەیلەسوفی ئەڵەمانی ((یۆرگن هابرماس)) پێی وایە (مۆدێرنە) بەمانای حوکمی ئەقڵ یاخود باڵادەستی ئەقڵ دێت لەسەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگەدا. ئەو کۆمەڵگەیەی بەشێوەیەکی ئەقڵانی ڕێکنەخراوە کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن نییە، بەڵکو کۆمەڵگەیەکی تەقلیدیە. لەپێشەکی کتێبە بەناوبانگەکەیدا (گوتاری فەلسەفی مۆدێرنە)، ((هابرماس)) ئاوەها دەڵێت: (بۆچی پەرەسەندنی زانستی و هونەری و سیاسی و ئابووری لەئەوروپا بەئاراستەی ئەقڵانیەت ڕێگەی گرت و ئەم حاڵەتە لەجێگەیەکی دیکەی دنیادا ڕووی نەدا؟ بەواتایەکی دی: بۆچی مۆدێرنە تەنها ئەوروپای گرتەوەو ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی کەم وێنە لەم هەرێمەدا گەشەی کردو بەرەوپێش چوو؟).

راستە شارستانیەتەکانی دیکەی وەك شارستانیەتی عەرەبی و چینی و هندی.. هتد، بێ بەش نەبوون لەئەقڵانیەت، بەڵام بەتەنها ئەوروپا سەرکەوتنی ئەقڵ و ئەقڵانیەتی بەشێوەیەکی پڕاوپڕ بەخۆیەوە بینی. ئایا دەبێت نهێنی ئەمە لەچیدابێت؟ راستیەکەی هێندە بەسە لەهەر کۆمەڵگەیەکی ئەوروپییەوە کە بەشێوەیەکی ئەقڵانی ڕێکخرابێت

(بۆ نمونە وەك كۆمەڵگەی ئینگلیزی یان ئەڵمانی)، بچینە ناو هەر كۆمەڵگەیەكی عەرەبی تەقلیدیو بێ سەروبەرەوە، تا بەڕوونی ئەو جیاوازییە زۆرە ببینینو لەماناو ناوەڕۆكی (مۆدێرنە) تێبگەین. ئەڵبەتە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كەمرۆڤی ئەوروپی رەگەزێكە بەشێوەیەكی ئەزەلی لەسەرو مرۆڤی عەرەبی یان هندی یاخود ئەفریقییەوەیە، بەڵكو هەلومەرجێكی مێژوویی تایبەت وایكردووە (مۆدێرنە) لەئەوروپادا سەردەربێنێت. رەنگە ولاتانی ئێمەش رۆژێك بێت بگەنە (مۆدێرنە) و ئەقلانیەت، بەحەتمیش ئەم ولاتانەی ئێمە بەرەو ئەوە دەچن، سەرەڕای هەموو ئەو كارەساتو نەهامەتیانەی هەنووكە دێتە رێیان.

**سەرچاوە**: تۆڕی (ئیلاف).

# ئارکیۆلۆژیای مۆدێرنە

پێویستە ئەوە بزانین کە ئێمە و خۆرئاوا تا کۆتاییەکانی سەدەی شانزە و سەرەتاکانی سەدەی حەڤدە (واتە تا ساتەوەختی دیکارت)، دەچوینەوە سەر هەمان چوارچێوەی عەقڵی، هەردوك لە هەمان کەش و هەوای فیکریدا دەخولاینەوە و هەمان ئاسمانی سیمۆلۆژی (یاخود ڕەمزی) تەفرەی دەداین و چەواشەی دەکردین. پاش ئەوە خۆرئاوا گاف گاف لەو سستەمە فکریەی پێشوو دوورکەوتەوە و هەنگاوە ژیاریەکانیشی بە گوڕتر بوون، تاوای لێهات دووریی نێوانمان گەورەتر بوو. بەمجۆرە خۆرئاوا چووە نێو پانتاییەکی عەقڵی دیکەوە، پانتاییەك کە لە دووری دوورەوە نەبێت هیچ چەشنە پەیوەنیەکی بە فەزایی عەقڵی پێشووترەوە نەما، ئێمەشی لە چوارچێوەی ئەو سستەمە فکرییە کۆنەدا لە دوای خۆیەوە بەجێهێشت، تا وای لێهات هەر پێگەیشتنەوەیەکی جدیانە لە گەڵیدا بووە کارێکی ئەستەم. تا پێکدادان و پشت لەیەك کردن یان پێکەوە نەگونجان و ڕك و کین بوون

نە تاکە زمانێکی گونجاو لە پەیوەندی نێوان ئەم دوو کلتورەدا. بوونی جیاوازی زۆر ڕقی زۆر دروست دەکات، ئەمەش بە تەنها وەك هەندێك مەزەندەی دەکەن دەرەنجامی پێکدادانە سیاسیەکان نییە، بەڵکو بۆ شتێکی بنەڕەتی تر دەگەڕێتەوە کە پەیوەندی بە فیکرەوە هەیە. هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەریەك لە ئێمە سەر بە دوو پانتایی عەقڵی تەواو لێکتر جاوازین، دوو پانتایی کە ناشێت بە یەکتری بگەن، لەبەرئەوەی لە دوو خولگەی تەریب بەیەکدا دێن و دەچن. بگرە پانتایی دووەم لەسەر دار و پەردوی یەکەم دروست بووە، دوای ئەوەی جەنگێکی بێ پەروای لە دژی بەرپاکرد تا لێی جیابێتەوە.

بەو پێیەی ئامانجی ئێمە لەم باسە دەست نیشانکردنی ڕەگ و ریشە سەرەتاییەکانی گورانی زانستە مرۆڤایەتیەکانە یان دروستبونی مۆدێرنەیە، ئەوا بە باشی دەزانین ماوەیەك ئێستێکی بچووك لەبەردەم قۆناغی بەر لە عەقلانیەتی خۆرئاودا بکەین، واتە لەو قۆناغەدا بووەستن کە بە فەزای عەقڵی سەدەکانی ناوەڕاست ناونوس دەکرێت. لێرەدا دەمەوێت کەمێك لای ئەو پرۆسە دژوارو ترسناکە بووەستم کە خۆرئاوا تونی بە هۆیەوە لە خودی خۆی جیا بێتەوە و لە خودە تەقلیدی و قەیمیەکەی دا ببڕێ...

خەسڵەتە سەرەکیەکانی کایەی عەقڵیەتی سەدەکانی ناوەڕاست کامەیە؟ ئەو تایبەتمەندییە مەزنانە کامانەن کە خەڵکانی ئەورووپا بەر لە

پێخستنە ناو قۆناغی نوێگەری و عەقڵانیەتەوە هەڵگری بوون؟ چۆن و کەی ئەم دابڕانە روویدا؟ ئەمە هەندێکن لەو پرسیارانەی لێرەدا دەمانەوێت بیانکەین؟ بۆ ئەوەی بڕێك لەو بەدحاڵی بوونەی کە هەیە بڕەوێتەوە.

خۆرئاوا هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەر هەمووی عەقڵانی نەبووە. بۆیە پێویستە ئەو هێزەی ئێستاکێ یان ئەو مۆدێرنە زەقەی کە هەیە بەهەڵماندا نەبات و چەواشەمان نەکات، گوایە خۆرئاوا لە نەژادێکەو گەلانی تری سەر زەمین لە نەژادێکی ترن. خۆرئاوا لەبەرئەوە باڵا دەست و سەرکەوتوو نییە، چونکە خۆرئاوایە یان لەبەرئەوەی سپی پێستە وەك هەندێك لەباڵی ڕەگەز پەرستی لە خۆبایی دەیانویست بەوانە تەفرەمان بدەن. بەڵکو هەموو ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ چەند هۆکارێکی مێژوویی و دەکرێت لە ڕێی پەیڕەوکردنی میتۆدێکی مێژووییەوە دەسبخەینە سەر هۆکارەکانی و ئاشکرای بکەین. وتم میتۆدێکی مێژوویی و دەشم توانی زاراوەگەلێکی دیکە بەکاربهێنم، بەتایبەتی ئەو زاراوانەی زۆر تازەن، وەك زاراوەی ئارکیۆلۆژیا یان میتۆدی ژینالۆژیا لەسەر ڕێبازی "نیچە" یاخود میتۆدی شیکردنەوەی دەروونی، چونکە سەرەڕای جیاوازیی بەرۆکەشی نێوان سەرجەم ئەو ئاقارو زاراونە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان لە سیفەتێکی سەرەکیدا تەبان، ئەویش ئەوەیە کە: گەیشتن

بە حەقیقەت ئەوەمان لێدەخوازێت تا بە قولاَیی زەمەن یا خوددا (تاك یان كۆمەڵ) شۆڕبینەوە.

ئەم ڕۆچونە بە ناخی زەمەندا و ئەم هەڵكۆڵینە دەربارەی چینەكانی ژێرەوی هوشیاری (تاكە كەس یاخود كۆمەڵ)، ئەم كەلێنكردنە ناو ئەو چینە جیۆلۆجیانەی بە درێژایی ڕۆژگار لەسەریەك كەڵەكە بوون، تەنها ڕێگە چارەیەكە-تەنها ئاقار و میتۆدێكە- ڕێگای ئەوەمان پێ بدات تا كەشفی شتەكان لە تەڕو بڕی سەرەتاییاندا یا لە ڕووە بێ گەردو ئەسڵیەكەیان دا بكەین. ئەمەش ئەو كارە بوو "میشێل فۆكۆ" پێی هەستا كاتێك ویستی ئاركۆلۆژیانە بە ڕەگ و ڕیشەی ژیواری خۆرئاوادا بچێتە خوار، بۆ ئەوەی سەرەڕای شكۆداریو جەبەرووتی زۆری ڕێژەیی ئەو ژیوارە بسەلمێنێ. ئەم ئاكارەشی لە كتێبە بەناوبانگەكەیدا (وشەكان و شتەكان) و لە ڕێی خەملاندنی تێرمێكی سەرەكیەوە كە (ئەبستمی)یە- دواتر دێینە سەر پێناسە كردن و ناساندنی ئەم زاراوەیە-بە ئەنجام گەیاند.

كارێكی وا بەر لە "فۆكۆ" سۆسیۆلۆژستی مەزنی ئەڵمانیا "ماكس ڤیبەر" هەولی بۆ دا، كاتێك ویستی هۆكاری سەركەوتنی عەقلانیەت لە خۆرئاوا تەفسیر بكات، ئەو پرسیارە سێنتراڵەشی "ڤیبەر" وروژاندنی بەمجۆرە بوو: بۆچی تەنها لە ئەورووپادا نەبێت، گەشەی زانستی و هونەری و سیاسی و ئابوری بە شێوەیەكی عەقلانیانە بەڕێوە نەچوو؟

ئاوا "ماکس ڤیبەر" ڕاشکاونە و بێ هیچ چاوو ڕاوێک مۆدێرنەو عەقڵانیەتی خۆرئاوا پێکەوە گرێ دەدات، ئەمەش وایکرد هەندێک لە بیریارانی جیهانی سێیەم تۆمەتی نەژاد پەرستی و لایەنگیری ناوەند چێتی خۆرئاوا بدەنە پاڵ "ڤیبەر". هەمان تۆمەت کە درابووە پاڵ "مارکس"ی نەیارە گەورەی "ماکس ڤیبەر". پاشان "ڤیبەر" عەقڵانیەتی جیهانی بە چەمکێکی بەناوبانگی ترەوە بەستەوە کە لە "شیللەر"ی شاعیری ئەڵمانی خواست بوو، ئەو چەمکەش بریتی بوو لە: (نائومێدی جیهان)... "ڤیبەر" پێی وابوو چەندە پرۆسەی عەقڵانیەت لە جیهان دا بەرەو پێش بچێت، هێندە شالاو دەکاتە سەر بوارەکانی تری ژیان و کۆنترۆڵیان دەکات. لە بەرامبەر پرۆسەیەکی واشدا چەمکی ئەفسوناوی-یان شیعری لەسەر ڕووی جیهان دا دەست بە پاشەکشێ کردن دەکات، چونکە عەقڵانیەت یان مۆدێرنە یاخود تەکنەلۆژیا جیهانی لە جەوهەر و ئەفسون بەتاڵکردۆتەوەو تەڕو پاراوی شیعرو بۆن و بەرامەی وەهم و باڵە فڕەی خەون و خەیاڵی لەناو بردووە و وایکردووە دنیا پەست و ساردوسڕ و زبر بێت. بەمجۆرە دەکرێت لە دوو گۆشە نیگاوە سەیری هەمان دیاردە بکەین، دیدگای مێژوناسی فیکر یاخود ئارکۆلۆژستی مەعریفە بە شێوەی "فۆکۆ"، یان لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیەوە کە بایەخ بە سەیرورە بەر چاوو هەست پێکراوەکان دەدات بە وێنەی "ڤیبەر". ڕەنگە لە دوایشدا ڕۆشنای

بخەینــە ســەر ئاقارەکـانی دیکــەش، وەك: ئاقـاری مێــژووی تـازە کــە "فێرنـان برۆدێـل" پـەیڕەوی دەکـات بـۆ وەسـفکردنی بـالا دەسـتی و سـەرکەوتنی ژیـواری خۆرئـاو لـە مـاوەی چـوار سـەدەی ڕابـردوودا. ئـەوەش لـە دوتوێـی کتێبــە گەورەکـەیدا (ژیـواری مـادی، ئـابوری و سەرمایەداری) کە لە سێ بەرگدا بە چاپی گەیاندووە.

کەواتە با هەوڵ بدەین بە شێوەیەکی بابەتی لەگەڵ "مێشیل فۆکۆ" بە مێژوی فیکری ئەوروپیدا ڕۆبچین. لە ڕاستیدا من وەك-توێژەرێکی عەرەبی- هیچ گرفتێك لەمەدا نابینم و چوونە ناوەوەی ئەم جیهانەش بـەو سـوك و سـانییەوە لێـهاتووی خـۆم نی‌یـە، چونکـە مـن بـۆ خـۆم بەرلەوەی بچمە دنیای مۆدێرنەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ژیاوم. واتە ئاڕاسـتەی مـن تـەواو پێچەوانـەی هـەر توێژەێکـی فەرەنسـی یـان ئەوروپی‌یـە لــە هاوتەمــەنانی خـۆم، چونکـە ئـەو (واتـا توێژەرێکـی فەڕەنسی یان ئەوروپی) بۆ ئەوەی بەناخی زەمەندا ڕۆبچێ و بەکەش و هەوا سەر سوڕهێنەرو دڵڕفێنەکەی سەدەکانی ناوەڕاست بگات، ناچارە لە خۆی جوێ بێتەوە-واتە لەو نوێگەریە دابڕێت کە تیایدا چاوی هەڵهێناوەو لە باوەشیدا گەورە بووە، بەڵام من پێویستم بە هیچ جۆرە جیابوونەوەیەك نی‌یە تا دەستم بەم سەردەمانە بگات، چونکە من ئەو ڕۆژگارانەم لـە نـاخی خۆمـدا هــەڵگرتووە، پاشـان کۆمەڵگاکەشـم بـە ڕادەیەکی زۆر لە کەش و هەوای ئەو سەدانەدا نقووم بووە. کەواتە با

بەرەو دوا بگەڕێینەوە و بچینە ناو فەزای عەقڵی و دەروونی خەڵکانی سەدەکانی ناوەڕاست.

با گەر بۆ چەند ساتێکی کەمیش بووە چاو بەست لە خۆمان بکەین، وەك ئەوەی ئێمە لە ساڵی *1320* یان *1570* تەنانەت *1619*دا دەژیین (بەرواری گۆشە گیری ڕینیە دیکارت لە ژوورێکی گەرم و گوڕو لە ئەوجی زستانی ئەڵمنیادا، لەم ساتەوەختەدا دیکارت سێ خەونی تۆقێنەری بینی کە خەریك بوو عەقڵی لەدەست بدات. ئەو کاتەی ئەو خۆی بۆ دامەزراندنی عەقڵانیەتی خۆرئاوا لە ئایندەدا تەیار کردبوو، لەوێدا نیگای بۆ هات و گرێیەکی دەروونی بۆ کردەوە و کەوتە سەر ڕاستە ڕێگا. لەو شەوی یەڵدایەدا هێندی نەمابوو باجێکی قورسی ئەو کەشفکردنەی بدات). ئایا خەڵکانی ئەو سەردەمانە چۆن لە دنیایان دەڕوانی؟ چۆن مەزەندەیان دەکرد؟ مانای چییە کە وێنەیەکی ئەفسانەیی بۆ جیهان بالا دەستی بەسەر ئەقڵی ئادەمیزادەوە هەبێت؟ ئەم دیدگا ئەفسانەییە سەرسوڕهێنەرە چییە و جیاوازی لەگەڵ دیدی عەقلانیدا بۆ جیهان چۆنە؟ لێرەدا دەگەینە جەوهەری بابەتەکە. ئێستا بە ناچاری لە بەردەم ئەوەداین تا بچینە نێو گێرمەو کێشەی درێژەدان بە باسەکەمان.

پێویستە لەوە بە ئاگابین کە سەرجەم ڕۆشنبیرییەکانی جیهان تا بەراییەکانی سەردەمی مۆدێرنە بەپێی لۆژێکی بیری ڕەمزی (یان

سەرەتایی یا ئەفسانەیی یاخود ئەفسوناوی یان-بەربەری-بە چەمکە شتراوسیەکەی بیری کردۆتەوە یاخود درکی بەشتەکان کردووە)، بیری ڕەمزی کە وێنەی مەجازی بەکاردێنێت، ئەمەش پێچەوانەی فیکرە کە لە سەردەمی نوێگەریدا هاتە ئاراو لە ڕێی کۆد و ئامـاژەی وردەوە باس لە شتەکان دەکات. ئەوەی بە شێوەیەکی ڕیشەیی ڕەمز/ لە ئاماژەی ورد جوێ دەکاتەوە ئەوەیە کە ڕەمز فرە ڕەهەندە، واتا ئاماژە بە ماناو دەلالەتی جیا جیا دەکات، لە کاتێکدا هێما تاك ڕەهەندە.

هەروەها فکری ڕەمزی ئەو فیکرەی بەر لە فیکری زانستی مۆدێرن دەکەوێت، بڕوای بە بوونی لێکچوونی جەوهەری نێوان ڕەمز و واقیع یان نێوان وشە و شت هەبوو، بەڵام لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی هەرەمەکییە و هیچ جۆرە پەیوەندیەکی لەیەکچو یان سروشتی لە نێون خۆی و ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکات نییە، (بەپێی تێگەیشتنی نوێگەری زمان زاراوەیە، واتە لە ڕێی کۆ دەنگیەکەوە مانا دەبەخشرێتە وشەکان، نەك-وقف-بێت، بەو مانایەی هێزێکی خواوەندی یان خواوەند خۆی بۆ هەموو شتێك وشەیەکی دانا بێت). بۆ نمونە درەخت بەپێی جۆراو جۆری زمانە مرۆڤایەتیە جیاجیاکان چەندین ناوی هەیە. گەر بێتوو وشەکانی لەو شتانە بچوایە کە ئاماژەیان بۆ دەکات (ئیتر ئەمە بە شێوەیەکی زۆرە ملێی یان سروشتی بێت)، ئەوا درەخت لەناو سەرجەم

زمانە جیهانییەکان دا تەنها ناوێکی دەبوو. واتە زمان (یان هێما یاخود وشە) هەڕەمەکیە، وەك چۆن زمانەوانی نوێ باسی لێدەکات.

فیزیای "ئەرستۆ" کە تا کۆتایی سەردەمی ڕێنیسانس بە سەر ئەوروپادا بالاّ دەست بوو فیزیایەکی ڕەمزی بوو، لەبەر ئەوەی لەسەر تیۆری لێکچوونی نێوان شتەکان دامەزرا بوو، بەهۆی بەشداریان لە چوار ڕەگەزەکەدا: ئاو، هەوا، ئاگر، خۆڵ. ئێمە ئەوە دەزانین کە زانستی مۆدێرن لە "دیکارت"ەوە تەنها دژ بە "ئەرستۆ" و ئاقاری سکولائی نەهاتۆتە ئارا، بەڵکو لەبنە مداو بە پلەی یەکەم هەوڵدانێك بوو بۆ قوتار بوون لە مەعریفەی ڕەمزی واتا لە مەعریفەی میتۆلۆژی. ئەو مەعریفەیەی لەسەر کەشفکردنی لێکچوونە ناکۆتاییەکانی نێوان ڕەگەزەکانی سروشت دامەزرابوو. بەمجۆرە لەبری مەعریفەی چۆنایەتی مەعریفەی چەندایەتی یان پێوانەکاری لەسەر دەستی "دیکارت" هاتە ئارا.

ئیتر ئەو فیکرە ڕەمزییە یان میتۆلۆژییە کەبەر لە چاخی زانست جڵەوی خەڵکانی ئەوروپی بەدەست بوو گاف گاف بەرەو چوونەوەیەك و بەر تەسکبوونەوە دەچوو، ئەمە بوو "میشێل فۆکۆ" لە پێشەك کتێبی (وشەکان و شتەکان) داو لە یەکێك لە نەسکە هەرە جوانیەکانیدا بە ناوی (پەخشانی جیهان): واتە جیهان وەك پەخشان و وەك کتێبێکی کراوە دەخوێنێتەوە،

وەك چـــۆن هـــەر کتێبێکـــی ئاســـایی تـــر دەخوێنرێتـــەوە، وەسفیکردبوو.

"فۆکـۆ" دەڵێـت: لـە سـەرەتای سـەدەی حـەڤدەدا سـەردەمی پێچواندنی نێوان شتەکان دوایی هـات، لـە ڕێگـای کەشـفکردنی ئـەو ئامـاژانەی کۆیان دەکاتەوە. ئیتر ئەو بیرە ڕەمزییە بە کۆتایی گەیشت کـە لەسـەر بـەدوادا چوونـی لێکچونـە ناکۆتاییـەکانی نێـوان شـتەکان ڕاوەسـتا بـوو. فیکـری ئـەوروپیش بـۆ یەکـەم جـار پێینایـە قۆنـاغی پێوانەیی و جیاکاری و ژمێریاریـەوە. واتـە چووە قۆناغی عەقلانیـەتی زانستییەوە. ئەو ئاسمانە ڕەمزیەی پڕی بوو لە تارمایی و ڕۆح و وێنـە بە ڕووی خەڵکانی ئەوروپیدا هەڵدرایەوە. لە بەرامبەردا ئاسمانێکی بێ گەردو بێلایـەن، ئاسمانێك سروشـتی یـان فیزیـایی جێگـای گرتـەوە. هـەروەها پـەردە لەسـەر ڕەمزەکانیسـەرووی سروشـتی زەمـین هـەڵماڵراو دڕنـدە و خەیاڵـە سـەرنج ڕاکێش و سیحر و جادووەکـان سـەرزەمینیان بەجێهێشت.

بـە کورتـی سروشـت گەڕێنرایـەوە سـەر. ڕەگـەزە مـادی و ڕواڵەتـە هەسـتپێکراوەکانی، ئـەو ڕواڵەتانـەی لـە هـەموو لایـەن و ڕوویەکـەوە تـاوتوێ دەکرێـت و دەپێورێـت. تەنانـەت دارسـتانە چڕ و ئەشـکەوتە تـاریك و چـۆم ڕووبـارە قـوڵ و شـاخ و داخـەکانیش، بوونــە چـەند دیاردەیەکی سروشتی کە وەك خۆیان تاوتوێ دەکرێن و لێکۆڵینەوەیان

لــە بــارەوە دەكرێــت، ئــەویش لــە پێنــاو بەدیارخســتنی بونیــادە بنەڕەتییەكانیان پاش ئەوەی تارماییەكانیان لێ دورخرایەوەو لە وەهم خاڵی كرانەوە. ئەو وەهم و خەیاڵاتانەی مرۆڤی سەدەكانی ناوەڕاستی خستبووە ژێر باری خۆیەوە. ئیتر لێرەوە زانستی ئەورپی یان عەقڵیەتی "دیكارت"ی تەنانەت دەستی بە كەویكردنی دارستانە گەورەكانی وەك دارستانی (فۆنتنبلۆ)ش كرد. بەمجۆرە درەختەكانیش وایان لێهات كە كۆدو شوناسی تایبەتی خۆیان هەبێت و ڕێگای گەورەو بچوك بەناو ئەو دارستانانەدا لێدرا، نەك تەنها بۆ ئەوەی گەشتیاران فێر بكات چۆن چۆنی كاتێكی خۆش لەناو ئەو دارستانەدا بەسەر بەرن و بزر نەبن، بەڵكو بۆ ئەوەی دارستان كەوی بكاو هەموو ڕێكەوتە ترسناكەكان و ئەو تارماییانەشی لێوان ڕێژە لە بۆن و بەرامەی خەیاڵات لە ناخیدا دەربكات. چونكە ڕونی و ئاشكرای "دیكارت" لە تاریكی و نوتەكی دەترسێت. بەمجۆرە نینۆكی سروشت كرا و بەمەش دیسپلین هاتە ئاراو لە بەرامبەریشدا پاكی و بەرائەت لەدەست چوو. لێرەوە كۆنترۆڵكردن وەك یەكێك لە خاسیەتەكانی مۆدێرنە بەدیار كەوت، كۆنترۆڵكردنی سروشت و مرۆڤ و تەنانەت بەردیش... بە شێوەیەك زیادەڕۆیی لەم پرۆسەیەشدا كرا تا بە نسكۆ گەیشت. ئەمەش مۆدێرنەی ڕوبەڕوی ڕەخنەگرتن كردەوە. بۆیە دەبینین گەشتیارە ئەورووپیەكان بۆ سەفەر ڕوو لە (دوورگە دورەكان یان

دارستانە پاکیزەکانی ئەفریقا و بگرە تەنانەت ڕوو لە وولاتانی عەرەبیش دەکەن، بە مەبەستی گەڕان لە دیمەنێکی سروشتی ڕاستەقینە یان خۆرێکی پاك و بێگەرد یاخود هەوایەکی ساف کە هێشتا پیس نەبووە).

ئەمە ئەو شتە بوو کە "ماکس ڤیبەر" ئاماژەی پێدا، کاتێك قسەی لەمەڕ (نائومێدی جیهان) کرد، دوای بەگشتگیری کردنی عەقڵانیەت و تەکنەلۆژیا. هەمان شت کە پەیوەندی بە شیعری ڕۆمانتیکیەوە هەیە لە سەدەی نۆزدەدا، کە بۆ خۆی وەك کاردانەوەیەك وەها بوو دژ بە هەیمەنەتی بەرفراوانی ئامێرو ئەتکردن و پێشێلکردنی پاکیەتی سادەو ساکاری سروشت.

دەکرێت پارتە سەوزەکان ئەوانەی داکۆکی لە ژینگە دەکەن وەك درێژکراوەیەکی ئەم ئاقارە بناسین، مەترسی گەورەی ئەمانیش لەوەیە تەکنەلۆژیا هەموو ڕووبەرە سەوزەکان لە وڵاتە ئەورووپیە پیشەسازی و پێشکەوتووەکانیدا پاکتاو بکات و لەناویان بەرێت..

**سەرچاوە**: الشرق الاوسط – ژمارە (*5656*).

# کاروانی ڕۆشنگەری فەڕەنسی
# لە (تورگۆ) وە بۆ (ڤۆڵتێر)

پێویستە بزانین ئەو کەفوکوڵەی بۆبلاوکردنەوەی ڕۆشنگەری لەئارەدابوو ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەرسۆدەکسیەتی ئاینیو سیاسیدا خۆی گونجاندبوو، بەومانایەی یەکەمین دەستەی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری لەسەرەتادا نەکەوتنە شەڕی دەستەو یەخە لەگەڵ پیاوانی ئاینیو فەرمانڕەوا ستەمکارەکان.. خەڵکانێکی زۆری ئەو سەردەمە ستایشی ئەو پێشکەوتنەیان دەکرد کەزانستو تەکەنەلۆژیاو مێژوو لەو ماوەیەدا بەدیان دەهێنا، بەبێ ئەوەی ئەو هەوڵلانە بەدژایەتیکردنی ئاین یاخود جەوهەری ئاین بدەنە قەڵەم.

راستە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری بانگەشەی جێبەجێکردنی میتۆدی رەخنەیی ئەقلانیان دەکردو ئەنجامدانی هەندێك ریفۆرمی ئابوریو سیاسیان بەکارێکی پێویست دەزانیو تەنانەت داوای لێکبوردنو پێکەوە هەڵکردنیان لەبواری کاروباری ئاینیشدا دەکرد، بەلام بەبێ

ئەوەی ئەمە ئەوە بگەیەنێ کە ئەوان ویستیان تێکو پێکدانی ئەو دەستەڵاتە بوبێت کەلە ئارەدابوو یاخود رامالینی بیروباوەڕی تەقلیدی بوو بێت.

باشترین وتە بێژی رەسمی فەیلەسوفانی رۆشنگەری لەوقۆناغەدا، کەسێك بوو بەناوی ((*TUrgot*)) (*1727–1781*) کە ئابوری ناسو سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگی فەرەنسی بوو.. ((تۆرگۆ)) دواتر بووبە وەزیر لەحکومەتی فەرنسیدا، بەلاّم پاش ئەوەی داوای هەندێ چاکسازی کردوو ئەم پرۆسەیەش لەبەرژەوەندی چینە بالاّ دەستەکانی ناو کۆمەڵگەی فەرەنسیدا نەبوو، پۆستەکەی لەدەست دا.

سەرەتا ((تۆرگۆ)) خۆی تەرخانکرد بۆخوێندنی تیۆلۆژیاو پەیوەندیکردن بە پیاوانی ئاینی ناو کلێساوە، هەربۆیە تائەو وەختەی لەساڵی *1750* زانکۆی سۆربۆنی تەواو کرد، بەخوێندنی تیۆلۆژیاوە خەریك بوو.. بەو پێیەی سۆربۆن لەو قۆناغەدا زانکۆیەکی ئاینی بوو، کۆلێژی تیۆلۆژیای مەسیحیش لەسەرو تەواوی کۆلێژەکانی ترەوە بوو، لەبەر ئەوەی بەپێی ئەو بۆچونە کۆنەی بەر لەشۆڕشی فەرەنسی لە ئارەدابوو تیۆلۆژیا بەدایکی هەموو زانستەکانی دیکەو پیرۆزترینیان دادەنرا.. رەنگە لەمرۆدا ئێمە پێمان ئەستەم بێت کەلە سۆربۆندا ئسولی شەریعەتی مەسیحی و زانستە ئاینیەکان خوێندراوەو لە ئێستادا ئەو بابەتانەی تێدا بەدی ناکەین.. عەلمانیەتی بێئەندازەی

سـۆربۆن و دورکەوتنـەوەی زۆری لەهـەموو ئەوشـتانەی پـەیوەندی بـە ئایینەوە هەیە، وامان لێدەکەن نەتوانین بەئاسانی بڕوابکەین بەوەی کە سۆربۆن رۆژێك لەرۆژان مەڵبەندی کۆنسێرڤاتیڤ و فێندەمێنتالستەکان بووە!.. هەر چۆنێك بێت ساڵی *1750* ((تۆرگۆ)) لە سۆربۆن و بەزمانی لاتینی دوو وتاری پێشکەشکرد، یەکەمیان بەناوی تایبەتمەندیەکانی دەسـەڵاتی مەسـیحی و سـودمەند بوونـی رەگـەزی مرۆڤایـەتی لـەو مەسـەلەیە.. دووەمیشـیان بریتـی بـوو لـە: ئـەو پێشـکەوتنە یـەك بەدوایەکانەی مرۆڤایەتی تارۆژگاری ئەمڕۆ بەدەستی هێناون. پێکەوە گرێدانی ئاینی مەسیحی و پێشکەوتن لەوکاتەدا کەسی دووچاری سەر سوڕمان نەدەکرد، چونکە زۆرینـەی خـەڵك پێیـان وابـوو ئـاین لەگـەڵ پێشکەوتن و رۆشنگەریدا ناکۆك نییە، ئەوە تەنها فەیلەسوفەکان بوون ئەوەیان پێ کارێکی مەحاڵ بوو.

سـەرەتا ((تۆرگـۆ)) پێـی وابـوو مەسـحیەت روناکیـەکی نوێیـەو روناکیەکە هەزار جار لە روناکی ئەدەب و فەلسەفە مەزنترە، لەبەرئەوەی روناکی مەسیحەیەت روناکیەکی یەزدانییە نەك ئینسانی.. بەڵام تەنها داوای سـێ سـاڵ (واتـە سـاڵی *1753*) ((تۆرگـۆ)) دەسـتی دایـە جیاکردنەوەی رۆشنگەری لە ئاین! بەڵام داخۆ چی رویدا؟ ئەوەی رویدا ئـەوەبوو کـە ((تۆرگـۆ)) چـون کەسـانی تـر کەوتـە ژێـر کاریگـەری بـیروبۆچونی فەیلەسـوفەکان و هاوکـات بـەچاوی خۆیشـی ئـەو کـارە

دەمارگیرانەشـــی دەبینـــی کـــە فێندەمێتـــاڵیزمی کـــاتۆلیکی ئـــەنجامی دەدان.. لـــێرە بـــەدواوە کەنیســـەی جێهێشـــت و رویکـــردە بڕواهێنـــان بـەئاینی سروشـتی (واتـە ئـەقلانی) کـە لەکتێبـە نوێیەکـەیدا (چـەند پـــەیامێك دەرەبـــارەی تولـــێرانس) بانگەشـــەی بۆدەکـــرد.. بـــەمجۆرە ((تۆرگـۆ)) دەستبەرداری قەناعەتـەکانی پێشـووی خـۆی بـوو، بۆنمونـە لەم بارەیەوە دەڵێت: (دەترسم ململانێیەکی بەردەوام لـەنێوان خورافەو ڕۆشنگەریدا دروست بێت، لێرەدا مەبەست لـە خورافـات بیروبـاوەڕی کۆی کۆمەڵگایە لەو سـەردەمو قۆناغـەدا، هـەروەها بیروباوەڕی زۆربـەی زۆری پیاوانی ئاینیش بوو.. هەروەها ((تۆرگـۆ)) لـەدرێژەی قسـەکانیدا دەڵێت: (ئایین کەلەبەر ڕۆشنایی روناکی ئەقڵدا وەك شتێکی ناڕاستو هەڵـە دێتـە پێـش چـاوو لەبـەردەم بـەرەو پێشـچوونی ئـەقڵدا خـۆی پێناگیرێت، شایستەی ئەوەنی‌یە کە ببێتە پێوەرێك بۆ دەستورو یاسا دانان).

ئـەو گۆڕانـەی تەنـها لـەماوەی سـێ سـاڵێکدا (*1750–1753*) بەســەر فیکـری ((تۆرگـۆ)) دا هـات، پێدەچێـت بـۆ ئێمـە بەراسـتی مایـەی سەرسـوڕمان بێـت، بـەلاّم وەکـی پرۆفیسـۆر ((ڕۆلان مۆرتـی)) باسـی دەکـاتو ئێمـە لـێرەداو لـەئامادەکردنی ئـەم نوسـینەدا پشـتی پـێ دەبەستین، حاڵـەتێکی دەگمـەن و تایبـەت نـەبووە.. واقعـی حـاڵی ئـەو ســـەردەمە بـــەمجۆرەبوو: مەســـیحیەکان مانایـــەکی مەســـیحیو

ئەرسۆدەکسی (واتە ئسولّی) یان بەبەر چەمکی رۆشنگەریدا دەکرد، بەلاّم زۆربەی نوسەرانو مەزنە فەیلەسوفەکان دەیانویست رۆشنگەری لەئاینزای کاتۆلیکی جیابکەنەوە، بەتایبەتی کەکاتۆلیکیەت قەلاّی سەختی دەمارگیری ئاینی بوو.. بەم جۆرە درەنگ یان زوو شەڕی نێوان ئەو دوو لایەنە دەبوو تاو بسێنێ.. مەسیحیەکان لەو سەردەمەدا پاوانی سستمی خوێندنی فەرەنسایان کردبوو، لە خوێندنگا ئامادەییەکان و زانکۆکاندا و ئامادەش نەبوون لەو سەرزەمینەدا رازی بن بەوەی فەیلەسوفەکان ببنە رکابەرییان کێ بڕکێی ئەو دووئاقارە بەو مەبەستە بوو تا کۆنترۆلی ئەقلّی زۆرینەی خەلّك بکەنو بەو ئاڕاستەیەیاندا بەرن کە خواستو ویستی خۆیانە.

فیندە مێنتالستەکان ئەودەمەی بینیان فەیلەسوفەکان بانگەشە بۆ فیکرێکی نوی دەکەن و ئەو کارەش هەڕەشەلە مەشروعیەتی مێژوویی ئەوان دەکات و دەسەلاّتی ئەوان بەسەر گیان وئەقلّی مرۆڤایەتیەوە دەخاتە مەترسیەوە، هەستیان بەمەترسیەکی گەورە کرد. دەتوانین بلّێین قەلّەمبازی گەورە لە نێوان سالاّنی (*1750–1760*) دا رویدا ولەو ماوەیەدا رۆشنگەری دەستیکرد بە دژایەتیکردنی کلّێساو تەنانەت بەدژایەتیکردنی خودی مەسیحیەت خۆشی.. وەك ئاشکراشە مەسیحیەت لەسەرو رەخنەوە بوو، چونکە ئاینی خودا بوو.. بەلاّم ئەم وەرچەرخانو گۆڕانە هەروا لەناوکاوو بێ کێشە روینەدا. قارەمانە

سەرەکییەکانی ئەم وەرگۆڕانە، واتە: (ڤۆڵتێرو دیدرۆو مۆنتسکیۆو ... هتد) خۆیان بۆشەڕێکی ئاشکراو روون ئامادەکرد لەگەڵ ئاینی مەسیحیدا کەبەدرێژایی سەدان ساڵ لەئەقڵەیەتی دەستە جەمعیدا رەگی داکوتی بوو.

لەم جەنگەشدا تەرازووی هێز ناهاوسەنگ بوو، لەبەرئەوەی فەیلەسوفەکان کەمایەتی بوون (واتە تەنها دەستە بژێرێکی رۆشنبیر بوون، ئەمە لەکاتێکدا زۆربەی گەل لەگەڵ پیاوانی ئاینیدا بوون..) هەر بۆیە فەیلەسوفەکان بەشێوەیەکی شێلگیرانە هەنگاویان دەنا، بۆنمونە ((ڤۆڵتێر)) زۆربەی کتێبەکانی بەناوی خۆیەوە بلاْونەدەکردەوەو هەر لەگەڵ بلاْوبونەوەیاندا حاشای لێدەکردن و سوێندی دەخوارد کەئەو نوسینانە پەیوەندیان بەوەوە نییە..! هەرچی (دیدرۆ) شە ئەوا لە چەکمەجەی کتێبخانەکەیدا دەیشاردەوە بۆ ئەوەی تەنیا دوای مردنی بلاْوبکرێنەوە، چونکە زوڵم و ستەمی مەسیحیەکان بێ ئامان بوو.. سەرەڕای ئەوەش پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو بەرهەم و نوسینانەی بەئاشکرا بلاْودەکرانەوە لەگەڵ ئەونامەو تێکستانەی تەنها ئاڕاستەی هاوڕێ دڵسۆزو نزیکەکان دەکران .. لەپەیڕەوکردنی ئەم ستراتیژیەدا ((ڤۆڵتێر)) زۆر لێهاتوو بوو، ئەوکاتێك نامەیەکی بۆ هاوڕێیەکی باوەڕپێکراوی دەنارد بێ هیچ سڵەمینەوەیەك باسی وردو درشتی بیروبۆچونی خۆی بۆدەکرد، بەلاْم سەروەختێك بۆ خەڵکانی

ئاسایی دەنوسی حسابی خۆی دەکردو شێوازێکی ناڕاستەوخۆی بەکاردەهێنا، لەهەر دوو حاڵەتەکەشدا دەبینین کە ((ڤۆڵتێر)) باسی لە ڕۆشنگەری کردووە. لێرەدا دەبێت باس لەوەش بکەین کە ((ڤۆڵتێر)) تەنها لەدوای ساڵی *1764* توانی هێرشێکی توند بکاتە سەر فێندەمێنتاڵیزمی ئاینی، واتە لەپانزە ساڵی کۆتایی ژیانیدا ئەو پرۆسەیەی دەست پێکرد. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە چەندە ئەو مەسەلەیەی بەهێند وەرگرتوەو چەندەش لەدەرنجامەکانی ترساوە.

بالێرە بەدواوە بەدرودرێژی باس لەو کتێبانەی بکەین کەبەناوی خۆیەوە بلاّویکردونەتەوە.. ((ڤۆڵتێر)) چەمکی ڕۆشنگەری بۆتەعبیر کردن لەسەر دەمەکەی خۆیی و بۆدژایەتیکردنی سەدەی پێشوتر (واتە سەدەی حەڤدەهەم) بەکاردەهێنا. ڕاستە ((ڤۆڵتێر)) ستایشی چێژی ئەدەبی سەدەی حەڤدەهەمی دەکرد بەتایبەتی ئەدەبی ((ڕاسین و کۆرنی))، بەلاّم سەبارەت بە ڕۆحی فەلسەفی و ئەقلاّنی سەدەی هەژدەهەمی پێ لەپێشتربوو.

لەنامەیەکی تایبەتیدا بۆ خانمێکی ئۆرستۆکراتی کەلە گروهی فەیلەسوفانەوە نزیك بوو ناوی ((مەدام دوبیلن))ە دەنوسێت و دەڵێت: (خانمەکەم کەم تازۆر ڕۆشنگەری لەبرەوسەندندایە، بۆیە دەبێت ڕێگابدەین پیرەمێردەکان لەخەڵوەتگا تاریکەکانی خۆیاندا بمرن!)..

لەنامەیەکی تر یدا بۆ ((دارجنتال))ی هاوڕێیی دەنوسێت: (گوناهی من نییە کەئەم سەدەیە ڕۆشنەو تەنانەت ئەقڵ پەلی کێشاوەتە ناو ئەشکەوتو ناوچە ئەنگوستە چاوەکان!).. لەشوێنێکی تردا دەڵێت: (پێموایە ڕۆشنگەری بەهەموو لایەکدا بڵاودەبێتەوە، بەڵام ڕۆشنگەران وەکی پێویست لەناوخۆیاندا کۆك نین‌و پەیوەندیان ساردوسڕە، ئەمە لەکاتێکدا تاهەنوکەش ئاگری دەمارگیری بڵێسە دەدات). سەبارەت بەوەش کەبۆچی کتێبەکانی بەناوی خۆیەوە بڵاوناکاتەوە بەتایبەت ئەوانەی لەدژی فێندەمێنتاڵستەکان دەینوسێت، بۆ ((دالا مپێر))ی هاوڕێی دەنوسێت: (نابێت هەرگیز ناوی نوسەرەکان ئاشکرا بکەین، چونکە گرنگ ئەوەنییە کێ حەقیقەت دەڵێت‌و لەکوێوە دێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بوترێت).

پاشان سەبارەت بە سەدەکانی ناوەڕاست‌و دادگاکانی پشکنین دەڵێت: (ئەوە بەرهەمی دزێوترین ئەقڵیەتی خورافی بوو لەمێژووی مرۆڤایەتیداو تەنها ماوەیەکی کەمە لەو تاریکیە قوتارمان بووە، بەڵام تائێستا هەموو شتێك روناك نەبۆتەوە). لەلایەکی ترەوە زۆر بەتوندی دژایەتی ئەو بڕیارەی ڕاگری کۆلێژی تیۆلۆژیای زانکۆی سۆربۆن دەکات کەدژایەتی فەلسەفە دەکات‌و داوا لە پاشاکانی ئەوروپا دەکات بەبەهانەی ئەوەی مەترسی بۆسەر ئاین هەیە، سەرکوتی بکەن‌و ڕێگری لێ بکەن.

((ڤۆڵتێر)) دەڵێت: (فەلسەفە ئەو چراوگەیە کەدەبێت ڕێگای مرۆڤایەتی ڕۆشن بکاتەوەو هیچ لایەنێکیش وەکی دادگاکانی پشکنین ئەم مەشخەڵەی بۆسوتاندنانی بیریاران بەکارنەهێناوە). بەواتایەکی تر فەلسەفە بەهۆی بیروبۆچونو بیرکردنەوەی تایبەتەوە هیچ کەسێکی نەکوشتووەو بڕیاری پاکتاوکردنی هیچ گروپێکیشی نەداوە.. فەلسەفە خوێنی خەڵکی بەهەدەر نەڕشتووەو بێ پەرواش هیچ کەسی بەکافر نەداوەتە قەڵەم، بەڵکو لەپێناو زانیننی ڕاستی و ناڕاستی قسەو کردەوەکاندا هەمیشە گەڕاوەتەوە بۆئەقڵو لۆژیكو بەڵگەی سەلمێنەر.. فەلسەفە بەردەوام دانی بە فرەبۆچونو بیرباوەڕەکاندا ناوە، تا ئەو ئاستەی ((ڤۆڵتێر)) لەم بارەیەوە قسە بەناوبەنگەکەی خۆی کردو ئەم وتەیەشی بووە مایەی دامەزراندنی فەلسەفەی دیموکراسی لەخۆرئاوادا.. ئەو دەستەواژە بەناوبانگەشی بەمجۆرەیە: (ڕەنگە لەگەڵ تۆدا ناکۆك بمو هاوڕات نەبم، بەڵام لەپێناو دەربڕینی بیروبۆچونەکانتدا ئامادەم خۆم بەکوشت بدەم).

**سەرچاوە**: الشرق الاوسط – *2002/10/18*

# ڤۆڵتێر
# سەرمەشقی ڕۆشنگەری ئەوروپی

مێـژوی فیکـر کەسـێکی وەهـای بەخۆیـەوە نـەدیووە، هێنـدەی "ڤۆڵتێر" هـەموو ژیـانی خـۆی بـۆ دژایـەتیکردنی دەمارگـیری ئـایینی تـەرخان کردبێـت. هـەر کـاتێکیش ڕق و دەمارگـیری ئـایینی سـنوریان بەزاند و توند ڕەوەکان کەوتنە بڵاوکردنـەوەی گـەندەڵی لەسـەر زەوی خەڵکی لە هەموو شوێنێکی دنیادا پەنای بۆ دەبەن. "ڤۆڵتێر" لـە پێنـاو لێکبـوردن و پێکـەوە ژیـانی ئاشـتیانەی ئـایین و ئاقـارە جیاوازەکـان، بـەردەوام بـێ هیـچ دو دڵـی و وەڕس بونێـك کتێبـەکانی خـۆی دەنوسی.ڕەنگە هەر لەبەر ئەم هۆیە بوبێت "نیچە" یەکێك لە کتێبەکانی خۆی پێشکەش دەکات و دەنوسێت: (پێشکەشە بە ڤۆلتێر، یەکێك لە مەزنە ئازادیخوازانی ڕۆحی مرۆڤایەتی).

"ڤۆڵتێر" بە نوسین و تیۆریزە کردن دانەکـەوت، بـەڵکو هاتـە نـاو گۆڕەپانی جەنگەوە لە پێناو بەرگریکردن لەو کەسانەی بە هۆی فیکر و

بیرو ڕایانەوە دەچەوسانەوە.. هەر چەندە ئەو خۆی کەسێك بوو پشتاو پشت کاتۆلیکی بوو، بەڵام بەرگری لە پرۆتستانت دەکرد و چەند جارێکیش لە پێناو ئەم مەسەلەیەدا ژیانی خۆی خستۆتە مەترسیەوە. دواتر لەسەر ڕێبازی "ڤۆڵتێر" مەزنە ڕۆشنبیرانی فەرەنسای وەك "ڤیکتۆر هۆگۆ و ئەمیل زۆلا و جان پۆڵ سارتەر" و دەیەها ی تری وەك ئەوان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، داکۆکیان لە مافی سەربەخۆیی جەزائیر کرد. ئەو ڕۆشنبیرانە لەو کاتەدا و لە پێناو هەقیقەتدا دژی سیاسەتی وڵاتەکەی خۆیان وەستانەوە، وەك چۆن پێشتر "ڤۆڵتێر" لە پێناو بەرگریکردن لەو کەسانەی تەنها لەبەرئەوەی سەربە مەزهەبێکی دیکە بوون دەچەوسێنرانەوە، دژی ئاینزاکەی خۆی وەستایەوە.

"ڤۆڵتێر" بەو پێیەی پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند بوو، دەیتوانی بە تەنها و ئاسودە بێ ئەوەی دوچاری مەترسی و ڕق بێت و ڕووبەڕووی تەنگو چەڵەمە بێتەوە، بۆ خۆی بژی و دەرباسیی هیچیش نەبێت، بەڵام هەر زوو درکی بەوە کرد کە گەر بێتو بێدەنگ بێت لە ئاست ئەو تاوانانەی کاتۆلیکە دەمارگیرەکان بە ناوی ئایینی مەسیحیەوە ئەنجامی دەدەن، ئەوا خۆی لە چاکترین و بەنرخترین شتێك دا دەماڵێ (کە ڕۆشنبیر لەوانی تر جیا دەکاتەوە)، ئەویش بریتی‌یە لە داکۆکی کردن لە کێشەکانی هەق و عەدالەت.

یەکێك لە گرنگترین ئەو مەسەلانەی "ڤۆڵتێر" بەرگری لێکـردووە، کێشەی خێزانێکی پرۆستتانتی بوو کە ناسرابوون بە "کالاس" و لە شاری (تۆلۆز) دەژیان.. "جان کالاس"ی باوك بـەوە تاونبار کـرا کـە "ئەنتوان"ی کوڕی لەبەرئەوە کوشتووە، گوایـە ویستویەتی ئاینزای خۆی بگـۆڕێ و ببێتـە کەسێکی کـاتۆلیکی. لەبەرامبـەر ئـەم کـارەدا تەواوی خەڵکی شاری (تۆلۆز) ڕاپەڕین و کردیان بە هەرا، ئەو سەردەمە فەرەنسیەکان زۆر توندڕەو بوون و داوای ئەوەیاندەکرد "جان کالاس" یان بدرێتە دادگا یاخود دەستبەجێ سەری لە لاشەی جیابکرێتـەوە. دادوەرانیـش ناچـار لـە ژێـر فشـاری زۆری خـەڵك و هەسـت و سـۆزی کاتۆلیك مەزهەبەکاندا فەرمانێکی بەپەلەیان دەرکرد، بە ئەشکەنجەدانی و تێکشکاندنی ئیسکوپروسکی تا ئەو کاتەی دان بەو تاوانەیدا دەنێت کە نەیکردووە. کاتێك ئاگریانکردەوە تا بیسوتێنن (تەواو وەکی ئەوەی لە سەردەمی دادگاکانی پشکنیندا ڕوویداوە)، لێیان پاڕایەوە کە ئەو کەسێکی بە ساڵاچوە، بەڵکو بەر لەوەی بیخەنە ناو ئاگرەکەوە بیکوژن.

پاشان دوای چەند هەفتەیەك بۆیان دەرکەوت "کالاس" بێتاوانـە، بـەڵام لـە ترسـی ئـەوەی ئابڕۆیـان نـەچێ دەسـەڵاتدارانی سـەرەوە بـۆ کپکردنـەوەی مەسـەلەکەو بـەرگرتن لـە بڵاو بوونـەوەی دەسـتیان خسـتە کارەکە، کـەچی سـەرەڕای ئـەم هەوڵـەش هەواڵەکـە هـەر بڵاوبـووەوە و کاتێك ئەم هەواڵە گەیشتە "ڤۆڵتـێر" کەللـەیی بـوو. ئیـتر لـە تـەواوی

ئـــەوروپادا (نـــەك تەنـــها فەرەنســـا) دەنگـــی نـــاڕەزایی لـــە دژی فێندەمێنتالســـتە کاتۆلیکیـــەکان بـــەرزبووەوە. لـــەو ســـاتە وەختـــەدا "ڤۆڵتێر" لەو پەڕی ناوبانگ و شکۆمەندی خۆیدا بوو، بۆیە هەر دوای ئەوەی بە وردی لە دۆسیێی ڕوداوەکەی کۆڵیەوە، دادگای ناچارکرد سەر لە نوێ دادگاییەکە بکەنەوە. سەرەنجام بێتاوانی "جان کالاس" دەرکەوت و هەموو تێگەیشتن کە ئەو بوو بە قوربانی دەمارگیری مەزهەبی کوێرانە.. لەسەرو بەندی ئەم کێشەیەدا "ڤۆڵتێر" کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی (پەیامێك دەربارەی لێکبوردن) نوسی. با بزانین ئەم بیرمەندە چۆن چۆنی ئەو مەسەلەیە دەخاتە بەر باس و بەشێوەیەکی هەمەلایەن لێی دەکۆڵێتەوە، بەمەش بزوتنەوەی فیکری ڕۆشنگەری و لێکبوردن لە هەموو شوێنێکی ئەوروپادا بڵاودەکاتەوە.

"ڤۆڵتێر"دەڵێت: (ئەگەر پێتان وایە باوەڕ نەبوون بە ئایینی زۆرینە تاوانە، ئەوا ئێوە بەم کارەتان دژی باب و باپیرانی مەسیحی خۆتان دەوەستنەوە، کاتێك ئەوان لە ناو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا لە کەمایەتییەك زیاتر نەبوون، بەڵکو بەم کارەشتان پاساو بۆ ئەو ئەشکەنجەدان و چەوساندنەوەیە دەهێننەوە کە لەو کاتەدا هەبووە)، بەڵام دەزانم ئەوان لە وەڵامدا دەڵێن: (لە نێوان ئەو قۆناغە و قۆناغی ئێستاماندا جیاوازی زۆرە، هەموو ئایین و ئاینزاکانی دیکە مرۆڤ خۆی دروستی کردون جگە لە مەزهەبی کاتۆلیکی نەبێت کە خوا

دروستیکردووە). بەڵام ئەگەر وامان دانا ڕاستدەکەن، ئایا دەبێت ئاینەکەمان لە ڕێگای ڕق و کوشتن و ئەشکەنجەدان و تیرۆرەوە زاڵ و باڵ دەست بێت؟

مادامەکی ئاینی مەسیحی ئاینێکی یەزدانیە، ئیتر بۆ مرۆڤ نییە دەستی تێبخات و بە ناوی ئەوەوە حوکم بدات. ئەگەر خوا خۆی ئەم ئایینەی دروستکردووە، ئەوا هەر خۆشی دەتوانێت بەبێ پاڵپشتی ئێوە بیپارێزێت.. ئێوە دەزانن دەمارگیری جگە لە کەسانی یاخی و دوو ڕوو کەسی تر بەرهەمناهێنێت.. چ هەڵبژاردنێکی نەگریسە؟!

ئێوەی دەتانەوێت لە ڕێگەی جەلادەکانەوە پشتیوانی ڕێبازی خودا بکەن و ڕۆشنی بکەنەوە، لە کاتێکدا هەر جەلادەکان بوون دامەزرێنەری ئایینەکەیان کوشت کە مەسیحە. سەرەڕای ئەوەش هەموو زۆر باش دەزانن مەسیح لە ژیانیدا جگە لە چاکە و لێبوردن و دان بە خۆدا گرتن، ڕێگەی بە هیچی تر نەداوەو تەواوی ئینجیلیش شاهیدی ئەو ڕاستیەیە.. دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم فێندەمێنتالستە کاتۆلیکیەکان ناشیرینیەکی تریان نواند کە هیچی لەوەی پێشتر کەمتر نەبوو، ئەویش ڕوداوێکە کە بە چیرۆکی "دولابار" بەناوبانگە وئەمەش پوختەکەیەتی: لە یەکێك لە شارۆچکەکانی فەرەنسادا ڕووداوێکی سەیر قەوما.. بەیانیەك کە خەڵکی ئەو شارۆچکەیە بە ئاگادێن دەبینن ئەو خاچەی لەسەر پردی شارەکە هەڵواسراوە لایەکی بڕاوەتەوە. تەواوی خەڵکەکە

ترسيان لێنیشت، چونکە ئەوە مانای لەناوبردنی پیرۆزترین شتەکانی مەسیحیەت بوو کە خاچەکەی مەسیح بوو. خەڵك لەو سەردەمەدا زۆر بە توندی پابەندی ئایین و ترادسیۆنی خۆیان بوون. قەشەی ئەو شوێنە داوای لە خەڵکەکە کرد کۆبنەوەو بە ڕێورەسمێکی ئایینی بکەونە ڕێپێوان تا دەگەنە سەر پردەکە و لەوێ ڕوبکەنە خواو داوای لێبوردن بکەن.

قەشە لە ژێر خاچەکەدا وەستاو ڕویکردە خەڵکەکە و وتی: (ئەوانەی ئەم کارەیان کردووە شایستەی ئەوەن لەم دونیاو لەو دنیاش ئەشکەنجە بدرێن و تۆڵەیان لێبکرێتەوە). هاوکات لەگەڵ ئەوەدا بۆیان ئاشکرابوو کە پەیکەرەکەی مەسیح لە گۆرستانەکەدا پیسایی پێدا کراوەو شێوێندراوە.. بەم کارە خەڵکی شارۆچکەکە ئەوەندەی تر تورەبوون و کۆمەڵێ گەنجی هەرزەکاریان بەم کارە تاونبار کرد کە لە ناو خەڵکیدا بێزراوبوون و هەڵسوکەوتیان مایەی شەرمەزاری بوو.. ئەمانە سەر بە چاکترین بنەماڵەی ناوچەکە بوون و هەموویان کوڕی کاتۆلیکییەکان بوون. هەروەها هیچ کێشەیەکی مەزهەبی و ئاینییان نەبوو، ئەوەندە نەبێت گەنج بوون و وەك هەر گەنجێکی هاوتەمەنی خۆیان پەرۆشی خۆشی و ڕابواردن بوون. دوا خەمیشیان ئەوەبوو بچن بۆ کڵێسا و ڕێو ڕەسمە ئایینیەکان جێبەجێ بکەن. لە ناو ئەو گەنجانەدا کوڕێك هەبوو ناوی "جان فرانسوا لۆڤیڤەر" بوو کە پێیان

دەوت "دۆلابار". ئەم کوڕە کەسێکی بێ دایك و باوك و هەتیوو بوو، بۆیە پوری (کە سەرۆکی کلێسا) بوو لەو خانوەی کەوتبووە پشتی کلێساکەوە بەخێوی دەکرد. خەڵکی ئەو شارەۆچکەیە بە هۆی هەندێ کێشەی کۆنەوە کە هیچ پەیوەندیەکی بە ئایین و باوەڕداریەوە نەبوو، دەیانوسێت تۆڵە لە خێزانی "دولابار" بکەنەوەو ئەو بە تاونباری ئەو کارە بزانن. بۆیە هەموویان چاویان خستە سەر ئەو و گومانیان لێ پەیدا کرد. ئیتر تۆمەتی جنێودان و کفرکردن یان گاڵتە پێکردن و سوکایەتی پێکردنی شتە پیرۆزەکانیان دایە پاڵی.

ئەگەر چی لێکۆڵینەوەکان دەریانخست ئەو لەو شەوەی خاچەکەی تێدا شێوێنراوە لەسەر پردەکە نەبووە، بەڵام خەڵکەکە هەر سوربون لەسەر تاونبارکردنی. بەو جۆرە تۆمەتێکی درۆیان بۆ هەڵبەست.. پاش ئەوەی ژوورەکەشیان پشکنی چەند کتێبێکی قەدەغەکراویان تێدا دۆزیەوە، نمونەی ئەو کتێبانەی باس لە غەزەل و ئافرەت و سێکس دەکەن، سەرباری فەرهەنگی فەلسەفی "ڤۆلتێر".. هەروەها سەر هەڵنەبرینی ئەویان لەو کاتەی ڕێو ڕەسمێکی ئایینی بە بەردەمیدا تێپەڕیووە بە بەڵگەی بێ باوەڕی "دۆلابار" نیشاندا.. دەرهەق بەم کارانە فێندەمێنتاڵستە توندڕەوەکان داوای پارچە پارچەکردن و سوتاندنیان کرد، چونکە مانەوەیان لەسەر زەوی بە مەترسیەك دەزانی بۆ پیسکردنی پاکیەتی مەسیح. خەڵکی سەریان لەم سزایە سوڕما کە

لەگـەڵ قـەبارەی تاوانەكـەدا نـاگونجێت، چونكـە ئـەو یاسـا بـاوەی "لویسـی شـانزە" لـەو سـەردەمەدا دایڕشـتبوو (1666) تەنـها سـزاكەی (داخكردنی لچ)ی ئەو كەسە بوو كە جنێو بە ئاینی مەسیحی بدات، ئەمە ئەگەر حەوت جار نەك یەك جار جنێوبـدات یـاخود پیرۆزیـەكان بشێوێنێ.

بەڵام پێدەچوو فێندەمێنتالستە توند ڕۆكـان ئـەوەیان بـە هـەلێكی گونجـاو زانیبێـت بـۆ ئـەوەی حسـابی خۆیـان لەگـەڵ فەیلەسـوفانی ڕۆشنگەریدا یەكلایی بكەنەوە كە ئەو سەردەمە بیرو بۆچونەكانیان زۆر بـەخێرایی لـە نـاوخوێندەواراندا بـڵاو دەبـووەوە. ڕاوێژكـاری دادگـا كەسێك بوو لەش و لارێكی ڕەق و تەقی هەبوو، دەنگ و میزاجی زۆر تونـد ڕەوانـە بـوو پێیـان دەوت "باسـكیێ"، ئـەم پیـاوە سـەر بـە توندڕەوترین توێژی فەندەمێنتالستەكان بوو: توێژی جانسینیەكان كە پەرلەمانی پاریسیان كۆنترۆڵكردبوو.

"باسكیێ" لە كاتی دادگایكردنەكەدا هێرشێكی توندی كردە سەر بیرو باوەڕی فەیلەسوفەكان بە تایبەتی "ڤۆلتێر" كە بەناو ناوی هێناو باسیكرد. پوختـەی قسـەكانی ئـەم پیـاوە ئەمـە بـوو: لـەمڕۆ بـە دواوە دەبێت دەرسێكی وای ئەو كافرانە دابدەین بیریـان نەچێتـەوە. هـەروەها داوایكـرد سـزایەكی تونـدی ئـەو هـەرزەكارەش بـدەن كـە خۆیشـی نەیدەزانی دوای ئـەو هـەموو ڕق و كینـەی بەرامبـەر بـەو هەیانـە چی

بەسەردێت.. بەڵام سەرەنجام وەکی مەڕ ڕایانکێشا بۆ قەسابخانە و لەبەرچاوی خەڵکدا پارچە پارچەیان کرد، ئەەش بەر لەوەی بە شمشێر سەری لە لاشەی جیابکەنەوە. دەگێڕنەوەو دەڵێن "دۆلابار" تا ئەو کاتەشی سەری لە لاشەی کراوەتەوە چاوی و لێوەکانی هەر جوڵانونەتەوە. ئەم ڕووداوە ئەمەندە ترسناك بوو سەری پیاوی سپی دەکرد. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە فەندەمێنتالیستەکان لە هەر کوێیەك بن وەك یەکن و دەتوانن دزێوترین کارە نا مرۆڤانە و دڕندەکانی خۆیان ئەنجام بدەن.

"ڤۆلتێر" کاتێك ئەم هەواڵەی بیست تۆقی و ترسێکی قوڵ دایگرت.. ئەمە یەکەمجار بوو "ڤۆلتێر"ی سەر مەشقی ڕۆشنگەری توشی ترسێکی ڕاستەقینە بێت. تا ئەم ئاژاوەیە هێور بووەوە ماوەی سێ مانگێك ماڵەکەی خۆی جێهێشت و لەبەر چاو ون بوو. ڕاستیەکەی "ڤۆلتێر" چو بۆ لای پرۆتستانتەکانی دیکە کە لەو لای سنورەوە بوون، بۆ ئەوەی چیدی دەستی (برایانی کاتۆلیك) نەیگاتێ. لەو کاتەدا بیری لەوە دەکردەوە گروپی فەیلەسوفەکان لە پاریسەوە بانگ بکات بۆ ئەوەی شوێنێکی ئارام و بێلایەن هەڵبژێرن و تیایدا بژین، چونکە چیدی پاریس ئەو جێگەیە نەبوو کە بۆ ڕۆشنگەران گونجاو بێت.. بۆیە پێشنیاریکرد بچنە لای دیکتاتۆری ڕۆشنگەری "فردریکی دووەم"ی پادشای پروسیا. وەك دەزانرێت ئەم پادشایە هاوڕێی "ڤۆلتێر" بوو،

بە پێچەوانەی "لویسی پانزە"ی پاشای فەرەنساوە پشتگیری لە بیروڕای تازە دەکرد.

"ڤۆڵتێر" پێی وتن: (دەتوانین لەوێ سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی بچوك دروست بکەین و بە ئاشکرا دژایەتیەکی فیکری فێندەمێنتالستەکان بکەین). "دیدرۆ" کە سەرۆکایەتی گروپی (مەوسوعیەکانی) دەکرد لە پاریس، ئەم داواکارییەی ڕەتکردەوە بەو بیانووەی ناتوانێت ژن و منداڵەکانی جێبهێڵێت و لێیان جیابێتەوە و وای بە باشی زانی هەر لە پاریس و لە شوێنی خۆیەوە کار بکات و بەردەوام بێت. "دالمبیر" و ئەوانی دیکەش هەمان هەڵوێستیان وەرگرت...

"ڤۆڵتێر" بە دەنگێکی بەرز بیری دەکردەوەو دەیوت: (پێنج شەش فەیلەسوف و چاپخانەیەکم بەسە، دڵنیاش بن لەوەی دەتوانین لەم دوو سێ ساڵەدا شۆڕشێکی گەورە لە ئەقڵی خەڵکدا بەرپا بکەین). لە ڕاستیدا بۆچونەکەی "ڤۆڵتێر" زیاد لە پێویست گەشبینانە بوو، لەبەر ئەوەی یەکلایکردنەوەی یەکجارەکی لەگەڵ فێندەمێنتالیزمی مەسیحیدا، تەنانەت پاش مەرگی خۆشی پتر لە سەدەیەکی خایاند. ئەوە ڕاستە ڕۆشنگەری لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەدا لەسەر ئاستی ناوەندە ڕۆشنبیریەکانی پاریس سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەلام پرۆسەی یەکلایکردنەوە لەسەر ئاستی میللی - سیاسی لە

کۆتاییـەکانی سـەدەی نـۆزدەدا بـە ئەنجامگەیشـت. ئیـتر لـەو کاتـەدا کاتۆلیکە راستڕەوە فەرەنسیەکان بۆیـان دەرکەوت ململانێکردن لەگەڵ ئـەو ژینگـە کلتوریـەدا بێسـودە و بیروباوەڕەکـانی ڕۆشـنگەری و ئەقڵانیـەت و مۆدێرنـە بـوون بـە ڕاسـتیەکی حاشـا هەڵنـەگر و بـەریان پێناگیرێت.. بەم جۆرە "ڤۆلتێر" دوای مەرگی خۆی سەرکەوت و بوو بە منارەیەکی پرشنگدار بۆ سەرجەمی نەوەکانی ئایندە.

**سەرچاوە** : الشرق الاوسط – *2000/7/24*.

# فیكری ڕۆشنگەری و ئەقڵانی نوێ
# لە نێوان "ڕینیە دیكارت و گاستۆن باشلار"دا

ڕەنگــە ئــەم ناونیشــانە مایــەی سەرســوڕمان بێــت و ئاســایی وەرنــەگیرێت، لەبــەر ئــەوەی دەبێــت پــەیوەندی چــی بێــت لــە نێــوان فەیلەسوفێك لە نیوەی یەكەمی سەدەی حەڤدەهەمدا ژیا بێت، لەگەڵ فەیلەســوفێك كــە لــە نیــوەی یەكــەمی ســەدەی بیســـتەمدا ژیــابێت؟ پــەیوەندی چییە لە نێوان دوو فەیلەسوفدا كە ماوەی نێوانیاندا ســێ ســەدە بێــت؟ دوای ئــەوەش "دیكــارت" هــەرگیز بــۆ یــەكجار چییــە لــە ژیانیدا باسی دابڕانی ئەپستمۆلۆژی نەكردووە. ئەم چەمكە زۆر تازەیە و لە سییەكانی سەدەی ڕابردوودا لە سەر دەستی ((گاستۆن باشلار)) هاتە ئارا، بەڵام لەگەل ئەوەشدا دەكرێت بڵێین ((دیكارت)) بە هەردوو ماناكەی: مانای مێژوویی و مانای ئاسایی (مانای مێژوویی كە قۆناغە زەمەنیەكان لێك جیادەكاتەوەو بە مانای ئاسایش ئەوەیە كە زانینی گشتی لە زانینی زانستی ورد جیادەكاتەوە)، دابڕانێكی ئەبستمۆلۆژی دروستكردووە..

((دیکــــارت)) بـــە بـــەراورد لەگـــەڵ ((ئەرســـتۆ)) و ڕێبـــازی قوتابخانەییـــەکان کـــە درێژایـــی ســـەدەکانی ناوەڕاســـت کۆنـــترۆڵی ئەوروپایان کردبوو، دابڕانێکە و یەکەمین فەیلەسوفێکیشە کۆدێتایەك لە دژی ((ئەرستۆ)) دەگێڕێت و لەو کارەشیدا سەرکەوتوو دەبێت.. ئەو بەم کارەی سەرەتای قۆناغێکی تازەی لە مێژووی فکری ئەوروپی بە تایبەتی و مرۆڤایەتی بە گشتی دامەزراند. هەر بۆیە مێژوو نوسانی فەلسەفە مێژووی نوێگەری فەلسەفی بە دەرکەوتنی ئەو دەست پێدەکەن، چونکە قۆناغی پێش هاتنی ((دیکارت)) شتێکە و قۆناغی پاش ئەویش شتێکی ترە.. بەر لە هاتنی ئەو فەلسەفەی ((ئەرستۆتالیسی)) باڵا دەست بوو، دوای ئەوە فەلسەفەی "دیکارتی" دێتە پێشێ و شوێن بەو لەق دەکات. هەروەها ((دیکارت)) لە ڕۆژگار و سەردەمی خۆیدا زانینی خۆڕسکی لە زانینی زانستی جیاکردەوە بەمجۆرەش دابڕانێکی ئەپستمۆلۆژی دروستکرد بە سێ سەد ساڵ بەر لە هاتنە ئارای ئەم وتەزایە.

((دیکارت)) بە هۆی گومانی مەنهەجییەوە کەوتە شەن و کەوکردنی کۆی ئەو شتانەی لە ناو خێزان و قوتابخانە و چواردەورەکەیدا پێی گۆشکرابوو، لەم پێناوەشدا باجێکی قورسیدا. ئەو پێی وابوو مرۆڤ لە تەمەنی منداڵیدا و لە قوتابخانە دەکەوێتە ژێر کاریگەری تەواوی چواردەورەکەیی و مامۆستاکانی، واتە بەشێوەیەکی سلبی ئەو شتانە

وەردەگرێت کە پێی دەوترێت، لەبەر ئەوەی لەو قۆناغەدا مرۆڤ بکەر نییە بەڵکو کەسێکی کارلێکراوە. هەموو ئەو شتانەی پێی دەوترێت بە قەناعەتەوە وەریاندەگرێت و کەمترین گومانیان لێناکات و ڕاست و ڕەوانیش ئەزبەریان دەکات.. چونکە پێی وایە ناشێت گەورەکان هەڵە بکەن و بە هەڵەدا بچن. بەمجۆرە زانیاری ڕاست و هەڵە لەمێشکیدا کەڵەکە دەبن، بێ ئەوەی بتوانێت لێکیان جیابکاتەوە. بەڵام کاتێك ئەم مرۆڤ گەورە دەبێت، ئەوا مافی خۆیەتی بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لەخۆی بڕوانێت بۆ ئەوەی کۆی ئەو ڕاو بۆچونانەی پێی دراوە بیاندات لە بێژنگ و باشەکانیان هەڵگرێ و ئەوانی دیکەشیان توڕبدات(1).

زۆر جار و بە تایبەتی لە ساتە وەختی دابڕانە مێژووییە مەزنەکاندا مرۆڤ ناچارە هەر چییەك فێری بووە دەست بەرداری بێت، بۆ ئەوەی سەر لە نوێ هوشیاری خۆی دروست بکاتەوە، ئەمەش بە پرۆسەی مێشك داشۆرین دەچێت. سەردەمی گۆڕان و وەرچەرخانە چارەنوسسازەکان پێویستی بە هوشیاریەکی نوێ هەیە کە بتوانێت خۆی لەگەڵ پێودانگە تازەکاندا بگونجێنێت، هەر بۆیە ناچار دەبێت خۆی لەو هۆشیارییە کۆنە جیاکاتەوە کە بە کەڵك نەماوە. ئەم پرۆسەی دابڕانەش هەروا و بێ خوێن بەربوونێکی زۆر ناچێتە سەر، چونکە مرۆڤ بە ئاسانی ناتوانێت دەستبەرداری هەموو ئەو شتانە بێت کە بە درێژایە چەندین ساڵ لەگەڵیاندا ژیاوە. گەورەترین بەڵگەیەکیش

بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەو قسانە ئەوەیە کە ((موتەنەبی)) شاعیر دەڵێت:

***خلقت الوفا لو رجعت الى الصبا***

***لفارقت شيبى موجع القلب باكيا***

ئەگەر دابڕان لە پیری ئەم هەموو نرخەی بوێت، ئەی دەبێت دابڕان لەگەڵ منداڵی و سەردەمی گەنجێتیدا چۆن چۆنی بێت؟

دابڕانی ئەپستمۆلۆژی هەمیشە دابڕانێکی دەرونی و ویژدانی قورس و گرانی لەگەڵدایە. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە لە میللەتانی ئەوروپا ڕویدا، کاتێك ناچار بوون لە سەدەی حەڤدەهەمدا لەگەڵ ترادسیۆنە بە بەردبووەکەی خۆیاندا دابڕانێك دروست بکەن و لێی جیاببنەوە. سەبارەت بەم دابڕانە گەورەیە بیریاری فەرەنسی ((پۆل هازار)) کتێبێکی بەناوبانگی نوسی کە چەند جارێك چاپکرایەوە بە ناوی (قەیرانی هوشیاری ئەوروپی)(2). ئەم دابڕانەش هاوشانی ساتەوەختی دیکارتیزم بوو، هەردوو سەدەی حەڤدە و هەژدەی گرتەوە و سەرەنجامیش شۆڕشی فەرەنسی لێکەوتەوە. دۆزینەوە جوگرافی و زانستی و مێژووییەکان، زەمینەیان لەبەردەم ئەم پرۆسەیەدا خۆشکرد و بەشداربوون لە ڕامالینی جیهانبینی کۆن و هێنانە ئارای جیهانبینیەکی نوێ لەسەر دارو پەردوی ئەوەی پێشوو.

دەتوانین بڵێین ئەم دابڕانە لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەو لەگەڵ ((دیکارت)) و ((گالیلۆ)) دا دەستی پێکرد، بەڵام دوای تێپەڕبوونی سەدەیەك (واتە لە سەردەمی نیوتن و کانت)دا سوڕی خۆی تەواو کرد و شوێن پێی خۆی قایمکرد. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو دابڕانە ئەپستمۆلۆژیە پرۆسەیەکی دژوار و تاقەت پڕوکێن بووە. میللەتان بەمجۆرە تازە دەبنەوەو تۆز و غوباری چەندین سەدە لە خۆیان دەتەکێنن و گۆڕانکارییەکی وەهایان بەسەردا دێت وەکی ئەوەی سەر لە نوێ هاتبنەوە ناو دنیا. زۆر جار ئەم دابڕانە گەورانەش لە کەسانی مەزن و دەگمەنی وەك ((ڕینییە دیکارت))دا بەرجەستە دەبن. ئەو مرۆڤە مەزنانە سەرەتا بە شێوەیەکی فەردی و لە ناخی خۆیاندا دابڕان ئەزموون دەکەن، بەر لەوەی میللەتەکەیان لەسەر ئاستی دەستە جەمعی تاقی بکەنەوە.. ئەو کاتەی مرۆڤێکی بلیمەت دەتوانێت بەشێوەیەکی سەرکەوتوو دابڕان لەناو خۆیدا دروست بکات، بە ئاسانیش دەتوانێت ئەم پرۆسەیە بگوازێتەوە دەرەوەی خۆی و لە سەرزەمینەی واقیع جێبەجێی بکات. بەمجۆرە پێکەوە گرێدانێك لە نێوان بواری تایبەتی و بواری گشتی یان لە نێوان تاکە کەس و گروپدا دروست دەبێت. کەسایەتیە مەزنەکان دەتوانن میللەتەکانیان بە ئاڕاستەیەکی تردا بەرن و پەنجەرەیەکی نوێیان بەڕوودا بکەنەوە.

لێرەدا و لەبەردەم چرکەساتی ((دیکارت)) دا ئێستێك دەکەم بۆ ئەوەی وەسفی ئەو قەیرانە ناوەکیە بکەم کە تێیدا ژیاوە، بەر لەوەی بتوانێت دابڕانێکی وا دروست بکات و گورزی خۆی بووەشێنێت. وەك دەزانرێت ((دیکارت)) شەوێکیان سێ خەوی تۆقێنەری وا دەبینێت هێندەی نامێنێت ئەقڵی لە دەست بدات و دێوانە بێت، بەڵام دوا سات فریای خۆی دەکەوێت و دەست بە دۆزینەوە مەزنەکەی خۆی دەکات. زۆر لە نوسەران و لێکۆڵیاران باس لەو شەوە بەناوبانگە دەکەن: شەوی *10* تشرینی دووەمی *1619*(3).

ئەمە ئەوە ئاشکرا دەکات کە دامەزرێنەری ئەقڵانیەتی ئەوروپی تا ئەو ڕادەیەی ئێمە پێمان وایە ئەقڵانی نەبووە و ناچار بووە لە سەرەتادا و لە ناخی خۆیدا شەڕێکی سەخت بکات بەر لەوەی بگتە دڵنیایی. کارێکی هەر وا ئاسانیش نییە مرۆڤ ڕووبەڕووی خۆی بێتەوە یان لەگەل خۆیدا بکەوێتە شەڕەوە. لەم بارەیەوە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (وتارێك دەربارەی میتۆد) "دیکارت" دەنووسێت و دەڵێت: (من وەك ئەوانە وا بووم کە بە تەنها ڕێگایەکی تاریك و دەیجور تەی دەکەن یان بەسەر تاڵە مویەکی باریکدا دەڕۆن و هەموو کاتێك ئەگەری بەربونەوەیان هەیە، بەربوونەوە بۆ قوڵلایەکی بێ بن و بی ئامان).

لەو کاتەدا ((دیکارت)) بڕیاریدا دەست بەرداری هەموو بیرو بۆچونەکانی ڕابردووی بێت و بۆ یەکەمین جار ببێتە دیکارتیزم.

بڕیاری دابېێت بە خۆی و جیهان وەك خۆی چۆن هەیە ئاوا ڕووبەڕوی بێتەوە. لەو کاتەدا ((دیکارت)) بۆ یەکەم جار هەستی کرد لەسەر زەمینێکی قایم وەستاوە، چونکە لەوەو بەر گومان تا سەر ئێسقان سمی بووی.. ئەم پڕۆسەیەشی (واتە پرۆسەی دابڕان لە ڕابردوو) بە دروستکردنی خانویەکی تازە لەسەر داروپەردوی خانویەکی کۆن چواندبوو.

ئاشکرایە لای هەمووان ئێمە ئەو کاتە دەتوانین خانویەکی نوێ بونیاد بنێین کە خانووە کۆنەکەمان ڕوخاند بێت. ئەگەر چی ئەستەمە ئەو ماڵە کۆنە بروخێنیت کە تیایدا لە دایك بووین و گەورە بووین و ساتێکی خۆشی تەمەنمان لەوێدا بەسەر بردووە، بەڵام لەگەل هەموو ئەوانەشدا کاتێك دێت دەبێت بە ناچاری دەست لەو خانووە هەڵگرین و بەجێی بێڵین. ئەویش لەبەر ئەوەی بەکەڵکی دانیشتن نایەت یاخود لەبەرئەوەی کۆن بووە و وای لێهاتووە خەریکە بەسەریەکدا دابڕمێت.

هەربۆیە چاکتر وایە پەلە لە ڕوخاندنیدا بکەین و تا کات بەسەرنەچووە فریا بکەوین. ((دیکارت)) ئەمەی بەشێوەیەکی زۆر جوانتر لە کتێبی (ڕامانە میتافیزیکاییەکان)دا ڕونکردۆتەوەو دەڵێت::
(دوا جار بۆم دەرکەوت من لە سەرەتای تەمەنمدا بڕێکی زۆر بیر و بۆچونی هەڵەم کراوە بە مێشکدا و وەهاشم وەرگرتبوو کە ئەوانە ڕاست و دروستن و جێی گومان نین، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت هەموو ئەو

شتانەی لەسەر ئەو پرانسیپانە بونیادم نابوو شتی بێ بناغەن و ناکرێت قەناعەتیان پێ بکەم). بۆیە بڕیارمدا خۆم لەو بیرو بۆچونانە قوتارکەم و سەرەتایەکی تازە دەست پێ بکەم.

ناچار بووم کارێکی لەو جۆرە بکەم گەر نیەتی ئەوەم هەبێت شتێکی تۆکمە و کۆنکرێتی لە بواری زانستدا بونیاد بنێم. بەلآم کارێکی وەها لەو ساتە وەختەدا بەڕادەیەك بۆ من گران و تاقەت پڕوکێن بوو کە نەمدەتوانی بەرەنگاری بمەوە یان شان بدەمە بەری. هەر بۆیە ماوەیەکی زۆر چاوەڕێم کرد تا لە ڕووی دەرونی و فیکریەوە پێگەیشتم و کامڵ بووم. چاوەڕوانی زۆرم کرد و هەستمکرد لەوە زیاتر هەڵناگرێت، چونکە تەمەن دەڕۆیشت و پێدەچوو ئەو هەلەم لە دەست بچوایە گەر لەوە زیاتر چاوەڕوانیم بکردایە.. ئەوەتا ئەمڕۆ هەستدەکەم ئامادە باشی تەواوم تێدایە بۆ ئەوەی بەو کارە هەڵبستم، بە تایبەتی کە خۆم لە هەموو کێشە و سەرقاڵیەکانی تر دزیەوەو دڵی خۆشم خاڵی کرد لە گشت حەز و ئارەزوییەك.. ئێستا تەنهاییەکی هێمن و بەختەوەر دەگوزەرێنم و وەها حاڵەتێکیش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی دەست بە گەورەترین پڕۆژەی ژیانی خۆم بکەم. لەبەر ئەوە بڕیارمدا سەر لە بەری بیر و بۆچوونەکانی ڕابردووم واز لێبێنم و سەرەتایەکی تازە دەست پێ بکەم[4].

## ((دیکارت)) و یەکەمین دابڕانی ئەپستمۆلۆژی:

ئەڵبەتـە بیریـارێکی مـەزنی وەکـی ((دیکـارت)) تەنـها لـە پێنـاو وێرانـەکردندا ناکەوێتـە تێکوپێکدانـی بـیرو بۆچونــەکانی ڕابـردووی، چونکـە ئەونـە نهلیسـتییەو نـە تێکـدەرەو نــە ڕقـی لـە خۆشـی و لـە مرۆڤایەتییە. بە پێچەوانەوە ئەو بۆیە دەیەوێت دەستبەرداری ئەو بیرو بۆچونانە بێت لەبەر ئەوەی هەڵەن و بەربەستن لە بەردەم ئەوەی واقیع بەشـێوەیەکی ڕاسـت و دروسـت و وەکـی خـۆی ببینێـت. پاشـان ئـەو توانای ئەوەی نییە شتێکی ئیجابی لە بواری فیکردا بونیاد بنێت، بەر لەوەی ئەو شتانە تێکوپێك نەدات کە نا ڕاستن و بـەهۆی تەمبـەڵی و نـەزانی و حوکمـی زەمەنـەوە بونەتـە بـاوو ڕەگیـان داکوتـاوە. ئەمـەش بـارودۆخی فەلسـەفەی سکولاسـتی بـوو کـە بـە درێژایـی سـەدەکانی ناوەڕاسـت و تـا هـاتنی ((دیکارت)) لـە ئەوروپادا باڵا دەست بوو. ئـەم فەلسەفەیەش لە تەواوی خوێندنگاکانی ئەوروپادا بە زمانی لاتینـی بـە خوێندکاران دەوترایەوە. ((دیکارت))یش لە قوتابخانەیەکی بەناوبانگی ناوچـەی خۆیـان ئـەم فەلسـەفەیە دەخوێنـد. شـایەنی باسـە کـاتێك ((دیکـارت)) کەوتـە دابـڕان لەگـەڵ ڕابـردووی خۆیـدا، سـەر لـە بـەر دەستبەرداری هەموو بیرو بۆچونەکانی پێشوی نەبوو، بەڵکو هـەندێك

شت لە فەلسەفەکەیدا مانەوە، بەڵام دوای ئەوەی گۆڕانیان بەسەردا هاتوو ئاڕاستەیەکی تازەیان وەرگرت.

ئەوەی لێرەدا گرنگە بەلای ئێمەوە باسی لێ بکەین ئەوەیە کە بونیادنانی شتی نوێ لەسەر پاشماوەکانی ڕابردوو وەکی خۆی کارێکی سەرکەوتوو نابێت. بونیادنان دوای کێشمە کێش و ململانێی توند لەگەڵ ڕابردوو دا دەست پی دەکات و تەنها لە ڕێی ئەم ململانێیەشەوە حەقیقەتێکی نوێ دێتە ئارا. ئەمەش تەواو لەگەل ئەو قسەیەی ((باشلار))دا یەك دێتەوە، بەڵام لای ئەو بەشێوەیەکی کامڵتر و ئاشکراتر دەردەکەوێت.. لەبەر ئەوەی ((باشلار)) سی سەدە دوای ((دیکارت)) هات و لەو ماوە درێژەشدا زانست پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینی. بەمجۆرە دەکرێت نەوەی نوێ سود لە ئەزمونی مێژوویی دوورو درێژی پێشینان ببینن و پەند لە تاقیکردنەوەی ئەوان وەربگرن. بۆ نمونە ((باشلار)) لەوەدا لەگەل ((دیکارت))دا هاوڕایە کە دەڵێت: (پێویستە جیاوازی لە نێوان زانینی خۆڕسك و زانین زانستیدا بکەین.. هەروەها هەردووکیان پرۆسەی گومانکردن لە هەستەکانمان بە کارێکی پێویست دەزانن، لەبەر ئەوەی ڕەنگە لە هەر ساتە وەختێکدا بە هەڵەماندا بەرن و وامان لێبکەن پێمان وابێت ئێمە لە هەموو شتێك بە ئاگاین لە کاتێکدا پێچەوانەکەی ڕاستە).

وەك ئاشـكرایە ((رینییـە دیكـارت))ی دامەزرێنـەری ئەقڵانیـەتی ئـەوروپی پێـی وابـوو دەبێـت هـەموو بـیرو بۆچونـەكان گومانیـان لـێ بكرێـت و بـەر لـەوەی ڕاسـت دروسـتیان نـە سـەلمێنین باوەڕیـان پـی نەكـەین. تەنانـەت ئـەو داوای ئـەوەی لێدەكردیـن گومـان لـە نزیكـترین و بەنرخترین ئەو شتانە بكـەین كـە هەمانـە بۆ ئـەوەی بـە باشـی هـەڵیان بسـەنگێنین و لـە هـەموو گـەردو گواڵێكیـان پـاك بكەینـەوە.. هیـچ ئایدیایـەك بـەر لـەوەی گومـانی لێنـەكرێت و تـاقی نەكرێتـەوە. نـابێت باوەڕی پێ بهێنین. ((دیكارت)) بەم كارەشی دەیویست ئاستێك بۆ كەلە پـوری ((ئەرسـتۆ تـالیس)) دابنێـت، چونكـە وەك دەزانرێـت لـەو سـەردەمەدا هـەر كەسـێك ئـەوەی بـەس بـوو نموونـە بـە ((ئەرسـتۆ)) بهێنێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵكی بێ هیچ چەند و چونێك بڕوا بە قسەكانی بكەن.

بەڵام ((دیكارت)) ئەم كارەی پی پەسەند نەبوو. لەم سەروبەندەشدا جیاوازی سـەرەكی لـە نێوان ((باشـلار)) و ((دیكـارت)) دا ئـەوە بـوو كـە ((باشلار)) نەیدەتوانی بڕوا بە بوونی ئەقڵێكی سەرمەدی و نەمر بكات كە لە سەرو كات و شوێنەوە بێت وەك ئـەوەی ((دیكـارت)) پێـی وابـوو، چونكە ئەقڵ خۆشیی مێژووی هەیە و پابەندە بە هەلومەرج و تواناكانی ئـەو سـەردەمەوە. هـەروەها (باشـلار)) نـەیدەتوانی بڕوابـە بوونـی بـیروبۆچونی خۆڕسـك یـان ئـەزەلی بكـات كـە دەكەوێتـە پێـش هـەموو

ئەزمون بەریەك كەوتنێك لەگەل واقعدا، وەك ئەوەی ((دیكارت)) باوەڕی پێی هەبوو. لەبەر ئەم هۆیە و هۆكار گەلێكی دیكەش، ((باشلار)) داوای دەكرد ئەپستمۆلۆژیایەكی دیكە جیاواز لە ئەپستمۆلۆژیای ((دیكارت))ی بهێنرێتە ئاراوە.

ئەمە لە گەورەیی ((دیكارت)) كەم ناكاتەوە، بەڵام بەڵگەی ئەوەیە كە ڕەگەزگەلێكی فەلسەفەكەی ئەو مردون و چاكتر وایە دەستبەرداریانبین، ئەمەش لە پێناو ئەوەی زانست هەنگاوێكی تر بەرەو پێش بەرین. پرۆسەیەكی واش بریتییە لە دابڕان بە مانای پڕاو پڕی وشەكە. سەروەختێك كەلەپوری ڕابردوو چەق دەبەستی و توانای بەردەوامێتی خۆی لە ڕێی هێزو شكۆی مێژوویەوە بە دەست دێنێت، لەو كاتەدا دابڕان دەبێتە پرۆسەیەكی ناچاری. ئەمەش یاسای هەموو شتەكانی ناو بوونەو هەر فەلسەفەیەكیش چەند گەورە بێت و بەهرەی خاوەنەكەی هەرچەندە بێت ناتوانێت تا سەر بەردەوام بێت.. ئەم قسەیە فەلسەفەی گەورە فەیلەسوفانی وەك ((ئەرستۆ و دیكارت و كانت و هیگڵ و ماركس و.. هتد)) دەگرێتەوە.

بەڵام بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە تەواوی فەلسەفەی ئەم فەیلەسوفانە كۆتاییان هاتووە و بەكەڵكی هیچ نایەن، نا هەرگیز. ئێمە تەنها دەمانەوێت بڵێین شتە ئیجابیەكانیان ماون و بونەتە بەشێك لە میراتی فیكری مرۆڤایەتی.. لێرەدا جێی خۆیەتی باس لەوە بكەین كە

واقیع بەردەوام بەو شتە نوێیانەی بەرچاومان دەخات و فەیلەسوفانی پێشوو پەییان پی نەبردووە دوچاری سەر سوڕمانمان دەکات، هەر ئەمەشە وا دەکات بەردەوام فەلسەفەی نوێ بێتە ئارا. بۆیە ئەوانەی لە ناو سستمێکی فەلسەفی دیاریکراودا گیردەخۆن و دەرگا لەسەر خۆیان دادەخەن، دەبنە کەسێکی دۆگما و لە بزاوتی ژیان و فیکر دادەبڕێن. لە پای ئەمەدا بوو ((باشلار)) چووەوە بە گژ فەیلەسوفانی سەردەمەکەی خۆیدا و بە میسالیەت و دابڕان لە بزاوتی زانست و جوڵەی واقیع تاوانباری کردن..

((باشلار)) داوای دەکرد فەلسەفەی (نەرێ) بهێنرێتە ئارا، واتە ئەو فەلسەفەیەی بە بەردەوامی ئێستا ڕەتدەکاتەوە لە پێناو ئەوەی شتێکی نوێ بدۆزێتەوە یاخود شتێکی نوی سەرباری شتەکانی پێشوو بخات. ئەم فەلسەفەی (نەرێ)یەش ئیجابییە نەك سلبی بێت، چونکە فەلسەفەی (ئەرێ) و ملدان بە واقیع نابێتە مایەی جولاندنی شتەکان و پێشکەوتن.

تەنها فەیلەسوفە گێرە شێوێنەکان دەزانن چۆن بڵێن (نا) و تەنها ئەوانیش دەبنە مایەی بەرو پێشچونی مرۆڤایەتی. هاوکات ((باشلار)) داوای دروستکردنی هێنانە ئارای (ئەقلانیەتێکی پراکتیکی) دەکرد کە سەرچاوە لە توێژینەوەی زانستی و ئێمبرقیەوە بگرێت.. لەبەرئەوە ((باشلار)) توانی ببێتە ((دیکارت و کانت))ی سەردەمی نوێ، چونکە

تیۆرِیایەکی وای هێنایە ئارا کە لەگەڵ گەشەی زانستی سەردەمەکەی خۆیدا دەگونجا. هەر کاتێك زانست قەڵەمباز بدات و بچێتە پێش، پێویستمان بە فەلسەفەیەکی نوی دەبێت. هەر فەیلەسوفێك پێشکەوتنی زانست بە هێندە وەرنەگرێت و پرۆسەیەکی وا لەبەرچاو نەگرێت خۆی لە جوڵەی سەردەم دادەبڕێنێ و بە دەستی خۆی خۆی پەراوێز دەخات. ((باشلار))یش زیاد لە هەر کەسێکی دی پەی بەو مەسەلەیە بردووە و ئەو پێی وا بوو فەلسەفە دوای هاتنە ئارای تیۆریای ڕێژەی ((ئەنشتاین)) و تیۆریای میکانیکی نابێت وەك خۆی بمێنێتەوە، چونکە دوای ((ئەنشتاین)) دابڕانێك لە ڕەوتی زانستدا دروست دەبێت و بەم پێیەش پێویستە هاوشان بەوە لە بواری فەلسەفەشدا هەمان دابڕان ڕوبدات. هەر ئەمەش بوو ((کانت)) لە سەردەمی خۆیدا کرد، کاتێك پەی بە گرنگترین ئەو دەرەنجامانە برد کە لە مەزنترین ڕوداوی زانستی سەردەمەکەی خۆی کەوتنەوە: ئەویش ڕوداوی هاتنە ئارای تیۆریای کێشکردن و میکانیکی ((نیوتن)) بوو.

## ((باشلار)) و دووەمین دابڕانی ئەپستمۆلۆژی:

لێرەدا قسەکردن جێدێڵم بۆ یەکێك لە گەورە ئەپستمۆلۆژیەکانی فەرەنسا و مامۆستای هەموو فەیلەسوفەکان لە "فۆکۆ" وە بۆ "بۆردیۆ"، تا تیۆریاکەی "باشلار" و دەستکەوتەکانی ئەومان بۆ باس بکات. واتە وازدێنم "جۆرج کانجێلم"ی خوێندکاری "گاستۆن باشلار" قسە بکات. "کانجێلم" ساڵی *1965* وەك مامۆستای فەلسەفەی زانست لە زانکۆی سۆربۆن جێی "باشلار"ی گرتەوە[5]. بابزانین "کانجێلم" دەربارەی ئەپستمۆلۆژیای "گاستۆن باشلار" واتە فەلسەفەی زانست دەڵێت چی؟ ئەو (واتە کانجێلم) (ئەپستمۆلۆژیای باشلار) لەم سێ تەوەرە سەرەکیەی لای خوارەوەدا کۆدەکاتەوە:

*1- ئەو لەو یەتدانی تیۆرەیی بە هەڵە:*

لەسەرەتادا هەڵە هەبوو نەك ڕاست، هەڵە هەبوو نەك حەقیقەت. بە واتایەکی دی حەقیقەت لە کۆتایی ململانێکردنی لەگەل هەڵەدا دەردەکەوێت. حەقیقەت شتێکی پێشوەخت و پێدراوێکی ئامادەکراو نییە، بە واتایەکی دی: کاتێك سەرنجی واقیعی بابەتی دەدەین دەبینین کە حەقیقەت دابڕاو نییە لە هەڵە، بەڵکو لە ژێر داروپەردوی هەڵەدایە یاخود دەوری بە تۆڕێك لە هەڵە تەنراوە، هەموو لێهاتویی ئێمەش

لەوەدایە چۆن بتوانین ڕوبەڕوی ئەو هەڵانە ببینەوە و پەی بەو حەقیقەتە بەرین کە لەوێدایە. ئەمەش پێچەوانەی ئەو دیدگامیسالیە باوەیە کە پێی وایە حەقیقەت بە تەنها لە لایەکەو هەڵەش لە لایەکی تر. هەر لەبەرئەوە "گاستۆن باشلار" دەڵێت: (ناکرێت مەعریفەیەکی زانستی ڕاست و دروست پێکبهێنین تەنها لەسەر دارو پەردوی مەعریفەیەکی نا ڕاست نەبێت). ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ڕادەی ئەو ململانێ توند و تیژەی دژ بە تا ڕاستی هەیە لە پێناو گەیشتن بە ڕاستیدا. حەقیقەت لە ڕێی ململانێکردن لەگەڵ واقیعدا بە دەست دێت و هەر وا بە ئاسانی خۆی نادات بە دەستەوە.

***2- بەکەمزانینی ئەو مەعریفەیەی لە ڕێی هەست و مەزەنەوە دەستمان دەکەوێت:***

وەها مەعریفەیەك تەنها سودێکی هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەبێت لەناوی بەرین. مەعریفەی زانستی لە ڕێی مەزەندەوە یان خۆبەخۆ دروست نابێت، بەڵکو لە ڕێی ئەزمون و پراکسیس و بەکارهێنانی ئامڕازەکانی پێوانەی زانستییەوە دەستەبەردەبێت. ئەمەش تاکە مەعریفەیەکە دەشێت متمانەی پێ بکەین و لێی دڵنیا بین.. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە مەزەندەکردن هەندێك جار کەڵکی نییە، بەڵام ناکرێت بەردەوام بەرینە بەر و پشتی پێ ببەستین. مەزەندەکردن تەنها یەکەمین قۆناغە و دوای ئەوە دەبێت وازی لێ بێنین.

### 3-تەنها لە ڕێی واقیعەوە دەتوانین لە واقیع تێبگەین:

بەو مانایەی دەبێت یەکەم جار مافی قسەکردن بدەینە دەست واقیع خۆیی و خەون و خۆزگەکانی خۆمانی نەکەینە بەر. ئەو کات دەتوانین لە نهێنیەکانی واقیع و جەوهەری ناو واقیع خۆی بگەین. لەبەر ئەوەی زۆر لە کەسانی سەرکێش و جادوباز لەمە بێئاگان و بە هێندی وەرناگرن، ئەوا دەکەونە هەڵە تێگەشتن لە واقیع و دواجار زەرەرمەندی گەورەش هەر خۆیان دەبن و مایە پوچ دێنە دەر. واقیع هەروا بە ئاسانی خۆی نادات بە دەستەوەو بەپێی خواست و ئارەزوی ئێمەش ناگەڕێت، بەڵکو بە پێی لۆژیکی تایبەتی خۆی و یاسا ناوەکیەکانی خۆی دەجولێت.. هەر بۆیە دەبێت ئێمەش بەم پێیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین بۆ ئەوەی لە دوایدا دوچاری نا ئومێدی نەبین. ئەڵبەتە ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە گۆڕینی واقیع کارێکی مەحاڵە یان ناتوانین هیچ شتێك لە بەرانبەریدا بکەین، بەڵکو دەمانەوێت بڵێین گۆڕان دوای تێگەیشتن لە بونیادی واقع و توانستەکانی دێتە دی.. ئەوانەی گۆڕانکاری ڕاستەقینە دروست دەکەن ئەوانەن کە دەزانن چۆن چۆنی مامەڵە لەگەڵ واقیعدا دەکەن و هەوڵی ئەوە نادەن نەواقیع ڕەتبکەنەوە نە بازی بەسەردا بدەن و فەرامۆشی بکەن.

ئەم کارە ئەو کەسانە دەیکەن بەر لەوەی هەوڵی گۆڕینی واقیع بدەن، پەی بە ڕێساکانی واقیع دەبەن و ڕادەی قورسی و گرانی ئەو کارە دەزانن. بۆ ئەوەی ئەم سی پرانسیپە ئەپستمۆلۆژیە تەفسیر بکەین یاخود کەمێك بە درێژی باسیان لێ بکەین ئەوا لێرەدا دەڵێین: (ئامانجی زانست وە دەرنانی هەڵەیەو جێ لەقکردنە بە نەزانی). ئەڵبەتە ئەمە شتێکە هەمووومان کۆکین لەسەری و بڕاوەتەوە، بەڵام زۆربەی فەیلەسوفانی بەر لە "باشلار" پێیان وابوو هەڵە بە تەنها ڕوداوێکی لاوەکییەو هیچی تر!.. کەچی "باشلار" -تایبەتمەندی ئەویش ئالێرەدایە– پێی وایە هەڵە شتێکی سەرەکیە و ڕۆحی مرۆڤایەتیش سەرچاوەیەکی بە بڕشتە بۆ هەڵە کردن. هەڵەش بە تەنها وەزیفەیەکی سلبی نییە وەك تیۆریای ئایدیالیستی و ئەبستراکتی پێیان وابوو بەڵکو هەندێ جار ڕۆڵی ئیجابیشی هەیە. واتە دەکرێت هەندێ جار هەڵە ڕۆڵێکی ئیجابی ببینێت لە بەرهەم هێنانی زانیندا!

هاوکات بە بۆچونی "باشلار" نەزانین بریتی نیە لە نەبوونی مەعریفە بەقەد ئەوەی زەمینەیەکە لێیەوە ئەگەری سەرهەڵدانی مەعریفە لە ئارادایە. سەرەتا هەڵەو نەزانین هەبوو، دواتر ڕوناکی زانین هات بۆ ئەوەی دڕ بە شەوەزەنگی جەهل و نەزانین بدات. پاشان لە قۆناغی دواتر دا هەڵە و نەزانین کەڵکە دەبن و سەر لە نوێ پێویستمان بەوە

دەبێت نەیانهێڵین. بەم پێیە دەتوانین باس لە دیالەکتیکی ڕاست و هەڵە، جەهل و زانست، ڕوناکی و تاریکی بکەین.

لەهەر قۆناغێکدا نەزانین زیادی کرد و گەیشتە ئەوپەڕی، لەوکاتەدا زانست وەك پەرچە کردارێك سەر دەردێنێت. زانست بریتییە لە دروستکردنی دابڕانێك لەگەل ئەو چەمك و دەستەواژانەی بەسەرچوون و کەڵکیان نەماوە، ئەم دابڕانەش لە ڕێی مشتومڕ و ململانێی ناوخۆییەوە دروست دەکات.

لەبەر ئەوە "باشلار" زیاد لە هەر کەسێکی دی جەخت لەسەر چەمکی (ئافەرۆزکردن) دەکاتەوە، بەو سیفەتەی ئەمە هەڵوێستێکی سەرەکیەو خەسڵەتی هەموو زانا ڕاستەقینەکانە. ئەڵبەت مەبەستم ئافەرۆزەکردنی ئەو هەڵە باو و تیۆریا بێ بناغانەیە کە بەهۆی حوکمی ڕۆژگار و کێش قورسایانەوە ماونەتەوەو لە ئارەدان. لەم پێناوەدا "باشلار" کتێبێکی تایبەتی تەرخانکرد بۆ (فەلسەفەی نەرێ)، ئەو فەلسەفەیەی سازش ناکات و بەردەوام ناڕازییە و هەوڵی ڕەتکردنەوەی هەڵە و نەزانین دەدات. تەنها بەم میتۆدەش دەتوانین بکەوینە دژایەتیکردنی شتە باوەکان و پەی بە حەقیقەتیش بەرین.. حەقیقەت هەروا بە ئاسانی بە دەست نایەت و باجی دەوێت، هەندێك جار باجی قورس و گرانیشی دەوێت. ئەمە کرۆکی تێڕوانینی "باشلار"ە بۆ حەقیقەت و زانست کە تێڕوانینێکی زانستی و ئەزموونگەریشە.

تێڕوانینێکە دەرەنجامی مومارەسەکردنی زانستە بە فیعلی، نەك تەنها لە ڕێگای تیۆرێکی ئەبستراکتەوە بێت وەك ئەوەی ئەو ئایدۆلۆژیستانە دەیکەن کە لە خۆیانەوە قسە فڕێ دەدەن.. "باشلار" بە فیعلی و بەشێوەیەکی عەمەلی لە لابورەکانی فیزیاناسی و کیمیاناسیدا مومارەسەی زانستی دەکرد و دوای ئەوە ڕێی دەدا بە خۆی کە فۆرمەلەی پرانسیپە ئەپستمۆلۆژیەکان بکات. هەر لە بەر ئەوەش میتۆدەکەی ئەو سەرکەوتنی بەدەست هێناو لە سەرجەم کایە زانستیەکانی تردا و بە تایبەتیش لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو.

پاشان "باشلار" دەڵێت: (واقیع بوونی پێش زانست ناکەوێت و ناشکەوێتە دەرەوەی زانست.. ئەو واقیعە ئاساییە ڕاستەوخۆیەی بە چاوی خۆمان دەیبینین و پەی پێ دەبەین، واقعی ڕاستەقینە یاخود زانستی نییە.. واقعی ڕاستەقینە ئەوەیە کە زانست دروستی دەکات یاخود زانست لە لابورەکاندا دایدەڕێژێت و یاساکانی هەڵدەهێنجێت. ناکرێت تەواوی واقیع کۆنترۆڵ بکەین یان ورد درشتی تاوتوێ بکەین و واتە ناتوانین بەیەکجاری واقیع تەفسیر بکەین. هەرگیز توانای ئەوەمان نابێت دوا قسە لەسەر واقیع بکەین، بەڵکو تەنها ئەوەمان بۆ دەکرێت کە لێی نزیك بینەوە یان مەعریفەیەکی نزیکخەرەوەی لەبارەوە دروست بکەین). سەبارەت بەم مەسەلەیە "گاستۆن باشلار" کتێبێکی لەژێر

سەردێڕی (وتارێك دەربارەی مەعریفەی نزیكخەرەوە)دا نوسی. ئەڵبەتە تیۆریا و فەلسەفەیەك چەند گەورەش بێت توانای ئەوەی نییە دوا قسە لەسەر واقیع بكات، بۆیە بەردەوام تیۆریای زانستی تازە دەربارەی واقیع دێتە ئاراو سەر هەڵدەدات.

هەر تیۆریایەك بۆچونێكی نوێمان سەبارەت بە واقیع بەردەست دەخات و بە تیۆریای پێش خۆیدا دەچێتەوە، بۆ ئەوەی لە حەقیقەتێكی زانستی نزیك بخاتەوە. بەمجۆرە و تا مرۆڤ لە ژیاندا مابێت زانست بەكراوەیی دەمێنێتەوە. لێرەوەیە داهێنان و دۆزینەوە زانستیەكان بەردەوامن و كۆتاییان نایەت.. هەر دۆزینەوەیەكی تازەش، زیاتر لە حەقیقەتی واقیع و تەفسیركردنی واقیع (یان تەفسیر كردنی مادەو گەردیلە و ناوەڕۆكی گەردون) نزیكمان دەخاتەوە.

ئەگەر هەڵێنجانی واقیع شیاوبوایە، ئەوا پێشتر فەلسەفەكەی "ئەرستۆ" یاخود فەلسەفەی "دیكارت" یان "كانت" یاخود "هیگڵ" ئەوەیاندەكرد.. لە بەرئەوە "باشلار" دەڵێت: (حەقیقەت ئەو هەڵەیەیە كە بەردەوام ڕاست دەكرێتەوە!) لەم سەروبەندەدا "باشلار" جەخت لەسەر ئەم پرانسیپە ئەپستمۆلۆژیە سەرەكیە دەكاتەوە كە دەڵێت: (پێویستە هەر كاتێك خود هەنگاوێكی مەعریفی بڕی بەشێوەیەكی ڕەخنەگرانە بگەڕێتەوە لای خۆی و ڕەخنە ئاراستەی خۆی بكات). جیاوازی نێوان توێژەری زانستی و وتاربێژی ئایدۆلۆژیش لێرەدایە.

توێژەری زانستی هەر ئەوەندەی لە توێژینەوەکەیدا ماوەیەك چووە پێش ئێستێك دەکات و بیر لەوە دەکاتەوە بگەڕێتە دواوە، بۆ ئەوەی چاوێك بەو کارەدا بخشێنێت کە کردویەتی و هەڵەکانی ڕاست بکاتەوەو دەستکاری هەندێك دەستەواژە بکات، هەروەها ئەو بیرو بۆچونانەش ڕونبکاتەوە کە گران و تەلیسماوی دێنە پێش چاو. توێژەری زانستی شەرم ناکات لەوەی دان بەکەم و کوڕی و هەڵەکانی خۆیدا بنێت، لە کاتێکدا ئایدۆلۆژیست شتێکی لەو جۆرەی پێ قبوڵ نییە و کەموکوڕی لە کارەکانی خۆیدا نابینێت.

ئەم پێداچونەوە ئەپستمۆلۆژیە بەخوددا دەبێتە مایەی بەرەو پێشچونی فیکر و توێژینەوەی زانستی. ئەمەش تەعبیرە لە بونی عەقڵیەتێکی شێلگیر و زەینێکی ڕون. زۆرێك پێیان سەیر بوو چۆن چۆنی پیاوێکی ئەقلانی وەکی "باشلار" پرۆژە زانستی و ئەپستمۆلۆژیەکەی خۆی دەخاتە ژێر سایەی دەرونشیکارییەوە! بەلام ئەوانە بێ ئاگابوون لەوەی کە بۆچونی "باشلار" بۆ ئەقلانییەت جیاوازە لە بۆچونی سەردەمی ڕۆشنگەری و فەلسەفەی پۆزەتڤیزم. ئەم جۆرە تێڕوانینەی سەردەمی ڕۆشنگەری و فەلسەفەی پۆزەتڤیزم بۆ ئەقلانییەت کە لە هەردوو سەدەی هەژدە و نۆزدەدا لە ئارادا بوو زیاد لە پێویست گەشبین بوو. هەروەها پێی وابو ئەقڵ تەواو جیاوازە لە نا ئەقڵ و دەتوانێت بەیەکجاری و

له ڕێی پێشکەوتنی بەردەوامیەوە هێزی خورافات و خەیاڵ و ناڕاستی لەناوبەرێت.

بەلاّم تایبەتمەندی "باشلار" لەوەدایە کە پەی بە پەیوەندی دیالەکتیکی نێوان ئەقڵ و نائەقڵ و ڕاستی و هەڵە برد. "باشلار" بۆ یەکەمجار و دوای هەر یەك لە "نیچە و فرۆید" درکی بەوەکرد خەیاڵ بەو ڕادەیە زیان بەخش نییە و ئەقڵی پۆزەتڤیش بەهەڵەداچووە کە دەیەوێت بە تەواوەتی نەیهێڵێت و لەناوی بەرێت، چونکە پێکهاتەی دەرونیمان لە (ئەقڵ و خەیال، هەست و نەست) پێکدێت و خەون و خەیاڵیش بەسەرچاوەیەکی بە بڕشتی مەزەنە گەورەکان و هەڵە مەزنەکان و دۆزینەوە زانستیەکان دەمێننەوە.. "باشلار" دەیزانی لە ناخماندا چاوگێکی لەبن نەهاتوو هەیە بۆ بەرهەم هێنانی هەڵە و وێنەی خەیاڵی مەزن و خەیاڵپلاّوی ئەفسوناوی. هاوکات پێی وابوو هەڵە نیشانەی لاوازی نییە، بەڵکو بەڵگەی بەهێزیە. واتە "باشلار" ئەو پرۆژە پۆزەتڤستیەی بەلاوە پەسەندنییە کە دەیەوێت خەیاڵ لەناوبەرێت. ئەم پرۆژە پۆزەتڤستیە شارستانیەتی تەکنۆلۆژی خۆرئاوای هێنایە ئارا، بەلاّم لە هەمان کاتدا بووە مایەی دروستکردنی ئەقلاّنیەتێکی ئامێری و ماتماتیکی ساردو سڕ. ئەم ئەقڵە خاڵییە لە ویژدان و خەیاڵ و خواستی ئینسانی. ئەم ئەقڵە ئەقڵی قازانج و زیان و ئەقڵی ئەو کۆمپانیا سەرمایەداریە زەبەلاحانەیە کە چاویان تێر نابێت..

"باشلار" دەیەوێت لە ڕێگای ئیعترافکردن بە دووڕەهەندی سەرەکی ئینسانی وەك: (ئەقڵ و خەیاڵ و مادەو ڕۆح) هاوسەنگی بۆ مرۆڤ بگەڕێنێتەوە، بەلاَم هەرچی پۆزەتڤیزمە دەخوازێت مرۆڤ تەنها کورتبکاتەوە بۆ ئەقڵ و مادەو ژمارەی بانکی و.. هتد. "باشلار" ئەم ئاڕاستەیەی بە هەڕەشەیەك دەزانی بۆ سەر ئایندەی شارستانیەت و هەر ئەم ئەقلانیەتە ئامێرخوازە هەلپەرستەش بوو کە ڕەخنەگرانی مۆدێرنە لە قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە بۆ "یۆرگن هاپرماس" و تا "میشیل فۆکۆ" کەوتنە سەرکۆنەکردنی، (ئەڵبەتە دەبێت لێرەدا ئەو جیاوازیە گەورەیەی لە نێوان فۆکۆ و هاپرماسدا هەیە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی مۆدێرنە لەبەرچاوبگرین)[6].. شایەنی باسە ڕەخنەگرتن لە پرۆژەی مۆدێرنە لە "مارکس و نیچە و فرۆید"ەوە دەستی پێکرد. هەر شارستانیەتێك نەتوانێت هاوسەنگیەك لە نێوان ئەقڵ و ویژدان یان لە نێوان مادەو ڕۆحدا دروست بکات، شارستانیەتێکی ناتەواوە و کەموکوڕی تێدایە..

# پەراوێزەکان

1-"هـنری گۆهـێ"ی گـەورە مێژونوسـی فەلسـەفە لـە فەرەنسـا کتێبێکـی تایبـەتی بـۆ تـاوتوێکردنی ئـەم مەسـەلەیە لای "دیکـارت" تـەرخانکرد، بڕوانـە: (*Henri Gouhier: Essais dur Des Cartes, Paris, 1973*).

***2-Paul Hazard: Lacrice dela conscience europeenne, paris, 1935.***
***3-Jacques maritain: le songe de Descartes. Paris ,1932.***
***4-paul valery: les pages immorte llesde Descartes. Paris,1941.***
***5-p. Bourdieu: lemetier du sociolo gue, paris, 1968, p.119-124.***
***6-Didier Eribon: michel foucault et ses contem porains. Gallimard, 1993.***

**سەرچاوە**: گۆڤاری (نزوی)، ژمارە (32).

# سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەری ئەڵمانی

لە بەراییەکانی سەدەی بیستەمدا "شەکیب ئەرسەلان" پرسیارە بەناوبانگەکەی خۆی کرد: بۆچی موسوڵمانان دواکەوتن و میللەتانی دیکە پێشکەوتن و بەرەو پێش چون؟ من لێرانەدا ئەم پرسیارە هەڵدەگێڕمەوە بۆ ئەوەی بگەمە هەمان دەرەنجام. بڕوا ناکەم ئەم ساتەوەختەش ڕۆشنبیرانی ئێمە سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و تەقەللایە بۆ نوێکردنەوەی فیکری عەرەبی و ڕەخنەگرتن لە کەلەپورو پێداچونەوە بە ڕابردو.. هتد، وەڵامی پرسیارەکەی "شەکیب ئەرسەلان"یان دابێتەوە. هۆکەشی ئەوەیە ئێمە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، پێویستە لە یەك کاتدا هۆکاری پێشکەوتنی میللەتانی دیکەو دواکەوتویی خۆمان بزانین.

بەڵام تا ئێستا سەرباری هەندێك هەوڵی جدی و دڵسۆزانە لێرەولەوێ، لە هیچ یەك لەو هەوڵانەماندا سەرکەوتوو نەبوین. من پێموایە هۆی سەرنەکەوتن هەر بە تەنها ناگەڕێتەوە بۆ نەبونی ئازایەتی

بۆ شۆڕبونەوە بە ناخی شتەکاندا، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە کە بەهرەو سەلیقەی زانستی و فەلسەفیمان نییە تا بەو ئەرکە هەڵبستین.

پێویستە لە وتنی ئەم ڕاستیە شەرم نەکەین و لە سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ ناو پۆلەکانی خوێندن لە ڕوو دانەمێنین، بۆ ئەوەی فێری شێوازی بیرکردنەوەی زانستی بین بە سەرجەم میتۆدو تێرم و کەرەستەکانیەوە. چونکە تەنها ئەوە لەباریدایە دەستنیشانی نەخۆشیەکانمان بکات و ئەو دەردەشمان بۆ چارەسەر بکات کە بە دەستیەوە دەناڵێنین، ئەوەتا ئێمە تا هەنووکە نە بۆمان دەستنیشان دەکرێت و نە چارەسەریش کراوە. بگرە بەم دواییانە خراپتر بوو، بە تایبەت پاش کارە تیرۆرستیەکانی یانزەی سپتەمبەر و ئەو ڕووداو و گۆڕانکاریانەی بەدوایدا هاتن.

هەرچۆنێك بێت مەبەستی من لە ڕانانی مێژووی ڕۆشنگەری ئەوروپی تەنها تێگەیشتن نییە لە نهێنی پێشکەوتن و باڵادەستی ئەوانی تر، بەڵکو بۆ ئەوەیە بزانین کە چۆن چۆنی بیریاران لە چرکەساتێکی مێژوویی‌دا بەرپرسیارێتی خۆیان بەرامبەر بە گەل و نەتەوەکەیان لە ئەستۆ گرتووەو چۆنیش توانیویانە دەست بخەنە سەر پەتاو نەخۆشیەکانی میللەتەکانیان. پاش جەنگی سی ساڵە (*1618-1648*) ئەو جەنگە ناوخۆییە ترسناکەی شارو گوندەکانی ئەڵمانیای بەسەر یەکدا ڕوخاندو بە هەزاران کەسی لە دانیشتوانەکەی لەناوبرد،

حاڵی نەتەوەی ئەڵـەمانی لـە حـاڵی ئێمـە چاکـتر نـەبوو. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا فیکـری ئـەقڵانی یـاخود ڕۆشـنگەری لـە دوای ئـەو جەنگـەو لەسـەر داروپـەردوی ئـەو شـەڕە هاتـە ئارا. ڕەنگـە هـەندێك بڵێـن: ئەمـە دوفاقیەتێکی سەیرە.. نەخێر، دوفاقێتی نییە.. لەبەرئەوەی بە داخەوە میللـەتان کاتێك تێدەگـەن و حاڵی دەبن کە باجێکی گـەورە بدەن. ئـەم قسەیە بۆ تاکەکەسیش ڕاستە.. دەبوو ملیۆنـەها مـرۆڤ ببنـە قوربـانی جـەنگێکی مەزهـەبی بێئامـان، بۆ ئـەوەی فەیلەسوفانی ئەڵـەمان بوێـرن تاکە پرسیارێك لە پیرۆزییەکانی خۆیان بکەن: واتـە پرسیار ئاڕاستەی ئـەو تیۆلۆژیا مەسـیحیە تەقلیدیـە بکـەن کـە سـەدان سـاڵ بـوو وەکـی میراتی لە باب و باپیرانیانەوە بۆیان مابووەوە!

ڕۆشنگەری لە ئەڵمانیادا کەی دەستی پێکرد؟ لـە کۆتـایی سـەدەی حـەڤدەو لەسـەر دەسـتی "لایبنـتز" (*1716–1646*) هاتـە ئـارا، واتـە هـەر دوای جەنگی سی ساڵە دەستی پێکرد. وا دیارە مـرۆڤ تـا ئاگرەکـە نەگاتە بەر ماڵەکەی ناکەوێتە خـۆی.. ئەوکات دەکەوێتـە پرسیارکردن: ئەوە بۆچی ڕوویدا؟ بۆچی کاتۆلیکی و پرۆتستانتەکان کە هـەردوکیان سەر بە یەك ئاینن و خاوەنی یەك کتێب و یەك زمانن، کەوتنـە لەتوپـەت کردنی یەکتری؟ ئایا بەدەر لەم شێوە تەقلیدیە توندڕەوەی بووە مایـەی ئەو مەرگەساتە، ڕێگەیـەکی دیکە شك نابـەین بـۆ تێگەیشـتن و حـاڵی بوون لە ئاین؟ لەو چرکەساتەوە ڕۆشنگەری وەکی بزاوتێکی مێژوویی

تازەپێگەیشتوو فۆرمەلە بوو، کەوتە شەڕێکی قورس و درێژخایەن لەگەڵ هێزە داخراوو دۆگماتیستەکانی تیۆلۆژیای مەسیحی. پاش ئەوەی ئەوروپا ئەو شەڕەی لەگەڵ خۆیدا یەکلایی کردەوە، توانی قەڵەمبازێکی گەورە بدات و ئەمەش وای لێکرد بۆڕی تەواوی میللەتانی دنیا بداتەوە.

ڕاستە ڕۆشنگەری ئەڵمانی لە سەرەتایدا بزاوتێکی جەماوەری نەبوو، بەڵکو تەنها تایبەت بوو بە مامۆستایانی زانکۆو زانایان و گەورە فەرمانبەرانی دەوڵەت و خەڵکانی ڕۆشنبیر. ئەوەش ڕاستە کە زۆربەی خەڵك هەر چاو لە دەستی پیاوانی کڵێسا بوون، بەڵام لە ڕێی کردنەوەی قوتابخانەو زانکۆو دەرچواندنی ڕۆژنامەو بڵاوکردنەوەی زانین و زانیاری لە ڕێی کتێبی چاپکراوەوە بە ڕێژەیەکی زۆرو لەسەر ئاستێکی بەرفراوان، ئیتر ڕۆشنگەری بەرەبەرە دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد تا گەیشتە توێژێکی بەرفراوانی گەلی ئەڵەمانیا. ئەم پرۆسەیە لای میللەتانی دیکەی ئەوروپاش ڕوویدا. بێگومان لە سەرەتادا ڕۆشنگەری ئەڵەمانی پاشکۆو پاشبەندی ڕۆشنگەری فەرەنسی و ئینگلیزی بوو، واتە لە لایەك قوتابی فەلسەفەی "دیکارت" بوون و لە لایەکی ترەوە خوێندکاری زانستی "نیوتن" و فەلسەفەی "جۆن لۆك" بوون. ئەڵەمانەکان: (ڕون و ئاشکرایی میتۆدو گومان و شەن و کەوکردنی مەسەلەکانیان) لە "دیکارت"ەوە وەرگرت.

"دیکـارت" پێـی وابـوو نـابێت هیـچ ڕاوبۆچـون و وتەزایـەك بـە ڕاسـت بزانـین تەنانـەت ئەگـەر هـی "پاپـا" و "مـارتن لۆتـەر"یـش بـن، بەرلـەوەی ڕەخنـەیان لێ نـەگیرێ و تـاوتوێ نـەکرێن و بە شێوەیەکی ئەقڵانی نەپشکنرێن. لە دوای هاتنی "دیکارت"ەوە ئیتر هیچ دەسـەڵاتێك سـەرو دەسـەڵاتی ئـەقڵ ناکـەوێت، بـە تایبـەت لـەو مەسـەلانەی پـەیوەندیان بـە کاروبـاری دنیـایی و سیاسـی و کۆمەڵایەتیەوە هەیە.

زانستی "نیوتن"یش بووە بەرزترین نمونەی هەموو زانینێکی ورد لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا. ئەی "نیوتن" ئەو یاسایانەی بۆ نەدۆزینەوە کە جڵەوی گەردون دەکەن؟ ئەی ئەو یاسا سەرمەدیانەی بۆ نەدۆزینەوە کە ئاڕاستەی تەنە فیزیاییەکان و هەسارەکان دەکات؟ ئیتر چ زانستێك لەسەرو زانسـتی ئـەوەوە هەیـە؟ بـەمجۆرە ئەوروپیـەکان مەنهەجیـەتی "نیوتن"یان لە بواری گەردون و فیزیاوە گواستەوە بۆ ناو بوارەکانی تر. مادامەکی ئەو میتۆدەی ئەو لە بواری گەردون و فیزیـادا توانـای خۆی سەلماندووە، ئەی کەواتە بۆچی لە بواری فەلسەفەو سیاسەت و تەنانـەت ئاکـارو ئاینیشـدا نەیسـەلمێنێت؟ ئیـتر لـەو کاتـەوە فیکـری ئـەوروپی بـووە پاشـکۆی فیکـری زانسـتی فیزیـایی، ئەمـەش بۆتـە خەسڵەتێکی فیکری خۆرئاواو تا ئێستاش لەگەڵیدایە. لە "دیکارت" و "کـانت"ەوە تـا ئێسـتا نـاکرێت فەلسـەفە لـە پێشـکەوتنی زانسـت

جیابکەینەوە، لەبەرئەوە هەندێك دەڵێن: گەر "نیوتن" نەبوایە ئەوا "کانت" نەدەبوو! ڕەنگە هەبن بڵێن: خۆ فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەڕاست وەکی "تۆمای ئەکوینی و ئیبن ڕوشدو فارابیو.. و.."، ئەوانیش ئەقلانی بوون و لە هەوڵی ئەوەدا بوون فەلسەفەی "ئەرستۆ" لەگەڵ بیروباوەڕی ئاینیدا بگونجێنن. ئەمە ڕاستە، بەلام ئەقلانیەتی ئەوان لە بنەڕەتدا بەرەو ژیانی تێڕامان ئاراستە کرابوو، بەو پێیەی ئەو ژیانە بالاترو سەنگینترە لە ژیانی ئەم دنیایە. مەعریفەی ڕاستەقینە بەلای ئەوانەوە، ئەو مەعریفە تیۆریە بوو کە ئامانجی ئەوە بوو لە حەقیقەتی سەرمەدیو ئیلاهی تێبگات.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت تا لە گرنگی ئەوان و دەستکەوتەکانیان کەم بکەینەوە کە بۆ سەردەم و ڕۆژگاری خۆیان شتێکی گەورە بوو، بەلام لە سەرەتای سەردەمی ڕۆشنگەریەوە ئیتر ئەقلانیەت بووە شتێکی (پراکتیکی و بەرچاو و زانستی) و بە ئاراستەی تێگەیشتن لە ژیانی ڕۆژانەو واقعی ماتریال و پێکهاتەی کۆمەڵگا کاری دەکرد. ئامانجی ئەم ئەقلانیەتە بوو بە چاککردنی جیهان و گۆڕینی، نەك هەر ئەوەندەش بگرە هەوڵی دا لە ڕێی ئەقڵی مرۆڤەوە جڵەوی مێژوو بکات. جیاوازی نێوان ئەقڵیەتی سەدەکانی ناوەڕاست و ئەقڵیەتی مۆدێرنیش لێرەدایە. گواستنەوەش لەم ئەقڵیەتەوە بۆ ئەوی دیکە شکۆمەندی ئەوروپای دروستکرد. کۆمەڵگاکانی ئێمە لەبەرئەوەی تا ئێستا نەیانتوانیوە ئەم

هــەنگاوە بنێــن، بۆیــە بــەردەوام بــە دەســـت کێشــەو قەیرانەکانیانــەوە دەناڵێنن.

فەیلەســوفانی ڕۆشــنگەری لــە ئەڵــەمانیا، هــەر لــە "لایبنــتزەوە تــا لیسینگ و کانت و فێختەو هیگڵ" تێگەیشتن کە قوتارکردنی ئەڵمانیا لەدەست پەتای توندڕەوی و دەمارگیری، تەنها دوای ئەوە دەبێت کــە خوێندنەوەیــەکی ئــەقڵانی یــاخود ڕۆشــنگەری بــۆ ترادســیۆنی ئــاینی خۆیــان بێتــە ئارا. ئەم خوێندنــەوە تەئویلیە نوێیــەش دژ بــە نــاوەڕۆکی ئاین نیە، واتە دژی ڕوحانیەتە پاك و بێگــەردو ئەخلاقیاتــە میســالی و ترانسندتالیەکەی نییە، بەڵکو دژ بە لێکدانەوە تاریك و دەمارگیریەکانی ئاینی مەسیحیە.

ئەو فەیلەسوفانە پێیان وابوو ئەم جۆرە لێکدانەوەیە بەرپرســیارە لـــە تـــەواوی نەهامـــەتی و مەرگەســـاتەکانی ئەڵـــەمانیا، لەبەرئـــەوەی خەڵك دەکات بە گــژی یــەکتریداو پاســاو بــۆ کوشــتن و قــەتڵ و عــام و تیرۆر دەهێنێتەوە. کەواتە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە خۆمان لــە دەســت ئـــەو تەفســـیرە قوتارکـــەین، گـــەر ئـــەڵمانیا دەیـــەوێت جـــارێکی تـــر نەکەوێتە ناو دۆزەخی شــەڕی نــاوخۆوەو گەر دەخوازێت بــە کــاروانی ئـــەو نەتـــەوە ڕۆشـــنگەرانە بگاتـــەوە کـــە لـــە بـــواری ئـــەقڵ و زانســـتدا پێشی کــەوتن و بۆڕیــان دایــەوە: واتــە هــەردوو نەتــەوەی فەرەنســی و ئینگلیزی.

بـەمجۆرە دواتـر ئەڵـەمانیا توانـی لـەو نەهامەتیانـە دەرچـێ و برینەکانی سارێژ بکات و ڕێگای گەشەو پێشکەوتن بگرێتەبەر، بەڵام ئاخۆ کێ ئەم ڕێگایەی لەبەردەمدا کردنەوە؟ ئەڵبەتە فەیلەسوفەکانی، ئەو فەیلەسوفانەی لە بەرامبەر میللەتەکەیاندا بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆیان لە ئەستۆ گرت و هەندێ جاریش ژیانی خۆیان دەخستە مەترسیەوە، بە تایبەت کە بەبێ هیچ پێچ و پەنایەك ڕاستیەکانیان بە گەلی ئەڵەمانی دەوت. بەڵێ ڕۆشنبیر ڕۆڵی لە ڕابونی گەل و نەتەوەکەیدا هەیەو ڕۆڵیشی لە ڕۆڵی سیاسەتمەدار گرنگترە، چونکە لانی کەم ئەوە ڕۆشنبیرە کە پێش سیاسەتمەدار دەکەوێت و ڕێگای بۆ ڕوناك دەکاتەوە.

**سەرچاوە**: الشرق الاوسط- *2002/8/10*

# (هیگل) و رۆشنگەری

(هیگلْ) وەك زۆربەی زۆری فەیلەسوفانی سەردەمی خۆی بەقۆناغی ڕۆشنگەریدا گوزەری كردووە.. لەو ئانو زەمانەدا دەبوو هەموو بیریارێكی جدی گەر بۆتەنها ساتێكیش بووە لەژیانیدا، ڕووبەڕووی مەسەلەی ئایینی بێتەوە. تەنانەت گەورەترین مەسەلەیەك لەو قۆناغەدا بەلای فەلسەفەو فەیلەسوفەكانەوە، مەسەلەی پەیوەندی بووبە مەسیحیەتەوە یان ڕوونتر بڵێین بە بۆچونی تەقلیدیەوە.

هەر كەسێك كەبەناخی فیكری ئەوروپادا ڕۆچوبێتو سەرەنجی پەرەسەندنی مێژووی فیكری ئەوروپی دابێت، ئەوە دەزانێت. بەڵام ئێستا بارودۆخ لە ئەوروپادا بەڕادەیەك گۆڕاوە كەلەوانەیە فەیلەسوفەكانی تەواوی تەمەنی خۆیان لە توێژینەوەو تێفكریندا بەخەرج بدەن، بەبێ ئەوەی تەنها وشەیەك لەبارەی ئاینیەوە بڵێین، چونكە ئەم مەسەلەیە كەبەر لە دووسەدە لە ئێستا فەیلوسەفانی پێش خۆیانی خەریك كردبوو، بۆئەمان هێندە جێی گرنگی پێدان نیە.

لەراستیدا فەلسەفە وەکی ((هیگڵ)) دەڵێت: زادەی سەردەمو رۆژگاری خۆیەتی، بۆیە دەبێت ئەو بۆ چونە لە مێشکی خۆماندا بسڕینەوە کەدەڵێت فەیلەسوف قسە گەلێکی ئەبستراکتی گشتگیر دەکات و باز بەسەر هەموو سەردەمەکاندا دەدا و پەیوەندی بە هیچ سەردەمو رۆژگارو کۆمەڵگەیەکی تایبەتو دیاریکراوەوە نییە.. ئەم جۆرە فەلسەفاندنە گەر هەشبێت کەسی پێ رازی ناکرێتو ئەو فەیلەسوفەی کێشە سەرکییەکانی سەردەمەکەی خۆی چارەسەر نەکات، ئەو کێشانەی بۆ کۆمەڵگاکەی جێی ترسو نیگەرانیە، نە فەیلەسوفەو نەشایستەی ئەو ناوەشە.

هەر چۆنێك بێت ((هیگڵ)) لەتەمەنی بیستو پێنجساڵیداو کاتێك لەساڵی *1795* کتێبی (ژیانی یەسوع)ی نوسی، روبەرووی مەسەلەی ئاینی بووەوە.. لەم کتێبەدا کەدەست بەجێ نەیوێرا بڵاوی بکاتەوە، دەبینین ((هیگڵ)) وێنەیەکی مێژوویی- واتە ئەقڵانی- سەبارەت بە دامەزرێنەری ئاینی مەسیحی دەخاتە روو. ((مەسیح)) بەو جۆرەی ((هیگڵ)) تێیگەیشتووە وەکی مامۆستایەکی ئەخلاقی بەشێوە کانتیەکەی دێتە پێش چاو، زیاد لەوەی کەسایەتیەکی ئەفسانەیی یاخود بان- مێژوویی بێت. لێرە بەدواوە ((یەسوع)) وەکی ئەوەی کتێبە تەقلیدیەکان وێنای دەکەن، پیاوێك نییە لێرەو لەوێ بە موعجیزە دروستکردنەوە خەریك بێت یاخود کەسێك بێت بەتەلیسمو

نهێنی تەوق درابێت، بەڵکو بوو بە کەسێك کە وانەی ئازادی ناوەکیو کەرامەتی ئینسانی دادات، وەك هەر فەیلەسوفێك لەفەیلەسوفانی ڕۆشنگەریو بگرە بەشێوەیەکی تۆکمەتر لەوانیش.

ساڵێك دوای ئەوە ((هیگڵ)) کتێبێکی گرنگی دیکەی دەربارەی ئایین بڵاوکردەوە، بەناوی (دۆگماتیستی ئاینی مەسیحی). لەم کتێبەشدا- کەتا لە ژیاندا مابوو بڵاونەکرایەوە-، ((هیگڵ)) دەکەوێتە ڕەخنەگرتن لەهەمان ئەو بیرو باوەڕانەی مەسیحیەت کە پێشتر ((ڤۆڵتێر)) ڕەخنەی ئاراستە کردبوون، بەلأم ئەو مەنهەجیەتەی ((هیگڵ)) لەم بوارەدا پەیڕەوی دەکات لەمەنهەجیەتی ((ڤۆڵتێر)) جیاوازەو مەنهەجیەتێکی ناوخۆییە زیاد لەوەی دەرەکی بێت.

بۆنمونە ((ڤۆڵتێر)) لەپێگەیەکی دەرەکیو پێچەوانەوە ڕەخنەی لە ئەرسۆدەکسیەتی مەسیحی (واتە فێندەمێنتاڵیزم) دەگرت، بەلأم ((هیگڵ)) هەندێ جار ئەم مەنهەجیەتەی پەیڕەو دەکردو زۆربەی کاتەکانی تر لەناوەوە را پێ بەپێو بەشێوەیەکی دیالەکتێتی لەگەڵ بیروباوەڕی مەسیحیەتدا دەڕۆیشت، بۆئەوەی گرنگی مێژوویی مەسیحیەت یاخود ئەو ڕۆڵە چارەنوسازەی دەست نیشان بکات کەلە ساتەوە ختێکی دیاریکراودا گێڕاویەتی. پاشان دواتر ئەوە نیشاندەدات کەچۆن چۆنی بەئاراستەیەکی پێچەوانە ڕۆیشتووەو لەڕەوتی ئاسایی خۆی لایداوە، واتە بەتێپەڕینی کات ئەوەی ئەقلأنیە

لەئاینی مەسیحیدا دەبێتە حاڵەتێکی دۆگما تیستی و ئەرسۆدەکسی و مەسیحیەت دەگۆڕێت بە سروت و ڕێو ڕەسم و دام و دەزگایەك کەهەموو مانا جەوهەری و سەرەکیەکانی سەرەتای دەست پێکردنی خۆی دەدۆڕێنێت. بەواتایەکی دی ئاینی مەسیحی دەبێتە چوارچێوەیەکی کۆنکرێتی و دادەبەزێنە نزمترین ئاستی خۆی، هەر بۆیە دەبێت ئاینی راستەقینە خۆی لە مانە دابماڵێت، بۆئەوەی بگەڕێتەوە لای مانا زیندووەکانی و بچێتەوە سەر چاوگە سەرەکیەکانی خۆی.

ئاینی مەسیحی بەتێپەڕبوونی کات و بەهۆی ململانێی نێوان ئینسانەکان وخواست و ئارەزوەکانیانەوە لەقۆناغێك لەقۆناغەکانی مێژوودا بوو بە ئایدۆلۆژیایەکی دەسەڵاتخوازی سەرکوتکەر، هەر ئەمەشە کە ((هیگڵ)) بە دۆگماتیستی ناوی دەبات.. بەڵام دواتر لەوە تێگەیشت کەگەر بێتوو ئاین لە دۆگما تیستی و سروت و ڕێورەسمەکانی بەتاڵ بکرێتەوە، ئەوا بەهیچ شێوەیەك وەکی ئاین نامێنێتەوە! لەبەر ئەوە ((هیگڵ)) لەبەردەم دوو ڕیانێکدا بوو: یان ئەوەیە بەتەواوەتی دەست بەرداری ئاینی دۆگماتستی بێت لەپێناو ئەقلانیەتێکی فەلسەفی رادیکاڵیدا یاخود وابکات فەلسەفە هاوشانی ئاین بێت و لەگەڵیدا هەڵبکات، بەڵام هەڵکردن و پێکەوە ژیانێکی وا دروستکراو قورس دێتە پێش چاو، بەتایبەت پاش ئەوەی ((هیگڵ)) دەستی دایە ڕەخنەگرتن لە بیروباوەڕی مەسیحیەت. هەر

ئەمەش وایکرد هەندێك ((هیگڵ)) بەوە تاوانبار بکەن کە زمانێکی دووفاقی بەکارهێناوە: زمانی فەیلەسوفەکانو زمانی تیۆلۆژیستەکان.

بەلاّم داخۆ تۆ بڵێی تەنها حەقیقەتێکی ئەقلانی بۆهەموان لەئارادابێت؟ یاخود دوو حەقیقەت هەن: یەکێکیان بۆ فەیلەسوفو توێژی رۆشنبیران، ئەوی کەشیان بۆ سەراپای خەڵکی؟

لەم ڕەوانگەیەوەو لەژێر زەبری پێداویستی مێژویدا، ئاینی مەسیحی دەستی بەگوڕانکردو بووە ئاینێکی چەوسێنەرو تەواو ناکۆك بە جەوهەرو ئەو مەبەستانەی لەسەرەتادا لەپێناویدا هاتبوو.. بەمجۆرە دەتوانین لە هۆکاری هاوپەیمانێتیو دەست تێکەڵکردنی درێژخایەنی کڵێسای مەسیحی، لەگەڵ سستمی فیودالیو ستەمی سیاسی تێبگەین.

هەر چەندە ئینجیل باس لە وەناکات کە دەبێت لەگەڵ دەوڵەمەندا دژ بە هەژارو لەگەڵ دەسەلاّتدارو خاوەن هێزدا لەدژی بێ دەسەلاّتان دەست تێکەڵ بکرێت، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا کڵێسا بەم کارە رازیبوو، تەنانەت شەرعیەتیشی پێداو هەوڵیدا خەڵکانی سادەو ساکاریش قەناعەت پێ بکات.. ڕۆڵی سەرکوتکەرانەی ئاینیش لێرەدایە. بێگومان بیرو بۆچونێکی لەمجۆرە بۆئەوکاتە مەترسیدارو هەروەها بەلای زۆربەی زۆری هاولاّتیانەوە مایەی قبوڵکردن نەبوو، بۆیە ((هیگڵ)) یش تالە

ژیاندا مابوو ئەو نوسینانەی بڵاونەکردەوەو دەستنوسەکانی لای خۆی هەڵگرتو دوای مردنی لەچاپدران.

ئەو دەیزانی ئەو بیروبۆچونانە کاتیان نەهاتووەو گەلی ئەڵمانیاش قبوڵیان ناکات، لەبەر ئەوەی ئامادەیی ئەوەی تێدا نەبوو یاخود رونتر بڵێین دەرەقەتی ئەو بۆچونانە نەدەهاتو دەستی بە سەریاندا نەدەشکا. ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە کە لەسەر ئەوەی گۆڕینی ئەقڵەیەت، پڕۆسەیەکی دژوارو ترسناکەو لەپڕێکدا روونادات. هەر بۆیە ئەوەی زۆر وەڕسم دەکات، پەلە پڕوزێی هەندێك رۆشنبیری عەرەبە بۆگۆڕان یان بازدان بەسەر قۆناغەکاندا! من دەڵێم پێویستە گۆڕانکاری پلە بە پلەو قۆناغ بەقۆناغ ئەنجام بدرێت: کەی قۆناغی یەکەممان تەواو کرد ئەوسا هەنگاو بەرەو قۆناغی دووەم بنێین.. دەبێت ئەوەش بزانین کە ((فێختە))ی مامۆستای ((هیگڵ)) بەجۆرێك لەجۆرەکانو لانی کەم لە سەرەتایدا، بەهۆی رووبەڕو بوونەوەی لەگەڵ تیۆلۆژیستەکاندا باجێکی زۆریداو سالی *1799* لەزانکۆی (یینا)، یەکێك لەزانکۆ زۆر کراوەو لیبراڵیەکانی ئەو سەردەمەدا دەرکرا..

پیاوانی ئاینی ((فیختە)) یان بە ئیلحادو بێ باوەڕی تاوانبار کردو لای دەسەڵاتی باڵای وڵاتیش شکاتیان لێکرد، بەڵام ئەمانە بۆچی رویاندا؟ لەبەر ئەوەی دەرهەق بەئاینی مەسیحی لێدوانێکی ئەقڵانیداو بێگومان ئەوەش زۆر لەسەر و تێگەیشتنو بیرکردنەوەی رای

گشتیی‌یەوە بـوو، بـەڵام ئەگـەر بـەراورد بکرێـت بەوشـتانەی ((هیگـڵ)) لەوکاتەدا بەنهێنی لە سویسرا دەینوسی، ئەوا شتێکی ئەوتۆ نەبوو..

بائێستا گـوێ بگریـن بزانیـن لەوکاتـەدا ((فیختـە)) وتویـەتی چـی: (سستمی ئەخلاقی کاراو زیندوو خودی خوا خۆیەتی، بۆیە ئێمە جگە لەوە پێویستمان بە عەقیدەیەکی دیکە نی‌یە.. لەئەقڵدا هاندەرێك نی‌یە هانمان بدات بۆ دەرچوون لـەم سستمە ئەقڵانیـەی تـەواوی گـەردوون پابـەندن پێیـەوە. پێویسـتمان بەوەنی‌یـە بـاوەڕ بـەبونی بونـەوەرێکی تایبـەت بکـەین کـە هۆکـارێك بێـت بۆدەرەنجـام.. کەواتـە تێگەیشـتنی راسـتو دروسـت ناگـات بـە ئاکـامێکی لـەمجۆرە، لەبەرئـەوەی تەنـها فەلسـەفەی هەڵـە ئەوە دەکات). ئـەم قسـانە لادان بـوو لـەو تێگەیشـتنە بـاوەی لەوکاتـەدا بۆمەسـیحیەت هــەبوو. هەرلــە بەرئــەوەش پیــاوانی ئاینیو دەسـەڵاتداران کەوتنـە سـەرکۆنەکردنی ((فێختـە)) و لـە زانکـۆ دەریانکرد، چونکە بۆچونی ((فێختە)) سەبارەت بەیەزدان جیاواز بوو لەو دیدگا مەسیحیە تەقلیدیەی لەدێرزەمانەوە لەئارەدابوو..

بێگومان لـەم روەوە ((هیگـڵ)) زۆر زیاتر پێـی لێهـەڵدەبڕێ و دورتـر دەڕوات.. جـێی باسە ((هیگڵ)) نوسـینەکانی سـەردەمی گەنجیـەتی- ئـەو نوسینانەی کەتەنها لـەپاش مردنی ئاشکرا کرانو بـڵاو بونـەوە- وتایبـەت بـوون بەرەخنـەگرتن لـەبیروباوەڕە ئـاینی و سیاسـیەکان زۆر رادیکاڵتر بـوون لـەو نوسـینانەی لەتەمـەنی پیریـەتیدا نوسـینی، واتـە

لەوقۆناغـەدا ئـەزمونی پـەیداکردوو زۆر بەوریاییـەوە ئەگــەر نەشــڵێین بەترسێکی زۆرە لەسزادان باسی لەو مەسەلانە دەکرد.

((هیگـڵ)) لەسـەرەتای گـەنجێتیدا نامـەی ئاگرینی بـۆ ((شـیلینگ و هۆڵدەرلـین))ی هـاوڕێی دەنـاردو باسـی لـەرق و بـێزاری خـۆی دەکـرد لەدەست کۆلێژی تیۆلۆژیای پرۆتستانتی و شێوازی وتنەوەو فێرکردنی ئاین لەو کۆلێژەدا.. لەونامانەدا ئاواتە خوازی ئەوەبوو فەلسەفەی نوێ لەئەڵمانیادا واتـە فەلسـەفەی ((کـانت و فێختـە)) کەفەلسـەفەی ئـەقڵ و رەخنـەی ئازادی بوو، سـەربکەوێت.. بـەڵام تیۆلۆژسیست و قەشـەکانی کڵێسا بێزاریان دەکردو رقێکی گەورەی لێیان بوو. ئـەوەی راسـتی بێت ((هیگڵ)) لـەژیانیدا هـەرگیز ئەوانـەی وەکـی لیژنەیـەکی دەسـتەجەمعی یـان وەك رێکخراوێك لـەچوارچێوەی کڵێسـادا خۆشنەویسـتووە، بگـرە لـەخۆیان و کاردانـەوەکانیان دەترسـاو بەهەرەشـەیەکی دەزانـین بۆسـەر ئازادی فیکرو بیروڕای ئازاد.

ئەوەی زۆر ((هیگڵ))ی بێزار دەکردو پێـی نارەحـەت بـوو، تەقەللای پیاوانی کڵێسا بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی فەلسەفەی کانتیزم و بەکارهێنانی لـەپێناو بیروبـاوەرە بەسـەرچووەکانیاندا.. لەبـەر ئـەوەی فەلسـەفەی ((کانت)) لەئەڵمانیادا سـەرکەوتنی بەدەست هێنـاو ئەستێرەی بـەختی لەدرەوشانەوەدا بـوو، بۆیـە هەرکەسـەو لای خۆیـەوە هـەوڵی دەدا لێـی نزیك بێتەوەو بۆخۆیی پاوان بکات، تەنانەت وای لێبکەن کەلەگەڵ بیرو

بۆچونە تایبەتیەکانی خۆیاندا بیگونجێنن.. ئەمەش چارەنوسی هەموو شتێکە کەلە مێژوودا سەرکەوتن بەدەست دێنێت و ئەستێرەی بەختی لەدرەوشانەوەدایە.

**سەرچاوە**: الشرق الاوسط – *26/7/2002* ..

# ڕەخنە گرتن لە ڕۆشنگەری

من لەوانە نیم  کە ڕقیان لە شارستانیەتی خۆرئاوایە یاخود ورد و درشتی ئەو شارستانیەتە ڕەتدەکەنەوە، چونکە من تەمەنی خۆم لە ناساندنی ئەو شارستانیەتە و خستنە ڕووی ئاقارە فیکری و فەلسەفیەکانیدا سەرفکردووە، بەڵام سەرسامبون بەم شارستانیەتە مانای ئەوە نیە هەموو شتێکیمان قبوڵ بێت. مۆدێرنە نە شتێکی پیرۆزە و نە لە ئاسمانیشەوە دابەزیووە، بەڵکو بریتی‌یە لە ئەزموونێکی ئینسانی کە باش و خراپی تێدایە، بەڵام  کێشەکە لەوەدایە کە بریق و باقی ئەم دیاردەیە لە سەرەتادا بە شەوارەمان دەخات و  توانای بینینی کەموکورتیەکانیمان نابێت، مەگەر تەنها دوای مانەوەی ماوەیەکی درێژ و خوێندن لە وڵاتانی ئەوروپادا بتوانین پەی بە ڕووە دزێو و تاریکەکانی مۆدێرنە بەرین.

بۆ ئەوەی بە ئینساف بین پێویستە بڵێین خۆرئاوا دوو خۆرئاوایە نەك یەك خۆرئاوا، لە لایەك خۆرئاوایەکی چاوچنۆکمان هەیە کە

خواستی فراوانخوازی و کۆنترۆڵکردنی دنیای هەیە، لە لایەکی دیکەش خۆرئاوایەکی پرۆتۆستی ئازادیخوازمان هەیە کە بەردەوام لە دژایەتیکردنی ئەو نمونەیەی سەرەوەدا بووە لە سەردەمی کۆلۆنیالی و پۆست کۆلۆنیالیدا.

ئەمڕۆکەش بە هەمان شێوە خۆرئاوا بە سەر دووبەرەدا دابەش بووە. بەشێکیان داکۆکی لە بەجیهانیبونی سەرمایەداری بەربەری دەکات و بەشێکی دیکەشیان لە دژایەتیکردنی ئەو ڕەوتەدایە و بانگەشە بۆ بەجیهانیبونێکی مرۆڤ دۆستانە تر دەکات کە تیایدا دادپەروەری هەبێت و هەست بە مەینەتی میللەتانی هەژار و نەدار بکرێت. لەو ڕێپێوان و خۆپیشاندانانەشدا کە دژ بە سەرانی بەجیهانیبون سازدران، لێرەو لەوێ کوژراو بریندارهەبوون. کەواتە کارێکی ناڕەوایە خۆرئاوا وەك یەك پێکهاتەی کەڕو کاس سەیربکەین و تەنها ئەو ڕووە ئیمپریالیە کۆلۆنیالیەی ببینین کە بەردەوام و بێ هیچ هۆکارێك دژایەتیمان دەکات.. بێگومان ئەوەی لە فەلەستیندا ڕوو دەدات ناهەقیەکی گەورەیە و نابێت هیچ شارستانیەتێك لە ئاستیدا بێدەنگ بێت، بەڵام تەنانەت لەم مەسەلەیەشدا دەنگی ناڕەزایی هەیە و لێرەو لەوێ ڕێپێوان بە مەبەستی داکۆکی کردن لە مافی زۆرلێکراوان (واتە فەلەستینیەکان – وەرگێڕ) ڕێك دەخرێت. خۆپیشاندانەکانی ئەم

دواييەی پاريس چاكترين نمونەيەكە. كەواتە ويژدانی زيندو هەرماوەو نەمردووە.

بەلاّم بێگومان كێشەيەك لە شارستانيەتی خۆرئاوادا هەيە و هەندێك دەيگێڕنەوە بۆ پاشەكشەكردنی بەها ڕۆحی و ئايينيەكان و زاڵبونی فەلسەفەی مادی بێ باوەڕی بەسەر هەموو شتێكدا. ئەڵبەتە نابێت ئەم بۆچونە بە سوك سەير بكەين و بێ هيچ پشكنين و تاو توێكردنێك بە ڕەجعی و دواكەوتوو ناوزەدی بكەين. چونكە وەها بۆچونێك چەندين كەسايەتی فيكری گرنگ لە ناو خۆرئاوادا باوەڕييان پێيەتی و باسی لێدەكەن، نمونەكانيان وەك "پۆل ڕيكۆر"ی فەيلەسوف يان "جان دۆليمۆ"ی مێژوو نوس و... هتد. وەك دەشزانرێت "ڕيكۆر" لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی نێوبانگێكی زۆری هەيە و "دۆليمۆ"ش بە يەكێك لە گەورە مێژوو نوسانی فەرەنسا ئەژمار دەكرێت و هەر يەكەشيان باوەڕو ئيمانی خۆيان بە ئاشكرا باس دەكەن و نايشارنەوە. كارێكی لەمجۆرەش لە وڵاتانی خۆرئاوادا ئاسان نييە، بە تايبەت كە ئايديۆلۆژيايەكی ئيلحادی كۆنترۆڵی كايەی ڕۆشنبيری و فيكری و ڕاگەياندنی كردووە.. ئەوانەی هەڵگری ئەم بير و بۆچونانەن دڵگرانن لەوەی ئەو سەركەوتنانەی شارستانيەتی خۆرئاوا لە سەر ئاستی زانست و تەكنۆلۆژيا بە دەستی هێناوە، پێ بە پێی سەركەوتن و بەرەو پێشچوونی لايەنی ئەخلاقی و بەها ڕوحيەكان نەبووە. هەر لەم

سەروبەندەدا بیرمەند گەلێکی تر هەن پێیان وایە شارستانیەتی خۆرئاوا لە سەرەنجامی گەشەی خۆیدا گەیشتۆتە بنبەست و ئێستا بە ئاشکرا هەست بە قەیرانی مانا و بەها دەکرێت، تەنانەت هەندێك لە ئەوروپیەکان ڕویانکردۆتە ئایینەکانی خۆرهەلاتی دوور بە تایبەت ئایینی بودی.

ئەم دیاردەیە بە ڕادەیەك لە ناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی فەرەنسیدا تەشەنەی کردووە کە بۆتە مایەی نیگەرانی ڤاتیکان و کلێساکانیش ئیرەییان پێ دەبەن! هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خۆرئاوا دوای ئەوەی تێکڕای بیرو باوەڕە تەقلیدیەکانی لەبەر یەك هەڵوەشاند و تێرو پڕ بوو لە ژیانی بەرخۆری مادی، ئیتر هەستی بە تینوێتی ڕۆحی و بوونی مانا (مانای ژیان و بوون) دەکرد. بۆیە لە هەموو شوێنێکدا کەوتە سۆراخکردنیان و ئەمەش شتێکی سروشتییە، چونکە دوای تێر بوونی مادی پێویستیمان بە تێربونی ڕۆحانیش دەبێت.. مرۆڤ دەربارەی چارەنوسی خۆی لەم دنیایەدا پرسیار دەکات و هەستدەکات پێویستی بە مانایەك هەیە بۆ ئەوەی شتەکانی بۆ تەفسیر بکات و دڵنیایی پێ ببەخشێت.

تێڕوانینی مادی بێ باوەڕی بۆ سەردەمانی خۆی و وەك پەرچەکردارێك لە بەرامبەر دەمارگیری فێندەمێنتالستی مەسیحی لەسەر وەختی دادگاکانی پشکنیندا شتێك بوو پەسەند دەکرا، بەڵام لە

ئێستا بە بنبەست گەیشتووەو توانست و پاساوی مانەوەی خۆی لە دەست داوە. دوا جار ئەوەی ئەو بە مرۆڤی ئەوروپی دەڵێت لەمە تێپەڕ ناکات: (تۆ وەکی ئاژەڵێك وای لە جەستە و هەندێك وەزیفەی ئۆرگانی دروست بوویت، کەواتە تێریانکەو مەسەلەکە کۆتایی دێت!.. پێویستە تا دوا چرکە خۆت لە ناو لەزەت و ئارەزووەکاندا نوقمکەیت، چونکە دوای ئەوە دەمریت و لەناو دەچیت و دوای مردنیش ژیانێکی تر لە ئارادا نیە. کەواتە تا زووە دەست بە کاربە و هەلی ژیان لە کیس مەدە..) بەمجۆرە خەڵك بە شێوەیەکی هێستریانە کێ بڕکێیانە لەسەر پارەو پول، تا بە شێوەیەکی هێستریانەش بکەونە سەرفکردنی. بە پێچەوانەی ئەو بۆچونەی ئێمەوە ڕۆشنگەری لە سەرەتاکانیدا بە بێ باوەڕی دەستی پێنە کرد، ئەگەر چی ئاقارێکی توندڕەو مادی تێدا بوو، بەڵام ئاقارێکی بچووك و لاوەکی بوو.

هەرچی ئاقاری سەرەکی بزاوتی ڕۆشنگەریشە ئەوا تا ئەو پەڕی ئیماندار و ئەخلاقی بوون و کەسانی مەزنی وەك "جان جاك ڕۆسۆ" و "ئیمانویڵ کانت" یان تێدا بوو. وەك دەشزانرێت "کانت" کە تەواوکاری "ڕۆسۆ" بوو هەمان ڕێچکای ئەویشی گرتە بەر، ترۆپکی ئەقلانیەت و ڕۆشنگەری ئەوروپی بوو.. "ڕۆسۆ" لە لوتبەرزی و کەلە ڕەقی بێ باوەڕەکان زۆر پەست بوو. جارێکیان فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری لە سالۆنی (بارۆن دولباك) کۆبووبوونەوە و هەندێکیان

دەستیان کرد بە گاڵتە پێکردنی بیرو باوەڕە ئاسمانیەکان، "ڕۆسۆ" لەوێدا هەڕەشەی ئەوەی لێکردن کە گەر بێتو قسەیەکی تر لە دژی یەزدان بکەن ئەوا دەڕوات و ئەو شوێنە جێ دێڵێت! وەك دەشزانرێت "ڕۆسۆ" لە گەرمەی سەردەمی ڕۆشنگەریدا هەستاو دەستەواژە بە ناوبانگەکەی خۆی ڕاگەیاند: (زانستمان بەبێ ئەخلاق و شارستانیەتمان بەبێ ویژدان ناوێت!). ڕۆشنگەریش گەر لەسەر بەهای دادپەروەری و یەکسانی و ڕێزگرتنی حەقیقەت دانەمەزرابێت، ئەوا پولێك ناهێنێت.

بەڵام جێی داخە ئەوەی ڕوویدا ئەوە بوو کە باڵی ئیلحادی توندڕۆ لە ناو ڕۆشنگەری ئەوروپی لە سەدەی نۆزدەوە سەرکەوت و هەر ئەویش ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەرپرسیارە لە پەیدا بوونی بزاوت گەلێکی وەسەنی وەك نازیزم و فاشیزم لە سەدەی بیستەمدا.. بەمجۆرە پرۆژەی مۆدێرنە لە بنەما ئازادیخوازە سەرەتاییەکانی جیابووەو تەنها بوو بە پرۆژەیەکی هەلپەرستی ساردو سڕ کە ئامانجی پەلهاویشتن و چەوساندنەوە بوو، بە بێ ئەوەی تێر ببێت و سنورێکیان بۆ هەبێت. گەر ڕۆشنگەری لە بەها ئەخلاقی و ڕحانیە بەرزەکان لای نەدایە، هەرگیز سەرکێشی کۆلۆنیالی و جەنگە جیهانیەکان نە دەقەومان و جیهانیش بەسەر دووبەرەدا دابەش نەدەبوو: بەرەیەکی تێرو پڕ و بەرەیەکی هەژار و برسی.

به پێی ئەو بۆچونە ئیلحادیە پەتییە مادامەکی مادە هەموو شتێکە لە بووندا، کەواتە بەها ڕوحی و ئەخلاقیەکان هیچ مانایەکیان نییە. بەشێکی سەرەکی قەیرانی ژیاری خۆرئاواشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵە.. گەر بهاتایە ڕۆشنگەری ئیمانی یان ئەخلاقی لەسەر شێوەی "ڕۆسۆ" و "کانت" سەرکەوتوو بوایە، ئەوا شارستانیەتی خۆرئاوا نەدەگەیشتە ئەو ئاستەی ئێستا لە (خودپەرستی و داوەشان و لێکترازان)، تەنانەت گەر تا ئێستاش شتێکی ئیجابی تێدا مابێت ئەوا فەزڵی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جۆرە بیرمەندانە. لێرەوە ئێمە لاقرتێی ڕۆشنگەری و نا ئەقلانیەتی خۆرئاوا ناکەین، بەڵکو قسەی ئێمە لەسەر ئەوەیە کە خۆرئاوا ناپاکی دەرهەق بە ڕۆشنگەری و ئەقلانیەت و ئەو ئاقارە مرۆڤدۆستانەیە کردووە کە بیرمەندە مەزنەکانی سەرەتاکانیان داڕشت، بێگومان ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خۆرئاوا خیانەتی لە پرانسیپەکانی "جان جاك ڕۆسۆ" و "ئیمانوێل کانت" کردووە و لێی لاداون. سەبارەت بەم مەسەلەیەش "عەلی عیزەت بیگۆڤیچ"ی سەرۆکی بۆسنە دەڵێت: (خۆرئاوا ناپاکی دەرهەق بە هیواو ئاواتەکانی ئێمە نەکرد، بە قەد ئەوەی خیانەتی بەرامبەر بە بنەما تایبەتەکانی خۆیکرد!).

لێرەوە ئێمە لە چاوی ئەوانەوە دادگایی خۆرئاوا ناکەین کە دەکەونە دەرەوەی ئەو شارستانیەتە (ئیتر عەرەبی بێت یان ئیسلامی،

ئاسیایی بێت یان ئەفریقایی)، بەڵکو لە ڕێی ئەو پرانسیپانەوە دادگایی دەکەین کە ئەم شارستانیەتەی لەسەر دروست بووەو ڕۆژ تا ئێوارە باسیان دەکات، بەلاّم دواجار خیانەتی بەردەوامیشیان لێدەکات! قەیرانی ترسناکی مۆدێرنەی خۆرئاواش لێرەدایە و دوفاقی و دووڕوویشی لێرەدا کۆبۆتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە ئەم شارستانیەتە بەشێکی زۆری راستگۆی خۆی لە دەست داوەو لە چاوی گەلانی دیکەدا کاڵ بۆتەوە، گەر ئەو لێکترازانە توندە لە نێوان پرانسیپەکانی ڕۆشنگەری و پراکتیزەکردنەکانی لەسەر زەمینەی واقیع ڕووی نەدایە، ئەوا شارستانیەتی خۆرئاوا دەبووە نموونەیەك کە تەواوی میللەتانی دنیا چاویان لێدەکرد..

"کاستۆریادیس"ی فەیلەسوف دەنوسێت و دەڵێت: (ئەو نمونە بەرزە کامەیە کە سەرمایەداری لیبرالیزم پێشکەشی جیهانی دەکات؟ ڕەنگە نمونەی ئەو کۆمەڵگە دەوڵەمەندانەیان پێشکەش بکات کە خاوەنی سامانێکی بێ شومارن و هێزێکی تەکنۆلۆژی و سەربازی وەهاشیان هەیە کە نمونەی لە مێژوودا نییە، بەلاّم دوا جار هەموو ئەمانە بەس نین بۆ ئەوەی نمونەیەکی شارستانی ئازادیخوازنە دروست بکەن و بە کەڵکی مرۆڤایەتی بێت).

ئەوەی ڕاستی بێت کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان نموونەیەك دەخاتە بەردەمی جیهان کە لێی هەڵبێین نەك شوێنی بکەون و لاسایی بکەنەوە،

چونکە ئـەم کۆمەڵگایانـە تـەواو خـاڵین لـە هـەموو مانـا و دەلالـەتێکی ئینسانیانە.. تەنها بە هایەکیش تێیدا باڵا دەست بێت (پارە و بۆرس و دۆلار)ە. دوای ئەوەش شۆرەت و نیۆبانگ پەیدا کردن لە ڕێی میدیاکان و تەلەفزیۆن و .. هتد.

لـە بەرامبـەر نـەبوونی مانـا و بـەهادا ئـەوا سـەر لـە نـوێ بـە هـا ئایینیـەکان دێنـەوە نـاو گۆڕەپانەکـە، بـۆ ئـەوەی جێگەیـەك بـۆ خۆیـان بکەنـەوە و شـوێنێك بـۆ خۆیـان بگـرن. بـە کورتیەکـەی مۆدێرنـە لـەو کاتەوەی بۆتە ئایدیۆلۆژیایەکی خۆرئاوایی لە خۆبایی و هیچ ڕەخنـە و پێداچوونەوەیـەك پەسـەند ناکات، ئیتر لـەوە کـەوتووە ببێتـە بزاوتێکـی ئازادیخوازانە لە پێناو مرۆڤایەتیدا.

کاتێك ئەمە باس دەکـەین بێ ئاگـاش نین لـەوەی "کـانت" هەمیشـە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە: (سەردەمی ئێمە سەردەمی ڕەخنەیە و هـەموو شتێك بـەر لـەوەی پەسـەند بکرێت یـان ڕەتبکرێتـەوە دەبێـت بەرمەبنای ڕەخنە بدرێت). بەڵام دواتر خۆرئاوا وەرگۆڕا بۆ ئایکۆنەیـەك و هەموو جۆرە ڕەخنەیەکی ڕەتدەکردەوە کە لێی بگیرێت، بە تایبـەتی گەر ئەو ڕەخنەیە لە ڕۆشنبیرانی جیهانی سێهەمەوە بوایە.

**سەرچاوە**: الشرق الاوسط – *2002/5/21*.

# بەشی سێیەم

## دیاردەی فێندەمێنتاڵیزم

# پەتای فێـنـدەمێـنـتــــالیـــزم

لەکاتێکدا کەکێشەی فێندەمێنتالیزمو فێندەمێنتالیستەکان تەواوی جیهانی گرتۆتەوە، ناچارم بەوەی بگەڕێمەوە بۆ دواوە تابیینم چۆن چۆنی ئەورووپا کێشەی خۆی لەگەڵ فێندەمێنتالیزمی مەسیحیدا یەکلاییکردۆتەوە. من لای خۆمەوە لەزیاد لەشوێنێکدا وتومە: کێشەی فێندەمێنتالیزم کێشەی سەرەکییەو سەرچاوەی هەموو کێشەکانە. هەر بۆیە رۆشنبیرانی عەرەب یاخود ئیسلامی دوای بەسەرچوونی ماوەیەکی زۆر نەبێت، ناتوانن دەست نیشانی بکەنو چارەسەری بۆ بدۆزنەوە. ئەم مەسەلەیە تەواوی تواناکانی ئێمەی دەوێت، بەدرێژایی ئەم سەدەیە یان لانی کەم تاناوەڕاستی ئەم سەدەیە. کێشە گەلێکی وەها هەن لەماوەیەکی کورت خایەندا چارەسەر ناکرێن، بۆیە دەبێت لەمە بەئاگابین. هەندێ کێشە هەن قەوارەو گەورەییان بەڕادەیەکە چارەسەریان لەسەرو توانای نەوەیەکەوەیە، بەڵکو پێویستی بەچەندین نەوەی یەك لەدوای یەك هەیە تاچارەسەری بکەنو بنەبڕ بکرێت. بەڵام

ئەمە بەهانە نییە بۆ ئـەوەی نـەوەی ئێمـە دەستەوەسـتان بووەسـتێت لەئاسـت ئـەوەی هەنووکـە روودەدات، لەبەرئـەوەی هیـچ کێشـەیەك خۆبەخۆ چارەسـەر ناکرێت، بەڵکو دەبێت بیرمـەندان لەتـەواوی کایـەو بوارەکاندا قوڵی لێ هەڵکەن‌و رووبەڕووی ببنەوە.

گـەر بێتـو لەئـەزموونی رۆشـنگەری ئـەوروپی بڕوانـین، دەبینـین ئـەزموونێکی قورس‌و دژوار بووە. ئـەزموونی رۆشنگەری سێ سـەدەو بگـرە چـوار سـەدەی لـەدوای یـەکی خایـاند: (لـەمارتن لوسـەرەوە بـۆ ئیراسم، لەهیگڵەوە بۆ نیچەو تاسپینۆزاو جۆن لوك‌و ڤۆڵتێرو دیدرۆو رۆسۆو کانت‌و.. هتد). تەواوی فەیلەسووفانی ئەوروپا وزەو تواناکانی خۆیان بۆ بنەبڕکردنی ئەو پەتا ترسناکە سەرفکرد کەدووچاری هەموو ئاینێك دێت، ئەویش پەتای دەمارگیری‌و تاریکخوازی فێندەمێنتالیزمە.

### *ئەم جەنگە جەنگی ملیۆنێك موسڵمانە:*

لەچـەندین وتـاری پێشـوودا قسـەم لەسـەر هـەندێك لـەو شـەڕانە کردووەو زیاد لەجارێك سەرسامی خۆم بەگەورەترین ئەو سەرکێشیانە نیشان داوە کەمێژووی فیکری ئینسانی بەخۆیەوە بینیویەتی: ئەویش سەرکێشـی رۆشـنگەری یـاخود قووتاربوونـە لەدۆگمایـەتی

ئەرسۆدەکسی. لەوێدا وتبووم: ئەمە شەڕی ئایندەیە، شەڕی موسڵمانانە، شەڕی ملیارێك کەسە. بەڵام پێشبینیم نەدەکرد هەروا زوو ببێتە کێشەیەك کەجێ گرنگی شەش ملیار کەس بێت: واتە تەواوی دنیا پێیەوە سەرقاڵ بن. بەمجۆرە فێندەمێنتالیزم پەل‌وپۆی هاویشت‌و گەورەبوو، تاوای لێهات هەموو دنیای گرتەوە. ئێمە ژمارەیەکی کەمی ڕۆشنبیرانی عەرەب بووین کەلەلاوەو بەبێ دەنگی شەڕێکمان دەکردو هەنووکەیش درێژە بەو شەڕەی خۆمان دەدەین، بەڵام لەبارودۆخێکی دژوارو ناهاوسەنگدا ئەو کارە دەکەین. ئێمە لەسەر نوکی پێ دەڕۆیشتین، نەبادا هەرایەك دروست بێت‌و نەبادا ببینە مایەی دروستکردنی کاردانەوەیەکی سەرشێتانەی داخرانێکی مێژوویی دوورو درێژ. لەگەڵ ئەوەشدا لەدەست تۆمەت‌و پڕوپاگەندەو جۆرەها دژایەتیکردن‌و فشار بۆ هێنان (کەلێرەدا پێویست بەباسکردنیان ناکات)، قوتار نەبووین.

پێشتر وتومەو ئێستاش زیاد لەهەر کاتێکی‌تر سوورم لەسەر ئەوەی کە: هەر ڕۆشنبیرێکی عەرەبی کێشەی فێندەمێنتالیزم بەکێشەی سەرەکی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان نەزانێت، نەڕۆشنبیرەو نەشایستەی ئەو ناوەیە. چونکە ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە بەکێشەی میللەت و نەتەوەکەیەوە سەرقاڵەو گەر هاتوو خۆی بەشتە لاوەکیەکانەوە خەریك کردو مەسەلە سەرەکییەکانی

پشت گوێ خست، ئەوا ئەوە مانای ئەوەیە ئەو لەدەرەوەی بازنەکەدایە.

سەرجەم بیریارە مەزنەکانو بەدرێژایی مێژوو، بیریاری یەك تاکە کێشەیەك بوون. شەوو رۆژ بەداڵغەی ئەو مەسەلەیەوە بوونو شەوانە پێیەوە چاویان لێك ناوەو بەسەریشدا بەخەبەرهاتوون. ئەمە بەلای ئەوانەوە کێشەی سەرەکی و چارەنووسساز بووە. رەنگە جۆری ئەم کێشەیە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دی بگۆڕێت، بەڵام کێشەیەکی سەرەکی هەیە کەوەکی خۆی دەمێنێتەوەو فەیلەسووفانی پلە یەك نەبن. ناتوانن کەشفی بکەن یاخود مەزەندەی بکەن.

پێم سەیر بوو کەچۆن بەشێکی زۆری رۆشنبیرانی عەرەب وەکی پێویست، بایەخ بەم کێشەیە نادەنو کەم تازۆر بەکێشەیەکی نابینن! سەرەڕای درندایەتی ئەو جەنگەی فێندەمێنتالیستەکان لەجەزائیرو سودانو ئێرانو میسرو ئەفغانستانو.. هتد، لەدژی کۆمەڵگەی مەدەنیو رۆحی سەردەمە تازەکان دەستیان داوەتێ. هەرچەندە ئەوانە کەلێنێکی گەورەیان کردۆتە ناو یەکڕیزی نیشتمانی گەلو پشێویو نائارامیان دروستکردووە، بەڵام رۆشنبیرە جەسوورەکانی ئێمە بەردەوام چاوپۆشیان لەم بزووتنەوەیە کردووە، بەبەهانەی ئەوەی ئەمە بزووتنەوەیەکی میللییە یان تەعبیر لەمیللەت دەکات! تەنانەت تائەم ساتە وەختەش هەستیان بەگرنگی دژایەتیکردنی فێندەمێنتالیستە

ئەرسۆدەکسیەکان نەکردووە، بەتایبەتی دژایەتیکردنیان لەسەر زەمینەی خۆیان: مەبەستم زەمینەی ترادسیۆنی ئایینیو چۆنیەتی تێگەیشتنو تاووتوێکردنیەتی.

دەبوو لەبری خوێندنەوەی کلۆمدراو تەنانەت تیرۆریستانەش کەدۆگماتیستەکان دەربارەی ترادسیۆنی ئیسلامی دەیخەنە پێش چاو، خوێندنەوەیەکی نوێمان لەمەڕ ترادسیۆنی ئیسلامی پێشکەش بکردایە، وەکی ئەوەی فەیلەسووفانی رۆشنگەری ئەورووپی لەگەڵ ترادسیۆنی مەسیحیدا ئەنجامیاندا. گەر بهاتبایە و ئەو فەیلەسوفانە لەگەڵ خۆیاندا بیانوتایە: مادامەکی زۆربەی زۆری میللەتانی ئێمە فێندەمێنتالستن یاخود لەتەفسیرکردنی ئاییندا شوێن پێی فێندەمێنتالیستەکان هەڵدەگرنو لەسەر ئێمەش پێویستە شوێن میللەت بکەوینو خۆمان بدەینە دەست ئەو چارەنووسە، ئەوا هیچ جۆرە گەشەو پێشکەوتنێك لەئەورووپادا رووی نەدەداو ئەورووپا بەنەزانیو دواکەوتوویی دەمایەوەو تاساتەوەختی ئێستاش بەدەست جەنگی ناوخۆو مەزهەبییەوە گیرۆدە دەبوو. دڵسۆزی بۆ میللەت مانای ئەوەیە میللەت لەبۆچوونو تێڕوانینە چەوتەکانی قوتارکەین، لەو بڕیارە پێش وەختانە رزگاری بکەین کەسەدان ساڵە رەگیان داکوتاوە.

جیاوازی نێوان رۆشنبیرو پیاوی بازاڕی لێرەدایە، لەگەڵ رێزم بۆ پیاوی بازاڕی کەناتوانێت هەلومەرجی خۆی بگۆڕێت. فەیلەسوفانی

رۆشـنگەری بـەمجۆرە لـە ئـەرك‌و پەیامەکـەیان گەیشـتبوون‌و بـەهیچ جۆرێك نەکەوتنە ختوکەدانی میللەت، بەڵکو بەحەقیقەت رووبەڕووی بوونـەوەو راسـتییەکانیان پێوتـن. هــەر بەمــەش توانیــان گەلــەکانیان لەدواکــەوتوویی‌و داوەشــان رزگــار بکــەن‌و بیانگەیەننــە ئاســتی شارستانی‌و مەدەنیەت‌و پێشکەوتن.

## *رۆشنگەری:*

بەڵام داخۆ دەبێت مانای چەمکی رۆشنگەری چی بێت؟ چۆن چۆنی لەسـەدەی هەژدەهـەمدا سـەری هـەڵداو شـەوی ئەنگوسـتە چـاوی فێندەمێنتـالیزم بـەچ شێوەیەك لەبـەردەمیدا رەویـەوە؟ رەنگـە نـەتوانین لەتاکـە وتـارێکدا وەڵامـی هـەموو ئـەم پرسـیارانە بدەینــەوە، بــەڵام هــەوڵدەدەین لەهــەندێکیان نزیــك بینــەوە. ســەرەتا باهــەوڵی روونکردنەوەی چەمکی رۆشنگەری بدەین.

لەکتێبەکــەیدا دەربــارەی ســەردەمی رۆشــنگەری لەئــەوروپا، مێژوونووسی سویسرایی ((ئۆلدێتش ئـم هـۆف)) پێـی وایـە چـەمکی رۆشنگەری لەزمانی ئینگلیزیدا تەنها لەسەدەی نۆزدەهەمدا هاتەئارا، ئەگەرچی مەدلولی ئەم چەمکە پێشتر لەئارادا بووە. وەکـی ئاشـکرایە

هـەندێ جـار دیاردەیـەك پێـش ناونـانی دەكـەوێت. كـاتێك چـەمكی ڕۆشنگەری بەدەركەوت، لەگەڵ چەمكێكی دیكە: كەچەمكی سەردەمی ئەقڵە كەوتە كێبڕكێو ململانێ.

بۆنموونــە فەیلەســوفی ئەمــەریكایی ((بــارلكی)) بەشــێوەیەكی شـاعیرانە كەوتـە باسـكردنی سـەردەمی ڕۆشـنگەریو لـەم بارەیـەوە دەڵێت: (ڕووبارێك لـەنورو ڕۆشـنایی هروژمـی بـۆ هێنـاینو سـەرباری كـەندو كۆسـپی كۆیلایـەتیو سـیحرو جـادو، هـاتو ڕێگـای خـۆی كردەوە). هەروەها بیرمەندێكی ئینگلیزی دیكە دەڵێت: (ئەم سـەدەیە ڕۆشـنگەرە، زیـاد لـەوەی لەسـەدەكانی پێشـودا چـاوەڕێی لێدەكـرا). هــەرچی ((بــوب))ی شاعیریشــە، ئــەوا بزاوتــی فەلســەفیو زانســتی ســەردەمەكەی خــۆی لــەم دەســتەواژەیەدا كورتكــردەوە كــەدەڵێت: (سروشتو یاساكانی سروشت ونو نادیاربوون.. تالەپڕێكدا یـەزدان وتی: بانیوتن ببێتو ئەوەبوو بوو! ئیتر هەموو شتێك ڕووناك بووەوە.. بەمجۆرە ڕووناكی لەخۆرئاواوە لەئەوروپاو لەتەواوی جیـهان هەڵـهات نەك لەخۆرهەڵاتەوە، ئەمەش پێچەوانەی جوڵەی ئاسایی خۆرە). واتە بۆیەكەمجار ڕۆشنگەری لەئینگلتەرای لیبراڵیەوە سەری هەڵداو دواتر بەفەڕەنساو ئەڵمانیاو وڵاتانی دیكە گەیشت. ڕۆشنگەری بەفەڕەنسی واتـە: زیرەكی، زانین، ڕەوانی فیكـر، پاشـان بـووە نیشـانەو سـومبلی تەواوی ئەو ڕۆژگارە.

فەیلەسوفەکان پێیان وابوو بەتەنها رۆشنگەری ئەقڵی سروشتی لەباریدایە، مرۆڤایەتی بەرەو پێشکەوتنی زانستیو داناییو شارستانی بەرێت. ساڵی 1750و لەئەوجی سەردەمی رۆشنگەریدا یەکێك لەفەیلەسوفەکان دەڵێت: (بۆ دواجار هەرچی تاریکیە کۆتایی هاتو ئاوابوو، ئەوەتانێ لەچوارلاوە رووناکی بەسەرماندا دادەکات. چەند قەشەنگە ئەم رووناکییەو چەندێ جوانە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی!).

رۆشنگەری بەمانا ئەڵمانییەکەی تەنها لەساڵی 1780دا بەدەرکەوت: واتە کاتێك کە ((کانت)) بەرهەمە مەزنەکانی خۆی دەنووسیو پاشان ئەم چەمکە لەسەدەی نۆزدەهەمدا چەسپی. لێرە بەدواوە یەکێك لەبیرمەندانی ئەڵمانیا دەستیکرد بەقسەکردن دەربارەی ئازادی فیکرو رۆژنامەوانیو لەمبارەیەوە دەڵێت: ئەوانە بۆ ئەقڵ وەك رۆشنایی وەهان بۆ هەردووچاو.

هەروەها ((هێردی)) کەلەسەدەی هەژدەهەمدا ژیاوە، لەوەسفکردنی سەردەمو رۆژگاری خۆیدا دەڵێت: (ئەمە سەردەمی رۆشنی ئێمەیەو لەناو تەواوی سەردەمەکانی دیکەدا لەهەموویان درەوشاوەترە). سەبارەت بەچەمکی رۆشنگەریش لەئیتاڵیادا دەتوانین بڵێین تازەیەو لەسەدەی بیستەمدا نەبێت نەبووە ئاقارێك لەو وڵاتەدا. ئەوەی راستی بێت باشووری ئەوروپا بەبەراورد بەباکور لەڕۆشنگەریدا دواکەوت. هەر

بۆیە ناکرێت ئیتاڵیاو بەتایبەتیش ئیسپانیاو پورتوگال، بێنینە ئەو ئاستە ژیاریەی وڵاتانی وەك ئینگلتەراو فەرەنساو ئەڵمانیاو هۆڵەندا پێی گەیشتن.

ئەگەرچی ئیتاڵیا لەپەنجا ساڵی رابردوودا توانی خۆی بگەیەنێتە ئاستی ژیاری وڵاتانی پێشکەوتوو. لەدواییشدا ئیسپانیاو هەروەها پورتوگالیش تەکانیان دایە خۆیان، سەرەڕای ئەوەی فێندەمێنتالیزمی کاتۆلیکی لەوڵاتی ((فرانکۆ و سالازا)) (واتە لەئیسپانیا و پورتوگال– و. کوردی) زۆر بەهێز بوو، بەلام لەبیست ساڵی رابردوودا مۆدێرنەو دیموکراسی لەو دوو وڵاتەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

ئەڵبەتە لێرانەدا من سویسرای وڵاتی ((جان جاك رۆسۆ))م لەبیرکرد، ئەو وڵاتە جوانەی رۆڵێکی گەورەی لەئەقڵانیەت و رۆشنگەریدا گێڕا. هەروەها سویدو دانیمارك و نەرویجیشم لەیادکردو نەدەبوو لەبیرم بچن. ئائەمەیە رۆشنگەری کەبەرچاوی رووناککردەوە، بەلام دەمارگیرە فێندەمێنتالیستەکان هەوڵی زۆریان دا تاتاریکی بەردەوام بێت و نەزانین و نەفامیش درێژەی هەبێت. ئەوانە رقێکی بێ سنووریان لەڕۆشنگەری هەبوو.

## ئەوروپاو تیرۆری ئایینی:

ئێستا ئەم پرسیارە دەکەم: یەك رۆشنبیری عەرەبی دەتوانێت بڵێت ئەم سەردەمەی تیایدا دەژین سەردەمێکی رۆشنگەرانەیە؟ ئەڵبەتە مەبەستم سەردەمو رۆژگاری عەرەبیو ئیسلامییە، نەك سەردەمی ئەوروپی. لەبەرئەوەی ئێمە لەڕووی کاتەوە هاوسەردەمی ئەوروپاین نەك لەڕووی عەقڵی و فیکرییەوە. کێ دەتوانێت باس لەمە بکات؟ نەخێر، ئەمە سەردەمو رۆژگاری فێندەمێنتالیزمە، سەردەمی هەراو زەنایە، رۆژگاری تاڵیبانو تەواوی ئەو هۆردوانەیە کەبەرەو مێژوو دەکشێن. بەکورتییەکەی ئێمە لەخۆئامادەکردنداین بۆ سەردەمێکی رۆشنگەری عەرەبی– ئیسلامی لەئایندەدا. راستە ئێمە وەها رۆژگارێك بەچاوی خۆمان نابینین، بەڵام هیچ گومان لەوەدانییە کەبەڕێوەیەو پێم وانییە زۆریش لێمانەوە دوور بێت. درەنگ یان زوو ئەم شەپۆڵو تەوژمەی ئێستا دەنیشێتەوەو بەنیشتنەوەشی رووناکییەکی نوێ هەڵدێت، رووناکییەك ماوەیەکی دوورو درێژ (بەر لەچەندین سەدە) لەچاوەڕوانیدا بووین. گەورەترین شەوە زەنگو تاریکی دوایین تاریکییە، واتە ئەو ساتەوەختەیە کەڕاستەوخۆ دەکەوێتە پێش کازیوەو بەرەبەیان. بۆئەوەی نموونەیەکی پراکتیکی بۆ سەلماندنی

ڕاستیو دروستی ئەو قسەیە بخەینەڕوو، هێندە بەسە ئاوڕ لەو سەدەیە بدەینەوە کەڕاستەوخۆ بەر لەسەردەمی ڕۆشنگەری ئەورووپا لەئارادا بوو: واتە سەدەی حەڤدەهەم.

سەدەی حەڤدەهەم سەدەیەکی تیۆلۆژی ترسناك بوو.. ئەو سەردەمە بوو کەئاقاری دژ بەڕیفۆرمی ئایینی تێدا بالادەست بوو، ئەو سەردەمەی دادگایی ((گالیلۆ))ی کردو ((دیکارت))ی ناچارکرد لەفەڕەنسا هەڵبێت و ((سپینۆزا))ی تۆقاند.. سەدەی هەڤدەهەم سەردەمی شەڕە مەزهەبیو ناوخۆییەکان بوو کەئەورووپای گرتبووەوە. ڕۆژگاری تیرۆری ئایینی بوو کەهیچی لەتیرۆری تالیبانو تەواوی فێندەمێنتالیستەکانی ئەمڕۆ کەمتر نەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا هێندەی نەبردو تەنها دوای بیست ساڵ جەنگێك لەنێوان ڕۆشنگەرانو تاریکخوازاندا بەرپابوو، سەرەنجامیش لەبەرژەوەندی ڕۆشنگەری شکایەوە: واتە لەبەرژەوەندی هاتنە ئارای تەفسیرێکی نویێ بۆ ئایین کۆتایی هات. ڕێگای ڕزگاریش لێرەدایە: گەلالە کردنی تێگەیشتنێکی دی بۆ ترادسیۆنی ئایینی، جیاواز لەو تێگەیشتنە باوەی سەدان ساڵە لەئارادایەو فێندەمێنتالیستەکانیش لەهەوڵی ئەوەدان قەناعەتمان پێ بکەن بەوەی ئەوە تەنها تەفسیرێکی گونجاوو پەسەندە.

بەمجۆرە ئەوروپا بەسەر خۆیدا زاڵ بوو، توانی ئەو گرێ کوێرە مێژووییەش بکاتەوە کەبریتی بوو لەو پێکدادان و ململانێ خوێناوییەی نێوان ئەقڵی تیۆلۆژی و ئەقڵی زانستی یاخود فەلسەفی. مەترسی ئەم پێکدادانە لەنێوان تیۆلۆژیای سەدەکانی ناوەڕاست و مۆدێرنەدا هیچی لەخۆپیاکێشانی ئەو فڕۆکە خۆکوژیانە کەمتر نییە کەخۆیاندا بەهەردوو تاوەری بازرگانی جیهانی لەشاری نیویۆرک!

من لای خۆمەوەو زیاد لەجارێك باسم لەهەڕەشەو مەترسی تیۆلۆژیای سەدەکانی ناوەڕاست یاخود فیقهی سەدەکانی ناوەڕاست کردووە، ئەو تیۆلۆژیایەی ڕێ بەهەموو نەزان و کاڵ فامێك دەدات فتوای تەکفیرو حەرامکردن و کوشتن و سەربڕین بدات.. هەروەها باسم لەوە کردبوو کەلەبەریەك هەڵوەشاندنی ئەم فیقهو تیۆلۆژیایە، پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ سەرجەم کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکان.. ئەم کۆمەڵگایانە ناتوانن بەرەو پێش بچن تەنها بەلەبەریەك هەڵوەشاندنی ئەقڵیەتی سەدەکانی ناوەڕاست نەبێت، چونکە گەروا نەکەین ئەوا کۆسپ دەخاتە بەردەم هەنگاوەکانی و وای لێ دەکات لەهەموو جوڵەیەکیدا هەست بەگوناهو تاوانێك بکات. هەروەها ئەوەتا لەئێستادا و لەبەرامبەر ئەوانی دیدا، بۆ ئێمە بۆتە مایەی شەرم و شورەیی و ڕووگیری. بەڵام لێك شیتاڵکردنی ناچارمان دەکات بەوەی بچینە ناو شەڕێکی بێ ئامانەوەو هەرچی جارێکیش سەنگ و قورسایی کەم بێتەوە، توندتر پەلدەهاوێت.

# فێندەمێنتالیزم و پێکدادانی شارستانییەتەکان

بەبێ لەبەرچاوگرتنی مەسەلەی دەمارگیری ئایینیو ئەو شەڕە مەزهەبیانەی بەدرێژایی دووسەدە ئەوروپایان پەرتپەرت کرد، ناتوانین لەسەردەمی رۆشنگەری تێبگەین چەمکی (لێکبووردن)یش هەر لەسەرەتاوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هاتە ئارا، واتە کێشەی هەڵکردنو پێکەوەژیان لەنێوان هەردوو ئاینزا سەرەکییەکەی مەسیحیەتدا (ئاینزای کاتۆلیکیو ئاینزای پرۆتستانتی). واتە پێویستە رۆشنگەری بخەینەناو سیاقە مێژووییەکەی خۆیەوە، تاوەکو خۆی بیناسینو بەڕووە راستەقینەکەی ئاشنابین.

هاتنەئارای رۆشنگەری لەپێناو خواستێکی گرنگی وەك: بەدەستهێنانی ئازادی بیروڕاو ویژداندا بوو، هەروەها بۆ ئەوەبوو مرۆڤ مافی ئەوەی هەبێت. لێکدانەوەی جیاوازی بۆ تێکستە پیرۆزەکانی هەبێت، کاتێکیش ململانێی نێوان پیاوانی ئایینی و فەیلەسوفەکان دەستیپێکرد، هەرپەیوەندی بەمەسەلەی (لێکبوردن)ەوە

هەبوو، چونکە زانایانی ئایینی مەسیحی پێیان وابوو بڕواهێنان بەهەندێك بیروباوەڕی ئایینی مەرجێکی سەرەکییە بۆئەوەی مرۆڤ لەو دنیا رزگاری بێت و سەرفراز بێت، هەرکەسێکیش بڕوای بەو عەقیدانە نەبێت، ئەوا کافرەو چارەنووسی دۆزەخە. بۆیە پێویستە دژایەتی ئەوجۆرە کەسانە بکرێت و بەهەموو شێوازێك تەنگیان پێهەڵبچنرێت، هەروەها نابێت لەگەڵ ئەو کەسانەدا نەرمی بنوێنین و لێبوردەبین، لەبەرئەوەی ئەوانە دەکەونە دەرەوەی بازنەی عەقیدەی خوداناسییەوە.

بەمجۆرە چەمکی (لێکبوردن) لای فێندەمێنتالیستەکان هیچ واتایەکی نەبوو، بەلای ئەوانەوە (لێکبوردن) بریتی بوو لەوەی ئەمڕۆ بە(بیرلێنەکراوە یاخود بەوەی ئەستەمە بیری لێبکەینەوە) ناوی دەبەین. لەو هەلومەرجەدا هیچ مەسیحییەك نەیدەتوانی لەخواستی ویستی فەیلەسوفەکان (دەربارەی لێکبوردن) تێبگات. چۆن دەکرێت لێکبوردەبین لەگەڵ کەسێکدا کەحەقیقەتی ئیلاهی رەتبکاتەوە؟ ئایا کەسێکی وا مافی ئەوەی هەیە بژیو لەژیاندا بمێنێ؟ مەبەستی فێندەمێنتالیستەکانیش تەنها فەیلەسوف و بێباوەڕەکان نەبوو، بەڵکو مەبەستیان ئەو کەسانەش بوو کەشوێن ئاینزاکانی دیکەو ئایینەکانیتر کەوتبوون جگە لەئایینی مەسیحی. بۆ نموونە شوێنکەوتوانی ئاینزای کاتۆلیکی لەفەرەنسا کەمینەی پرۆتستانت

مەزهەبەکانیان بەکافرو گومڕا دەدایە قەڵەم کەناشێت لێکبوردەبن لەبەرامبەریاندا.

ئەگەرچی پرۆتستانتەکان وەك کاتولیکییەکان باوەڕیان بە(مەسیح) هەبوو، جگەلە (ئینجیل)یش کتێبێکی دیکەیان شك نەدەبرد!.. بەڵام لەچەند مەسەلەیەکی‌تردا (لاوەکی نەك بنەڕەتی) لەکاتۆلیکییەکان جیاواز بوون (وەك ئەو جیاوازییەی لەنێوان شیعەو سونەدا دەیبینین)، لەئیسلامدا ئەم دوو مەزهەبە لەسەر خواو پێغەمبەر و قورئان هاوڕان‌و لەسەر مەسەلەکانی دیکە ناکۆکن، ئەمەش مانای وایە فێندەمێنتالیست کەسێکە لەو مەسەلانەدا کەپەیوەندییان بەکاروباری ئایین‌و عەقیدەوە هەیە، توانای قبوڵکردنی هیچ جۆرە جیاوازییەکی نییە.

لێرەداو بۆئەوەی لەم حاڵەتە تێبگەین، پێویستە دەست بکەین بەشیکردنەوەیەکی دەروونی کارەکتەری فێندەمێنتالیستی ئەرسۆدەکسی. کەسی ئسولی (بەپێچەوانەی ئەوەی ئێمە پێمان وایە) کەسێکی زۆر بەختەوەرەو بێئەندازەش ئارام‌و دڵنیایە، ئەو خۆی بەکامەرانترین بوونەوەری خودا دەزانێت لەسەر زەوی، بەڵام بۆچی؟ بێگومان لەبەرئەوەی پێی وایە (حەقیقەتی رەها، حەقیقەتی پیرۆز، ئەو حەقیقەتەی دواین حەقیقەتە) لەلای ئەوە، بۆیە زۆری پێ سەیرە خەڵکانێك هەن دان بەم حەقیقەتەدا نانێن یاخود دەستبەجێ باوەڕی پێناهێنن‌و پەیڕەوی ناکەن.

مرۆڤـی ئسـولی ئـەم حاڵەتــە بـەئابڕوچونێك دەزانێــت، لەبەرئــەوە کوشتن و پاکتاوکردنی هـەموو کەسێك (کـەبڕوای بەو عـەقیدە ئیلاهییـە نــــەبێت) بـــــەکارێکی شـــــەرعی دەزانێــــــت، ســــڵنەکردنەوەی فێندەمێنتالیستەکان (لەکوشتن و بڕین) لێرەوە سەرچاوە دەگرێت.

بۆ نموونە ئەوانـە کاتێك سواری فرۆکەیـەك دەبن گۆشاوگۆش ئـەو خانمـە شۆخ و شـەنگانە سـەردەبڕن کەخزمـەت بەموسافیرەکان دەکـەن! یان هەندێکجار لەجەزائیر مامۆستایان و رۆشنبیران وەك بەرخ لەبـەرچاو منداڵەکانیان لەتوکوت دەکەن، تەنانـەت ژن و منـداڵ و تـەواوی خێزانێك سەردەبڕن، بێئەوەی ئەو کارە هێندەو تۆزقاڵێك ویژدانیان ئازار بدات. بـەڵام دەبێـت بپرسـین بۆچـی؟ چونکـە ئەوانـە پێیـان وایـە فتواکـان جێبەجێدەکەن و حوکمی یەزدان لەسەر زەوی دەچەسپێنن.

گەر بێتو مەسەلەکان لەسەر ئەم ئاستە قووڵە تاوتوێ نەکەین، ئـەوا هـــەرگیز تێناگـــەین لــــەوەی لەئێســــتادا چـــی روودەدات و هۆکـــاری چاوقـایمی و ئازایـەتی ئسـوڵییەکان چییـە کـەدەتوانن تـاوانی گـەورە ئەنجام بدەن و ژیانی مرۆڤ بەسووك سەیربکەن.

ئەوەی خاوەنی حەقیقەتی ئیلاهی بێت مافی هـەموو شتێك بـەخۆی دەدات و پێویستە ئاستی بـەرگری کردنیشی لــەو حەقیقەتـە ئیلاهییـە بگاتـە رادەی قوربـانیدان بـەخۆی یـاخود کوشـتنی خـەڵکانی تـر لــەو پێنـاوەدا، لەهــەر دوو حاڵەتەکەشـدا ئـەو شـەهیدەو خواوەندیـش لێـی

رازییە. بۆ ئەمجۆرە کارانە فتوای ئاینی گرەنتییەکی شەرعی و دڵنیاییەکی زۆر گەورەن بۆ مرۆڤی فێندەمێنتالیست. بێ بوونی ئەوەش نەیدەتوانی تیرۆر بکات، یاخود بەهۆی ئەو تاوانە نامرۆڤانەیەی ئەنجامی دەدا، دەبووە دێوانەیەک و ئەقڵی لەدەستدەچوو. لەبەرئەوەیە دەڵێین لەبەریەک هەڵوەشاندنی تیۆلۆژیای سەدەکانی ناوەڕاست (یاخود فیقهی سەدەکانی ناوەڕاست)، پێداویستییەکی هەنووکەییە لەئێستاداو بۆ ئایندەش، چونکە تائەو تیۆلۆژیا تاریکە باڵادەست بێت بەسەرئەقڵیەتی ملیۆنەها کەسدا، نەچارەسەری کێشەکان دەکرێت و نەڕزگاریشمان دەبێت، واتە بەپشتیوانی خواو تائەو کاتەی خوا خۆی ویستی لەسەر بێت کوشتن و بڕین بەناوی خواوە درێژەی دەبێت.

ئەگەر ئەوروپییەکان بەدرێژایی سێ سەدە لەخەباتدا بوون لەپێناو ڕزگاربوون لەئسولیەتی مەسیحی، ئەوا دەبێت ئێمە چەندمان بوێت؟ پێویستە بزانین پێکدادان لەگەڵ تیۆلۆژیای ئسولیدا لەکۆتایی سەدەی حەڤدەهەمەوەو لەساتەوەختی ((سپینۆزا))وە دەستی پێکرد، تەنها ئەو کاتەش ئەوروپییەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا کەکۆڕی بەناوبانگی کڵێساکان لەژێرناوی (ڤاتیکانی دووەم)دا لەساڵی 1962–1965 بەسترا. ئەمەش مانای وایە ئەوروپا بەدرێژایی سێسەدە گیرۆدەی کێشەی فێندەمێنتالیزم بوو، دوای ئەوە توانی چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام

ئایا دەکرێت ئێمەش ماوەی سێ سەدساڵ چاوەڕێ بین بۆئەوەی چارەی مەسەلەیەکی وەها بکەین؟ بێگومان نەخێر، بەڵام ئەو کەسەش بەهەڵەدا چووە کەپێی وایە لەڕۆژو دوو ڕۆژێکدا کێشەی فێندەمێنتالیزم لای ئێمە کۆتایی دێت. ئەمە مەسەلەیەکی گەورەیەو پەیوەندی بەهۆشیاری ملیارێك مرۆڤەوە هەیە، لانی کەم ڕەنگە تاناوەڕاستی سەدەی بیستویەك بخایەنێت. هەرچیش پەیوەندی بە ((ئوسامە بن لادن)) و ((مەلا محەمەد عومەر)) و هاوشێوەکانیانەوە هەیە، ئەوا بەلانی کەمەوە پێویستمان بەهەزار ساڵ هەیە!!

ڕەنگە هەندێك بڵێن: (بەڵام دەست تێوەردانی دەرەکی و کاریگەری بەجیهانیبوون کەلەچوارلاوە تەوقی داوین، وادەکەن ئەو پرۆسەیە زووبەزوو بگاتە ئەنجام). ئەمە ڕەنگە وابێت، بەڵام دەبێت چارەسەری ریشەیی تەنها لەناوخۆوە بێت. واتە لەخودی موسڵمانەکانەوە سەرچاوە بگرێت، چونکە دواجار کێشەکە کێشەی ئەوانە. بەڵام بۆچی دەڵێم کێشەکە خەتەرناکو مەترسیدارەو ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت؟ بێگومان تەنها لەبەرئەوە نییە کەبەراوردی نێوان ئەوەی لەئەورووپا رویداو ئەوەی دەشێت لەداهاتوودا لای ئێمە رووبدات دەکەم، (دەشزانم فەیلەسوفەکانی ئەورووپا نەوە دوای نەوە چ کۆششێکیان کرد لەپێناو کۆتایهێنان بەفێندەمێنتالیزمی مەسیحی)، بەڵکو لەبەرئەوەیە کەمن درك بەڕادەی مەترسی بەرەنگاربوونەوەی ناسنامەیەکی ترادسیۆنی

رەگ وڕیشە داکوتراو دەکەم، وەها کارێکیش گرانگترین کارێکەو ئەرکێکی تاقەتپڕوکێنە.

لەم سەروبەندەدا دەستەواژەیەکی ((فردریك نیچە))ی فەیلەسوفی ئەڵمانیم دێتەوەیاد کەدەڵێت: (قورسترین جۆرەکانی خزمەتکردن، خزمەتکردنی حەقیقەتە). کێ دەتوانێت رووبەڕووی خۆیو حەقیقەتە قووڵەکانی ناخی خۆی بێتەوە؟ بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ساتەوەختی حەقیقەت بۆ موسڵمانان کاتی هاتووەو نزیك بۆتەوە، هەموو بەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کەئێمە لەهەرێمی حەقیقەتە مەزنەکان نزیك بووینەتەوە. پێویستە بزانین لەسالانی داهاتوودا مێژوویەتی تێکستە پیرۆزەکان هێدی هێدی دەردەکەون، بەدەرکەوتنیشیان زەمین لەرزەیەکی فیکری روودەدات، بەجۆرێك مێژووی ئێمە بەدرێژایی سەدان ساڵ شتی وەهای بەخۆیەوە نەبینیبێت. خۆشی لەوەی تائەو کاتە دەژی، بۆئەوەی بەچاوی خۆی ئەو ڕۆژە ببینێت. هەموو ئەو بزاوتە ئسولیەی ئەمڕۆ لەگەڕدایە، دواین هەوڵە -یان بڵێین پەلە قاژێی سەرەمەرگە– بۆ کۆسپ خستنەبەردەم ئەو گۆڕانکارییە فیکرییە مەزنەی لەمردن زیاتر لێی تۆقیوە.

لەبەرئەوەی وەها رووداوێك بەو ئەندازە گەورەو گرنگە، ئەوا کارەکتەری دەستەجەمعی ئێمە تائێستا دژی دەوەستێت و خۆی لێ لادەدات، چونکە لەئاکامەکانی دەترسێت. ئەمە لانی کەم یەك لەو

شیکردنەوانەیە کەسەبارەت بەدیاردەی ئسولیەت (ئەو دیاردەیەی هەنووکە لەئارادایە) دەیخەینەڕوو. بۆیە وتم ئەو گۆڕانە هێدی هێدیو لەسەرە خۆڕوودەدات، چونکە گەر بێتو حەقیقەت لەناکاودا یان پێکڕا خۆی نیشاندای ئەوە لەجێی خۆتدا دەتکوژێت! ڕۆشنبیران دەتوانن بچنە ژێر باری، کارێکی وا بەڵام زۆربەی زۆری خەڵك ئەوا دەبێت ماوەماوە ئەو حەقیقەتەیان پێبدرێت، وەك چۆن دەرمان بەنەخۆش دەدرێت. ئەوەی بەدرێژایی چەندین سەدە لەسەر قەناعەتێکی ڕەها ژیابێت، ناتوانێت لەماوەی شەوورۆژێکدا دەستبەرداری بێتو بیگۆڕێت، تەنانەت ڕەنگە وەها کارێك کارەکتەری دەستەجەمعی ڕاتەکێنێتو کاردانەوەی سەختگیرانەی لێبکەوێتەوە، بەجۆرێك لەئێستا کەس نەتوانێت بەرپرسیارێتی ئەو کارە بگرێتەئەستۆ.

پێویستە خۆرئاوا لەمە تێبگاتو زیاد لەپێویست لەحوکمدانی بەسەر موسڵماناندا ڕەق نەبێت، چونکە موسڵمانان داماو بێ چارەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی زۆر لەڕەوتی پێشکەوتنو شارستانیەت دواکەوتن، هاوکات لەهەموو ڕوویەکەوە لەهەلومەرجێکی ناهەموارو تراژیدیدا دەژین. بۆیە بەڕۆشنبیرانی خۆرئاواو هەروەها بەسیاسەتمەدارانیشیان دەڵێم: (زۆر سەرتان سوڕنەمێنێ لەوەی لەئێمە ڕوودەدات، گاڵتەمان پێمەکەنو لاقرتێمان مەکەن لەسەر ئەوەی لەناو کێشەی فێندەمێنتالیزمدا نوقم بووین). خۆرئاواییەکانیش وەك ئێمە

بەدەست فێندەمێنتالیزمی مەسیحییەوە گیرۆدە بوون، دوای سەردەمانێکی زۆریش نەبێت ڕزگاریان نەبوو، دەتوانن کەم یان زۆر بگەڕێنەوە دواوە، تائاستی ئەو شەڕە دژوارانە ببینن کەفەیلەسوفەکانیان لەسەدەی هەژدەو نۆزدەو تەنانەت تاسەدەی بیستەمیش کردیان. (سەبارەت بەسەدەی بیستەم بڕوانە قەیرانی مۆدێرنە La Crise Moderniste کە لەسەرەتاکانی ئەو سەدەیەداو بەهۆی پراکتیزەکردنی میتۆدی مێژووییەوە بەسەر ئینجیلدا هاتەئارا، لەسەر ئەو مەسەلەیە مەسیحییەکان بوون بەدوو بەشەوە: بەشێك فێندەمێنتالیزمی دۆگماو بەشێکیان لیبرالی رادیکال). بەڵێ بیریارە ئازادیخوازەکانی ئەوروپا گەورەترین شەڕیان لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بەرپاکرد، شەڕ لەپێناو ئازادکردنی ئەقڵ لەکۆت و پێوەندەکانی. بەڵێ ئەو هەوڵەی ئەوان گەورەترین سەرکێشییە لەمێژووی فیکری مرۆڤایەتیدا، سەرکێشی سەرکەوتن و زاڵبوون بەسەر فێندەمێنتالیزمدا، بەڵام کارێکی وا لەشەووڕۆژێکدا ڕوویندەدا.

بۆیە پێیان دەڵێین: (دەرفەتی ئەوەمان بدەنێ بۆئەوەی کێشەکانمان لەگەڵ خۆماندا و لەگەڵ مێژوومـاندا، لەگەڵ کەلەپوورو فێندەمێنتالیزمدا چارەسەربکەین). نازانین بۆکوێ بچین؟ هێندە کێشەو گرفت لەسەر شانمان کەڵەکەبووە، نازانین لەکوێوە دەستپێبکەین؟ ئێمەش میللەتانێکین خوازیاری ئازادیو ڕووناکین، بەڵام برسی و

سەرکوتکراوین و کەرامەتمان ژێرپێ خراوە. تەنها سەیرێکی گەلی ئەفغانستان بکەن کەئاوارەو دەربەدەری ڕێگەوبانەکان بووە، بۆ ئەوەی لەئاستی تراژیدیاو نەهامەتییەکانمان تێبگەن. لەم مەسەلەیەشدا هەر تەنها ئەفغانستان وانییە، گەلانی ئیسلامی (بەعەرەبی و غەیرە عەرەبیشەوە) برسی و نەدارن، ئەوان هەموویان ئسولی و توندڕەونین و رقیان لەشارستانیەت و ڕۆشنگەری نییە وەك هەندێکجار میدیاکانی خۆرئاوا باسی لێدەکەن بەڵکو لەناو وڵاتانی ئیسلامیدا وزەو توانای جوان و گەورە هەیەو چاویان بڕیوەتە ئایندە، هەزاران لاوی (کوڕوکچ) هەن کەنەفێندەمێنتالیستن و نەتوندڕەون، هەرئەوانەشن ئومێدی دواڕۆژن.

لێرەوە دەکرێت بڵێم: (ناکرێت لەکێشەی فێندەمێنتالیزم یان توندڕەوی تێبگەین، تەنها بەوەنەبێت کەبیخەینە ناو دیدگای بەراوردکارییەوە). لەم بارەیەوە مەسەلەیەکەم بەبیر دێتەوە کەلێرەدا باسی دەکەم: لەسەدەی هەژدەدا مەسیحییەکی فەرەنسی دەچێتە وڵاتی چین، دەبینێت میللەتێکی ڕێکوپێك و هەڵسوکەوت جوان لەگەڵ خەڵکیدا لەوێدا دەژین، ئەوەی جێی سەسوڕمانی زۆری ئەوبوون، ئەوەبوو چۆن چۆنی میللەتێك ئینجیلی نەخوێندبێتەوەو تەنانەت ناوی یەسوعی مەسیحیشی نەبیستبێ، دەتوانێت وەها مرۆڤانە بگوزەرێنێ!

حەقیقەتی کێشەی فێندەمێنتالیزم لێرەوە دەستپێدەکات، بۆیە خوێندنی مێژووی ئایینی بەراوردکاری لەسەرجەم خوێندنگە ئامادەییەکان و زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا هەنگاوی یەکەمە لەپێناو نەهێشتنی ئسوڵیەتدا. ئەو جۆرە خوێندنە، ڕێژەی هەموو ئەو کەلەپوورانەمان بۆ ئاشکرا دەکات کەخۆیان وەك (ڕەهاو پیرۆزو باڵادەست) نیشاندەدەن. هەروەها دەگەینە ئەو ئاکامەی کەنەك تەنها ڕێگەیەك، بەڵکو هەمووان ناچار دەبن ئایدیای پێکەوە ژیانی نێوان کەلەپوورە ئایینیە جیاجیاکان قبوڵ بکەن. بەو پێیەی هەر ئاینێك هەوڵێکی جدییە بۆ گەیشتنە موقەدەس، بەڵام نابێت هیچ ئاینێك ئەو موقەدەسە بۆخۆی پاوان بکات یان خۆی بەتاکە کەلەپوورێکی ڕاستو دروستو بێخەوش نیشانبداتو وابزانێت تەواوی کەلەپوورە ئاینییەکانی دی لەڕێ لایانداوەو دەستکاریکراونو هەڵبەستراونو.. هتد.

چەمکی (لێکبوردن) ناتوانێت لەسەر زەمینی جیهانی ئیسلامی سەوزبێت، گەربێتو خوێندنی مۆدێرنانەی ئایین جێگەی ئەو خوێندنە تەقلیدییە ئسوڵییە نەگرێتەوە کەسەدان ساڵە ماوەتەوەو تائەمڕۆش بەردەوامە. کەواتە ئەرکێکی قورسو گرانمان لەڕێدایە، ئەرکێك کەفڕۆکەو کەشتییە بارهەڵگرەکانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا چارەسەری ناکەن. گومانی تێدانییە سەرکەوتنی سەربازی یاخود

سیاسیی بەسەر لەشکری زەبەلاحی ئسوڵییەکانداو چاوشکاندنیان لەداهاتوودا کاریگەری خۆی دەبێت، بەڵام لەئێستاوە ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کەداخۆ قەوارەو ئاستی ئەو کاریگەرییانە چۆن دەبێت.

دەتوانین هەر ئەوەندە بڵێین کەبۆیەکەمجارە کێشەی فێندەمێنتالیزم دەبێتە کێشەیەکی جیهانیو تەنها پەیوەندی بەجیهانی ئیسلامییەوە نییە، بەڵکو خۆرئاواشی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. ئەمەش بۆخۆی رووداوێکی گرنگە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەم حاڵەتەش بەتایبەتی لەو کاتەدا بەدەرکەوت کەبزووتنەوەی تاڵیبان پەیکەرەکانی بوزایان لەبامیان تەقاندەوە، ئەو پەیکەرانەی بەلای گەلانی هندیو چینیو یابانیو.. هتد، پیرۆزی خۆیان هەیەو بەچاوی رێزەوە سەیر دەکرێن.

بەمجۆرە فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی بەرەو رووی تەواوی گەلانی جیهان وەستایەوە، ئەم کارەش وادەکات زووبەزوو لەبەریەك هەڵوەشێتو لاواز بکرێت، بەڵام مەسەلەکە کۆتایی نەهاتووەو یەکلایی نەبۆتەوە. یەکلایش نابێتەوە تائەو وەختەی خوێندنەوەی رۆشنگەرانە بۆ کەلەپووری ئیسلامی، بەسەر ئەو خوێندنەوە فێندەمێنتالیستەدا سەرنەکەوێت کەتێکەڵ بەخوێنمان بووەو بەدەمارەکانماندا دێتو دەچێت. لێرەوە دەردەکەوێت کەجەنگی فیکری هیچی لەشەرە سیاسیو سەربازییەکان کەمترنییە.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی چەمکی فێندەمێنتالیزمو ئاشکراکردنی رادەی دەسەلاتی بەسەر خەڵکیو رەگ داکوتانی لەناخی دەروونی کۆمەڵگەدا، نموونەیەکیتر لەمێژووی فەرەنسا بەرچاو دەخەم. "بۆسوێ – (Bossuet) گەورەترین بیریاری ئسوڵی کاتۆلیکی فەرەنسا بوو لەسەدەی حەڤدەهەمدا، ئەم پیاوە رەوایەتییەکی تیۆلۆژی دا بەسیاسەتەکانی ((لویسی چواردە))، کەدەیویست مەزهەبی پرۆتستانتی لەفەرەنسادا نەهێڵێت، بەلام بابزانین بەهانەی ((Bossuet)) بۆ ئەم کارە چی بووە؟

ئەو پێی وابوو بیروباوەڕی مەسیحی لەفۆرمە کاتۆلیکییەکەیدا بەدرێژایی رۆژگار وەك خۆی دەمێنێتەوەو ناگۆڕێت و بۆ هەموو کاتو شوێنێك دەگونجێت، ئەمەش پێچەوانەی مەزهەبی پرۆتستانتییە کەزیاد لەجارێك گۆڕانی بەسەردا هاتووەو گەشەی کردووە. گەشەکردنی یان گۆڕانی بەتەنها بەڵگەی ئەوەن کەوا مەزهەبێکی بێباوەڕییە و دروستکراوی دەستی مرۆڤ خۆیەتی، ئەمە لەکاتێکدا مانەوەی مەزهەبی کاتۆلیکی وەکی خۆی لەسەرەتایەوە تا ئەمڕۆ بەڵگەی ئەوەیە کەبیروباوەڕێکی سەرلەبەر ئیلاهییە. کەواتە چۆن دەبێت کەلەپووری ئینسانیو کەلەپووری ئیلاهی لەیەك ئاستدا دابنێین؟ چۆن دەبێت زەندیقە پرۆتستانتییەکانو ئیماندارە راستەقینە کاتۆلیکییەکان بەیەك چاو سەیر بکەین؟

هـەر بۆیـە ((Bossuet)) فـەتوای دا بەسـەرکوتکردن و لـەناوبرد و شـاربەدەرکردنی پرۆسـتانتەکانی فەرەنسـا. ئـەوەی نـەکوژراو دەسـتبەرداری بیروباوەڕەکـەی نـەبوو بەنـهێنی وڵاتـی جێهێشـت و روویکردە وڵاتانی دیکەی وەك: (ئەڵمانیا، هۆڵەندا، ئینگلاند، کەنەدا). لـە ئـەنجامی ئەمـە کۆچێکـی بەکۆمـەڵی سـەدان هـەزار کەسـی رویـدا، تائێستاش فەرەنسییەکان ئەم کارە بەپەڵەیەکی رەش دەزانن لەمێژووی خۆیـانداو شـەرمی لێدەکـەن و لێـی پەشـیمانن. وەکـو ئاشـکرایە ((ڤۆلتێر))ی مەزنە رابەری رۆشنگەری، تەواوی تواناکانی خۆی لـەدژی فێندەمێنتالیستەکان خستەگەڕ.

ئـەی ئەمێسـتا فێندەمێنتالیسـتە ئیسـلامییەکانی وەك تالیبـان و غەیری تالیبان چیدەڵێن؟ ئەمانیش هەمان قسەی ((Bossuet)) دەکەنەوە (بەتەنـها جیاوازییەکـەوە)، ئـەویش ئەوەیـە: تاکـە عـەقیدەی ئیلاهـی عـەقیدەی خۆیانـە نـەك بیروبـاوەڕی ((Bossuet)) و شـوێنکەوتوانی! لەبەرئـەوە مـن هـاوڕام لەگـەڵ ئـەو وتـارەی بیریـاری ئیتـاڵی ((ئـەمبرتۆ ئیکـۆ)) کەبـەم دواییانـە لـە (لۆمۆنـد)دا بڵاوکرایـەوە، ((ئیکـۆ)) لـەو وتـارەیدا داوای لەموسـڵمانان کردبـوو سـەرنج لەئـەزموونی فێندەمێنتالیستە مەسیحییەکانی ئەوروپا بدەن، چونکـە گـەروا بکـەن ئەوا تێدەگەن کە لـەدەرەوەی ئـەوانیش خـەڵکانێکیتر هـەن بـەتوندی بڕوایان بەوە هەیە حەقیقەتی رەهای ئیلاهی لای ئەوانە. کەواتە دیدی

بەراوردکاری زۆر پێویستە بۆ ئاشکراکردنی ڕێژەی تەواوی کەلەپوورە ئاینییەکانی مرۆڤایەتی، سەرەڕای گرنگی و مەزنی هەریەکەیان، بەڵام بڕوابوون بەوەی حەقیقەتی رەها تەنها ڕێی ئێمەیە، ڕاستەوخۆ دەبێتە مایەی ستەمکاری و توندڕەوی کوێرانەو سڕینەوەی هەموو فکرێکی دیکە.

سەرەنجامیش ئەوەی لێی دەکەوێتەوە جەنگ و ماڵوێرانی و خوێنڕشتنە، میحنەتی گەورەی تاڵیبان و سەرجەم بزاوتە ئسوڵییە هاوچەرخەکانیش لەوەدایە. بەڵێ هوشیاری ئیسلامی لای خۆیەوە پێی ناوەتەناو قەیرانێکی گەورەوە کەهیچی لەقەیرانی هوشیاری بەر لەسێ سەدەی مەسیحیەت لەئەوروپا کەمترنییە، قەیرانێکی وەهاش بەم زووانە کۆتایی نایەت.

**سەرچاوە**: الشرق الاوسط – 2002/1/28.

# كۆتايى فێندەمینتالیزمى ئیسلامى!!

کتێبێك بەزمانی فەرەنسی و بەهیچ زمانێکی تر شك نابەم شان بدات لەشانی ئەم کتێبەی "جیل کیبل" و وەك دیاردەیەکی مەزن تاووتوێی فێندەمینتالیزم بکات و لێکی بداتەوە.. شایەنی باسە "کیبل" هەر لەزووەوە لێهاتوویی فیکریی خۆی سەلماند، بەتایبەتی لەو کاتەوەی کتێبی (پێغەمبەرو فیرعەون-لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی رەگو ریشەی بزووتنەوە فێندەمینتالیستەکان)ی لەساڵی 1984دا بەچاپگەیاند. دوای ئەوە لەساڵی 1987 (کوچەکانی ئیسلام)ی بڵاوکردەوەو لەساڵی 1991 کتێبی (تۆڵەی یەزدان)ی بەچاپگەیاند. مەبەست لە (کوچەکانی ئیسلام) ئەو گەڕەك و شوێنانەیە لەدەوروبەری شاری پاریس و لیۆن و مەرسیلیا و شارەکانی تری فەرەنسا و ئەوروپا کەپەنابەرانی موسڵمانی تێدا نیشتەجێن.

کتێبەکەی دیکەیشی "تۆڵەی یەزدان" باس لەگەڕانەوەی سەر لەنوێی ئیمانداری تەقلیدی دەکات بۆ ناوژیان، ئەوە لەکاتێکدا کەپێمان

وابوو مرۆڤایەتی لەسەردەمی مۆدێرنەو عەقڵانییەت و پیشەسازیی و تەکنۆلۆژیادا ئەو مەسەلەیەی تێپەڕاندووە. "جیل کیبل" لەم کتێبە تازەیەیدا (جیهاد)، توانیویەتی بگاتە ئاستێکی باشی لێکدانەوەی مەسەلەکان و وەك پێویستیش دەستی بەسەر بابەتی کتێبەکەیدا شکاوە. ئەوەش وامان لێدەکات بڵێین تەواوی لێهاتوویی و شارەزایی خۆی لێرەدا چڕکردووەتەوە، تا ئەم کتێبە قەوارە گەورەیەی پێ بەرهەم بهێنێت، کتێبێك کەنزیکەی پێنجسەد لاپەڕەیەك دەبێت.

"کیبل" لەدووتوێی لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا سەرنجێکی پانۆرامایی هەمەلایەنی زۆربەی زۆری ئەو بزاوتە فێندەمینتالیستیانە دەدات کە بەتەواوی لەجیهانی عەرەبیی و ئیسلامیدا بڵاوبوونەتەوە. دەکرێت بڵێین: لەم کتێبەدا هیچ شتێکی لەبیر نەچووە، ئەوەتا باس لەبزووتنەوەکانی (التکفیر والهجرة) و جیهاد و کۆمەڵی ئیسلامی لەمیسر دەکات. هەروەها بەشێوەیەکی وردو لەسەرخۆش باس لەپەیوەندییە سلبیی و ئیجابییەکانی ئەو بزووتنەوانە دەکات بەدەزگای ئاینیی رەسمییەوە کەبریتییە لە (ئەزهەر). لەگەڵ ئەمانەشدا دێتە سەرباسی بەرەی ئینقازی ئیسلامی لەجەزائیرو بزووتنەوەی فێندەمینتالیزم لەوڵاتی ئوردون و پەیوەندیی بەسیستەمی پاشایەتیی لەو وڵاتەدا، هەروەها باس لەبزووتنەوەی فێندەمینتالیزم لەپاکستان و تورکیا و مالیزیا و ئێران و سوودان و فەلەستین و..هتد، دەکات.

دوای ئـەوە "جیـل کیبـل" لـەڕێی تـێزێکی تۆکمـەو کۆنکرێتییـەوە شتەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. ڕەنگە ئەمە بەلاتەوە پەسەندبێت یـان پەسەندی نەکەیت، بەڵام ناکرێت گومان لەڕاستیی ئـەو بۆچوونانـەی یـاخود لـەو توانـا زانستییەی بکـەیت کەئـەو تێزەیـان بەرهەمـهێناوە. تایبەتمـەندیی ئـەم کتێبەشـی لەوەدایـە کـە لـەکاتی لێکدانـەوەکانیدا میتـۆدی سۆسـیۆلۆژی پـەیڕەو دەکـات.. "کیبـل" تەنـها بـەوەندەوە ناوەسـتێت بەشـێوەیەکی تیۆریـی ئەبسـتراکت بـیروڕاو بۆچوونـی فێندەمینتالیستەکان بخاتەڕوو، بەڵکو هەموو ئەوانە دەبەستێتەوە بەو هەلومەرجە دیموگرافـی و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و سیاسـییەی لەهـەر وڵاتێك لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا لەئارادایە. پێموایە لـەم ڕووەوە "کیبل" سوودی لەمەنهەجییەتی "پییر بۆردیـۆ"و تـێرمو زاراوەکـانی ئەو وەرگرتووە، بۆئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەربارەی هەلومـەرجی بزووتنەوە فێندەمینتالیستەکان لەهەر وڵاتەو بەجیا پێشکەش بکاتو پاشان بەراوردیان بکات بەو هێزە عەلمانی و سیاسییانەشی کە لەناو ئـەو کۆمەڵگایانـەدا هـەن. بـەم پێیـە لێکۆڵینـەوەی ئـەو لـەدیاردەی فێندەمینتالیزم، زۆر جارا واقیعی و عەقڵانی دێتە بەرچاوو دەتوانێت قەناعەت بەخوێندکارانی بکات.

ئاشکرایە زیادبوونی بێ حەدو حیسابی ژمارەی دانیشتووان دوای شەستەکانو پاشان بڵاوبوونەوەی بێکاری و هـەژاری، هـەموو ئەمانـە بوونە مایەی سەرهەڵدانی بزاوتە فێندەمینتالیستەکان.

تـێزی سـەرەکیی ئـەم کتێبـەی "جیـل کێبـل" بەمجۆرەیـە: ئـەو بزووتنەوە ئوسوڵییانەی لەماوەی چارەکە سەدەی رابردوودا لەکۆمەڵگە عـەرەبی و ئیسـلامییەکاندا شـوێنپێی خۆیـان قـایمکردو سـەرکەوتنی جـەماوەریی گـەورەیان بەدەسـتهێنا، لەئێسـتادا ئەسـتێرەی بـەختیان لەئاوابووندایەو بەرەودواوە دەچن، بەڵام ئاخۆ هۆکاری ئەمە چی بێت؟

هۆکارەکـەی دەگەڕێتـەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئـەو هاوپەیمانییـەی لـەنێوان ئـەم توێـژە کۆمەڵایەتییانـەدا هـەبوو: بۆرژوازییـەتێکی ئیمـاندار لەشـارەکان لەگـەڵ ئـەو گەنجانـەی بەدەسـت هـەژاریو نەبوونییـەوە دەیاننـالاندا، هـەروەها ئـەو توێـژەش کـە لەگەڕەکـە میللـیو دوورە دەستەکانی شـارە گـەورەکانی وەك (قاهـیرە، جـەزائیر، دار البیضـاء)دا دەژیـان، سـەرەڕای خوێندکـارانی زانکۆکـان کـە لەڕۆشـنبیرانی بزاوتـە فێندەمینتالیستەکان بوون.

ئـەم سـێ توێـژە بـوون لەهەشـتاکان و نـەوەدەکاندا توانییـان ئـەو جەماوەرە بێشومارە لەدەوری بزاوتە فێندەمینتالیستەکان کۆبکەنەوەو هـەر ئـەمانیش بـوون هـەندێکجار کـەم تـا کورتێـك ئـەو بزاوتانـەیان لەکورسـیی دەسـەڵات نزیـك کـردەوە، وەك ئـەوەی لەمیسـر دوای تـیرۆرکردنی "ئـەنوەر سـادات" روویـدا یـاخود لەجـەزائیر دوای سـەرکەوتنی (FIS) لەهەڵبژاردنـەکانی سـاڵی 1991–1992. بـەڵام دوای ئـەوەی هـەندێك کەسـی تونـدڕەو بەتایبـەت لەگەنجـە هـەژارو

دەستکورتەکان پەنایان بردە بەر کاری تیرۆریستی و تەقاندنەوە، بۆرژوازەکان لەو کارانەیان سڵەمینەوەو هێدی هێدی لێیان دوورکەوتنەوە. بەمجۆرە ئەو بزووتنەوەیە بوو بەدوو بەشەوە: بەشێکیان توندڕەوو شەڕەنگێز کەدەیویست بەهەر ڕێگایەك بووە بگاتە دەسەڵات، لەگەڵ باڵێکی میانڕەودا کەکەم تازۆر بەرژەوەندیو ئابووریو گوزەرانێکی باشی هەبوو نەیدەویست لەدەستیان بداتو سەرکێشییەك بکات کەسەرەنجامی دیارنەبێت.

بەبۆچوونی "جیل کیبل" ئەم کەرتبوونە بووە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی بزووتنەوە ئوسوولییەکان ئامانجەکانیان بەدیی بهێننو بگەنە دەسەڵات. بەکورتییەکەی "کیبل" دەیەوێت بڵێت؛ دابەشبووانی فێندەمینتالیزم بەسەر دوو باڵی میانڕەوو توندڕەودا، ئەو بزووتنەوەیەی زۆر لاواز کردووە. لەم سەروبەندەدا تەنها بزووتنەوەی ئوسولیی ئێرانی توانیی بگاتە دەسەڵات، لەبەرئەوەی توانیی هەموو چینو توێژەکان (هەر لەبۆرژوازییەتی شارەکانەوە تا ئەو نەدارو هەژارانەی نیشتەجێی گەڕەکە میللییەکانی شارەکانو تەنانەت توێژی ڕۆشنبیرە عەلمانییەکانیش)، هەر هەموویان لەژێر سەرکردایەتیی "خومەینی"دا کۆبکاتەوە. ئەمەش بۆخۆی موعجیزەیە، لەبەرئەوەی کەم ڕوویداوە سەرکردەیەکی کاریزمی توانیبێتی لانی کەمی تەواوی کۆمەڵگە لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە.

سەرکردەی تەواوی بزووتنەوە ئوسوولییەکانی وڵاتانی عەرەبی لەهەوڵی ئەوەدا بوون هەمان ئەزموونی "خومەینی" لەوڵاتانی خۆیاندا دووبارە بکەنەوە، بەڵام هیچیان سەرکەوتوو نەبوون. دوای بیست ساڵ حوکمڕانیی ئاینیی لەئێران، دەبینین سەرەتاکانی دابەشبوون و لێکترازان لەنێوان ئەو چین و توێژانەدا دەستیپێکردووە کە"خومەینی" توانیی لەساتەوەختی شۆڕشی جەماوەرییەکەیدا یەکیان بخات.

دواجاریش ئاشکرابوو کەحوکمڕانیی پیاوانی ئاینی لەئێران مایەی نائومێدییە، هەر بۆیە تەواوی ڕۆشنبیرە عەلمانییەکان و بەشێکی زۆری چینی هەژاران لەو پرۆژەیە جیابوونەوە، بەتایبەتی کاتێك بێ هیوا بوون و هەلومەرجی مادییان باشتر نەبوو. هەروەها بەشێکی زۆری چینی ناوەند کە"کیبل" بەبۆرژوازییەتی ئیمانداری شارەکانیان ناودەبات و (بریتین لەبازرگانەکانی ناوبازاڕ)، ئەوانیش لەو پرۆژەیە تەکینەوە.. سەرەنجامی حوکمی دیسپۆتیزمی و سەرکوتکارانەی پیاوانی ئاینی گەورەبوون و بەرفراوانبوونی باڵی ریفۆرمیستەکانی لێکەوتەوە، تا کارگەیشتە ئەوەی "محەمەدی خاتەمی" بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی هەڵبژێردرێت و کاندیدی باڵی موحافیزکارەکانیش لەبەرامبەریدا شکست بهێنن.

پاشان ئەو بۆچوون و دروشمە دۆگما و پەڕگیرانە کاڵبوونەوە، بەڕادەیەك لاوانی ئێران دوای تاوانەکانی 11ی سێپتەمبەر وەك

هاوسـۆزی نیشـاندانێك بـۆ گـەلی ئـەمریكی، ڕژانـە سـەر شـەقامەكان‌و ڕێپێوانیان سازكرد. بەر لەدە ساڵ لەئێستا كێ بەبیریدا دەهات شتی وا لەئێراندا ڕووبدات؟

"جیـل كیبـل" پێـی وایـە دەسـەڵاتگرتنە دەسـت لـەوڵاتی ئـێران‌و سودان لەلایەن فێندەمینتالیستەكانەوە، شتێكی زۆر چاك‌و بەسوودبوو بۆ بزاوتی ئازادیخوازیی دیموكراسی لەوڵاتانی ئیسلامیدا، بەڵام ئەمە چۆن؟ ئەمە بەو مانایە كارێكی باش بوو كەتوانیی خراپی‌و نالەباریی فێندەمینتالیستە توندڕەوەكان ئاشكرابكات‌و ئەو وەهمـە گەورەیـەش نەهێڵێت كە لەسەرەتاوە لەدەوریان هەڵچنرابوو.. فێندەمینتالیستەكان لەبەرئەوەی بەزمانی ئەو فەرهەنگە ئاینییە كۆنـە قسـەیان دەكـرد كـە لەسـەر ئاسـتی میللـی بـەچاوی ڕێـزەوە سـەیری دەكرێـت‌و بەشـتێكی پیرۆزی دەزانـن، ئـەوا توانیبوویـان خۆیـان وەك ڕزگاركـەری میللـەت‌و تاكەچارەسـەری كێشـەكان نیشان بدەن.. ئەمانە توانییـان لەسـەرەتادا ملیۆنـەها كـەس مۆبیلـیزە بكـەن، بەڵام بەگرتنەدەستی دەسەڵات‌و ئـەو هەڵـە كوشـندانەی لـەناو خۆیـاندا بەیـەكتریانكرد‌و دواتـر دەرهـەق بەنەیارەكانیشـیان ئـەنجامیانداو دوای ئـەوەش فرتوفێڵیـان لـەبواری سیاسیدا وەك هـەر حیزبێكی سیاسیی تر پـەیڕەوكرد، هـەموو ئەمانـە بـووە مایـەی ئـەوەی ئـەو قودسـییەتەیان نـەمێنێت‌و حەقیقـەتیان ئاشكرابێت.

بەکورتییەکەی پرۆژەی فێندەمینتالیزم شکستێکی گەورەی هێنا لەچارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵدا. لەبەرئەم هۆیەش ئێمە لەئێستادا چووینەتە قۆناغی (پاش فێندەمینتالیزم)ەوە. زۆر کەس بەگژ ئەم تێزەی "کیبل"دا چوونەوەو پێیان وابوو زیاد لەپێویست گەشبینیی پێوە دیارە، تەنانەت هەندێکیان کەوتنە گاڵتەپێکردنی دوای ئەوەی ڕووداوە تیرۆریستەکەی 11ی سێپتەمبەر ڕوویداو پرسییان: ئەی لێکۆڵیاری مەزن؛ کوانێ پاشەکشەو کاڵبوونەوەی فێندەمینتالیزم؟ ئەزیزم ئەوەتا تائێستایش فێندەمینتالیزم لەهەڵکشاندایەو تۆش دەڵێیت بەرەو لەناوچوون دەچێت.. ئەم قسانە ڕاستنین، بڕۆو تێزەکانت بگۆڕە یان لانی کەم دەستکارییان بکە.

نەیارانی "کیبل" پێیان وابوو ڕووداوی 11ی سێپتەمبەر، سەر لەبەر تێزەی سەرەکیی کتێبەکەی ئەو بەدرۆ دەخاتەوە. پێموایە ئەوانەی ئەو ڕەخنانە ئاڕاستەی "کیبل" دەکەن ڕاستدەکەن و لەهەمان کاتیشدا بەهەڵەداچوون. ڕاستدەکەن ئەگەر مەبەستیان لەوە ئەوە بێت کەپاڵنەرو وزەیەکی مێژوویی لەپشت بزاوتە ئوسوولییەکانەوە هەیەو تاهەنووکەش ئەو سەرچاوەیە وشکی نەکردووەو هەرماوە، بەڵام لەوەدا بەهەڵەداچوون ئەگەر پێیان وابێت ناوبانگی بزاوتە ئوسوولییەکان خراپ نەبووە، بەهۆی ئەو تاوان و کاری تیرۆریستییانەوە کە لەماوەی چارەکە سەدەیەکدا لەناوەوەو دەرەوەدا ئەنجامیان داوەو تائێستاش

لەسەری بەردەوامن. هەر بۆیە درەنگ یان زوو دەبێت باجی نەك هەر ئەخلاقی، بەڵكو باجی سیاسیی ئەو تاوانانەیان بدەن.

ئەو قسانەی "جیل كیبل" فەلسەفەی "هیگڵ"و تێڕوانینی ئەوم بۆ مێژوو بیردەهێنێتەوە، چونكە "هیگڵ" پێی وابوو مێژوو هەندێكجار لەدەرگاكانی پشتەوەی یاخود لەبەدترین گۆشەكانییەوە ڕەوتدەكات‌و لەو كاتانەیشدا هەرچی ڕق‌و چەپێنراوەكانی ناخیەتی دەتەقێنێتەوە‌و لەدەست دەردەچێت، بەڵام خۆ تاهەڵە نەبێت ڕاستی ئاشكرا نابێت‌و خراپە نەبووایە بەچاكە ئاشنا نەدەبووین.. ئەگەر بزاوتە توندڕەوەكان نەگەیشتنایەتە كورسیی دەسەڵات‌و ماوەیەك حوكمڕانییان نەكردایە، ئەوا تائێستاش گیرۆدەی وەهمی ئەوان دەبووین یاخود جەماوەری جیهانی عەرەبی‌و ئیسلامی بەداخی ئەوانەوە بوون‌و بڕوایان بەڕاستی‌و دروستیی چارەسەرەكانی ئەوان دەبوو. كەواتە دەبوو ئەو باجە گەورە بدرێت بۆ ئەوەی شتەكان ڕوون‌و ئاشكرابن. هەر دەبوو بەقۆناغی فێندەمینتالیزمدا تێبپەڕینایە، تاكو ئەو وەهمە گەورانە بڕەوینایەتەوە‌و ڕێگای ئایندەمان لەبەردەمدا بكرایەتەوە. بەم پێیە "جیل كیبل" ڕاستدەكات كەدەڵێت؛ ئێمە پێمان ناوەتە ناو قۆناغی (پاش فێندەمینتالیزم).

"كیبل" دوابەشی كتێبەكەی (جیهاد)ی بەم نەفەسە گەشبینە نووسیوە‌و تیایدا باس لەوە دەكات كە بەناچاری ئاراستەی گەلانی

ئیسلامی رووەو دیموکراسی دەچێت، ئەویش دوای کۆتاییهاتنی ئەو تەوژمی ئوسوڵییەی تەکفیری مۆدێرنەی دەکرد. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کەسەرکردەی گروپە فێندەمینتالیستەکانیش وازیان لەقەناعەتەکانی رابردووی خۆیان هێناوەو هەنووکە باس لەمافی مرۆڤ و دیموکراسی دەکەن، تەنانەت قبووڵیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو رۆشنبیرە عەلمانییانەیشدا بکەن کەتادوێنێ بەکوفرو ئیلحاد تاوانباریان دەکردن.

هەندێك لەسەرکردە ئوسوڵییەکان هەستدەکەن توندڕەویی و کاری تیرۆریستی بەبنبەست گەیشتووەو ئەو ئەندامە توندڕەوانەش مایەی هەڕەشەو مەترسین بۆ سەر تەواوی بزاوتی ئیسلامی، لەبەرئەوە هەندێك لەوانە ناچاربوون لەڕێی پەیرەوکردنی چەند چەمکێکی شارستانیی خۆرئاواوە نێوبانگی خۆیان باش بکەن و سیمایان جوان بکەن. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی هەندێکیان داوای ئەوە بکەن خوێندنەوەیەکی رۆشنگەرانە بۆ ئیسلام بکرێت! هەنگاوێکی لەم جۆرەش مایەی دڵخۆشییەو پێشوازیی لێدەکرێت، بەمەرجێك راستگۆیانە بێت و تەنها پرۆسەیەکی تاکتیکی یان سیاسی نەبێت. لای خۆمەوە پێموایە بەم زووانە ئاقارێکی عەقڵانیی رۆشنگەر لەسەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا سەرهەڵدەدات و لەسەرەتاشدا وەك پەرچەکردارێك دەبێت دژ بەو رەوتە فێندەمینتالیزمە تاریکخوازەی

بەدرێژایی چارەکە سەدەیەك بەرۆکی گرتبووین.. هەرواش بووە دوای هەموو تاریکییەك رووناکی دێت، بەڵام مەسەلەکە هەروا ئاسان نییەو لەماوەی شەوو رۆژێکدا سەرناگرێت.

ئەزموونی رۆشنگەریی ئەوروپی بۆمانی سەلماند شەڕکردن لەگەڵ خودی خۆتدا قورسترینو تاقەتپڕووکێنترین جۆری شەڕە.. واسەرەتای شەڕی خودی عەرەبی ئیسلامی لەگەڵ خودی خۆیدا دەستی پێکرد یان خەریکە دەستپێدەکات کەبێگومان گرنگترین شەڕی سەدەی بیستو یەکەم دەبێت. ئیتر لەدوای ئەمەوە رابوونی راستەقینە روودەدات. کەڕابوونی عەرەبیی ئیسلامیە و ئەم پرۆسەیەش بەهەڵهاتنی ئەو خۆرەتاوە دەچێت کە لەدێرزەمانەوە چاوەڕوانیین.

**سەرچاوە**: الشرق الأوسط – 2002/8/14.

# فێندەمێنتالیزمی مەسیحی لەخۆرئاوا

کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی خۆرئاوا پێیانوایە بزاوتە فێندەمێنتالیستە پەڕگیرەکان شتێکە تەنیا تایبەتە بەجیهانی عەرەبی و ئیسلامی، بەڵام بۆچوونێکی وا هەرگیز ڕاست نییەو بۆئەوەی لەمەش دڵنیابین هێندە بەسە کەچاوێك بەمێژووی دەورونزیکدا بخشێنین.. دادگاکانی پشکنین لەسەرەتای سەدەی سیانزەوە لەئەوروپای مەسیحیدا دامەزران و تاسەدەی هەژدە بەردەوام بوون، ئەم دادگایانە ئەو پەڕی دەسەڵاتی خۆیان لەئیسپانیای کاتۆلیکی پەڕگیردا مومارەسەکردووە. بەبڕیاری ئەو دادگایانە موسڵمانەکانی ئەو وڵاتە دەکران، تەنانەت دوای ئەوەش کە لەژێر فشاردا بوونە مەسیحی و دەستبەرداری ئایینی خۆیان بوون، دژایەتیکردنی بیریاران و زانایانیش لەسەدەی سیانزەوە بەردوامبوو تاسەرەتاکانی سەدەی بیستەمو تەنانەت ڤاتیکان لیژنەیەکی تایبەتی بۆ قەدەغەکردنی کتێب دروستکرد[1]، ئەرکی ئەو لیژنەیە سانسۆرکردنی ئەو کتێبە فەلسەفی و زانستییانە بوو

کەگومانی ئەوەیان لێدەکرا لەبیروباوەڕی مەسیحی ئەرسۆدەکسی لایاندا بێت..

بەمجۆرە کتێبەکانی (گالیلۆو دیکارتو سپینۆزاو دیارو جان جاك رۆسۆو ڤۆڵتێرو..هتد)، کەوتنە بەر ئەو شاڵاوە. لەو سەردەمانەدا زۆربەی فەیلەسوفەکان کتێبەکانیان لەهۆڵەندا چاپدەکرد، لەبەرئەوەی وڵاتێك بوو لەو رۆژگارەدا ئازادی زیاتری تێدابوو پاشان بەنهێنی دەیانبردە فەرەنسا. مێژوونووسیی هاوچەرخی ئەمریکی ((رۆبێرت دارنتۆن))[2] چەندین لێکۆڵینەوەی دەربارەی ئەم مەسەلە گرنگە (مەسەلەی کتێبی قەدەغەکراوو چۆنیەتی رەوانەکردنی بۆ فەرەنسا بەشێوەیەکی نهێنی لەسەدەی هەژدەهەمدا) بڵاوکردۆتەوە.

دەتوانین بڵێین فێندەمێنتالیزمی مەسیحی دوو قۆناغی سەرەکی هەبووە، قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستو قۆناغی سەدە نوێکان.. لێرە بەدواوە هەوڵدەدەین بەدوورو درێژی باس لەهەردوو قۆناغەکە بکەین.

## سەدەکانی ناوەڕاستو دادگاکانی پشکنین:

دادگا بەدناوەکانی پشکنین وەك نموونەی ترۆپکی دەمارگیری و نالێکبووردەیی باسی لێدەکرێت، ئەم دادگایانە لەسەرەتاکانی سەدەی سیازدەیەم و بەبڕیارێکی ((پاپا گرینواری نۆیەم)) لەساڵی 1233 دامەزران، ئامانجیش لێیی دژایەتیکردنی هەموو جۆرە لادانێك بوو لەبیروباوەڕی ڕەسمی و مەسیحی. لەسەرجەم ناوەندەکانیدا پیاوانی ئایینی بەو کارە راسپێردرابوون و هەریەك لەوان بەرپرسیاربوون لەوەی چاودێری ئەو کەسانە بکەن کەگومانیان لێدەکرا، بەمجۆرەو تەنیا لەڕێی گومان لێکردن یاخود قسەی دەرو دراوسێوە، خەڵکی پەلکێشی دادگاکانی پشکنین دەکران.

سەرەتا دەستیاندەکرد بەلێپرسینەوەی گومانلێکراوەکە بۆئەوەی دان بەتاوانەکەیدا بنێت، گەر هاتوو ئیعترافی نەکرد ئەوا هەڕەشی سزادانیان لێدەکرد. لەو کاتەشدا زۆریان خۆیان پێنەدەگیراو ناچار دانیان بەتاوانەکانیاندا دەناو داوای لێخۆشبوونیان دەکرد، هەندێکجار پەشیمان بوونەوەیان لێ قبوڵ دەکراو ئازادکران، بەڵام گەر گومانی ئەوەیان بکردایە کەلەتۆبە کردنەکەیاندا درۆ دەکەن و راستگۆنین، ئەوا دەیانخستە بەردەم سزایەکی جەستەی توند بۆئەوەی بەیەکجاری

بڕوخێن. خۆئەگەر ئەو کەسە هەر سووربوایە لەسەر بۆچوونەکانی خۆیی و پەشیمان نەبوایەتەوە لێیان، ئەوا ئاگریان بۆ دەکردەوەو دەیانسوتاند. خەڵکێکی زۆر بەم شێوە دڕندانەیە کوژران و ئەمەش بووە پەڵەیەك بەناوچاوانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە.

هەندێك پێیانوایە ژمارەی ئەو قوربانیانەی لەو قۆناغەدا بەئاگر سوتێنراون دەیان و بگرە سەدان هەزار کەس دەبن، لەبەناوبانگترینیشیان ریفۆرمستی بەناوبانگی چیکی ((جان هۆس))ە[3] ئەم قەشەیە بەدڵسۆزیی و خواپەرستی و رەوشت بەرزی بەناوبانگ بوو. هەروەها خاوەنی پلەوپایەیەکی بەرزی ئەکادیمیش بوو، بەو پێیەی لەسەرەتای سەدەی پانزەدا راگری زانکۆی پراگ بوو، بەڵام پیاوانی ئایینی رقیان لێهەڵگرت، لەبەرئەوەی پەردەی لەڕووی ئەو دەستڕێژییە ناڕەوایانە هەڵماڵی کەکڵێسا دەیکردە سەرخەڵکی و کڵێساش ئەوەی بەلادان لەبنەماکانی ئایینی مەسیحی دایە قەڵەم. هەروەها سەرنجی بۆ لای رەفتاری هەندێك قەشەو مەتران راکێشا کەئەرکی راستەقینەی سەرشانیان جێبەجێ ناکەن، بەڵکو تەنیا گرنگی بەبەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەدەن و خەڵکی سادەو ساکاریش هەڵدەخەڵەتێن.

کڵێسای کاتۆلیکی ئەم قسانەی ((هۆس))ی بەهەڕەشەك دەزانی بۆ سەرخۆی، هەربۆیە فەتوای تەکفیرکردنی دەرکرد. ئەگەرچی دوای بانگهێشتکردنی بۆ دادگا دڵنیایانکردەوە کەهیچی لێناکەن، بەڵام

چاوبەستیان لێکردو هەرهەمان ڕۆژ (واتە لەبەرواری 6ی تەموزی 1415)دا، دەستگیریانکردو ئاگریان تێبەردا. دەبێت بزانین کەناوەڕۆکی ئینجیل شتێکەو پراکتیزەکردنیش لەسەر زەمینەی واقیع شتێکیترە، لانی کەم ئەمە لەو قۆناغە ئەنگوستە چاوەی ژیانی مەسیحیەتی ئەورووپیدا وابوو.

هەر لەگرنگترین و بەناوبانگترین ئەو کەسانەی هێنرانە بەردەم دادگاکانی پشکنین، فەیلەسوفی ئیتاڵی ((جۆردانۆ برۆنۆ))[4] و زانای بەناوبانگ ((گالیلۆ)) و تەنانەت ((کۆپەرنیکۆس))یش بوو، کەباسی سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا دەکردو توانی زۆر بەوریای خۆیەوە لەدەستیان قوتار بێت و ئەو کتێبەی باسی لەتیۆریا تازەکەی دەکرد، بڵاوکردنەوەی دواخست بۆ دوای لەدنیادەرچوونی! بەڵام چارەنووسی ((جۆردانۆ برۆنۆ)) جیاواز بوو، ئەم پیاوە دوای ئەوەی ماوەیەك بوو بەقەشە وازیهێناو خوی دایە فەلسەفەو کەوتە پەیڕەوکردنی تیۆریاکەی ((کۆپەرنیکۆس))، ئەم تیۆریایەش لەبەرئەوەی پاپاو فێندەمێنتالیزمی مەسیحی قەدەغەیان کردبوو، گومانیان لێپەیداکردو کەوتنە ڕاوەدونانی. بۆیە ناچار بوو ئیتاڵیا جێبهێڵێ و ڕووبکاتە فەرەنساو سویسراو ئینگلستان و ئەڵمانیاو لەزانکۆکانی ئەو وڵاتانەدا وەکو مامۆستایەك کاریکردووەو ئەمەش ناوبانگێکی زۆری بۆ پەیداکردووە.

دوای ساڵانێکی زۆر لەئاوارەیی و دوورەوڵاتی مەیلی گەڕانەوەی دەکرد بۆ ئیتاڵیا و گەورە بازرگانێکی شاری ڤینیسیا داوالێکرد تابگەڕێتەوەو لەوێ منداڵەکانی فێری خوێندن بکات و بەدڵنیاییەوە بژی، بەڵام دەستبەجێ و لەگەڵ گەڕانەوەیدا دایەدەست دادگاکانی پشکنین لەڤاتیکان و ئەوانیش زمانیان بڕی و سوتاندیان، ئیتر ((جۆردانۆ برۆنۆ)) بوو بەنموونەی قوربانیدان لەپێناو راستی و ئازادی فیکرداو لەمێژووی ئەوروپاشدا بوو بەسومبولێك.. فێندەمێنتالیستە کۆنەپەرستەکان لەناوچوون، بەڵام ناوی ئەو لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو هەر دەدرەوشێتەوە.

زانای بەناوبانگ ((گالیلۆ)) هەمان چارەنووسی دەبوو، گەر لەدواساتدا فریای خۆی نەکەوتایەو دەستبەرداری تیۆریا بەناوبانگەکەی نەبوایە. لەبەرامبەردا ڤاتیکان چاوپۆشی لێکردو حوکمی لەسیدارەدانیان بەسەردا جێبەجێ نەکرد، بەڵام دواتر رەوانەی فلۆرەنسایان کردو لەیەکێك لەگەڕەکەکانی ئەو شارەدا دەست بەسەریانکرد، بۆئەوەی لەژێر چاودێری خۆیاندا لێکۆڵینەوەکانی ئەنجامبدات.

دوای تێپەڕبوونی زیاد لەسێ سەدساڵ بەسەر دادگایکردنەکەیدا، کڵێسای کاتۆلیکی دانی بەوەدانا کەناهەقی بەرامبەر بە ((گالیلۆ)) کردووە! پرۆسەی سوتاندنی دادگاکانی پشکنین تاسەدەی حەڤدەهەم و

تەنانەت سەدەی هەژدەش هەر بەردەوامبوو، نێڵەی ئاگری ئەو دۆزەخە تەنیا ئەو کاتە خامۆش بوو کەسەردەمی ڕۆشنگەری دەستپێکردو ڕۆژگاری تاریکی و بیرتەسکی بەسەرچوو.

هەر سەبارەت بەو مەسەلەیە بانموونەیەکی تر بەرچاوبخەین، لەئەوجی سەردەمی ڕۆشنگەریدا ڕووداوێکی بەناوبانگ لەکەسێک رویدا کەناوی ((لابار))بوو[5]، ئەم کوڕە هەرزەکارێکی نۆزدەساڵان بوو، لەبەرئەوەی خاچێکی شکاندبوو دەستیان بڕی و زمانیان قرتاندو دواجار سوتاندیشیان. ((ڤۆڵتێر)) ئەم ڕووداوەی قۆستەوەو هێرشێکی توندی کردەسەر فێندەمێنتالیستە مەسیحییەکان.

هەروەها لەجنێڤیش ((میشێل سێرڤیە))ی فەیلەسوفیان بەزیندوویی سووتاند، بەتۆمەتی گومانکردن لەعەقیدەی (باوک، کوڕ، ڕۆحی پیرۆز) کە لەعەقیدە سەرەکییەکانی ئایینی مەسیحییە. تەنیا گومانکردن لەڕاستیی ئەو عەقیدەیە بەس بوو بۆئەوەی ببێتە خۆراکی ئاگرو لەم سەروبەندەشدا نە زانستو نە ئینسانییەتو نەفەلسەفەکەی، بەهانایەوە نەهاتن و شفاعەتیان بۆ نەکرد.

لەئیسپانیاش کاتێک لەساڵی 1492 شانشینی غەرناتە خۆیدا بەدەستەوە (کەدوایین دەوڵەتی ئیسلامی بوو لەئیسپانیا)، بەڵێنی ئەوەیان بەموسڵمانانددا کە لەبەرامبەر ملکەچکردنیان بۆ دەسەڵاتی تازە ڕێگایان پێدەدەن سرووتە ئایینییەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، بەڵام

هەرزوو لەو بەڵێنەی خۆیان پەشیمان بوونەوەو کەوتنە راوەدوونانیان، ئەوەبوو شاژنی بەناوبانگی ئیسپانیا ((ئیزابیل)) سەرپشکی کردن لەنێوان ئەوەی یان دەبنە مەسیحی یان دەبێت وڵات بەجێبهێڵن. زۆرێك لەوانە بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان بوونە مەسیحی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر وازیان لێنەهێنان و چاودێریان دەکردن و بەگومان بوون لێیان، چونکە پێیان وابوو بەنهێنی و لەژێرەوە خەریکی ئەنجامدانی سرووتە ئیسلامییەکانی خۆیانن، بۆیە تاوانباریان کردن بەلادان لەبیروباوەڕی مەسیحییەت و کەوتنە سزادانیان. چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەو بەو جۆرە زۆر سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە بڕیاری دەرکردنی بەکۆمەڵیان لەئیسپانیا درا[6]. لەساڵی1609 –1610 نزیکەی 275000 کەس لەئیسپانیا دەرکران و روویانکردە وڵاتانی ئیسلامی وەك مەراکیش و تونس و جەزائیرو تەنانەت چوونە هەندێ لەوڵاتانی مەسیحیش، بەمجۆرە ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی رادیکاڵی و لەڕەگ وریشەوە دەرکێشان چارەسەرکرا.

## *فێندەمێنتالیزمی مەسیحی و سەردەمە نوێکان:*

ئێستا دێینە سەرباسی ئەوەی کە لەدوای سەردەمی ڕێنسانس و ریفۆرمی ئایینی لەسەدەی شازدەهەمدا روویداوە. عادەتەن ئەم قۆناغە بەسەردەمە نوێیەکان ناونووس دەکرێت، ئەگەرچی لەڕاستیدا ئەم سەردەمانە دوای دووسەد ساڵ واتە لەکۆتایی سەردەی هەژدەو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا نەبێت، سەرکەوتنیان بەدەستنەهێناو جێ پێی خۆیان نەکردەوە. ئیتار لەو کاتەدا دابڕانێکی ئەپستمۆلۆژی گەورە لەنێوان سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی تازەدا روویدا. دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ریفۆرمی ئایینی و ڕێنسانس لەسەدەی شازدەهەمدا دوو کەس دەبنە دوژمنی سەرسەختی رۆماو ڤاتیکان، ئەوانیش بریتیبوون لە ((مارتن لۆتەر))ی[7] پرۆتستانی و ((ئیراسم))ی[8] رابەری بزووتنەوەی ڕێنسانس. لەبەرئەوە پاپا فەتوا بەناوبانگەکەی خۆی دەرکردو ((لۆتەر))ی تەکفیرکردو ساڵی 1521 لەکڵێساش دەریکرد. ئیتر لەوکاتەوە جیهانی مەسیحی لەئەوروپا بوو بەدوو بەشەوە: بەشێك کاتۆلیکی و ئەویتریان پرۆتستانتی و بۆ ماوەی دوو سەد ساڵ جەنگ و شەڕوشۆڕێکی زۆر لەنێوانیاندا بەردەوام بوو.

ئەمە ئەو جەنگە ئاينييە بەناوبانگەیە كەدەیان‌و بگرە سەدان هەزار كەسى كـردە قوربـانى، ئـەم جەنگـە لـەنێوان سـالأنى 1562–1598 لەفەرەنسا تاوى سەندو گەیشتە ئەوپەڕى، كاتێك كاتۆلیك مەزهەبەكان پەلامارى پرۆتستانتییەكانیان دا (كەكەمینەیەك بوون لەولأتدا)و قەتڵ وعامیـان كـردن. گـەورەترین تراژیدیـاش قەسـابخانەكەى (سـانت بارتیلمى) بوو كەتەنیا لەماوەى سێ رۆژدا پێنج هەزار كەسى تیاكوژرا. ئەوانـەى قوتـاربوون فەرەنسـایان بەجێهێشـت‌و روویـانكردە ولأتـانى دیكـەى ئـەوروپا‌و جیـهان، تائێسـتاش هـەندێك لـەو بنەمالأنـەو دواى سـێ سـەدە مانـەوەیان لەئـەڵمانیاو هۆڵـەنداو سـویدو ئینگلسـتان‌و تەنانـەت كەنـەداش، دەسـتبەردارى نـاوە فەرەنسـییەكانى خۆیـان نەبوون.

ئەو رووداوە لەسەردەمى ((لویسى چواردەهەمدا)) بوو. كـە لەبـەر هێزو دەسـەلأتى زۆرى نازنـاوى پادشـاى خۆریـان لێنـابوو. سـەبارەت بەقەتڵ وعامەكەى (سانت بارتیلمى) لەمساڵدا ((پاپا)) عوزرخوایى بۆ پرۆسـتانتەكان هێنایـەوەو بەشـێوەیەكى ناڕاسـتەوخۆش ئیعـترافى بەدەمارگیرى‌و توندڕۆیى كاتۆلیكییەكان‌و ئەو تاوانە دڕندانەیە كرد كە لـەدژى بـرا پرۆتسـتانتەكانیان ئـەنجامیانداوە. هەرچـەندە ئەوانـە هـەموویان مەسیحین، بەلأم ناكۆكى مەزهـەبى توند لەنێوانیاندا هەیـە. شـایەنى باسـە پرۆتسـتانتەكان لـەو ولأتانـەدا كەزۆرینـەن هـەمان

ڕەفتاریان لەگەڵ کاتۆلیکەکاندا کردووە، کەواتە؛ دەمارگیریو توندڕەوی لەهەردوولاوە دێت نەك لەلایەکەوە.

لەکۆتاییەکانی سەدەی شازدەهەمدا کتێبەکانی هەریەك لە ((مارتن لۆتەر)) و ((ئیراسم))، لەسەرووی لیستی کتێبە قەدەغەکراوەکاندا بوون، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی لەگۆڕەپانە گشتییەکاندا سووتێران و ئاگریان تێبەردرا. لەسەدەی حەڤدەهەمیشدا کتێبەکانی ((دیکارت)) هەمان چارەنووسیان هەبوو، کاتێك کڵێسا ((دیکارت))ی وەك پیاوێکی بێئیمان دایە قەڵەم.

هەرچی فەیلەسوفێکی وەك ((سپینۆزا))شە ئەوا لەیەك کاتدا زۆری بەدەست دەمارگیری یەهودیو مەسیحییەوە چەشت، یەکێك لەجولەکە توندڕەوەکان هەوڵی تیرۆرکردنی دا، بەڵام خۆشبەختانە خەنجەرەکەی تەنها پاڵتۆ ئەستوورەکەی بڕیو خۆی بێ زیان بوو. لەسەدەی هەژدەمیشدا بەئاشکرا شەڕی نێوان فەیلەسوفانی ڕۆشنگەریو ڕابەرانی فێندەمێنتالیزمی مەسیحی دەستی پێکرد، ئەم شەڕە شەڕێکی قورسو بێ ئامان بوو، هەرچی چەکی فیکریو نافیکری هەیە تیایدا بەکارهاتو دواجار بەسەرکەوتنی ڕۆشنگەری کۆتاییهات.

ئیتر لەوکاتەوە ئەوروپا کەوتە خۆییو بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر لەڕووی شارستانییەوە چووەپێشو توانی کۆنترۆڵی تەواوی جیهان بکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کەهێزە فێندەمێنتالیستەکان

بەئاسانی خۆیان بەدەستەوە داوەو گۆڕەپانەکەیان چۆڵکردووە، بەڵکو بەدرێژایی سەدەی نۆزدەو تابەراییەکانی سەدەی بیستەمیش بەردەوام دژایەتی هێزە رۆشنگەرەکانیان دەکردو لەهەوڵی ئەوەدابوون کۆسپ و تەگەرە بخەنەبەردەم رەوڕەوەی پێشکەوتن. بەڵگەش بۆ ئەم قسانە ئەوەیە کەبەسەر قەشە ((ئەلفرێد لوازی))دا[9] هات، ئەم پیاوە بەهۆی بۆچوونە بوێرەکانیانەوە تەواوی ئەو پلەوپایانەی لەزانکۆدا هەیبوو لێی سەندرایەوە. هەرچەندە ((لوازی)) پیاوێکی ئایینی بڕوادار بوو، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا فێندەمێنتالیستەکان رۆشنفکری و ئەقڵ روونی ئەویان بۆ قووت نەدەچوو. وەك ئاشکرایە ((ئەلفرێد لوازی)) رابەری ئەو بزاوتە بەناوبانگەی ناو فەرەنسای دەکرد کەپێی دەڵێن مۆدێرنیزم (Le modernisme)، هەروەها دەیویست میتۆدی مێژوویی بەسەر تێکستە سەرەکییەکانی ئایینی مەسیحیدا پراکتیزە بکات.

((لوازی)) سەلماندی کە ((عیسای کوڕی مریەم)) تەنیا پێغەمبەرەو هەڵگری سیفەتی خوایەتی نییە، بەم قسەیەی دنیای لێڕاپەڕی، بۆیە ناچار پاریسی جێهێشت و روویکردە لادێ و لەوێ تەریك و گۆشەگیر مایەوە. پاشان لەساڵی 1908 ((پاپا)) بڕیاری تەکفیرکردن و دەرکردنی لەکڵێسادا دەرکرد. سێ ساڵ بەر لەو بڕیارەش کتێبەکانی خرابووە سەروو لیستی کتێبە قەدەغەکراوەکان، بەلام لەساڵی 1953 ئەو بڕیارە هەڵگیرا.

ئـــەوكات ((پاپـــا بیۆســـی دەیـــەم)) بڕیـــاری تاوانبـــاركردنی سۆســیالیزمی و لیـبرالیزم و دیموكراسـی و مافـەكانی مـرۆڤ و تـەواوی بیروبۆچوونـە نوێیـەكانی دەركـردو هــەموویانی بـەكوفر دایــە قەڵــەم، بــەمجۆرە ســەرلەنوێ ململانــێ لــەنێوان مۆدێرنــەو فێندەمێنتــالیزمی مەسیحییەتدا دەستی پێكردووەو تەنیا لەساڵی 1962دا نەبێت (كەكۆڕی بــەناوبانگی كڵێســاكان بــەناوی ڤاتیكــانی دووەمــەوە بەســترا)، ئــەم كێشەیە یەكلایی نەكرایەوەو كۆتایی پێنەهات.

مەسـیحییەكان ئیـتر هەسـتیان بـەوەكرد نـاتوانن تاسـەر دژایـەتی ڕۆژگار بكەن و گەر لەسەر ئەو توندڕەوییەی خۆشیان بەردەوام بن ئەوا هــەموو شــتێك دەدۆڕێنــن، بــەمجۆرەو بــۆ یەكــەمجار ئیعترافیــان بەشەرعیەتی میتۆدی مێژوویی و نێو-لێكدانـەوەی تـازە بـۆ ئـایین كـرد. هاوكات سازشـی دیكـەیان بـۆ بۆچـوون و دنیابینییـەكانی سـەردەمی تازەكرد. لێرەوە گەیشتنە دۆزینەوەی فۆرمێك بۆ پێكەوەژیان لـەنێوان مەسیحییەت و مۆدێرنەدا، فۆرمێكی گونجاوی وا كەهـەر لایەنـەو مـافی خـۆی بدرێتـێ، بـەڵام هێشـتا هـێزی تونـدڕەوی وەهـا مـابوو كـەبڕیارە بوێرانـەكانی كـۆڕی كڵێسـاكانی ڕەتدەكـردەوەو هەرسـووربوو لەسـەر هەڵوێست و پێگـە تەقلیدییەكـەی جـارانی خـۆی. ئەمـەش بووەمایـەی ئەوەی ململانێ لـەنێوان مەسـیحییەكان خۆیـاندا دروسـت بێـت، واتـە لەنێوان باڵی لیبراڵی نوێخوازو باڵی فێندەمێنتالیزمی دۆگماتستیدا، ئەم

ململانێیەش تائەمڕۆ بەردەوامە. ئەگەرچی باڵی لیبراڵەکان سەرکەوتوو بوون لەو ململانێیەدا.

بەڵام دەبێت ئەوە لەبیرنەکەین کەگەر پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵگا ئەوروپییەکان نەبووایە لەڕووی زانستی و تەکنۆلۆژی و ئابووری و هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەران لەو وڵاتانەدا، ئەوا ئاقاری ئەقڵانی نەیدەتوانی بەسەر باڵی سەلەفی توندڕەودا زاڵبێت و سەرکەوتن بەسەریدا بەدەستبێنێت. بەمجۆرە دەبینین ئەم شەڕە لەئەوروپادا (واتە شەڕی فێندەمێنتالیزم) تا بەلاداخرا، ماوەی سێ سەدەی خایاند. ئەمەش مانای وایە ئەو کێشەیە چەندە قورس و گران و مەترسیدارە. دواجار ئەگەر ئەقڵانییەت و رۆحی زانستی لەناوەندێکی گەورەو بەرفراوانی مەسیحییەکانی ئەوروپادا بڵاونەبووایەتەوە، ئەوا ئاقاری پێشکەوتن و رۆشنگەری سەرکەوتوو نەدەبوو.

# پەراوێزەکان

(1 )لەسەدەی شەشەمدا ڤاتیکان نووسینگەیەکی تایبەتی بۆ قەدەغەکردنیکتێب دروستکردو تاسالّی 1965 ئەم نووسینگەیە لەسەرکارەکانی خۆی بەردەوام بوو، ئەمەش مانای وایە ڤاتیکا ن ڕێگری لەمەسیحییەکان کردووە ئەو کتێبانە بخوێننەوە کەزیان بەئەقڵ دەگەیەنن یاخود مەترسییان بۆ سەر بیروباوەڕ هەیە. هەر بۆیە زۆربەی کتێبە فەلسەفیو زانستییەکان خرانە لیستی کتێبە قەدەغەکراوەکانەوە، بەلاّم لەدوای هاتنی مۆدێرنەو پاشەکشەکردنی سەدەکانی ناوەڕاست ئەو سانسۆرە هەلّگیراو ئیتر کەس لەم رووەوە پەیرەوی بڕیارەکانی ڤاتیکانی نەدەکرد، جگە لەهەندێك مەسیحی ئەرسۆدەکسیو توندڕۆ نەبێت.

(2)بۆ شارەزابوون لەچۆنیەتی قەدەغەکردنی کتێب لەئەوروپای کۆندا، کتێبەکەکانی مێژوونووسی ناسراو ((ڕۆبیرت دارنتۆن)) گرنگی خۆیان هەیە، بۆ نموونە بڕوانە: (بلاّوکردنەوەو یاخیبوون، هەلومەرجی ئەدەبیاتی نهێنی لەسەدەی هەژدەهەمدا)، خانەی بلاّوکردنەوەی گالمیار.

Robert Darnton: Editiou et Sedih ou: L'uniuers de le lilterature cla ndestine au xviiie Siecle. Gall imard, 1991.

(3)جان هۆس: قەشەیەکی لەخواترسو راگری زانکۆی پراگ بوو، سەدەیەك بەر لە ((مارتن لوتەر)) دەستی بەڕیفۆرمی ئایینی کرد، بەلاّم وەکی دەوترێت؛ پێشوەختی کاتی خۆی هات هەر بۆیە سەرکەوتوو نەبوو، سەرەنجامیش کوژرا. بەلاّم هەرچی "لۆتەر"ە لە کاتی خۆیدا هات و توانی سەرکەوتو بێت. دەتوانین بلّێین پەیوەندییەکی توند و تۆل لە نێوان بیروبۆچونە چاکسازییەکانی "جان هۆس" و "لۆتەر"دا هەیە.

(4)جۆردانـۆ برۆنـۆ (1371–1415): فەیلەسـوفێکی بـەناوبانگی ئیتاڵیـە. لــە سـەرەتادا قەشـە بوو، بەڵام دواتر وازی لـە خوێندنـی تیۆلۆژیـا هێنـاو دەسـتی بـە خوێندنی فەلسـەفە کـرد. "برۆنـۆ" بـڕوای بـە تیۆریاکـەی "کۆپـەرنیکۆس" هـەبوو دەربـارەی سـوڕانەوەی زەوی بـە دەوری خـۆردا، هەرچـەندە لـەو سـەردەمەدا ئـەو بۆچونـە لـە لایـەن کڵێسـاوە قەدەغـەکرابوو. لەبەر ئـەوە کڵێسا کەوتـە ڕاوەدونـانی و دواتـر دەسـگیریانکرد و بۆمـاوەی هەشـت سـاڵ زیندانیکـرا، بـەڵام کڵێسـا هـەر بەوەندەوە نەوەستاو بە تۆمەتی کوفرکردن زمانیان بڕی و سوتاندیان!

(5) جان فرانسـوا لابـار (1747–1766): لـە سـەدەی نۆزدەهـەمدا پێیـان وابـوو "لابار" یەکێکە لە قوربانیەکانی زوڵم و ستەمی فێندەمێنتالیزمی مەسیحی.

(6)بۆ زیاتر ئاگاداربوون لەم مەسەلەیە خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتـەوە بـۆ ئـەم سەرچاوەیە: جاکلین مارتان باجنودیز، دادگاکانی پشکنین، ئەفسانەو حەقیقەت– پاریس، 1992، ل97.

Jacqueline Martin- Bagnau dez, INQUISITION, 1.Mythes et realites, Paris, 1992.

(7)مـارتن لۆتــەر (1483–1546): رابــەری چاکســازی ئایینییــە لەئــەڵمانیاو سەرتاسەری ئەوروپادا.. ئەم پیاوە توانی ستەمکاری مەسیحی لەڕەگ‌وڕیشەوە لەق بکات‌و ئاسـۆی بیروبـاوەڕێکی نـوێ بکاتـەوە کەشایسـتەی سـەردەمی نـوێ بێـت، لەبەرئـەوە ئەڵمانـەکان بـەگرنگترین کەسـێکی دەزانـن لـەمێژووی خۆیـاندا. ((لۆتـەر)) توانی ئاینزایەکی نوێ دابمەزرێنێت، ئەویش پرۆتستانتییەتە.

(8)ئیراسـم (1469–1536): رابـەری ئاقـاری هیومانسـتی سـەردەمی رێنسانسـە لەسەرتاسەری ئەوروپادا. ئەم بەماوەیەکی کورت پێش ((لۆتەر)) کەوتە رەخنـەگرتن لەکڵێساو پیـاوانی ئـایینی، تەنانـەت هـەندێك پێیـان وایـە لـەم رووەوە ((ئیراسـم)) مامۆستای ((لۆتەر)) بووە. لەگرنگترین کتێبەکانی (ستایشکردنی دێوانەیی).

(9)ئەلفرێد لوازی (1857−1940): رابەری تەفسیری نوێی ئایینییە لەفەرەنساو هەروەها مامۆستای لێکدانەوەی ئینجیل بووە لەپەیمانگای کاتۆلیکی لەپاریس، بەلأم لێپرسراوانی ئەو پەیمانگایە بەتۆمەتی بێباوەڕی لەسەر کارەکەی دەریانکرد، دوای ئەوەی وەکی مامۆستای مێژوویی ئایینەکان لەکۆلێژی دی فرانس کەبالأترین دەزگای زانستییە لەفەرەنسا و تەنانەت لەسەروو (سۆربۆن)یشەوەیە، دەستبەکاربوو.

**سەرچاوە**: گۆڤاری (نزوی)، ژمارە (8).

# (سپینۆزا) و فێندەمێنتالیزم

"ســپینۆزا" ســاڵی 1932 لــە بنەماڵەیــەکی یــەهودی و لــە شــاری ئەمســتردامی پایتــەختی هۆڵــەندا هاتۆتــە دنیــاوە. دوای ئــەوەی یەهودیـەکان لـەو سـەردەمەدا دوچاری چەوساندنەوەیەکی زۆر دێن لـە لایەن مەسیحیەکانەوە لە ئیسپانیاو پورتوگال، بنەماڵەکەی "سپینۆزا" پورتوگال جێدێڵن و ڕودەکەنـە هۆڵـەندا. هۆڵـەنداش لـە هـەموو وڵاتـە ئەوروپیـەکانی دیکـە لیـبراڵی تـر و سـنگ فراوانـتر بـوو بەرامبـەر بـە ئاینـەکانی دیکـە. لەبەرئـەوە ڕێگایـان بـەو جالیـە یەهودیـەی نـاو ئەمسـتردام دا بـۆ ئـەوەی پەرسـتگاو خوێندنگـای تایبـەتی خۆیانیـان هەبێت و ڕێوڕەسم و سروتە ئاینیەکانی خۆشیان جێبەجێ بکەن.

"سپینۆزا" لەنێو ترادسیۆنی یەهودیدا پەروەردە بوو، تەوراتیشی بە زمانی ئەسڵی (واتە بە عیبرانی) خوێندو تەنانەت ئامادەشیان دەکرد بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا ببێتە حاخامێك! بەڵام بێئاگا بوون لـەوەی دواتر لە هەموو ئەوانە هەڵدەگەڕێتەوەو فەلسەفە دەکاتە ئاینی خۆی.

جێی باسە "سپینۆزا" لە سەرەتادا گوێڕایەڵی پیاوانی ئاینی بوو، بە مەبەستی بەجێگەیاندنی سروتە ئاینیەکانیش لەگەڵ هاودینەکانیدا سەردانی (کنێس)ی دەکرد. پاشان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەستی کرد بە خوێندنی فەلسەفەی یەهودی و بە تایبەتی کەوتە خوێندنەوەی کتێبەکانی فەیلەسوفی یەهودی عەرەبی "ئیبن مەیمون". "سپینوزا" تینوی زانین بوو دەیویست هەرچی زوە فێر ببێت، بۆیە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو کە درەنگ یان زوو خۆی لەو ترادسیۆنە یەهودیە قوتار بکات کە دەیانویست لە ناویدا زیندانی بکەن، وەك ئەوەی سەرجەم ئاین و ئاینزاکان دەرهەق بە شوێنکەوتوانی خۆیان دەیکەن.

حاخامە جولەکەکان لە ڕووی سەختی و توندڕەویەوە هیچیان لە قەشە مەسیحیەکانی ئیسپانیا کەمتر نەبوو! بەڵام یەهودیەکانی ناو ئەمستردام نەیاندەتوانی لەو شارەدا بە تەواوەتی بەسەر خۆیاندا دابخرێن، چونکە کەم تا زۆر کاریگەریە دەرەکیەکان دەستیان پێیان دەگەیشت و کاریگەریان لەسەر جێدەهێڵان.. بە تایبەت لەو سەردەمەدا هۆڵەندا پڕی بوو لە ئاین و مەزهەبی جۆراوجۆرو دەوڵەتی هۆڵەندی ئازادیەکی زۆری دابوە هەموو ئاینەکانی ناو ئەو وڵاتە.

ڕاستە ئەو ئاینزا ڕەسمیەی باڵادەست بوو ئاینزای پرۆستانتی بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا مەزهەبی کاتۆلیکیش ڕێگای پێدرابوو، واتە کڵێساکانی ئەمانیش کراوە بوون و دەیانتوانی بە ئاشکرا سروت و ڕێو

ڕەسمە ئاینیەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، بەڵام لەوکاتەدا ئازادی مەزهەبی لە فەرەنسادا مەحاڵ بوو. بوونی فرە ئاینی و فرە مەزهەبی لە هۆڵەندادا دەستی لە هێورکردنەوەی ئەو توندوتیژیە دۆگماتیستیە ئاینیە تاك مەودایەدا هەبوو کە زۆرجار لەو وڵاتانەدا هەیە کە خاوەن یەك ئاین و یەك ئاینزان و خۆیان وەکی حەقیقەتی ڕەها نیشان دەدەن.

لەو هۆکارانەی دەستی لە ئازادی فیکری "سپینۆزا"دا هەبوو، هامشۆکردنی قوتابخانەیەکی مەسیحی بوو لە شاری ئەمستردام. وەکی لێی دەگێڕنەوە "سپینۆزا" لەوێدا دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کچی بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە، بەڵام کاتێك دەچێتە خوازبێنی نایدەنێ و دەست دەنێن بە ڕویەوە. دواتر ئەم کچە دەبێت بە نسیبی پیاوێکی پرۆتستانت مەزهەب کە واز لە ئاینزاکەی خۆی دێنێ و دەچێتە سەر مەزهەبی کاتۆلیکی کە مەزهەبی ئاینی کچەکەیە، هەموو ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو کچەی لە کیس نەچێت!

هەر لەم قوتابخانەیەدا "سپینۆزا" فێری زمانی لاتینی بوو کە لەو دەورو زەمانەدا زمانی زانست بوو. ئەمەش دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساند تا لە بەرهەمی فەیلەسوفە نوێیەکانی وەك "فرانسیس بیکۆن"(1561–1626) و "تۆماس هۆبز" (1596–1650) ئاگادار بێت. وەك ئاشکراشە لەو سەردەمەدا لایەنگران و نەیارانی فەلسەفەی دیکارتیزم لە شەڕو ململانێیەکی توندا بوون لەگەڵ یەکتریدا، هۆڵەنداش

مەڵبەندی بەپیترین مشتومڕی فەلسەفی بوو. زمانی لاتینی یارمەتی "سپینۆزا"ی دا بۆ ئەوەی لەو ترادسیۆنە تیۆلۆژیە بەرتەسکەی خۆی بچێتە دەرێ و هاوکات دەرگاکانی زانست و فەلسەفەی نوێشی بە ڕودا کردەوە، بەڵام هامشۆی لەگەڵ ئەو ژینگە فەلسەفیانەدا وایلێکرد ببێتە جێگە گومانی "کنێس"ی یەهودی و یەهودیەکانی هۆڵەندا بە گشتی. یەهودیەکانی هۆڵەندا هەر هەموویان لە دەوری (کنێس) کۆبووبوونەوە، چونکە ئەو دەیتوانی ڕێکیان بخات و یەکڕیزی و پەیوەندی نێوانیان بپارێزێت، هەروەها (کنێس) دەیتوانی بیروباوەڕی تەقلیدی لە نەوەی کۆنەوە بگوازێتەوە بۆ نەوەی نوێ. "سپینۆزا" بەهۆی خۆخەریکردنی بە مەسەلە فەلسەفیەکانەوە، جارجارە نەبێت هامشۆی (کنێس)ی نەدەکرد. چەندێ زیاتریش لە فەلسەفەدا قوڵ بوایەتەوە، هێندە لە ئاین دوردەکەوتەوە. ئەمەش سەرانی ئاینی یەهودی نیگەران کردو بەر لە تەکفیرکردن و دەرکردنی لە ڕیزەکانی خۆیان، چەند جارێك ئاگاداریان کردەوە.

پێدەچێت ئەم تەکفیرکردنەی زۆر ناڕەحەتی نەکردبێت، بەڵکو بەلای ئەوەوە ئامرازی ڕزگاربوون بووبێت تا لەدەست ئەرسۆدەکسیەتی ئاینی قوتاری بێت و بای باڵی خۆی بدات لە پێناو گەڕان بەدوای حەقیقەتدا، ئەویش تەنها بە وزەو توانا تایبەتیەکانی خۆی.

دوای ئەوەی لە ساڵی 1656دا فەتوای تەکفیرکردنیان دەرکرد، مافی میراتی بنەماڵەکەی لەدەست داو تەنانەت مانەوەی لە ئەمستردامیشدا زەحمەت بوو، بە تایبەت دوای ئەوەی سەرانی ئاینی مەسیحی و یەهودی لەو شارەدا ڕێکەوتن لەسەر دەرکردن و وەدەرنانی.

پێدەچێت لەو کاتەدا دوچاری هەندێ کێشەی مادی بووبێت و خۆی فێری پیشەی چاویلکەسازی کردبێت بۆ ئەوەی بژی، بەڵام وەکی "کارل یاسبەرز" باسی دەکات ئەو کارە بەشی گوزەرانی نەکردوەو نەیتوانیوە لەسەری بژی، بەڵکو بەو یارمەتیانە ژیاوە کە لە هەندێ هاوڕێی پارەدار و دەوڵەمەندیەوە بە دەستی گەیشتوە.

ساڵی 1660 ڕودەکاتە گوندێکی دەوروبەری شاری (لایدن) و بەرلەوەش چوار ساڵ لە گەڕەکەکانی ئەمستردامدا ژیاوە. (لایدن) مەڵبەندی مەسیحیە لیبرالیەکان بوو، پاش ئەوەی بلیمەتییان تێدا بەدی کرد پێشوازیان لێکردو گرتیانە خۆیان. ئەوانەی لەو سەردەمەدا لە هەموو چین و توێژەکانی مەسیحیەت ڕادیکاڵتر و ئازادتر بوون و بڕوایان بە عەقیدەو سروتە ئاینیەکان نەبوو، بەڵکو تەنها مومارەسەی دینداریەکی ناوکۆیی ئازادیان دەکرد کە لەسەر فیکر و ئاکار و ڕۆحانیەتێکی پاك و بێگەرد دامەزرابوو.. بۆیە ئاساییە کە "سپینۆزا" لەگەڵیاندا هەڵبکات و بەنزیکترین کەسیان بزانێت. تا ساڵی 1663 (بەرواری دەرچونی یەکەمین کتێبی) لە (لایدن) مایەوە، ئەمەش تەنها

کتێبێکیەتی ناوی خۆی لەسەر بێت و ناونیشانەکەشی (پرانسیپەکانی فەلسەفەی ڕینیە دیکارت)ە. بڵاوبونەوەی ئەم کتێبە لە شاری ئەمستردام بوە مایەی ناوبانگ دەرکردنی، چونکە تا ئەوکاتە ژمارەیەکی کەمی هاوڕێی خۆی نەبێت کەسی دیکە نەیدەناسی. ساڵی 1663 (لایدن)ی جێهێشت و ڕوی کردە (لاهای) کە لەو سەردەمەدا پایتەختی هۆڵەندا یان لانی کەم مەڵبەندی بارەگای حکومەتی ئەو وڵاتە بوو.

بە نیشتەجێبونی لە (لاهای)، "سپینۆزا" کەوتە پەیوەندی بەستن و نامەگۆڕینەوە لەگەڵ زانای مەزنی بواری فیزیا "هۆیگین" و "ئۆڵدینبێرگ"ی سکرتێری کۆمەڵەی پاشایەتی بەریتانی و ناوەندە سیاسیەکان. هەر لەم سەروبەندەدا لەگەڵ "جان دۆڤیت"ی سەرکردەی حیزبی لیبراڵەکان و فەرمانڕەوای هۆڵەندا ئاشنایەتی پەیداکرد. "دۆڤیت" موچەیەکی مانگانەی بۆ بڕیەوە تا بتوانێت لەسەر توێژینەوەو تێڕامانە فەلسەفیەکانی بەردەوام بێت. لەوکاتەدا بۆ ماوەیەك وازی لە نوسینەوەی کتێبە سەرەکیەکەی (ئاکار) هێنا، بۆ ئەوەی خۆی بۆ نوسینی ئەو بابەتانە تەرخان بکات کە زیاتر پەیوەندیان بە کێشە سیاسیەکانەوە هەبوو. سەرەنجامیش ئەوە بوو کتێبە بەناوبانگەکەی (وتارێك دەربارەی تیۆلۆژیای سیاسی) بەبێ ناوی خۆی و بەناوێکی ساختەی بڵاوکەرەکەیەوە لە چاپدا.. بۆ ئەوەی

خۆی له دەستدرێژی و ڕاوەدونانی نەیارەکانی بپارێزێت پەنای بردە بەر "جان دۆڤیت"ی هاوڕێی کە لەو سەردەمەدا سەرۆکی حکومەتی هۆڵەندا بوو، بەڵام تیرۆرکردنی "دۆڤیت" و براکەی لە ناوجەرگەی (لاهـای)دا لەلایەن هەندێك ئاژاوەچی دەمارگیرەوە، "سپینۆزا"ی کەلەیی کردو ئەو کارە بۆ ئەو نەهامەتی و نشوستیەکی گەورە بوو.

دوای ئەوە زیاتر گۆشەگیر بوو بەسەرخۆیدا داخراو تەواوی تواناکانی خۆی تەرخانکرد بۆ تەواوکردنی کتێبی (ئاکار) و دارشتنەوەی فەلسەفەکەی بۆ دواین جار. لەبەرئەوە داوایەکی زۆر گەورەی یەکێك لە ئەمیرەکانی ئەڵەمانیای ڕەتکردەوە، بۆ ئەوەی لە زانکۆی (هایدڵبێرگ)دا وانە بڵێتەوە و لە بەرامبەردا ژیانی زاهیدی و ئاسایی بەلاوە باشتر بوو.

هەرچەندە ئەڵەمانەکان بەڵێنی ئازادی زۆریان پێدابوو لە کاتی وتنەوەی وانەکانیدا، بەڵام ئەو لە وەڵامدا پێی وتبوون: (ئازادی فەلسەفی سنوری بۆ نیە، یان دەبێت زۆر ئازادانە بیربکەینەوە یان هەرگیز بیرنەکەینەوە..) ساڵی 1675 بە مەبەستی چاپکردنی کتێبی (ئاکار) ڕویکردە شاری ئەمستردام، بەڵام کە زانی پیاوانی ئاینی لەخۆ ئامادەکردندان بۆ ئەوەی بە تۆمەتی ئیلحادو بێباوەڕی فەتوایەکی لە دژ دەربکەن کتێبەکەی لە چاپخانە کێشایەوە.

ساڵی 1677 و لە تەمەنی  چل و پێنج ساڵی و پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە بە نەخۆشی سیل کە زۆر لە زوەوە توشی بووبوو، کۆچی دوایی کرد.. ئەگەرچی "سپینۆزا" تەمەنی لە چل و پێنج ساڵێك تێپەڕی نەکردبوو، بەڵام مێژوو وەکی یەکێك لە گەورە فەیلەسوفانی دنیا ناوی  تۆمار کرد. نیو سەدە دوای مردنی یەکێك لە تیۆلۆژیستە مەسیحیەکان ئەم دەستەواژەیەی نوسی تا وەکی بەڵگەیەك لەسەر گۆڕەکەی دابنرێت: (سپینۆزا لێرەدا نێژراوە، تف بکەنە سەر گۆڕەکەی!..).

جێی باسە پیاوانی ئاینی لە کتێبەکەی (وتارێك دەربارەی تیۆلۆژیای سیاسی) خۆش نەبوون و یەکێکیان بەم جۆرە وەسفی دەکات و دەڵێت: (ئەم کتێبە گەورەترین کوفرە لە مێژوودا! چونکە نوسەرەکەی تیایدا سوکایەتی بە پێغەمبەرو حەواریەکان دەکات). "سپینۆزا" پێی وایە هەرگیزاو هەرگیز موعجیزە ڕوی نەداوەو مەحاڵیشە ڕوبدات،  چونکە سستمێکی توندوتۆکمەی وا لە سروشتدا هەیە کەس لە دەستی دەرباز نابێت.

لە ڕاستیدا "سپینۆزا" ڕسوایی سەردەمێك بوو، بەڵام هاوسەردەمانی خۆی تەنها وەك بێباوەڕێکی دەمامکدار سەیریان دەکرد. تەنانەت دوای دوو سەد ساڵ لە مردنیشی هەر بە ڕیسوایی سەردەمەکانی دیکەش مایەوە. ئەمە سەرەڕای  ئەوەی وشەی (یەزدان)

لـه هیـچ کتێبێکـی فەلسـەفی تـردا بـەو زۆری و بەردەوامیـە دووبـارە نەبۆتـەوە وەك ئـەوەی لـە کتێبـی (ئاکـار)دا هـاتوە! بـەڵام دوای ئـەوەی هۆڵەندیەکان لە سەنگ و قورسایی "سپینۆزا" گەیشتن، پەیکـەرێکیان لە بەناوبانگترین گۆڕەپانە گشتیەکان و لـە نزیك ئـەو خـانوەی لـە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا تیایدا بوو بۆ دروستکرد.

پرۆفیسۆر "جۆزێڤ مۆرۆ" لە کتێبەکەیدا کە ئێمە لە ئامادەکردنی ئەو کورتە باسە مێژووییەدا دەربارەی ژیانی "سـپینۆزا" سـودمان لێ بینیوە، دەڵێت: "ئەرنست ڕینان" لەو وتارەیدا کە بە بۆنەی پەردەلادان لەسەر پەیکەرەکـەی "سـپینۆزا" پێشکەشـی کـرد و ژمارەیـەکی زۆری زانـاو بیریـار ئامـادەی بـوون، ستایشـێکی گـەرمی کـرد و بـەم چـەند وشەیەش وتارەکەی کۆتایی پێهێنا. ڕەنگە کەس لە نزیکەوە یەزدانی نەدیبێت وەکی ئەوەی لەوەوبەر و لێرەدا "سپینۆزا" بینیویەتی!! ئەم مرۆڤەی بە ئیلحادو بێباوەڕی تاوانبار کرا، گومانی تێدا نیە لە زۆربەی زۆری پیاوانی ئاینی سەردەمی خۆی لە یەزدان (واتە لە حەقیقەت)ەوە نزیکتر بوو..

"سپینۆزا" لـە پـاکی و سەرڕاسـتی و زاهیـدی لـە ژیـاندا نمونـەی بـەرزی فیکری فەلسەفی بوو.. ئەو قسـەیەی "ڕینـان" جوانـەو زۆر لـە جێـی خۆیدایـە، لەبەرئـەوەی کێشـەی یـەزدان خـەمی گـەورەی "سـپینۆزا" بـوو. ڕاسـتە تـێڕوانینی ئـەو بـۆ یـەزدان جیـاواز بـوو لـە

دیدگای تیۆلۆژی تەقلیدی، بەڵام تێڕوانینێکە شایستەی لێقوڵبونەوەو تێڕامانە.

سەرەڕای ئەوەش بەرگریکردنی "سپینۆزا" وەکی فەیلەسوفێك لە ئازادی بیروڕاو فیکر و باوەڕ و بانگەشەکردنی بۆ جیاکردنەوەی ئاین و پیاوانی ئاینی لە سیاسەت و شکۆبەخشینی بە ئەقڵ و فیکری فەلسەفی، دواتر دەبنە یەکێك لە دەسکەوتە سەرەکیەکانی مۆدێرنەی خۆرئاوا.

**سەرچاوە**: الشرق الاوسط – 2002/8/2.

# کلّێسا و زانست

(کلّێسا و زانست) کتێبێکی بەنرخی پرۆفیسۆر "جۆرج مینوا"یەو باس لەو کێشە و ململانێ ترسناکە دەکات کە لە نێوان فێندەمێنتالیزمی مەسیحی و مۆدێرنەدا هەبوو لە ئەوروپا.. نوسەری ئەم کتێبە ئەندامی سەنتەری نێو دەوڵەتی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیە، هەروەها یەکێکە لە پسپۆڕە گەورەکانی فەرەنسا لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەقڵی ئایینیدا.. ئەم کتێبە لە دوو بەرگ پێکهاتووە، بەرگی یەکەمی باس لە هەڵوێستی کلّێسای مەسیحی و ڤاتیکان دەکات لە زانست، هەر لە "قەدیس ئۆگەستین"ەوە لە سەدەی چوارەمی زایینی تا "گالیلۆ" لە سەدەی حەڤدەهەم. لە بەرگی دووەمیشدا نوسەر باس لە هەمان کێشە دەکات لە "گالیلۆ"وە تا "پاپا یۆحەنا پۆڵسی دووەم". "یۆحەنا پۆڵسیدووەم" کە ئێستا پاپی ڤاتیکانە دژایەتی دۆزینەوە زانستیە نوێکان ناکات، کارێك کە پاپاکانی پێشوو بە درێژایی چەندین سەدە سەر سەختانە دژایەتیاندەکرد.

ئەم کێشە و ململانێیەش وەکی خۆی ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامیدا دوبارە دەبێتەوە.. بۆیە سودێکی زۆری دەبێت گەر ئاگامان لەوە بێت کە ئەم کێشەیە لە ئەوروپادا چۆن ڕویداوە، بۆ ئەوەی پەندی لێوەربگرین و دووبارەی نەکەینەوە. نوسەر سەرەتای بەشی یەکەمی کتێبەکەی بەمجۆرە دەست پێدەکات: (لە قەشە پۆڵسەوە تا یۆحەنا پۆڵسی دووەم کە ماوەی دوو هەزار ساڵێك دەکات، کێشەی زۆر و زەوەند لە نێوان کڵێسا و فەیلەسوف و زانستخوازاندا ڕویداوە! سەرەتا کڵێسا بە بیانوی بی باوەڕییەوە زانستی گریکی و ئەرستۆ تالیسی وەلاوە نا، بەڵام دواتر و بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست تۆمائەکوینی توانی بیروباوەڕی ئاینی و فەلسەفەی ئەرستۆ لێك نزیك بکاتەوە. ئەم پەیوەندیەش بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ دەرکەوتن. بە هاتنی ئەم پیاوە شەڕێکی گەورە لە نێوان ڤاتیکان و زانستی نوێدا هەڵایسا، هۆکاری ئەم شەڕەش ئەوەبوو زانستی نوی تیوریایەکی تازەی هێناوە و باسی لەوە دەکرد کە زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە نەك بە پێچەوانەوە). لە پای ئەم ڕاگەیاندنە نوێیەدا "گالیلۆ" حوکمدراو تیۆلۆژیستە مەسیحیەکان کەوتنە سەرکۆنەکردنی و بەکەسێکی گومڕاو هەڵگەڕاوە لە ئاینییان دایەقەڵەم و تەنها ئەو کاتەش لە مردن ڕزگاری بوو کە لە هەڵوێستی خۆی پاشگەز بووەوە.

بـەڵام "جۆردانـۆ برۆنـۆ" کـە سـێ سـاڵ دوای "گـالیلۆ" هـات دەسـتبەرداری بۆچونـەکانی خـۆی نـەبوو، بۆیـە ڤاتیکـان دوای تـەکفیرکردنی زمانیان بڕی و بەشێوەیەکی دڕندانـە سـوتاندیان. دوای کێشـەی "گـالیلۆ" لەگـەڵ کڵێسـا، شـەڕێکی دی لـە نێـوان زانایـان و پیاوانی ئاییندا بەرپا بوو لەسەر چەمکی (گەردیلە). هەروەها دوای ئـەوەی "داروین" تیۆریـا بەناوبانگەکـەی خـۆی لـە مـەڕ پەرەسـەندن ڕاگەیاند، جەنگی نێوانیان توند تر بوو.

هەر لەبەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا و لە درێژەی قسەکانیدا سەبارەت بەم مەسەلەیە "جۆرج مینوا" دەڵێت: (پەیوەندی نێوان ئەم دولایەنە بەردەوام دژوارو پڕ کێشە نەبووە.. بۆ نمونە کڵێسا بەردەوام باسی لەوە کردووە کە ناکۆکی لە نێوان ئیمان و ئەقڵدا نییە و تەنانەت هەندی جاریش چەند زانایەکی گەورەو مەزنی پێگەیاندووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین زۆربەی کات پەیوەندی نێوان کڵێسا و زاناکان ئاڵۆز بووە. توند بوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیشیان لە سەدەی نۆزدەهەمدا کە سەدەی دۆزینەوە زانستیە مەزنەکانە دەگاتە ئەو پەڕی. لەم قۆناغەدا زانستی نوێ لە هەر چوار لاوە تەوقی کڵێسا دەدات و کڵێساش زۆر بە توندی دژایەتی هەموو حەقیقەتێکی زانست و لۆژیك دەکات.. لە پای ئەم هەڵوێستە توندەشیدا باجێکی گەورە و گرانی داو بە دژایەتیکردنی پێشکەوتن و کۆنەپەرستی تاونبار کرا،

ئەمەش بووە مایەی ئەوەی زۆربەی خەڵکی ئەوروپایان لێ بتەکێتەوە و کڵێساکان چۆڵ بن لە ئیمانداران و وەکی مۆزەخانەیان لێ بێت. بەڵام لە دوایساڵی 1960 کڵێسا درکی بە مەترسی ئەو کارە کرد و بڕیاریدا بەسەر زانستی نوێ و ڕۆحی ڕۆشنگەریدا بکرێتەوە. بەمجۆرە کەوتە پەسەندکردنی ئەو شتانەی ڕۆژگارێکی زۆر دژایەتی دەکردن.. لە بەرامبەر ئەم هەنگاوەدا باڵێکی دەمار گیر و توند ڕەوی ئسوڵی لە کڵێسا جیا بووەوەو کڵێسایان بەوە تاونبار کرد کە دەستبەرداری بنەما سەرەکی و موقەدەسەکانی بیروباوەڕی مەسیحیەت بووە، بەڵام ئەمانە بە ژمارە کەمبون و هێزێکی ئەوتۆیان نەبوو، بۆیە نەبوو نە مایەی هەڕەشە و مەترسی لە سەر ئەو زۆرینەیەی بڕیاری کرانەوەیان دابوو).

لەم ماوەیەی دوایشدا پاپا "یۆحەنا پۆڵسی دووەم" داوای لێبوردنی کرد لەو هەڵوێستە ناشارستانیەی کڵێسا لە سەدەی (17 و 18 و 19) لە زانستی تازەی وەرگرتبوو، دوای سێ سەدەش لە مردنی "گالیلۆگالی" ئەو فتوایەی هەڵگرت کە ئەم پیاوەی پێ تەکفیر کرابوو. دواجار داوای ئەوەشیکرد دیالۆگ و هاریکاریکردنی یەکتری لە نێوان پیاوانی ئایینی و زانایان و ڕۆشنبیرە عەلمانییەکاندا دروست ببێت. ئەم هەڵوێستەی کڵێسا تەعبیرە لە کرانەوەو لەو کامڵبونە فیکریەی بەم دواییانە مەسیحیەتی ئەوروپی پێی گەیشتووە.. بەڵام گەیشتن بەم

ئاسته و ئیعترافکردن به ناوەڕۆك و دەستکەوتەکانی فیکری سەردەمی نوێ، دوای ڕژانی خوێنێکی زۆر و شەڕ و شۆڕێکی بی ئامان هاتە دی. ساڵی 1985 "جان ماری لۆستجێر"ی قەشەی پاریس لە کتێبێکیدا دەنوسێت و دەڵێت: (هەنوکە هیچ کێشەیەك لە نێوان زانست و ئاییندا نییە و پاش شەڕ و ململانێیەکی زۆر ئێستا ئیعتراف بەیەکتری دەکەن).

هەر لەو کتێبەدا دەیەوێت لە قەوارەی ئەو هەڵانە کەمبکاتەوە کە فێندەمێنتالیزمی مەسیحی دەرهەق بە زانستی نوی ئەنجامی داوە، تەنانەت لە جێگایەکدا دەڵێت: (کڵێسا مەڵبەندی گورانی زانستی ئەزمونگەریە). ئەمە بۆچونێکی دروست نییە و سەلماندنی لە ڕوی مێژوویشەوە کارێکی ئەستەمە. هەروەها دەڵێت: (هەرگیز کڵێسا کۆسپی لەبەردەم ڕەوتی زانستدا دروستنەکردووە.. سەیری پاسکاڵ بکەن کە لەیەك کاتدا ئیمانداریکی گەورەو زانایەکی مەزنیش بوو). بەڵام "پاسکاڵ" خۆی دەڵێت: (پاپا ڕقی لە زاناکانەو لێیان دەترسێت، لەبەر ئەوەی ئەوان بەشێوەیەکی کوێرانە گوێڕایەڵی ناکەن!..).

ئەمە قسەکانی "لۆستجێر" بە درۆ دەخاتەوەو توند ڕەوتر لە پاپا "یۆحەنا پۆلسێ دووەم" دەردەکەوێت. لێرەدا جێی خۆیەتی باس لە خاڵێکی گرنگی دیکە بکەین، ئەویش ئەوەیە مەسیحیەکانی خۆرئاوا تەنها ئەو کاتە تونیان پێکەوە گونجانێك لە نێوان زانست و ئاییندا دروست بکەن کە دەستبەرداری خوێندنەوەی ئەرسۆدەکسیانەی کتێبی

پیرۆز بوون.. تەورات دەربارەی دروستبوونی جیهان شتێك دەڵێت و زانستی سروشتی شتێکی تر.. بەو پێیەی مەسیحیەکان لەسەردەمانی ڕابردوودا نەیاندەتوانی بە ئازادی تێکستە ئاینیەکان تاوتوی بکەن، ئەوا بەر زانستی نوێ دەکەوتن و بە توندی دژایەتیاندەکرد. لەوکاتەدا هوشیاری مەسیحی دوچاری قەیرانێکی ترسناك بوو کە پێی دەوترێت (قەیرانی هوشیاری ئەوروپی). مرۆڤی مەسیحی لە ئەوروپا لە سەدەی (17 و 18 و 19) و تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە نێوان باوەڕ کردن بەوەی تێکستی ئایینی باسی دەکات، لەگەڵ ئەوەی زانستی نوێ قسەی لێدەکات تیا مابوو. بەو پێیەی ئەو مرڤە نەیدەتوانی دەستبەرداری دەقی پیرۆز بێت یان واز لەو تەفسیرە ئەرسۆدەکسیە بهێنێت کە بۆ دەقی پیرۆز دەکرا، ئەوا نەیدەتوانی باوەڕ بەو شتانە بکات کە زانستە سروشتیەکان دەربارەی (دروستبونی گەردون و سروشتی مادەو چۆنیەتی پەیدا بونی باو باران و بەفر و.. هتد)، باسیدەکرد. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێی وابوو لێکدانەوە زانستیەکان زۆر نزیکترن لە ئەقڵ و لۆژیکەوە، لەبەر ئەوەی پشت بە ئەزموون و تێبینی ورد دەبەستێت. ئەگەرچی قەناعەتێکی وەهاشی هەبوو، بەڵام دەترسا لەوەی ئەگەر ئەمانەی قبوڵکرد ئەوا ئیمانی دەدۆڕێنێ و ئەوە دنیای لە دەست دەچێت. ئەمە هەڵوێستێکی دژوار بوو. لێرەوە دەبێت ئەم مەسلانە بگێڕینەوە ناو سیاقی خۆیان تالە

هۆکاری ئەو قەیرانە ترسناکە حاڵی بین کە هوشیاری ئەوروپی تێی کەوتبوو، هەر لە ساتەوەختی دروستبونی زانستی نوێ لەسەر دەستی "کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ و کیبلەر و دیکارت و...هتد".

مرۆڤی ئەوروپی دوای سێ سەدە لە ململانێ و کێشمە کێش توانی لەم قەیرانە ڕزگاری بێت. ئەمەش هەمان ئەو قەیرانەیە لە ساتەوەختی ئێستادا هوشیاری ئیسلامی تێی کەوتووە. هەڵوێستی توندی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی لە مۆدێرنە و زانستەکانی هیچ جیاوازیەکی نییە لە هەڵوێستی فێندەمێنتالیستە مەسیحیەکان لە سەردەمی "دیکارت، نیوتن، داروین". تەنها جیاوازییەك لە نێوان ئێمە و ئەواندا ئەوەیە ئەوان پێش سێ سەدە کەوتونەتە ئەو قەیرانەوە، ئەو سێ سەدەیەش بریتییە لەو ماوە مێژووییەی لە نێوان کۆمەڵگە ئیسلامیەکان و کۆمەڵگە ئەوروپیەکاندا هەیە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت دەبێت ئێمەش سێ سەد ساڵی تر چاوەڕێبین بۆ ئەوەی کێشەکانی خۆمان لەگەڵ فێندەمێنتالیزمدا یەکلایبکەینەوە! ئەڵبەتە چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە پێی دەچێت و ناتوانێت لە ماوەی چەند ساڵێکدا ئەو کێشانە یەکلایبکەینەوە کە مێژوویەکی دورودرێژیان هەیە و سەردەمانێکە خەڵکی پێی ڕاهاتون..

ئەم کتێبە گرنگەی "جۆرج مینوا" کە هەردووبەشەکەی خۆی لە هەزار لاپەڕە زیاتر دەدات، باس لە کۆمەڵێك بابەتی گرنگ دەکات،

یـەکێك لـە بەشـەکانی بـەم ناوەوەیـە: (گـالیلۆ و کڵێسـا و زانسـتی مۆدێرن). لێرەدا نوسەر باس لەو دابڕانە مەزنە دەکات کە لە سەدەی حەڤدەهـەمدا لـە نێوان کڵێسا و زانستدا ڕوو دەدات. پاشان باس لـەو وەرگۆڕانە گەورەیەش دەکات کە لە نێوان ساڵانی 1680–1720دا دروست دەبێت و چۆن چۆنی فێندەمێنتالیزمی مەسیحی ڕێگا نادات ڕەخنەی زمانەوانی و مێژوویـی بەسـەر تـەورات و ئینجیلـدا پراکتـیزە بکرێـت. کڵێسا هەر بە تەنها دژایەتی زانستە سروشتی گەردونیەکانی نەکرد، بـەڵکو کەوتـە دژایـەتیکردنی زانسـتە مرۆڤایـەتی و مێژووییـەکان و تەواوی میتۆدو دەرەنجامەکانیشی ڕەتکردنەوە.

دوابەشەکانی دیکەی ئەم کتێبە بریتین لە (کڵێسا لە سەدەی 19 و 20 شەڕ لە دژی زانسـتی نـوێ ڕادەگەیـەنێ و بـە ناڕاسـت و شـێوێنەر تاوانباری دەکات). (کڵێسا دژ بە زانستی مۆدێرن، زانستێك بە ناوی زانستی مەسیحی دێنێتە ئارا، بەڵام ئەم هەوڵەی سەرکەوتوو نابێت). (ململانێی توند و تیژی نێوان مۆدێرنە و دەمارگیری ئسولی لە کۆتایی سـەدەی نۆزدەهـەمدا). (سـەردەمی دیـالۆگ و کرانـەوە). (سـەردەمی مشتومڕە گەورەکان لە نێوان تیۆلۆژیست و زانا مۆدێرنەکاندا).

لە دوایدا "جۆرج مینوا" قسەکانی بەمجۆرە کۆتایی پێدێنێت: (لە سەدەی حەڤدەهەمدا لە نێوان کڵێسا و زانستدا دوو دابڕانی بنەڕەتی ڕویداوە، نەك تەنها یەك دابڕان). دەوروبەری ساڵی 1720 "گالیلۆ" فیزیا

ناسی و گەردونناسی لە بۆچونەکانی کڵێسا و ئینجیل جیاکردەوە.. لە ساڵی 1670 "ڕیچارد سیمۆن" ڕایگەیاند کە دەکرێت جیاواز لەو خوێندنەوە تەقلیدیانەی ڕابردوو خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ تەورات و ئینجیل بکەین.. بەمجۆرە "سیمۆن" سەرەتاکانی ئەوەی داڕشت کە لە مڕۆدا پێی دەڵێین خوێندنەوەی مێژوویی و زمانەوانی تێکستە پیرۆزەکان. ئەمەش خوێندنەوەیەکە مێژویەتی تێکستی پیرۆز ئاشکرا دەکات. ئەم کارەی "ڕیچارد سیمۆن" هیچی لە هەوڵەکانی "گالیلۆ" کەمتر نەبوو، لەبەرئەوە کڵێسا چون "گالیلۆ" و "جۆردانۆ برۆنۆ" دەستیکرد بە سزادان و دەرکردنی "ڕیچارد سیمۆن".

فێندەمێنتالیزمی مەسیحی پێی وابوو تێکست و بیروباوەڕ و سروتەکانی سەرمەدی و بان مێژووین و هەرگیز گۆڕانیان بەسەردا نایەت. هەر بۆیە کاتێك "ڕیچارد سیمۆن" وەکی دیاردەیەکی مێژوویی سەیری تەورات و ئینجیلی کرد، ئەم کارەی بە تاوانێکی گەورە بۆ لە قەڵەمدراو کاتێکیش لە ساڵی 1687 کتێبە بەناوبانگەکەی - لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ڕەخنەیی دەربارەی تەورات -ی بڵاوکردەوە و دوای ئەوەش لە ساڵێ 1689 هەمان لێکۆڵینەوەی لەسەر ئینجیل بڵاوکردەوە، مەسیحیە ئیماندارەکانی سەردەمی خۆی دوچاری شۆکێکی گەورە کرد و ڕاپچڵەکاندن، چونکە "سیمۆن" بەم کارەی تەفسیرکردنێکی زانستی بۆ تێکستە پیرۆزەکان هێنایە ئاراو

شۆڕشـێکی "کۆپەرنیکۆسـی" لـەو بـوارە زۆر هەسـتیار و ناسـکەدا بەرپاکرد.

ئـەم تەقەللایـەش بـووە سـەرەتایەك بـۆ تێگەیشـتنێکی ئـەقڵانی لـە ئـایینی مەسـیحی لـە ئـەوروپا و هـەروەها سـەرە تایـەکیش بـوو بـۆ سەردەمی مۆدێرن. سەردەمی ڕۆشنگەری کە ڕاستەوخۆ دوای ئەو دێت تەنـها شـتێك بیکـات فراوانـترکردنی ئـەم ڕێبازەیـە. ئـەم شـتەش تـازە خەریکە لە جیهانی ئیسلامیدا ڕوبدات، (بڕوانە هەوڵـەکانی محەمـەد ئـەرکۆن و نـەصر حامد ئەبو زێد و.. هتد). بێگومـان کارەکـانی ئـەمان پەرچـە کـرداری تونـدی لێدەکەوێتـەوە، وەك ئـەوەی کـاتی خـۆی لـە بەرامبەر هەوڵەکانی "ڕیچارد سیمۆن" دا ڕویدا.

**سەرچاوە**: الشرق الاوسط – 2002/11/11